بزورگی عەلەوی

بووکی هەزار زاوا

کۆ چیرۆک

پێشەکی و وەرگێرانی
حەمە کەریم عارف
٢٠٠٩ سلێمانی

سەرچاوەی ئەم کتێبە
چمدان، بزرگ علوی
چاپ چهارم: ١٣٨٧ (٢٠٠٨)
مۆسسە انتشارات نگاە

ناوی کتێب: بووکی هەزار زاوا (کۆ چیرۆک)
نووسەر: بزورگی عەلەوی
وەرگێڕ: حەمە کەریم عارف
تایپ: رزگار حەساری
هەڵەچن: گۆڤەند محەمەد
چاپخانە :سایە
چاپی یەکەم: ٢٠٠٩
تیراژ:١٠٠٠
ژمارەی سپاردن:١٤٧٠

پێڕست:

١- پێشەکی
٢- جانتا
٣- قوربانی
٤- بووکی هەزار زاوا
٥- کورتە مێژوویەکی ژوورەکەم
٦- سەربازی قوڕقوشمین
٧- شیکپۆش
٨- سەمای مەرگ.

<u>تێبینی :</u>

عینوانی ئەم کۆ چیرۆکە بە فارسییەکەی (چمدان) واتە (جانتا)یە... بەڵام من ناوی چیرۆکێکی تری هەمان کۆ چیرۆکم، کە پێم وایە بۆ خوێنەری کورد سەرنج راکێش ترە، بۆ کوردییەکەی هەڵبژاردو کردم بە (بووکی هەزار زاوا) ئومێدەوارم گیانی عەلەویم نەڕەنجاند بێ...

بووکی هەزار زاوا :هێمایە بۆ بێوە فایی.

ح. ك. ع

پێشەكی

حەمە كەریم عارف

بزورگی عەلەوی لە ساڵی ١٩٠٤دا لە بنەماڵەیەكی بازرگانی دەوڵەمەند و رۆشنبیر و مەشروتەخواز هاتووەتە دنیا. حاجی سەید ئەبول حەسەنی بابی گەنجێكی بەهرەمەندو ئەهلی زەوق و كەماڵو ئازادیخواز بووە لەگەڵ نەسروڵلا ئەخوی دا سەفەری پاریسی كردووەو لە مەشروتەخوازانی دڵ گەرمەكان بووە، لە گەرمەی جەنگی جیهانی یەكەمدا ئاوارە بووەو كاتێ بەغداو كرماشان لەلایەن ئینگلیزەوە گیراون خۆی گەیاندووەتە بەرلین و ساڵانێكی دوورو درێژ لەوێندەر ژیاوەو هەر لەوێش كۆچی دوایی كردووە.

بزورگ بچووكترین منداڵی بابی بوو، لە خوێندندا زیرەك بوو، پاش ئەوەی خوێندنی فێر بوون و پەروەردەی لە ئەڵمانیا تەواو كرد، لە ساڵی ١٩٢٨دا بۆ ئێران گەڕایەوەو ماوەیەك لە شیرازدا مامۆستایەتی كرد. لە ساڵی ١٩٢٨دا ئاشنایەتی دەگەڵ سادقی هیدایەتدا پەیدا كردو هەردووكیان كەوتنە سەر ئەو بیرەی كە چیرۆك دەربارەی ئەو وڵاتانەی كە پەلاماری ئێرانیان داوەو زەرەرو زیانیان بە شارستانیەت و كەلتووری ئێران گەیاندووە بنووسن. پاشان شیراز زادەی پرتەویش هاتە ریزی ئەوانەوەو بەسێ قوڵی كۆچیرۆكێكیان بڵاوكردەوە بە ناوی ئەنیران (واتە روناكی بێ كۆتایی، ناوی خواوەندێكە لە دیانەتی زەردەشتیدا... ح.ع) كە بریتی بوو لە: (سایەی مەغۆل –هیدایەت، دەربارەی هێرشی ئەسكەندەر بۆ سەر ئێران–ش پرتەو، دێو– عەلەوی، دەربارەی هێرشی عارەبە..

هەر لەم سەرو بەندەدا عەلەوی (خات ئورلیان)ی شیللەری پاچڤەی فارسی كردو هیدایەت پێشەكی بۆ نووسی،و بەرە بەرە تێكەڵاویان زیاتر بوو، پاشان (مینەوی، فەرزاد، نوشینو مین باشیان)ش پەیوەندیان پێوە كردن و بە هەموویان لە ساڵی ١٩٣٠دا، لە تاراندا گروپی رەبعەیان دامەزراند. ئەم گروپە رەمزو نوێنەری ئەدەبیاتی تازەی ئێران بوو و لە راستیدا بەرانبەر بە گروپی سەبعە (حیكمەت، تەقی زادە، ئیقبال و قەزوینی... هتد) دامەزراو ركابەری وان بوو، گروپی سەبعە دەستیان لە سیاسەتدا هەبوو و نوێنەری كۆنەپەرستیەتی ئەدەبی بوو. گروپی رەبعە كە بریتی بوو لە كۆمەڵە گەنجێكی پێشڕەو وپێشەنگ لە بیری ئەوەدا بوو كە كەلتوورێكی تازە لە كەلتووری كۆن و نوێی ئێران دەگەڵ كەلتووری ئەوروپایی دا پێك بێنێ. هەڵبەتە هاوكاری هیدایەت،

عەلەوی، فەرزاد، مینەوی، مین باشیانو نوشین... کە هەر یەکەیان لە بوارێکی کەلتورو هونەردا شارەزا بوو، بەرەنجامێکی فرە بە پیت و فەڕی لێکەوتەوە.
بە گوتەی مینەوی ئەم گروپە خۆی لە خۆیدا جۆرە بەرپەرچدانەوەیەکی گروپی سەبعە بوو کە هەر گۆڤارو بلاڤۆك و رۆژنامەیەکی فارسیت دەبینی، بەرهەمی ئەوانی تێدا بوو.. هەڵبەتە هەم ئەوان لە حەوت کەس پتر بوون و هەم گروپی رەبعەش لە چوار کەس پتر بوون. رکابەری و دژایەتیو رەخنەو رەخنەکاری توندیشیان لە نێوان هەبوو، بەڵام دژایەتی گروپی سەبعە کە مینەوی دەڵێت هەزار روو و هەزار دڵیان هەبوو، بۆ گروپی رەبعە لەوە تێ نەپەڕی کە کار بەدەستانی حکومەتی راستەوخۆ یان ناراستەوخۆ تاقیبیان بکەن.
هەڵبەتە دەبێ ئەوەش بگوترێ کە دۆستایەتی دەگەڵ سادقی هیدایەت لەلایەك و دکتۆر تەقی ئەرانی لەلایەکی دی کاریگەرییەکی زۆری لەسەر ژیانی عەلەوی هەبوو. لە رێگەی هیدایەتەوە پەی بە قوڵایی ئەدەبیات بردو لە رێگەی ئەرانییەوە کەڵکەڵەی چالاکی رامیاری کەوتە سەر، هەڵبەتە ئەم دوو لایەنە پاشان سەرانسەری ژیانی عەلەویان داگیر کرد. دیارە لە بواری دیکەشدا جێ دەستی عەلەوی دیارە کە پاچڤەو لێکۆڵینەوەو توێژینەوە لە جوملەی ئەو بوارانەن.

* * *

هیدایەت و عەلەویو فەرزادو... زۆریان کەیف بە سیاسەت نەدەهات، بەڵام چونکە ئێران لە قۆناغی قەیران و ئاستەنگێکی سیاسی دژواردا بوو، و دەسەڵاتی دیکتاتۆریانەی وەخت، لە هەوڵی سڕینەوەی شوێنەوارەکانی مەشروتەو لە بەین بردنی هەر جۆرە ئازادیەکدا بوو: و ئێ خۆ زمانی بەرەی رۆشنبیرانش لە کۆتو زنجیر نادرێ بۆیە تەحەمولی دکتاتوریەتو دەرهاویشتەکانی زوڵمو زورداری بۆ رۆشنبیرانی ئەوروپا دیتووی وەکو هیدایەتو عەلەویو دکتۆر تەقی ئەرانی یەجگار زەحمەت بوو. هیدایەت بە سروشت کەسێکی خەمین بوو و لە بیری ئەوەدا بوو ئێران بەجێ بێڵێ. دکتۆر ئەرانی کە لە ئەڵمانیادا ئاشنایەتی دەگەڵ مارکیسزمدا پەیدا کرد بوو، پێی وابوو جگە لە خەبات هیچ چارێکی تر نییە.. ئیدی لە گەرمەی ئەم قەیرانە سیاسیانە دابوو کە عەلەوی تێکەڵی دکتۆر ئەرانی بوو. عەلەوی بە خۆی لەم بارەیەوە دەڵێت: "... داموو دەزگاکانی دەسەڵاتدار ئێمەیان وەکو پەنجاو سێ نەفەری کۆمۆنیست ناساند، لە کاتێکا من کاتێ کەوتمە زیندان تازە سەروکارم دەگەڵ فەلسەفەی مارکسیزم دا پەیدا کرد بوو، یانی لەگەڵ دکتۆر ئەرانی دا دادەنیشتمو کتێبی (سەرمایە)ی مارکسم دەخوێندەوە. بێ ئەوەی چ حیزبێك لە گۆڕێ بێ چەند نەفەرێك بە نیازو مەبەستی شارەزا بوون لە

فەلسەفەی مەتریالیزم لە دەوری یەکتر خڕ بوو بووینەوە. ڕەنگە ئەمە ئامیانێ بووبێ تا دوایی بمەێت.. من یەك لەوانە بووم کە لە نووسینی گۆڤاری (دنیا)دا هاوکارو شەریك بووم.. تاقە خاڵی هاوبەشی ئێمە، پەنجاو سێ نەفەر، چوار دیواری زیندان و ئەو گوشارو عەزابە بوو کە پێکڤە تەحەمولمان دەکرد".

گروپی پەنجاو سێ نەفەر بەڕابەرایەتی دکتۆر ئەرانی لە بوارەکانی سیاسەت و زانست و ئەدەب دا کاری دەکرد و زیاتر گروپێکی پێشکەوتووخواز بوو. مەلەکی، بەهرامی، یەزدی، ئەنوەری خامەیی، قدوە، ئیحسانی تەبەری، ئیرەجی ئەسکەندەری، رادمەنش و... لە دەوری یەك خڕ دەبوونەوەو کتێبیان دەخوێندەوەو میتۆدێکی مارکسیستیان هەبوو، گۆڤاری "دنیا" ئۆرگانی بیرو ئەندێشەکانی ئەوان بوو، لەوێدا مەتریالیزمی دیالکتیك و هزرێن زانستی دەخرانە بەر باس و لێکۆڵینەوەو گەنگەشەی لەسەر دەکرا.

دکتۆر ئەرانی (١٩٠٢– ١٩٣٩)، بەخۆی پزیشك بوو،دکتۆرای فەلسەفەو کیمیای لە زانستگەی بەرلین هێنا بوو، لە ساڵی ١٩٣٠دا بۆ ئێران گەڕایەوەو لە ساڵی ١٩٣٣دا گۆڤاری (دنیا)ی دەرکرد. لە ساڵی ١٩٣٧ بە تۆمەتی چالاکی سیاسی گیراو پاش بەرگریی و داکۆکیەکی مەردانەو ڕەندانە لە دادگای تاوانەکانی تاران، حوکمی حەپس و زیندانی دراو لە ساڵی ١٩٣٩دا لە نەخۆشخانەی زینداندا لەلایەن کار بەدەستانی ساواکەوە شەهید کراو زۆر کاری زانستی لەپاش بە جێماوە لەوانە بنەماکانی زانستی فیزیا کە چوار بەرگە، بنەماکانی کیمیا کە چوار بەرگە، سایکۆلۆژی، عیرفان و بنەما مەتریالیەکان.. هتد. دکتۆر ئەرانی ڕۆشنبیرێکی گۆشەگیرو دوورە پەرێز نەبوو، باوەڕی وابوو کە ئەگەر گەندەڵی کۆمەڵگەی گرتەوەو کۆمەڵگە بە گەندەڵیان لەوتا، ئیدی تاك چەند خۆی لە کاروباری کۆمەڵگە دوور بگرێ بێفایدەو چونکە بیەوێ و نەیەوێ گەندەڵیەکانی کۆمەڵگە بەرۆکی ئەویش دەگرێ.

*   *   *

هەڵبەتە هەندێ لایەنی خەبات و داکۆکی دلێرانەی دکتۆر ئەرانی، لە بواری ڕابەریکردنی خەباتی سیاسی و ڕۆشنبیریی و لە زیندان و لە دادگادا لە هەندێ بەرهەمی عەلەویدا، وەکو (پەنجاو سێ نەفەر) و (چاوەکانی)دا ڕەنگی ڕەنگی داوەتەوە، ئەمەش بەڵگەو نیشانەی ئەوەیە کە زۆر دڵبەندو شیفتەی کەسایەتی تێکۆشەرو خەباتگێڕی ئەرانی بووە.

عەلەوی لە ساڵی ١٩٣٧دا لەگەڵ دکتۆر ئەرانی و گروپی پەنجاو سێ نەفەردا کەوتە زیندان و وەکو لە کتێبی پەنجاو سێ نەفەردا بە دیار دەکەوێ لە زینداندا ورەی بەرنەداوەو لە کاری خوێندنەوەو نووسین بەردەوام بووە. هەڵبەتە لە (ورق پارەهای زندان)دا وا دەردەکەوێ کە لە

نێوان نا ئومێدی و ئومێدەواری دا لە هاتوچۆدا بووە. بە خۆی لەم بارەیەوە دەڵێت: "هیچ کاتێك تەسلیمی نا ئومێدی نەبووم، هەڵبەتە جاری وا بووە کە لە ساتێکدا نائومێد دەبووم، بەڵام ساتێکی رەوتەنی و تیژ تێپەڕ، لە زنداندا قەناعەتی تەواوم لەلا بوو کە هەر دەگەڕێمەوە دنیای ئازاد". هەڵبەتە خۆیایە کە ساڵانی درێژی زندان بۆ هونەرمەندێکی دڵناسکی میناکی عەلەوی لە روندك و حەسرەتو داخو کەسەرو ترس بەدەر نەبووەو ئەمە لە چیرۆکی (عە فواتی گشتی)دا تا ئەندازەیەك رەنگی داوەتەوە.

لە شەهریوەری ١٩٤١دا دامو دەزگای دکتاتۆری هەرەسی هێناو مانگی دواتر عەلەویو هەڤاڵەکانی ئازاد بوون، ئیدی لەم قۆناغەدا شنەیەکی ئازادی هەڵدەکات، حیزبی تودەی ئێران دادەمەزرێو بەرهەمی عەلەوی لە پلاڤۆکان و چاپەمەنیانی حیزبی تودەی ئێراندا بەرچاو دەکەون. لە ساڵی ١٩٤٣دا گۆڤاری (پەیامی نوێ)ی ئۆرگانی ئەنجوومەنی پەیوەندییە کەلتورییەکانی ئێرانو سۆڤیەت بەسەر نڤیساری عەلەویو هاوکاری سەعیدی نەفیسی، هیدایەت، فاتیمە سەیاح،عیسا بهنام وکەریمی کەشاوەرز بلاودەبێتەوە، گەلێك لە وتارو چیرۆکەکانی عەلەوی لەم گۆڤارەو گۆڤارانی (سخن و مردم)دا بلاو بوونەتەوە. عەلەوی کە بە هۆی زندانەوە لە هیدایەت دوور کەوتبووەوە، دوای ئازاد بوون، جارێکی دی پەیوەندی لەگەڵ هیدایەتدا گرتەوە. هیدایەت لە ئەنجوومەنی سەرنووسەرانی سخن و پەیامی نوێ بوو.. هەر لە رێگەی ئەم گۆڤارانەوە بوو کە عەلەوی و ئیحسان تەبەریو خانلەری کەوتنە ناساندنی هیدایەتو هەڵسەنگاندنی هزرو بیریو نیشاندانی بایەخی بەرهەمەکانی.

چیرۆکەکانی سەرەتای عەلەوی، بە شێوازو ناوەڕۆکێکی رۆمانسیانە نووسراون، کۆ چیرۆکی چمدان (جانتا) کە لە ساڵی ١٩٣٤دا چاپی یەکەم کراوە، چیرۆکەکانی هیدایەت وەبیر خوێنەر دێنێتەوە، خاڵی هاوبەشیان پتر لەم لایەنەوەیە کە عەلەویش میناکی هیدایەت، یەك لە ئەندامە چالاكو چەلەنگەکانی گروپی رەبعە بوو، کاریگەرییو سێبەری ئەدەبیاتی مۆدێرنی ئەوروپایان بە ئاشکرا پێوە دیارە.

عەلەوی لە دەرگای زمانی ئەڵمانییەوە چووەتە ناو کەلتوورو ئەدەبیاتی ئەورووپاییەوەو رۆشنبیرییو زانیارییەکانی خۆی لە یەکەم کۆچیرۆکی خۆیدا جەرباندووە.

عەلەوی پاش ناسینی دکتۆر ئەرانی و زیندان، ئیدی رووی کردە ریالیزمی کۆمەڵایەتی. هەڵبەتە زۆری خایاند تا بتوانێ لە کەمەندی رۆمانسیەت و وەسفی باری دەروونی رزگار بێت. هەڵبەتە ساڵانی ئاشنایەتی لەگەڵ ئەرانی و چوار ساڵ ئەسارەت لە زینداناو هاونشینی لەگەڵ زندانیانێکدا کە هەر یەکێکیان لە چالاکان و هەڵسوڕاوانی سەرەکی بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکان بوون، دیدو جیهانبینی (عەلەوی)یان گۆڕی، پاش ئەوەی لە زیندان ئازاد بوو، ئیدی ئەزموونی خۆی لەمەڕ زیندانەکانی رەزا شاهی لە دوو کتێبدا بە نێوی (ورق پارەهای زندان، و پەنجاو سێ نەفەر) بلاوکردەوە. هەڵبەتە لە (ورق پارەهای زندان)ش دا کە لە ساڵی ١٩٤١دا چاپ بووە، چ شوێنەوارێکی ریالیزمی کۆمەڵایەتی بەدی ناکرێ، بەڵکو لە چیرۆکەکانی دوای شەهریوەری ساڵی ١٩٤١دا، وەکو چیرۆکی: "گیلە مرد، خائن..." کەشوهەواو هاماجی

ریالیزمی کۆمەڵایەتی بەدی دەکریٚ، دیارە ئەم هەوەڵین نموونانەی ئەدەبیاتی زندان بە رادەیەك لە راپۆرکاری و واریقاتنووسییەوە نزیکن کە زۆر زەحمەتە بتوانریٚ لە ریزی ئەدەبیاتی پڕ ئەفراندندا دابنرێن.

زندان بەهرەو توانای چیرۆکنووسی عەلەوی خەفە نەکرد، بەڵکو پتری گەشاندەوە. ئەگەر هاوکاری ئەرانی نەبوایەو نەکەوتبایە زندان، بە هەمان ریٚچکەو ریٚبازی (چمدان)دا دەڕۆیی، ئیدی نە دەکاری بەرهەمی میناکی (نامەها، چشمهایش) دابهیٚنیٚ...چاپ و بڵاوکردنەوەی (نامەها لە ١٩٥١و چشمهایش لە ١٩٥٢)دا بوونە مایەی ئەوەی کە ناوی عەلەوی وەکو یەك لە جدیترین پیٚشەنگانی ریالیزم بکەویٚتە سەر زاران و شۆرەت دەربکات، هەر چەندە لایەنی سیاسی لە هەردوو بەرهەمەکەدا زۆر زاڵە، بە تایبەتی لە چیرۆکەکانی نیٚو کۆچیرۆکی (نامەکان)دا کەش و هەوای خەبات و ململانیٚی کۆمەڵایەتی ساڵانی پاش شەهریوەری ١٩٤١ بە تەواوی خۆیایە. عەلەوی لە چیرۆکی (گیلەمرد– گیٚلە پیاو)دا وەکو چیرۆکنووسیٚکی زەبەر دەست و هوشیار و بە ئاگاو زاڵ بەسەر کەرەستەکانی کارەکەی خۆیدا، خۆی دەنویٚنیٚ و نیٚوەڕۆك و تیمەی دادخوازانەی چیرۆکەکە کردیە کاریٚك کە زۆر زوو نیٚو بانگ دەربکات و تاکو ئەمڕۆش، ویٚڕای ئەوەی کە پتر لە نیو سەدەی بەسەردا بوریوە، هیٚشتاش هەر دەخویٚنریٚتەوەو مایەی سەرنجە.

حیزبی تودەی ئیٚران، لە ساڵی ١٩٤٨دا، پاش پیلانی ئینگلیز (هەوڵی تیرۆری شا لە بەهمەنی ١٣٢٧)دا قەدەغە کرا، عەلەوی دەگەڵ سەرانی تری حیزبدا گیرا، بەڵام عەلەوی بە هیمەتی مەردانەی هیدایەت (رەزم ئارا، سەرۆکی سەرکردایەتی سوپا کە دوای شا بە دەسەڵاتترین پیاوی سیاسی ئیٚران بوو –میٚردی خوشکی هیدایەت بوو) بە خشکەیی و زوو بە زوو ئازاد کرا، کڕی و کپی و خامۆشی چەند ساڵیٚك بەردەوام بوو، تا لە ساڵی ١٩٥٠دا بزووتنەوەی نیشتمانی ئیٚران گەییە لوتکەو کەشو هەواو هاماجیٚکی سیاسی ئازاد هاتە ئاراوەو عەلەوی هەمدیس لە چاپەمەنیەکانی حیزب و لە پەیامی نویٚدا کەوتە گوتار نووسین و چیرۆك بڵاوکردنەوە.. جا رۆمانی (چشمهایش– چاوەکانی) بەرهەمی ئەم قوناغەیە. ناوبانگی راستەقینەی عەلەوی لە (چاوەکانی)یەوەیە، ئەم یەکەمین رۆمانە واقیعییە فۆرم و بونیادیٚکی پۆلیسی و تیمە و نیٚوەڕۆکیٚکی کۆمەڵایەتی هەیە. زەمانی رۆمانەکە دەگەڕیٚتەوە بۆ قۆناغی دکتاتۆرییەتی رەزا شایی و خەباتی نیگارکیٚش و شیٚوەکاریٚك بە نیٚوی (ئوستاد ماکان) کە بە قسەی هەندیٚك ئەم کاراکتەرە لە ژیانی (دکتۆر تەقی ئەرانی و کەمال المولك)ەوە وەرگیراوە.

عەلەوی هەوڵی داوە لەم رۆمانەدا مۆرك و رەنگی تۆخی سیاسی، کە لە چیرۆکەکانی کۆچیرۆکی (نامەها– نامەکان)دا بە تایبەتی لە چیرۆکی (نامەکان و خاین)دا بە تەواوی بونیادی ئەدەبیاتی زەدەدار کردبوو، لەم رۆمانەدا نەهیٚڵیٚت و بسڕیٚتەوە کە تا رادەیەکیش سەرکەوتووە، ویٚڕای خەبات و تیٚکۆشانی ئوستاد ماکان، واریقاتی ئاشقیٚنی و ئەڤیٚنداری ئەوو فەرەنگیٚزیش بۆ خویٚنەر سەرنج راکیٚشەو رەنگە لە واریقاتە سیاسیەکان پتر زەینی خویٚنەر بۆ خۆی رابکیٚشیٚت. ئەمە جگە لەوەی کە فەرەنگیٚز پتر دڵبەند و شیفتەی هونەرەکەی

ئوستاد ماکانه تا خەباتەکەی. ئەم ڤیانە بێگەردو ریسك ئامێزە بۆ فەرەنگێز جۆش و خرۆش بە ژیانی دەبەخشێت و خوێنەریش بە کتێبەکەوە دەبەستێ. بەڵام دوور کەوتنەوەی عەلەوی لە ئێران، لە دەوروبەری ساڵی ١٩٥٣دا، و مانەوەی حکومەتی کودەتا لە ئێراندا، کە بەرهەمەکانی عەلەوی لە سایەیدا قەدەغە کران، بووە باعیسی ئەوەی کە چاوەکانی و هەندێ لە چیرۆکە هەڵبژاردەکانی ئەو لە کن خوێنەرانی بەرهەمی ئەدەبی بێ کاریگەر بن و تەنیا نووسەران بە دوور لە چاوی کاربەدەستانی ئەمن روویان دەکردە ئەم بەرهەمانە.(ئەم رۆمانە ، چاوەکانی لە لایەن برای نووسەرو وەرگێڕ ئازاد بەرزنجییەوە کراوە بە کوردیوچەند جارێك چاپکراوەتەوە..ح.ع)

عەلەوی لە فەروەردینی ١٣٣٢ (١٩٥٣) بۆ چارەسەری نەخۆشی رۆیی بۆ ئەوروپا، بەڵام چونکە کودەتای ٢٨ مورداد بەرپا بوو، لە ئەوروپا (ئاڵمانیای رۆژهەڵات) مایەوە. چیرۆکەکانی ئەم قۆناغەی عەلەوی پتر دەربارەی زندانیانی سیاسی، پەناهەندە، داخ و کەسەری دەربەدەریو تاسەی قوڵی گەڕانەوە بۆ ئێرانە.

هەڵبەتە گێچی بەرهەمی ئەم قۆناغەی عەلەوی لە چاو چاوەکانیو هەندێ چیرۆکی ناو کۆ چیرۆکی نامەکان، لە هاتنە خوارەوەدایە، ساڵانی دوورو درێژی دووری لە ئێران، بووە مایەی ئەوەی کە عەلەوی نەك هەر رووداوە کۆمەڵایەتییەکان زۆر بە درەنگەوە دەرك بکات، بەڵکو پەیوەندیشی بە زمانی فارسییەوە زیاتر لە رێگەی نووسراوانەوە بێ، ئەمەش زۆر بە زەقی لەو چیرۆکانەدا کە لە دەربەدەری دا نووسیونی، رەنگی داوەتەوەو دیارە. وەکو کۆمەڵە چیرۆکی میرزاو دێو! دێو!، سالاریها و موریانە.

عەلەوی لە سەرەتای چالاکی ئەدەبی خۆیەوە، لە پاڵ نووسیندا، دەستی لە کاری پاچڤەشدا هەبووە، دەکرێ وەرگێڕانی: خائورلیان، نووسینی شیللەر و داستانی نەتەوەیی ئێران، نووسینی تێودور نۆلدکە بە نموونە بهێنرێنەوە هەروەها بەرهەمی کۆمەڵێك نووسەری ئێرانی بۆ ئەڵمانی وەرگێڕاوە، لەوانە بەرهەمەکانی سادقی هیدایەت، و حەوت پەیکەری نیزامی گەنجەوی، هەروەها کۆمەلێك چیرۆکی عەلەوی بەناونیشانی (دیواری سپی) کە پازدە چیرۆکە کراون بە ئەڵمانی و وەرگێڕەکان زۆر بە باشی دەرەقەتی هاتوون. هەروەها (چاوەکانی – ١٩٥٩)ش لەلایەن هربرت ملتزیگ–ەوە کراوە بە ئەڵمانی.

عەلەوی لە ساڵانی ئاوارەیی و دەربەدەری دا لە زانستگەی هومبولدت خەریکی دەرس گوتنەوە بووەو بەوە ژیانی خۆی بەڕێوە بردووە. جا کاری گوتنەوەی زمان و ئەدەبیاتی فارسی بە خوێندکارانی بێگانە، بەتایبەتی خوێندکارانی ئاڵمانی زمان کردیە کارێك کە روو بکاتە کاری لێکۆڵینەوەش و لەم بوارەدا دانانی فەرهەنگێکی فارسی– ئاڵمانیو مێژوو و پەرەسەندنی ئەدەبیاتی مۆدێرینی فارسی کە خەڵاتی کۆڕی زانیاری بەرلینی وەرگرت، شایانی باسن.

عەلەوی نووسەرو مرۆڤێکی راستگۆ بووە، هەم لە کاری نووسین و هەم لە ژیاندا کەسێکی وردو جدی بووە، لە ساڵی ١٩٥٩دا بەمجۆرە باسی خۆی کردووە: "باوەر بکەن ئەم بنیادەمەی

که له بەردەم ئێوەدا دانیشتووە، واتە بزورگی عەلەوی، هیچ کاتێك قارەمان نەبووە، بەڵام هیچ کاتێکیش ترسنۆك نەبووە.. ئەمەی کە دەبوایە بگەڕاماوەو خەباتم بکردایە، ئەمە شتێکی دیکەیە. من ئەوەندەی دەگەڕێمەوە سەر ژیانی خۆم و بە ژیانی خۆمدا دەچمەوە دەبینم هیچ کاتێك درێغیم نەکردووە...."

عەلەوی پیاوێکی نەرم و ناسك و ئارام بوو، بەڵام لە هەمان کاتدا سەخت و بە هەڵوێست بووەو هەرگیز ملی بۆ شتێك نەداوە کە باوەڕی پێی نەبوو بێ، عەلەوی وێنەو نموونەیەکی زندووی نووسین و چیرۆکەکانیەتی و شیلەیەکی خودی خۆی بووە بە ئامیان و خومرەی بەرهەمەکانی.

هەڵبەتە عەلەوی لە دوای شۆڕشی بەهمەنی ساڵی ١٣٥٧ (١٩٧٩) وەکو گەلێك لە ئاوارەو دەربەدەرەکان بۆ ئێران گەڕایەوەو چەند مانگێك مایەوەو دیسانەوە ڕێگەی غەریبایەتی گرتە بەرو بۆ ئەڵمانیا گەڕایەوە، عەلەوی پیاوێکی زۆر خاکی و بێ هەوا بوو، زۆر کەم باسی خۆی کردووە، تەنانەت لە چیرۆکەکانیشیدا جار جاریێ وەکو گوتیار (ڕاوی) دەردەکەوێ و کەمتر باسی خۆی دەکات. عەلەوی خێزاندارەو تاقە کوڕێکی هەیە بە نێوی (مانی عەلەوی) کە ئەندازیاری تەکنیکی زانستگەی مونیخە... عەلەوی لە ڕووی ڕۆشنبیرییەوە دیاردەیەکە لە نێوان دکتۆر ئەرانی و سادقی هیدایەتدا کە کاریگەری هەر یەکێکیانی بە شێوەیەك پێوە دیارە.

بە هەر حاڵ عەلەوی لە ریزی پێشەوەی کاروانی ئەدەبیاتی تازەی ئێرانەوەیەو لە واری چیرۆکڤانی تازەی ئێراندا خزمەتێکی شایستەی کردووەو بمانەوێ و نەمانەوێ جێ دەستی دیارە.

بە هەر حاڵ بە دەگمەن لە جیهانی دێرینەی کەلتوورو شارستانیەتی ئێراندا کەسێك دەبینرێ ئەوەندە بە درێژا لە دووری مەفتەن و زاگەو زێدی خۆی مابێتەوە.. عەلەوی لە ساڵی ١٩٧٤ەوە وەکو مامۆستای زانستگەی هومبولتی بەرلین مامۆستای سەرپەرشتیارو ڕێنوێنی قۆناغی دکتۆرای زمان و ئەدەبیاتی فارسی خانەشین کرا، و لە زستانی ساڵی ١٣٧٥ (١٩٩٦) لە بەرلین کۆچی دوایی کرد. بە هەر حاڵ با بێینەوە سەر بابەتەکەی خۆمان کە کۆچیرۆکی (چمدان-جانتا)یە.

چەمەدان یەکەمین کۆچیرۆکی عەلەوییە، لە ساڵی ١٩٣٤دا چاپ و بڵاو بووەتەوە. عەلەوی پێش ئەوە کورتە چیرۆکی مێژوویی (دێو)ی نووسیوە، کە دەربارەی هێرشی عەرەبە بۆ سەر ئێران، ئەم چیرۆکە لە کۆ چیرۆکی (ئەنیران)دا کە بریتییە لە سێ چیرۆك، (دێو) هی عەلەویەو دووانەکەی تری هی هیدایەت و ش- پرتەوە، لە ساڵی ١٩٣١دا چاپ و بڵاوبووەتەوە.

ئەم کۆمەڵە چیرۆکە شەش دانە چیرۆکی لە خۆ گرتووە، چیرۆکی (شیك پۆش)ی لێ بترازێ کە تەنز ئامێز و کۆمەڵایەتی- ڕەخنەییە، ئیدی ئەوانی دی هەر هەموو مۆرکێکی سێکسی و خەمینییەکی ڕۆمانسیانەیان پێوەیە. کاریگەری دۆستۆفسکی، زوایك، دەروونناسی فرۆیدیو ڕۆمانتیك و ئێکسپرسیونیستەکانی ئەڵمانیایان بە زەقی پێوە دیارە. هەندێکیان لە ڕووی تیمەو تۆن و شێوازەوە لە کورتە چیرۆکەکانی هیدایەت دەچن. ژینگەی چیرۆکەکانی ترسناك و

خەمینە، لە دوانیاندا (کورتە مێژوویەکی ژوورەکەم، بووکی هەزار زاوا) ئاهەنگی مۆزیقا بووە، بە بەشێك لە بونیادو تەکنیکی چیرۆکڤانی. عەلەویش میناکی هیدایەت دڵبەندو شیفتەی مۆزیقاو موزیقای رۆژاواییە، لە (سەمای مەرگ) و (بووکی هەزار زاوا)و... هتد مۆزیقا وەکو فاکتەری پێشڤەبرنی پلۆت و گرێچنی چیرۆك بەکار دەبات. مۆزیقا چ لەلای عەلەوی و چ لەلای هیدایەت، زیاتر دەربڕی حاڵەتی غوربەت و دووره وڵاتیو خەمباری و داخ و حەسرەتە.. جا وە نەبێ ئەمانە شارەزای مۆسیقا بووبن، بە تایبەتی عەلەوی بەخۆی دەڵێت کە بابایەکی مۆزیقا ناس نییە، بە تایبەتی مۆزیقای ئێرانی، بەڵکو حەزی لێیەتیو دەبێ بەدەم نووسینەوە گوێ لە مۆسیقا بگرێت.. باسی ئەوە دەکات کە دۆستایەتی ئەو و هیدایەت لە مۆزیقاوە دەستی پێکردووە، هیدایەت گرامافۆنێکی هەبووە، کە یەکیان گرتووە بەکرەیەکیان خستووەتە سەری و بە سەعاتان گوێیان لێگرتووە... هیدایەت کە زۆر خەمبار دەبوو پەنای وەبەر مۆسیقا دەبرد بە تایبەتی گوێی لە سەمفۆنیای شەشەمی چایکۆفسکی رادەدێرا.. بۆیە لە چیرۆکی (کورتە مێژوویەکی ژوورەکەم)دا ئەم رستانە دەخوێنینەوە: "بە کۆمەڵ گۆرانیمان چڕی، گرامافۆنمان لێدا، تەنانەت مستەر شولتس کەمێ مەست بوو". یان نەرگز لە چیرۆکی دەربەدەردا مەفتونی مۆزیقایە: "دەرەقسی، گۆرانی دەچڕی، قاقا پێدەکەنیو باشتر دەغەزری". لە (چاوەکانی)دا فەرەنگێز و دوناتللو دەچنە بەلەم سواریو لەوێ دوناتللو بەرە بەرە دەستی بە سۆزە کرد، دەنگێکی گڕی هەبوو. بە بازووە توندو تۆڵەکانی ئاوەکەی دادڕی و دەنگی لێ هەڵدەبڕی. گۆرانیەکی پڕ جۆشی سەیر بوو". لە چیرۆکی (بووکی هەزار زاوا)دا کاریگەریی مۆزیقا زیاترە،و ئاوێتەی تانو پۆی چیرۆکەکە بووە، کابرایەکی ویڵۆن ژەن کە لە ژیاندا شکستی هێناوە لە باڕێکدا دادەمەزرێ تا پارەی گوزەران و بژێوی خۆی دەربێنێ، ئەم کابرایە لە هەرزەکاریەوە رمووەدەی مۆزیقا بووەو پاشان بۆ فێر بوونی مۆزیقا دەچێ بۆ هەندەران، پاشان دەگەڵ کیژێکی دراوسێی خۆیاندا بە نێوی (سۆسەن)، کە دەنگی خۆش بووەو باش سترانی چڕیوە زەماوەند دەکات. زۆری پێ ناچێ ناکۆکی و ناسازیان ئاشکرا دەبێ، کابرای سازڤان شیفتەی دەنگ و ئاوازی سۆسەن بوو، بە تایبەتی ئەو گۆرانی و ئاوازەی کە بە منداڵی لە سۆسەنی ژنەوتبوو، بەڵام ئێستا سۆسەن نەیدەتوانی بەو ئاوایە ستران بچڕێت، "سۆسەنیش ئەوی خۆش نەدەویست.. سۆسەن ڤیان و ئەشقی دەویست بەڵام کابرای سازڤان گۆرانی و ئاوازی دەویست".

سۆسەن پەیوەندی دەگەڵ خەڵکانی دیدا دەگرێت، "بەڵام سازڤانەکە نەیدەویست لە خۆیی بتۆرێنێ، لەوەیە جارێکی دی ئەو ئاوازو ئاهەنگە ون بووە بدۆزێتەوە، ئەو حەزی لە دەنگ و ئاوازی سۆسەن بوو، لە شی بۆ هەر لەشخوازێك".

لێ کابرای سازڤان کە ئەو ئاهەنگە گومبووە نادۆزێتەوە، ئیدی سۆسەن بەرەڵڵا دەکات، دەستی چارەنووس سۆسەن (کە ئێستا سوسکێی باڕێکە)و ئەو دوای ساڵانێکی دوورو درێژ رووبەرووی یەکتر دەکاتەوە. سۆسەن جوانترین ژنی باڕەکەیە، پیاوانی مەست و نیمچە مەست دەورو خونی دەدەن. کابرای سازڤان غەرقی خاوبوونەوەو مەستی و هەراو هەنگامەی مەستان

و خنەخنی ژنان بووەو کەوتووەتە قوڵایی یادگارانەوە... ئاهەنگە ونبووەکەی دەدۆزێتەوەو لێی دەدا.
تەلاری بارەکە کە نقومی شادی و هەراو هەنگامە بووە، بە گلەییەوە لە باوەشی کپی و بێدەنگی دا مت بووە، ئەمە چ ئاهەنگێکە؟ بارمەنەکە، سازڤانەکە ئاگادار دەکاتەوە، لێ ئەو لەم جیهانە نییە، لە دنیای خەونانی خۆیدایە، حەشاماتەکە بەرەو ئەو هێرش دەبات بەڵام لە ناکاو سوسکێ دەڵێت: سەبرکەن... و هەموویان بێدەنگ دەکات... کابرای سازڤان چاوانی دەکاتەوەو سۆسەن لە قیافەتی سوسکێدا دەناسێتەوە: "ئەمە هەمان ئەو ژنەیە کە لە گوێی ئەستێلەکەدا ئەو ئاوازانەی چڕی و ئەوی تێگەیاند کە ... بە ئەسپایی بەرەو لای ئەو چوو، سۆسەن دەترساو پاشەوپاش دەکشایەوە. هەنگێ کەوانەکەی بە تەلەکەدا هێنا، ئاوازەکەی دوا شەوی وەبیر هاتەوە، ئەم ئاوازە روح و گیانی زەمانی لاویی ئەو بوو.. سۆسەن دەلەرزی... حەشاماتەکە ئەبڵەق و واق ورماو تەمەشای ئەم دووەیان دەکرد، گەمەیەکی جوانیان دەکرد.. گریەی وێڵونەکە توندتر دەبوو.. داخی بۆ ئەوە دەخوارد کە بۆچی تەمەنی بە فیڕۆ چووە، دەیویست تۆڵە لەو هۆکارو سەبەبکارانە بستێنێ کە رۆژی ئەویان گەیاندووە بەم رۆژو رۆژگارە. ئەوسا سۆسەن چڕی. گۆرانی چڕی. هەمان ئەو شیعرەی چڕی کە لە شەوی یەکەمدا چڕی بووی (بە تەمای دروستی عەهدو وەفا مەبە لەم جیهانە بێ بەقایە، چونکە ئەم پیرە دنیایە بووکی هەزار زاوایە) ئەوانەی کە مەست بوون، بەدمەست بوون. سۆسەن لە پڕ راپەڕی، سازەکەی لە دەست سازڤانەکە سەندو کێشای بە عاردی دا. ترق!! تەلەکانی پچڕان.. هەموو ترسان، ژنەکان پاڵتۆکانیان لەبەر کرد، سوسکێ-ش لە ژوورەکە وەدەر کەوت،" هەموو دەڕۆن و سازڤانە مەستەکە بە وێڵۆنە شکاوەکەی و دڵ و گیانی شکاوەوە بە تەنێ دەمێنێتەوە.
چیرۆکی (جانتا) کێشمەکێشمی دوو نەوە، باب و کوڕ دەنوێنێ، بابەکە پیاوێکی بەزاکون، دەوڵەمەند و سەلارو سەنگینەو کوڕەکە کەسێکی ئەشقبازو بێ موبالات و خەمساردە. دیارە کە ئەو جووتە دانویان لەیەك مەنجەڵا ناکوڵێ. کوڕە بابی بە جێدێڵێ "چونکە حەز ناکات، هەموو رۆژێ سەعات یەکی دوای نیوەڕۆ فراڤین بخوات، و هەموو شەوێ سەعات یازدە لە ماڵەوە بێ و بخەوێ و بەیانی سەعات حەوت لەسەر خوانی تاشت ئامادەبێ".
بابەکە بۆ وەی کوڕەکەی ئاشت بکاتەوە، رووی خۆی دەنێتە ژێر پێ و دێ بۆ ژووری کوڕەکەی، بۆنی ئەو عەترەی کە لە ردێنی تازە تاشراوی بابەکە دێت، لای کوڕەکە ناخۆشە. رێك و پێکی و زاکونی بابەکە، ئەو ویقارو خانەدانیەی کە بابەلباب بۆ بابەکە ماوەتەوە، لەگەڵ ژیانی پەرێشانی کوڕەکەدا ناسازێ و تێك ناکاتەوە، کوڕە دەگەڵ ژنێکی رووسی جواندا بە نێوی (کاتوشکا) دۆستایەتی پەیدا دەکات، لەگەڵیا رادەبوێرێ و کەیف دەکات: "من لەزەتم لە سینەی سپی.. وەردەگرت.. لەزەتم لە گەردنی کێلی دەبینی، دەمروانیە مژۆڵە رەشەکانی کە هەموو چاویان داپۆشی بوو، گوێم لە قسەکانی نەدەگرت چونکە قسەی زۆر ئاسایی بوو".
بابەکە دەیەوێ سەفەری (سیتو) کە هاوینگەیەکی سەر سنووری چیکۆسلوفاکیا بوو بکات. کوڕەکەشی دەعوەت دەکات کە بۆ ئەوێندەر بچێ، کاتوشکاش دەخوازێ بۆ ئەوێ بڕوات و شوو

بکات. ژنە روسەکە لە هەنبەر نارەزایی کورەکەدا دەڵێت: "خۆ من دەبێ بژیم، دەبێ شوو بکەم، بەڵام دێوێکی شوومی شڕی کۆنی ترسناك، پارە، ژینگە ئەوی ناچار دەکرد کە بچێ خۆی بفرۆشێت". کورە هەوەڵجار نایەوێ بۆ (سیتۆ) بڕوات، بەڵام چونکە دەبوایە جانتاکەی بابی لە وەختدا بگەیەنێتە وێستگەی قیتار ناچار دەبێ بۆ ئەوێ بڕوات. هەر کە دەچێتە تەلارەکەوە دەبینێ کاتۆشکا لەلای بابی دانیشتووە. بابی ردێنی ساف و لوس تاشیوە، ژنە روسەکەش جلێکی شینباوی لەبەر کردووە و لە هەموو کاتێ جوانتر بووە، کورە پارچە کاغەزێك دەنووسێت و دەیداتە پێشخزمەتەکە تا بیدات بە ژنەکەو ئەوجا ئەوێ بەجێ دێڵێ، لە کاغەزەکەدا نووسراوە کەتۆ دەتویست بابم بە تۆ بناسێنم، هەمان ئەو کەسەیە کە لەگەڵ تۆدا دانیشتووە. دەربارەی شووە تازەکەت کە رای منت پرسی بوو، مێردێکی فرە خاسە، بەختەوەرت دەکات.

چیرۆکی (چەمدان- جانتا) پلۆت و نەخشەیەکی مکوم و بتەوی هەیە، لە ریزی چیرۆکە باشەکانی عەلەوی دایەو شان لە شانی چیرۆکی (گێلە پیاو، میرزا، رسوایی) دەدات، ئەم چیرۆکەش وەکو زۆربەی چیرۆکەکانی دیکەی عەلەوی لە کرۆكو بابەتدا خەمناکە. راستە لەم چیرۆکەدا کێشماکێشمی دوو نەوەی ژینگەی سەرمایەداری نیشان دەدرێ، بەڵام بەبای قولی (باوکان و کوڕان)ی تورگنیفدا ناگات. وێڕای ئەمەش (چەمەدان) و (سەربازی قورقوشمین)و (کورتە مێژوویەکی ژوورەکەم) لە چیرۆکە هەرە باشەکانی عەلەوین.

لە چیرۆکی (کورتە مێژوویەکی ژوورەکەم)دا دیسان لاوێکی سەرگەردانو بێزار لە خێزان و کەسوکار، دەڕواتو لە ماڵێکدا ژوورێك بەکرێ دەگرێتو لەوێدا بە سەربوری خەمینی (مەدام هاکوپیان)و کوڕەکانی بە شولتس و ژنەکەی ئاشنا دەبێت. لە ماڵی مەدامدا ژوورێك هەیە هی کوڕە گەورەکەیەتی (ئارشاویر) کە ماوەیەك لەوەبەر مردووە. مەدام ئەم ژوورە بەکرێ نادات. نەگبەتی (مەدام) لەو کاتەوە دەست پێدەکات کە شولتسو (موهاجیرێکی ئەڵمانیەو ماوەیەك لە کاتی یەکەم جەنگی جیهانی دا لای روسەکان یەخسیر بووە) ژنە جوانەکەی (کاچا) دێنە ماڵی، شولتس نیمچە کوێرە، بەڵام پزیشکان لەو باوەڕەدان کە کوێریەکەی ئەنجامی شۆکێکی عەسەبیەو قابیلی چاك بوونەوەیە. مەدام و کوڕەکانی _ئارشاویرو ئاداشس، شولتسو هاوسەرەکەی شەوان لە دەوری یەکدی خڕ دەبنەوەو گوێ لە مۆزیقا رادەدێرن. لێ کەش و هەواو هاماجی خانە گومانی باڵی بەسەر ماڵەکەدا کێشاوەو ئایندە بە رووداوانی ناخۆش و تاڵ ئاوسە. چونکە شولتس بە زۆری لە ماڵەوە دەمێنێتەوە، کاچاو ئارشاویر دەچنە رەقس و گەڕان و ئاشنایەتیان بەرە بەرە دەبێ بە ئەشق و ڤیانێکی ئاگرین. (ئارداشس)ش نیگەرانی رووداوەکانەو چووەتە قاوغی خۆی و خۆی لەوانی دی دوورە پەرێز دەگرێ. (شولتس)ش نیگەران و تورەیە، و کاتێ کە مەدام چیرۆکی (ژنانی زانا)ی شنیتسلری بۆ دەخوێنێتەوە، تورە تر دەبێ، چونکە لەم چیرۆکەدا باس لەوە کراوە کە زانایەك ژنەکەی خۆی لە باوەشی یەکێك لە قوتابیەکانی خۆیدا دەبینێ، بەڵام نهێنی خیانەتی هاوسەرەکەی بە کەس ناڵێت. قوتابیەکە کە مامۆستاکەی دەبینێ، هەڵدێ، بەڵام ژنەکە کە پشتی لە دەرگاکە دەبێ، نازانێ کە مێردەکەی

بینیویەتی. شولتس دەڵێت: "نە، ئەمە مەحاڵە.. چتۆ دەبێت پیاوێك حەوت ساڵی رەبەق هەرزەیی و بێ ئابڕوویی ژنەکەی بدینێ و خۆی لە گێلی بدات".

چەند رۆژەك دەبورێ، شەوێ کە لە ماڵەوە ئاهەنگێکیان بەرپا کردگەو هەموو هەر تورەو نیگەرانن، کاچا لەسەر پێشنیازی مێردەکەی بۆ سەما لە باڕێك دا دەگەڵ ئارشاویردا لە ماڵ وەدەردەکەون. لێ بە دزییەوە بۆ ژوورەکەی ئارشاوێر دەگەڕێنەوە،و ئامبێزی یەکتر دەبن. ئارداشس، لە رق و حەسودی دا، هاتنەوەیان بە ماڵەوە رادەگەیەنێ، شولتس دەمانچەکەی هەڵدەگرێ و بۆ ژوورەکەی ئارشاویر دەڕوات، کوڕە لاوەکەی مەدام و ژنەکەی خۆی دەکوژێت.

چیرۆکی (قوربانی) کە یەجگار لە کورتە چیرۆکەکانی هیدایەت دەچێت، بریتییە لە بەسەرهاتی خوسرەو، ئەمە لاوێکی دەوڵەمەندە، ناسکە، خوێنەوارەو دووچاری سیل و دەردە باریکە بووەو دەبێ لە هەڕەتی لاویدا بمرێ، بەڵام زۆر شەیداو دڵبەندو ئارەزوومەندی ژیانە، دەزگیرانێکی هەیە بە نێوی (فروغ) کە زۆری خۆش گەرەکە، لاوەی سیلاوی لەگەڵ بیری مەرگ دا لە زۆراندایە، بۆ دەبێ بمرێ؟ گوڵان کە لەپایزدا دەوەرن، لە بەهارا دەڕوێنەوە، لێ مرۆڤ کە مرد ئیدی نا گەڕێتەوە، بیرکردنەوە لە مەرگ، خەسرەو بەرەو نەخشەیەکی سەیر بکێش دەکات و بە هەڤاڵەکەی دەڵێ: "فروغ تا نهو هەزار چەلی بە من گوتووە خودایە مەرگم پێش مەرگت بکەوێ.. رۆژی جەژنی قوربان لە جیاتی مەڕ، فروغ دەکەینە قوربانی". ئیدی لە دوای ئەم قسەیەوە لەگەڵ فروغ دا زەماوەند دەکات، و بۆ مانگی هەنگوین دەچنە خانوویەکی کەنار دەریاو لەوێ خۆی دەخاتە ئاوەوەو دەخنکێ. فروغیش تووشی سیل دەبێ و دوای ساڵێك دەمرێت. لۆژێکی خەسرەو لەم کارە سەیرەدا ئەمەیە:

"تۆ ئاگات لێیە کە چۆن دەسووتێم. دەبێ بەلاوی بمرم. ئاخر بۆچی؟ هەر لەبەر ئەوەی لە خەڵکی تر باشترم... زیاتر شت دەبینم و حاڵی دەبم؟ بە لەزەت و کەیفی خەڵکان، قەڵس دەبم... جگە لەمەش بە چ مەعلوم من دەمرم؟ بەڵکو باشتر بووم. لەوەیە زەماوەند حاڵم باشتر بکات.. .بە چ مەعلوم فروغ لەگەڵ مندا بەدبەخت دەبێ، تەقو بەختەوەر بوو"..

هەڵبەتە بەپێی رەوتی گەشەسەندنی رووداوی چیرۆکەکە، خۆ کوژیەکەی خوسرەو ئاسایی و لۆژیکیە، بەڵام مەسەلەی تووش بوونی فروغ بە سیل و پاشان مردنەکەی ئەمەیان زیاتر رووداوێکی دەستکردەو نووسەر بۆ زیاد کردنی کاریگەریی چیرۆکەکە، لە دەرێ را بەسەر تێکڕای چیرۆکەکەیدا سەپاندووە، و لەمەش نا ئاسایی ترو دەستکردتر رستەی کۆتایی چیرۆکەکەیە!" فروغیش بە نەخۆشی سیل مرد، ئەو بوو بە قوربانی هەمووان". کەس نازانێ چۆن گەنجێکی نەخۆش، تورە و نیگەران و ئامبازی بیرو ئەندێشەی مەرگ بووە بە قوربانی هەمووان؟ هەموو ئیمتیازێکی خوسرەو لە ناسکی و زانست و بەهرەو سەلیقەکەیدایە، بەڵام نەخۆشی مەودای نادات کە خزمەتێکی شایستەی وڵاتەکەی بکات یان لە بزاڤێکی کۆمەڵایەتی دا بەشداری بکات. زۆر کەسی وەکو ئەو لە دنیادا هەن کە بە هۆی تامپۆن یان نەخۆشییەوە جوانە مەرگ دەبن، بەڵام ناکرێ، ئەو مەرگەیان بە قوربانی لە پێناوی خەڵکی دا لێك بدرێتەوە.

لە خوسرەو نەگبەت تر (ئاغای ف)ی قارەمانی چیرۆکی (سەربازی قورقوشیمنە). ئەمیان فەرمانبەرێکی دەرکراوی دایەرەی قەلاچۆی تلیاکە. زندووە بەلام هەزار خۆزگەی بە مەرگ خوسرەو دەمریٚ و بۆ خۆی دەحەسێتەوە بەلام (ئاغای ف) دەژی و ئازارو عەزاب دەچێژیٚ. (ف) لە سەفەرێکیا بۆ بوشەهر ئاشنایەتی دەگەلا ژنێکدا بە نێوی (کەوکەب) پەیدا دەکات، و دەیبات بۆ ماڵەکەی خۆی و ئیدی بەدبەختی ئەو لەو رۆژەوە دەست پێدەکا. جا بەسەر هاتی ئەم قارەمانە لەسیٚ زمانەوە دەگێڕدرێتەوە:

لە زمانی خۆیو خا ئامینی خوشکی و کەوکەبەوە. کورتەی بەسەر هاتو واریقاتەکەشی ئەمەیە کە پاش ناسینی کەوکەب لە بوشەهر دەمێنێتەوەو گویٚ بە نامەکانی دایەرە نادات و لە کار دەردەکریٚ، ناچار بۆ بەرێوەبرنی ژیانو گوزەران دەگەلٚ کەوکەب دا سەربازی قورقوشمین دروست دەکات و دەفرۆشێت. پاشان کەوکەب پێوار دەبیٚ و دیار نامێنیٚ، ئاغای ف شێت ئاسا بۆ تاران دێت و جارەکی دی کەوکەب دەدۆزێتەوە، بەلام کەوکەب هەمدیس لە دەستی هەلٚدیٚ. تا سەرەنجام لە دوا دیداری دەگەلٚ کەوکەب دا، دەیکوژێت. خۆی دەربارەی کەوکەب دەلێت:

"هەر کە ئەم ژنە هاتە ژیانی منەوە، وەزع و حالی شێواندم.. من کەوکەبم خۆش دەویست.، خۆشم دەویست، وەکو چۆن بنیادەم دایکی خۆش گەرەکە، بەلام هیچ پەیوەندییەکمان لە بەینا نەبوو.. درەنگە شەوانیٚ بۆ مالٚ هاتمەوە. سەیرم کرد کەوکەب لەسەر بوخچەکەی دانیشتووەو خەریکە شرو شیتاڵەکانی دەگەڕیٚ. لێم پرسی: چی چیت گوم کردگە؟ تەماشام کرد، هەنسکە هەنسك دەگری: لەیستۆکێك.. سەربازێکی قورقوشمین! سەیرم لێهالت و گوتم: جا سەربازێکی قورقوشمین بایی دەشاهیە. ئەم هەموو گریان و زاریەی ناویٚ. وەك بلێی لە قسەکەم نەگەیی، پێی گوتم: دە شاهیان بۆ من بە ئەندازەی گیانم بەهای هەبوو... گوم بوونی سەربازەکەی بە نیشانەی بە دومی دەزانی..."

ف و کەوکەب یەك سالٚ پێکەوە دەژین. (ئاغای ف) سەربازی قورقوشمین دروست دەکات و دەیفرۆشێت و جارێك دانەیەکیان دەخاتە بوخچەکەی کەوکەبەوە، بۆ خۆیشی شەوانە خەونی ترسناك دەبینیٚ: "خەوم دەبینی ئەفسەرێك بە شمشێری رووتەوە هێرشی دەبردە سەر دایکم، بابم لەویٚ وەستا بوو و فزەی نەدەکرد."

خائامین دەلێت: "بابم هیچ کاتیٚ ئەم منداڵەی خۆش نەدەویست. دایکم بە پێچەوانەوە. ئامادە بوو ئێمە هەر پێنجمان لە گۆڕ بنیٚ، بەلام تالە موویەك لەسەری ئەم منالە نەکەویٚ. بۆ یەکتر دەمردن، دایکم پێی دەگوت: تۆ یوسفی منی.. راستت دەویٚ، ئەم منداڵە لە سوێی دایکم وای لێهات.. چوونەکەشی بۆ بوشەهر لەسەر ئەمە بوو کە باوکم ژنی هێنایەوە.. ئەم دەیووت تۆ لە جیاتی ئەوەی ئەم هەموو سیغەیە بێنی، تۆزێکت لە دایکما خەرج کردبا نەدەمرد. بەلام بابم چ بلیٚ باشە.. زمانم لالٚ.. دەیگوت تۆ دەست درێژیت کردووەتە سەر ژنەکەی من.. ئێستاش ئاوایە، شەوانە لە ناکاو هەلٚدەستیٚ هەر شتێك وەکو بوخچە بیٚ، دەیکاتەوە".

کەوکەبیش دەلێت: "تۆ ئەگەر منت بویٚ، من ئیدی ناچمەوە لای ئەم بۆرە پیاوە قورمساغە... من گیانم بەسەر ئەوەوە دەردەچوو، گیانم لە رای ئەودا دادەنا، من لە بوشەهر ئەوم ناسی.

شەوێك پێی گوتم: کەوکەب من تۆم فرە خۆش گەرەکە. تۆ وەکو دایکمی... گوتم من حازرم ببمە سیغەی تۆ... گوتی نە تۆ دایکی منی. خۆ بنیادەم ناتوانێ دایکی بخوازێ... چیت عەرز بکەم، چۆنتان پێ بڵێم... ئەسڵەن پیاو نەبوو. وەکو شێتان خۆی بەسەرما دەدا. سەروچاوی ماچ دەکردم. هەر کە من دەستم بۆ دەبرد، لێی دەدام. جنێوی دەدامێ، گیسوەکانی دەسکەنە دەکردم. رۆژێك هەندەی دارکاری کردم بورامەوە. ئیدی لە دەستی هەڵاتم".

چیرۆکی (سەربازی قورقوشم) بە دیدو بۆچوونێکی فرۆیدیانەوە نووسراوە. عەلەوی لەم چیرۆکەدا، جۆرە لێکچوونێك لەگەڵ هیدایەتدا پەیدا دەکات. بۆ نموونە کەوکەب بە گوم بوونی سەربازە قورقوشمینە کە خەمبارەو بە نیشانەی بەدومی دەزانێت. (ئودیت)ی قارەمانی چیرۆکی (ئاوێنەی شکاو)ی هیدایەتیش ئاوێنە شکاوەکەی پیشانی کابرای دڵخوازی خۆی نیشان دەدات و دەڵێت: (ئەو شەوە کە جانتاکەت لە پەنجەرەکەوە تورِدام، وای لێهات. دەزانی ئەمە نەگبەتی دێنێ). بێ توانایی سێکسی (ف) دیمەنێکی چیرۆکی (تەجەلی) وە بیردێنێتەوە. ژنە لەشفرۆشەکەی ئەم چیرۆکە بە سازڤانە پیرەکە دەڵێت: "هەیدێ گوم بە لە بەرچاوم! شەرم ناکەی؟ خاکت بەسەر! تۆ کە پیاو نیت... مرۆڤ بچێتە نك سەگ باشترە".

ئاغای (ف) لە (چمدان)دا لە رووپەکەوە لە گوتیاری (راوی) (بوف کور)ی هیدایەت دەچێت. لە (بوف کور)شدا، کابرا ناتوانێ پەیوەندی سێکسی بەرقەرار بکات، ئەویش لە بابی بێزارەو وەکو پیرەمێرێکی زورهانی کە لەلای دەبینێ، لە نوێنی خاڵی ژنەکەیدا هەر تل دەدات، بەترسەوە دەبینێ ژنەکەی گەورەو ئاقڵ بووە، بەڵام خۆی هەر لە حاڵی منداڵی دا ماوەتەوە. دەکەوێ بەسەر پێی ژنەکەیدا، ماسولکەکانی پێی تامی قونە خەیار دەدات: "ماسولکەکانی پای...م کە تاڵێکی خۆش و تورت بوو لە ئامێز گرت، ئەوەندە گریام، گریام. نازانم چەند سەعاتی بەسەرا رۆیی. هەر کە وەئاگا هاتمەوە سەیرم کرد ئەو رۆییوە"، و پەنا وەبەر تلیاك و شەراب دەبات: "کاتێ کە تلیاکم دەکێشان بیرم گەورە، ناسك، ئەفسون ئامێزو سەر رێژ دەبوو. لە ژینگەیەکی تری ئەو دیوی دنیای ئاساییدا دەکەوتمە گەشت و گەڕان".

لەم بارەیەوە گوتویانە کە "ئەو پیاوەی کە ناتوانێ لە قۆزاخەی منداڵی بێتە دەرێو، پەیوەندی ئاشقانە دەگەڵ دایکی خۆیدا ببڕێ، بۆ هەڵاتن لە واقیع و بەنج کردنی ئەعسابی خۆی پەنا بۆ تلیاك و ڤەخوارن دەبات". کە ئەمە پڕ بە پێستی حاڵی (ئاغای ف)یە:

".... پاشان بووم بە تلیاکی، ئەو کاتانە دایکم تازە مردبوو.. ئەویش منی خۆش دەویست من شازدە ساڵان بووم، بەڵام تا دایکم دەستی دەنێو دەستم نەخستبایە خەو نەدەچووە چاوم، ئەمانە شتەلێك نین کە هەموو کەس بتوانێ لێی حاڵی بێ...".

خۆ ئەگەر لە روانگەی فرۆیدەوە تەمەشا بکەین، کاتێ کە (ئاغای ف) بێزاری لە بابی دەردەبڕێ یان ئەفسەرێك لە خەوا دەبینێ کە پەلاماری دایکی دەدات، دەبێ بڵێین:" پیاو لە ژن دەترسێت.. ژن منداڵ دێنێ و منداڵی نێرینە دەبێ بە خەنیم و رەقیبی سەر سەختی باب و دەگەڵیا بە شەڕ دێت. جگە لەمانە بەدەگمەن ژنێك هەیە بتوانێ بە تەواوەتی هاوتای ئەو بیرەوەرییە بکاتەوە کە پیاوەکەی دەربارەی دایکی خۆی هەیەتی و جێی چۆڵی دایك لە دڵی

مێردەکەیدا پڕ بکاتەوە. جا لەبەر ئەمە کەم ژن هەیە کە دەرەقەتی رازی کردنی مێردەکەی خۆی بێت و لە دڵ مایەی سکاڵاو بێزاری ئەو نەبێت".

لە چیرۆکی (شیکپۆش)دا عەلەوی دەمانباتە کەشو هەوایەکی تر. (نوا پور)ی ئەم چیرۆکە نموونەی رۆشنبیری هزر پەروەرو مێملۆ و مشەخۆرو بێکارەیە. ئەوەی بەلای ئەم پیاوە گرنگە شیکپۆشیو نووسینی داخراوی ئاڵۆزو رووتەڵ و بێ کاریگەرییە. بەلایەوە گرینگ نییە کە لە وڵاتا چ روو دەدا یا حوکمرانان چ دەکەنو کێ تاڵان دەکاتو کێ تاڵان دەکرێ؟ ئەوەی بەلای ئەوەوە گرینگە پاك و تەمیزی و تاشینی رۆژانەی ردێنو لەبەر کردنی جلکی جوانە. بەلای ئەوەوە سەروسیمای جوان گرنگە نەك رەفتارو ئەتواری جوان. نواپور، کە بە خۆی نووسەرێکی بێ کتێبە، ریفۆرمی ئاکاری کۆمەڵایەتی بە ئەرکی نووسەر دەزانێ، دەخوازێ "شارستانیەتە هەوەڵینەکان"ی گوستافلوبون بکات بە فارسی، و دەڵێت جلك و بەرگ کاریگەرییەکی زۆری بەسەر سایکولۆژیای مرۆڤەوە هەیە، کابرایەکی قۆشمە پێی دەڵێت: خۆزیا ئەم شتانەت دەنووسی تا خەڵکی سوودی لێ وەربگرن، و نواپور گوتارێك دەنووسێت و لە رۆژنامەیەکدا بڵاوی دەکاتەوە، ناوبانگی وتارەکە بە جۆرێکە کە هەمووان، بێ ئەوەی وتارەکەیان خوێندبێتەوە، ستایشی دەکەن. بەڵام یارۆیەك بێ ئەوەی بیەوێ، رۆژێك سەر لە سڕی ئەم کارە دەردێنێ. کابرا چووە قوماش بکڕێ، کوتاڵفرۆش، قوماشەکەی بۆ لە هەمان رۆژنامەدا دەپێچێتەوە کە وتارەکەی (نواپور)ی بلاوکردووەتەوەو ستایشی قوماشەکانی موغازەکەی ئەوی کردووە: "بەڵام لە ژێر وتارەکەدا ریکلامێکی خاوەنی هەمان موغازەم کە بە سەری حەزرەتی موسا سوێندی خواردبوو و قوماشەکەی بە کەمتر لە نرخی مایەکاری بە من فرۆشتبوو! بینی".

ئاغای (نواپور)ی عەلەوی لە (عەلامە)ی چیرۆکی (نیشتمانپەرست)ی هیدایەت دەچێت ئەویش بە وەرگرتنی پارەیەکی مۆڵ دەیەوێ کتێبێك دەربارەی "جەرجیس پێغەمبەرو ئامۆژگارییەکانی لە جیهانی بەشەریەتدا" بنووسێت و سەرمایەی زانستی ئەو ئەزبەر بوونی کۆمەڵێك شیعرو وشەیە.. هەڵبەتە تەنزی چیرۆکەکەی عەلەوی بە بای قولی ئەوەی هیدایەتدا ناگات، و پتر شەقڵ و مۆرکی قەشمەرجاڕی و پێکەنینۆکی پێوەیە.

کۆ چیرۆکی چەمەدان (جانتا) هەر چەندە لە بەرهەمەکانی سەرەتای عەلەوییە، نێوەرۆك و بونیادێکی سفتی هەیە، چیرۆکی (چەمەدان– جانتا، کورتە مێژووی ژوورەکەمو سەربازی قورقوشمین...) کە هەرسێکیان هەوێنی سێکسیان تێدایەو شێوازو دەربڕێنێکی سایکۆلۆژیان هەیە، لەچیرۆکە هەرە باشەکانی عەلەوین.. هەڵبەتە عەلەوی کە بە تەبیعەت کەسێکی خاکی و بێ هەوا بوو، دەربارەی ئەم کۆ چیرۆکە گوتوویەتی: "من کاڵ و کرچی لەم چیرۆکانەدا دەبینم.. ئەگەر عادەتم وا بایە کە دەسکاری کارەکانم بکەم، زۆریانم دەگۆڕێ. هەندێکیان لە رادەبەدەر سۆزاوین... جاران زیاتر لە ژێر کاریگەریی هەست و سۆزی خۆددا بووم تا کاریگەریی ئاوەزو لۆژیك. لەوەیە لەو سەردەمەدا وێنایەکی وردم لەمەڕ ژیان، بارودۆخی وڵات، خەبات و تێکۆشین نەبووبێ... هەندێ لە چیرۆکەکان کاردانەوەیەکن لە هەنبەر هەستێك..."

دیاره مەبەستی عەلەوی لە (کاردانەوە لە هەنبەر هەستێك) هەمان شێوازی ئەکسپرسیونیزمی ئەڵمانیە کە عەلەوی بە گەنجی لە ژێر کاریگەریا بووەو هەرگیزش لێی دەرباز نەبووە، چونکە ئەمە لە رۆمانی (چاوەکانی)شدا دووبارە بووەتەوە. ئەوەتا لە چیرۆکی (سەربازی قورقوشمین)شدا دووبارەی دەکاتەوەو دەڵێت: "ئەم تریفەی مانگە دەڵێی چڵکی سپیەو رژاوەتە سەر شەقامەکانی باشوور، و ئەم عەبا رەشانە کە لە کەناری کۆڵان و کوچەکاندا لە سەرما بەدیوارەوە چەسپیون دەڵێی خوێنی قەتماغە بەستووی سەر زامانن.." بە ئاشکرا سێبەری ئەکسپرسیونیزمی (شنیتسلر، دۆستوفسکی، تورگنێف و رەنگە چیخۆف)ش بەسەر ئەم چیرۆکانەوە دیارە، خۆ ئەگەر لێکچوونیان دەگەڵ کورتە چیرۆکەکانی هیدایەتیشدا هەبێ، لەبەر ئەوەیە کە هیدایەتیش لە کاریگەریی دۆستوفسکی و چیخۆف.. بەدەر نەبووە.عەلەوی بەخۆی دەڵێت: "من نە داهێنانێکم کردووەو نە پەیامێکم هەبوو. کارەکانی من زادەی ئەو پێداویستیانە بوون کە خۆم هەستم پێدە کردن.. نەسلی ئێمە کاری خۆیان لە ژێر کاریگەریی نووسەرانی ئەوروپایی دا دەست پێکرد.. من لە سەرەتای لاوییەوە، ئاشنای ئەدەبیاتی ئەوروپایی بووم، بتەوێ و نەتەوێ کەوتوومەتە ژێر کاریگەریی بەرهەم و رێبازو رێچکەیان..." لە شوێنێکی تردا دەڵێت: "من چەندین ساڵی یەك لە دوای یەکەم دەگەڵ هیدایەت دا رابواردووە، ئەو کتێبانەی دەمان خوێندنەوە دەمان دا بە یەکتر، هیدایەت دڵبەندی دۆستۆفسکی، تۆماس مان، چیخۆف و هرمان هسە بوو".

بە هەر حاڵ هیدایەت و عەلەوی هەر یەکەیان هەوڵی داوە بە شێوازی تایبەتی خۆی سوچ و لایەنێکی کۆمەڵگەی خۆی بهۆنەرێنێ.. بۆیە دەبینین لە هەر چیرۆکێکی کۆ چیرۆکی (چمدان)دا مەسەلەو دۆزێکی کۆمەڵایەتی یان مرۆڤانی یان هەندێ جار رەخنەوانی خراوتە روو، بەڵام لە چیرۆکی (چەمەدان)و (سەربازی قورقوشمین)دا مۆرك و رەنگی سێکسی ئاشکراترو تۆخترە، عەلەوی لەم چیرۆکانەوە لە دەلاقەی سایکۆلۆژییەوە دەڕوانێتە واقیع. دیارە خودی ئەم نۆڕینە لە نرخ و بایەخ بەدەر نییە، و لە شیکردنەوەی بەرهەمی هونەریش دا ناکرێ چاوپۆشی لە دەستکەوتە سایکۆلۆژییەکان بکرێ. بەڵام باسی مەسەلەی سێکسی دەبێ دەگەڵ رەوتی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی دا هەڤبەند بێ نەك بە شێوەیەکی تەجریدی و دابڕاو بێ و هیچ پەیوەندییەکی بە دیاردەکانی ترەوە نەبێت..

بە هەر حاڵ خودی نووسەر هەندێ جار زۆر بە زەقی لە بەرهەمەکانیا رەنگ دەداتەوەو بەرهەمەکە شەقڵێکی خودی وەردەگرێت، دیارە ئەمە سەبارەت بە عەلەوی بەو زەقیە نیە، و لە پەناوەو لە قاڵبی گوتیاری چیرۆکدا دەردەکەوێ. بۆ نموونە ناتوانرێ کوڕە لاوە لە باب بێزارەکەی ناو چیرۆکی چەمەدان، خوسرەوی سیلاوی و رەشبین-ی ناو چیرۆکی قوربانی، ئارداشس-ی غیرە کردوو لە براکەی (چیرۆکی کورتە مێژوویەکی ژوورەکەم)، (ف)ی ئاشقە دایك لە چیرۆکی (سەربازی قورقوشمین)دا بە خودی عەلەوی بزانرێن. لەوەیە هەندێ لایەنی پەراگەندەی ژیانی عەلەوی بە کاڵی لەم چیرۆکانەدا رەنگی دابێتەوە، بەڵام هەرگیز گومانی ئەوە نابرێ کە خودی عەلەوی بە تەواوەتی لەم چیرۆکانەدا رەنگی دابێتەوە. مەنەلۆگ لە

هەندێ چیرۆکی زۆر کەمدا نەبێ، ئیدی لە بەرهەمەکانی عەلەوی دا کەمە.. شێوازی نووسینەکانی عەلەوی لە هەوەڵەوە تا کۆتایی هەر رۆمانتیکی و شاعیرانە بووە، بەڵام عەلەوی لە زۆربەی چیرۆکەکانیا وێڕای رۆمانتیکیەتی گوزارشت و دەربڕینی شاعیرانەی، وەکو چاودێرێك دەردەکەوێت و هەوڵدەدات خۆشی و ناخۆشی خەڵکی لە قاڵبی چیرۆکانی رۆمانسیانەدا دابڕێژێ.. و ئەویش وەکو هیدایەت و گوڵستان و دەوڵەت ئابادی، سوود لە نیروی رۆمانسیانەو شاعیرانەی پەخشانی فارسی وەردەگرێ و هەندێ جار پەخشانی وەها دەنووسێت کە شان لەشانی جوانی شیعر دەدات.

عەلەوی بە ژیانی پڕ لە هەورازو نشێو، پڕ لە کەوتن و هەستانەوە کۆمەڵێك پەنجەرەو دەلاقەی لە رووی کەلتووری هاوچەرخی ئێران کردەوە کە ئەگەر ئەوانە نەبوایەن، بۆشاییەك دەکەوتە ئەدەبیاتی تازەی ئێرانەوە.

بە هەر حاڵ کۆ چیرۆکی چمدان (جانتا) هەر چەندە یەکەمین بەرهەمی چیرۆکڤانی عەلەوییە، نێوەڕۆك و تان و پۆو بونیادێکی بەهێزو مکومی هەیەو وەکو چیرۆکنوسێکی بەرجەستەو بە سەنگ و ئیحتوبار، عەلەویی بە کۆمەڵگای رۆشنبیریی و کتێب خوێنی ئەو رۆژگارە ناساند.

<u>بۆ نووسین و ئامادە کردنی ئەم پێشەکییە سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:</u>

١- بزرگ علوی، چمدان، چاپ چهارم ١٣٨٧ (٢٠٠٨) مؤسسة انتشارات نگاه

٢- دکتر فدوی الشکری، واقعگرایی در ادبیات داستانی معاصر ایران، چاپ اول ١٣٨٦ (٢٠٠٧) مؤسسة انتشارات نگاه.

٣- داستان نویسان معاصر ایران، محمد قاسم زاده. چاپ نخست ١٣٨٣ (٢٠٠٤)، انتشارات هیرمند.

٤- نقد اثار بزرگ علوی، عبدالعلی دستغیب چاپ اول ١٣٥٨ (١٩٧٩)، انتشارات فرزانه.

٥- صد سال داستان نویسی ایران جلد ١، حسن میر عابدینی، چاپ اول ١٣٧٧ (١٩٩٨) نشر چشمه.

جانتا

بەیانییەکی ڕۆژی یەکشەممەی مانگی چواری هەتاوی بوو، ئاسمان و هەوای شاری بەرلین بە تەمتومان و خەفە بوو. پیاو لەبەر گەرما، لە نێو جێگەدا گێنگڵی دەدا، نەدەحەوایەوە، ئارەقە لە لە شییەوە هەڵدەقولا. بەڵام حەزی نەدەکرد لە جێگا بێتە دەر. دوکەڵی کارخانەکان و تەمومژی بێشەکان کە ئاوێتەی یەکدی دەبوو، و لە پەنجەرەوە دەهاتە ژوورەوە، لە تۆ وایە دەیویست گوشاری پتر بخاتە سەر لەش و گیانی بنیادەم. من هەنگێ لە بەرلین دەم خوێند. نیو سەعاتێك بوو کە خاوەن ماڵەکەم تاشت و بەرقلیانەکەی لەسەر مێزەکەم دانا بوو، لێ من خەیاڵی رابوونم نەبوو. یەك دوو جاریش لە پشت دەرکەکەوە گوتبووی: "ئاغا، لە ماڵی بابتەوە، بە تەلەفۆن تۆیان دەوێ". لێ من وەڵامم نەدابووەوە.

سەعات نۆ، یەکێك بەلەز لە دەرکەی ژوورەکەی دام و وەژوور کەوت. من هەوەڵجار بەو گومانەی کە خاوەن ماڵەکەیە و کارێکی هەیە، گوێم نەدایێ، لێ پاشان کە لە ناکاو گوێم لە دەنگی بابم بوو، لە جێ ڕاپەڕیم، سڵاوم کرد. لەسەر کورسیە نەرمەکەی سوچی ژوورەکە دانیشت، قوتووە زێڕینەکەی دەرهێنا، جگەرەیەکی داگیراندو گوتی: "ژوورەکەت بۆ وا شێواو تێکەڵ و پێکەڵە، بۆچی ئەم کتێبانە کۆ ناکەیتەوە؟ تەماشاکە: "سابون و قەڵەم وشانەو قەرەویتەو دارجگەرەو نازانم چی، وێنە، هەموو بەسەر یەکدا ڕژاوە". بابم تازە ردێنی تاشی بوو، عەتری لە خۆی دابوو، بۆنەکەیم لەگیان ناخۆش بوو. ڕاستی دەکرد. وردی و زاکونی ئەو، ویقارو قۆڕە دەماخی ئەو، ئەو ویقارو مەندییەی لە باب و باپیرانەوە بە میرات بۆ مابووە. ویقاری وشك و فەرمیانەی ئەو، دەگەڵ ژیانی شێواو پەرێشانی من، دەگەڵ دڵی چەپەڵی مندا بە هیچ کلۆجێ تێکی نەدەکردەوە. لە ماڵەکەی ئەودا، قەفەزەو چاوەیەك بۆ سابوون، یەکێك بۆ جگەرە، ژوورێکیش بۆ کتێب تەرخان کرا بوو.

سەبارەت بە باوکم ئەمڕۆی لە هەموو ڕۆژەکانی دی پێ تەوهین ئامێزتر بوو، چونکە باوکی بە ویقارم خۆی بچووك کردبووەوەو هاتبوو بۆ ماڵی من، مەگەر من هەر ئەو کوڕە نیم کە دوای ماوەیەکی زۆر لە قەرقەشەو خوتەو بۆڵە تۆرا بووم و ماڵەکەی ئەوم بەجێ هێشتبوو، چونکە حەزم لێ نەبوو هەموو ڕۆژێ لە سەعات یەکی پاش نیوەڕۆدا فراڤین بخۆم و هەر شەوێك سەعات یازدە لە ماڵەوە بم و بخەوم و بەیانی لە سەعات حەوتدا لەسەر مێزی تاشت ئامادە بم.

تا ئەو جگەرەکەی کێشا، منیش سەروچاوم شت و هاتم لەلایەوە دانیشتم. لێی پرسیم: "بە تەمانیت ئەم هاوینە سەفەرێك بکەی؟"

نەمزانی بابم مەبەستی چ بوو؟ ئایا دەیویست بڵێت: سەفەربکە یان لەگەڵ مندا سەفەر بکە. بۆ وەی بە ڕاشکاوی وەڵامی پرسیارەکەی نەدەمەوە، گوتم:

– من پارەم نییە، تۆ ئەم مانگە شتێك زیادەم بدەیە.

– یانی باش بوو هاتم بۆ ئێرە.

- ئەگەر تۆم نەدیتبا قەرزم دەکرد.

چونکە دەمزانی بەقەرز کردن قەڵس دەبیٚ، بۆیە بە ئانقەست دام بە روویدا کە بە پارەکەی سەرکۆنەم نەکات.

بابم پاش خامۆشییەکی کەم- ئەم خامۆشییە، ئەم عادەتە ناخۆشەی، بۆ من جۆرە عەزاب و ئەشکەنجەیەك بوو، ئەم حاڵەتەی چاوە سوورو درشتەکانی کە دەیوست ، ئەگەر توانیبای، بم سوتێنیٚ، ئەم حاڵەتی چاوە، کە شوێنەرای زوڵم و دەسەڵاتی باوکی سەردەمی بەربەریەتو هۆڤیەتی بوو، بۆ من کوشندەو ناگەوار بوو، بابم پاش ساتێکی بێدەنگی دەفتەر چەکێکی لە بەرکی دەرێناو چەکێکی سەد مارکی دامیٚ و گوتی: "من لەسەر سەفەرم و دەڕۆم بۆ دەوروبەری سیتو، بۆ یەکێك لە هاوینگەکانی سەرسنووری چیکۆسلاڤ (ناوەکەیم بیر چووە) قیتار سەعات یازدە دەردەچێت، ئەگەر دەتوانی بڕۆ بۆ ماڵەکەی من و لەویٚ دانیشە تا کوڕی خاوەن ماڵەکەم، جانتاکەم بۆ وێستگە ببات. خۆ ئەگەر حەزیش دەکەی ئەوا جانتاکەی من لەگەڵ خۆتا بێنەو سەعات یازدە لەویٚ بە تا پێکەوە سەفەرە بکەین".

بیٚ ئەوەی تەمەشای ئەو بکەم گوتم: "زۆر چاکە".

- چۆنی زۆر چاکە؟ بە خۆت دێی، یان بەو کوڕە دەڵێی جانتاکەی من ببات؟

- بە خۆت ناتوانی جانتاکەت ببەی؟

گڕ لە چاوانی بووەوە. بەڵام خۆی لە ساڵۆزی دا، وەکو خووی هەمیشەی بە کەماڵی ئارامی و خوێنساردی گوتی: "من پێشتر لە شوێنێکی دیدا کارم هەیە، هەنووکە سەعات نۆیە، سەعات نۆو نیو لە شوێنێك کارم هەیە".

- زۆر چاکە من چایەك دەخۆم، پاشان دەچم بۆ بانق و لەوێندەرەوە دەچم بۆ ماڵەکەی تۆ، لەویٚ دەبم تا کوڕی خاوەن خانووەکەت جانتاکەت بۆ وێستگە ببات و بگەڕێتەوە.

- ئەگەر بتەویٚ بۆ بانق بچێت درەنگ دەبیٚ.

- بۆ نەگبەتی هیچ پارەم پیٚ نییە.

پێکەنی. منیش پێکەنیم. دە مارکی دیکەی دامیٚ. سوپاسم کرد. باوکم ڕۆیی، کەمێك دڵتەنگ بووم. بابم یادگارێکی باشی دنیای کون بوو، بەڵام نەك سەرو سیمای! عەترەکەی، قەرەویتەکەی، هی ئەم ڕۆژگارە بوو، مۆدی ڕۆژ بوو، بەڵام بیرۆبۆچوونەکانی! دەبیٚ سەعات یازدە فراڤین بخوات... دەنا... دەنا سیستەم و شیرازەی ژیان تێك دەچێت.. ویقارو قۆرە دەماخی ئاسیو دەبینیٚ، خانەوادە لە بەین دەچێت، دەبیٚ پرەنسیبی پیرۆزی بنەماڵەو خێزان رەچاو بکریٚ. چەند باشە کوڕو کیژی بنیادەم هەموو لە دەوری یەکدی خڕ ببنەوە، قسان بکەن، و باوك، گەورەی خێزان، لەسەری سەرەوە دانیشێتو فەرمان بدات، بێن ،بڕۆن. باوك خواوەندی ماڵە. ڕێك رەنگدانەوەی مەزەب لە خێزاندا یا بە پێچەوانەوە. ڕێك دنیای کۆن!

جلەکانم لەبەر کردو کەوتمە ڕیٚ. رەنگی تاریك و لێڵی شەقامەکانی بەرلین، ئەم حاڵەتە تایبەتییەی ئەم شارە لە مانگی هەشتدا. جا لە هاوینێکی خەفەدا، خەریك بوو دەیکوشتم. ئایا لەگەڵ بابمدا بۆ ئەم هاوینگەیە بڕۆم؟ ئەم سەرو سیمایە، ئەم عەترو عوتورە بە خۆڕایی نییە!

بۆ سەر سنووری چیکوسلاڤ دەڕوات، چۆنە؟ منیش لەگەڵیا دەڕۆم، باشە چەند ڕۆژێك لەوەپێش ئەو خانمە ڕوسییە... ناوی چی بوو؟ کاتوشکا.. کاتوشکا.. ئوسالوڤنا.. کە خوا حافیزیمان لێکدی کرد، کاتێ کە دەستە سپی و باریکەکەی، ئەو قامکە ڕەقەڵە درێژانەی لە ناو دەستی من نابوو، دەیگوت: "با یەکتر بدینینەوە، من بۆ سیتو دەچم، تۆش وەرە بۆ ئەوێ"، دوێ شەو کاتێ کە ئەو دەموچاوە سپی و لاوازە لە هەمێزی مندا بوو، کاتێ کە گۆنا زەقەکانی بەروومەتی منەوە نابوو، لەبەر خۆیەوە هەندێ شتی دەوت؟ مەرایی بۆ من دەکرد!نە مەرایی نەبوو، لەو حاڵەتەدا نەدەکرا درۆ بکرێ و نە هەست بە درۆ بکرێ، چی دەکرد؟ چنگی دەهاویشت و قژی منی دەڕنیەوە، پێی دەگوتم: "تۆ لە هەموو خەڵکی جیاوازی؟".

لە ناکاو لە ناوەڕاستی شەقامەکەدا بە دەنگی بەرز دەسەتم بە پێکەنین کرد، سەیرم کرد دیتم پتر لە یەك سەعات بە ختوخۆڕایی بە شەقامەکاندا سوڕاومەتەوە، لە ماڵەکەی بابیشم تێ پەڕیووم. ئوتۆمبیلێك هات و سوار بووم.

نەرمە تەکانی ئوتۆمبیلەکە، منی وەکو منداڵێك کە لە بێشکەیان نابێ، بە ئارامی کردە خەو، بەڵام خەوێك کە پڕ بوو لە بویەرو ڕووداوی جۆراو جۆر. کاتوشکا.. ئوسالوڤنا.. بۆ کوێ دەڕوات، بۆ سیتو؟ بۆ سیتو؟ ئەم ناوەم ئەمڕۆش بیستەوە، ئێرە هەمان شوێنە کە بابم بۆی دەچێ. چۆنە، لەگەڵ بابمدا دەڕۆم، یانی، لەگەڵ بابم دا دەڕۆم بۆ سیتو بۆ دیدەنی کاتوشکا ئوسالوڤنا.. ئەم ناوە خۆی لە خۆیدا ئاهەنگدارە، کاتوشکا... ئوسالوڤنا. بەڵام ئەوە دێنێ کە پیاو وەختی خۆی دەگەڵ ئەم ڕوسانەدا ڕابوێرێ. لەگەڵ ئەم ڕوسە موهاجیرانەدا! جاچی بۆ من باس دەکرد، باسی دۆك، پرنس، دەربار، ڕاسپۆتین، باسی تزار، باسی تولستۆی، باسی سیبریا، دەیزانی کە من پێچەوانەی ئەوم، دەیزانی کە من تەنها لێوانی ئەوم دەویست، نەك ئەو جەواهێراتەی کە لە سینگیا دەدرەوشایەوە. کاتێ کە من پێچەوانەی گوتەکانی ئەوم دەگوت، قامکی لەسەر لێوەکانم توند دەکرد، تا چیتر قسە نەکەم، چاك دەیزانی کە من گاڵتەم بە هەموو قسەکانی ئەو دێت. دەیزانی کە من قسەکانی ئەو بە درۆ دەزانم، و حەقیقەت و ڕاستیم لە پشت پەردەی قسەکانی ئەوەوە دەدۆزییەوە، لەگەڵ ئەمەشدا خۆشی دەویستم. ئێستاش خۆشی دەوێم. ئەسەح؟!

شۆفێرەکە پرسی: "ئەزبەنی کێوە بڕۆم؟"

– سەعات چەندە؟

– سەعات دەو نیوە.

– بڕۆ بۆ ئولاندشتراسە ٢٨

بڕیارم دا بۆ سیتو بڕۆم. بەڵام تازە فریای بابم نە دەکەوتم. هەوەڵجار چووم بۆ ماڵەکەی جانتاکەم لە ئوتۆمبیلەکە نا، پارەم لە بانق وەرگرت و بە ئوتومبیل سەعاتی یەکی پاش نیوەڕۆ بە جانتاکەی ئەوەوە بەرەو ئەو شوێنە وەڕێ کەوتم کە بابم بۆی چوو بوو.

* * *

چونکە ئوتومبیلەکە. لە گورلیتس دا نزیکەی سەعاتێك پشووی هەبوو، لای عەسر گەییمە سیتو و لەوێندەرەوە بە قیتار چووم بۆ ئەو هاوینگەیە. جانتاکەم لە وێستگەکە دانا، لە میوانخانەکانی هاوینگەکەدا (تەنیٰ دوو میوانخانەی لیٰ بوو) سۆراغی کاتوشکام کرد. لە میوانخانەی (ماڵی سەوز) لایدابوو. لەویٰ ژوورێکم بۆ خۆم گرت. کاتوشکا لەگەڵ دایکی و ژنێکی دیکەدا دوو ژووریان لە (ماڵی سەوز)گرتبوو.

دوای سەعاتێك لەسەر کارتەکەم نووسیم: کاتوشکای ئازیز، من ئێستا گەییومەتە ئێرە حەزم لێیە بت بینم، کات و شوێنێك دابنە، ف.

لە زەنگم دا پێشخزمەتەکە هات، کیژێکی نۆزدە ساڵی سەرو قژ زەردی چاو رەش بوو، کە کارتەکەم دایە دەستی بزەیەکی هاتیٰ و گوتی: "ئەزبەنی تۆ ئاغای ف نیت؟ ئەم خانمە چوار رۆژە هاتووەو رۆژ نەبووە سۆراغی تۆی نەکردبیٰ.

- بۆچی لە تۆ؟

- ئاخر من خانمم خۆش گەرەکە، پارەکە لێرە بوو، کتێبێکی بە دیاری دامیٰ، دیارە شتی دیکەش هەیە.

پرسیم: چ شتێکی دیکە هەیە؟

- خانم هەندیٰ رازو نهێنی لای من هەیە.

- تۆ ناوت چییە؟

- فەردیل

- ئیٰ فەردیل، تۆ پێم ناڵێی چ رازگەلێکی هەیە؟

- ئەوەندە پیٰ دامەگرە.

- زۆر باشە، مادام حەز ناکەی مەیڵیٰ.

کیژەکە کەمێك لە فکرانڕا چوو و گوتی: "نە، پێتی دەڵێم، چونکە دەزانم کە کاتوشکا خانم تەنیا تۆی خۆشدەویٰ، لەو رۆژەوە کە کاتوشکا خانم هاتووەتە ئێرە، هەموو رۆژیٰ سۆراخت دەکات. ئەمڕۆ پیاوێك هاتە لای خانم، ئەم پیاوە ماوەیەك لەمە پێشیش کە خانم لەگەڵ دایکیا بۆ بەکریٰ گرتنی ماڵ تەشریفیان هێنا بوو، لەگەڵیان بوو، بەڵام خانم خۆشی نەگەرەکە، بە ئەقڵم ناچارییە، عەسرێك دەیگوت، کەی رۆژیٰ بیٰ ئاغای ف بێت."

ئەسکەناسێکی دوو مارکیم لە بەڕکم دەرێناو بە ئاسپایی خستمە دەستی فەردیلەوە، پاشان پرسیم: "باشە فەردیل، ئەمە چۆن پیاوێکە؟"

- وەڵڵا، ئەمەیان نازانم، من بە باشی لە نزیکەوە نەم بینی.

- زۆر باشە، فەردیل ئێستا بچۆ ئەم زەرفە بگەیەنە بە خانم، بەڵام بە جۆریٰ بیدەیە کە کەس پیٰ نەحەسیٰ.

وەکو ئەوە بوو ئاوێکی ساردی پێدا بکەن... بیرم لەوە کردەوە لەم میوانخانەیە بڕۆم‌و بچم بۆ ئەو شوێنەی کە بابم لێی دابەزیوە. ئیدی ژنان هەموو وەکو یەکن، گریانیان، پێکەنیان، هەمووی هەر درۆیە! ئەگەر کاتوشکا درۆزن بیٰ، کەواتە هەرچی ژنی دی هەیە درۆزنن، ئەم

چاوە پرشنگدارانە چۆن درۆ دەکەن! جا ئەگەر ئەم چاوانە، ئەم گۆنانە منیان خستە داوەوە، ئەو نەفەرەش بۆ خۆی ئاشقێکی جوانە، ئاخر من چ شتێکم لەو زیاترە.. من چ شتێکم لەو زیاترە، بە چیا لەو زیاترم، رەنگە بەڕاستی منی خۆش ویستبێ، بەڵام بە دڵنیاییەوە پارەو پولی ئەو لە من زیاترە، جا لێرەوە یەکەمین بەردی بناغەی پیرۆزی خێزان دادەنرێ.
بریا زەرفەکەم نەدابایە، حەیف نییە پیاو خۆی سووک بکات؟ بە خۆڕایی کارتەکەم بۆ نارد، بەڵام چونکە ئەم کچۆڵەیە ئاگاداری شتەکان بوو، هیچ کارێك نەدەکرا، فەردیل گەڕایەوە. لەسەر کارتێك بە نێوی کاتوشکا ئوسالوڤنا ، کاتۆشکا ئەمەی نووسی بوو: "دایکم حەز دەکات تەعاروفت لەگەڵ بکات، و تکای وایە کە بۆ شیو بێیتەماڵەکەی ئێمە".
.... جا ئێستا دەبێ جل بگۆڕی، دەبێ ئەتەکێتی ئەدەب بەجێ بێنی، دەبێ دەستی دایکی ماچ بکەی... من هاتووم گۆناکانی کاتوشکا ماچ بکەم، من دەخوازم چاوەکانی ئەو بدیننم، چۆنە؟ ئەمشەو عوزر دەخوازم، دەبێ بچم بۆ لای بابم، پێشتر قەولم داوەتێ، کاتوشکا ئوسالوڤنا ئەم ناوەم بە دەنگی بەرز درکاند، لە دەمم دەرپەڕی...
دەرکەی ژوورەکەم ڤەبوو و کاتۆشکا وەژوور کەوت، بەرەو لای من هات و گوتی: "ئاخری هاتی؟ من هیچ بە تەما نەبووم" کە گوێم لە ئاهەنگی ناسکی دەنگی بوو، هەموو ئەو شتانەی کە تا ئێستا سەبارەت بەو بیرم لێ دەکردەوە، لە یادم ڕەڤی. دەستیم ماچ کرد. لەسەر کورسییەکی نەرم دام نیشاند، گوتم: "بزانە چۆن هاتم".
من لە قەراغ کورسیە نەرمەکە دانیشتبووم، دەستم لە ملی کردبوو، تەمەشای کردم و گوتی: " من هیچ بە تەما نەبووم".
- بۆچی؟
- بۆچی؟ چما تۆ ناناسم؟ تۆ هەمیشە خەو دەبینی، تۆ هیچ کاتێك بێدار نیت، ئەوەی کە هەنووکە من بە تۆی دەڵێم، رەنگە هەر نەی بیستی.
راستی دەکرد، من تەماشای گوڵە یاخە سوورەکانی سەر کراسە سپیەکەی ئەوم دەکرد، من لەزەتم لەپشت ملە رێکەکەی کە شاڵێکی رەشی لە مل کردبوو دەبینی. من تەمەشای برژوڵە رەشەکانیم کە چاویان داپۆشی بوو، دەکرد، گوێم لە قسەکانی نەدەگرت، چونکە قسەی زۆر ئاسایی بوون، من چاوانم بڕی بوونە چاوەکانی، پاشان گوتی: "من بۆیە خۆم هاتووم بۆ ئێرە تا تکات لێ بکەم کە دەعوەتەکەی دایکم رەت نەکەیەوە".
- لە کوێ دەتزانی کە نایەم؟
کاتوشکا پێڵوی چاوەکانی کەمێك وێك هێنایەوە و گوتی: "من دەزانم کە تۆ حەزت لەم تەشریفاتکاریانە نییە".
دەماری ناسی بووم. (چۆن بەم باشیە دەمناسی؟) ئەم پرسیارەی من جۆرە سوکایەتییەك بوو بەو، ئەو کچە زۆر هەستیار بوو، بەڵام هەستی درۆینەی نەبوو (ئایا شتی وا دەبێ؟) یان کەمترە.

- تۆ پێت وایه که یەك مانگه یەکتر دەناسین. من لەو ساوه که خۆم ناسیوه تۆش دەناسم. یەکەم جار تۆم لە کوێ دی؟ لە خەوا! بەڵێ لە خەوا، وا بزانم ئەوسا پازده ساڵان بووم، من هەمیشە ئاشقی چاوانی رەشی وەکو چاوانی تۆ بووم، من هەمیشە قژی زەردی وەکو قژی تۆم خۆش ویستووه. بیرت دێتەوه لە یەکەم شەوی ئاشنایەتیماندا چم گوت: من ئاشقی وەهم و خەیاڵێك بووم و ئەمێستا ئەو وەهم و خەیاڵە لە تۆدا، لە هزرو بیری پەرێشانی تۆدا، لە ژیانی تۆدا، لە روحی بێ قەراری تۆدا، جیلوەی کردووه، تۆ ئاگات لە ژیانی من هەیه. ئێوه خەڵکانی تایبەتین. من دەزانم کە تۆ بۆ هەمیشە منت خۆشناوێت، شەپۆلێکی دێ و دەڕوات، شەپۆل دەڕوات، بەڵام ئاو لە جێی خۆی دەمێنێ، تۆ من لە بیر دەکەیت، وا نییە؟ بەڵام من لە بیرت ناکەم. من بە ئاوات و ئارەزووی خۆم گەییوم. ژیانم بە فیڕۆ نەچووه، تا ئێستا بە ڤیانی ئەم وەهم و خەیاڵەوه دەژیام. لە ئێستا بە دواوەش بە یادی ئەم رۆژانە دەژیم، تۆ ناتوانی ببی بە مێردی من، تۆ چۆن دەتوانی تەمەنێك لەگەڵ مندا رابوێری؟ بەڵام ئەو دەقیقەیەی کە من لەگەڵ تۆدام.. ئەو دەقیقەیه... گریان گرتی: "هەرچییەك بێ من دەبێ بژیم، دەبێ شوو بکەم" ئێستا لەمەسەلەکە تێگەیشتم. ئەو پیاوەی کە تازە ئاشنایەتی دەگەڵدا پەیدا کردووه، لەوەیە بیخوازێ، ببێ بە مێردی. لەوەیە ئەگەر کاتوشکا بە خۆی بیتوانیباو هۆکاری دی ناچاریان نەکردبا، بێ ئەوەی ببێ بە ژنم. لەگەڵ مندا بژیایه. ئێستا نە باوك و نە دایك، کەس ئەوی ناچار نەدەکرد، بەڵام دێوێکی نەحس و شوومی شپرێوی ترسناك، پاره، کۆمەڵگه، ژینگه ئەویان ناچار دەکرد کە بڕوات خۆی بفرۆشێت، بۆ تەمەنێك خۆی بفرۆشێت، تەنیا لەبەر ئەوەی بتوانێ بژی، ژنان هەموو خۆیان دەفرۆشن، هەندێکیان بە پارەیەکی کەم و بۆ ماوەی چەند سەعات و رۆژێك، هەندێکیان بۆ ماوەی عومرێك بەرانبەر بە دابین بوونی ژیان.

- مەگری کاتوشکا، ئێستا تێ دەگەی بۆ لە دنیای ئەو بێزارم.

لە قسەکەم حاڵی نەبوو، لێی پرسیم: "کەی بت بینم".

گوتم: "دوای شیف دەتوانین پیاسەیەکی کەم بکەین؟"

- زۆر چاکه، دوای شیڤ خارن.

* * *

شیڤ دەگەڵ داکی کاتوشکاو ئەو خانمەی دیدا بە شێوەیەکی گشتی ناخۆش بوو، پاش شیڤ من و کاتوشکا چووینە پیاسه، پتر لە نیو سەعاتێك رێمان کرد، دنیا تاریك بوو، بە ئەسپایی بە نێو جەنگەڵی دار سەرووانددا رادەبوردین، تەنکە هەورێك ئاسمانی شین هەڵگەڕاندبوو. رێگەکان چۆڵ و بێ دەنگ بوون. لە دوورەوه دەنگی سەگوەڕی سەگانی دێهاتیەکان دەهات. کاتوشکا شیعرێکی روسی لەبن لێوانەوه دەگوتەوه، من گوێم دەگرت. نیو سەعاتێکی قەتیا. لەسەر گردێك لە نێو جەنگەلەکەدا دار بەستێکیان دانا بوو. کاتوشکا شەکەت بووبوو، لێم پرسی:

- دەتەوێ کەمێ لێره دانیشین؟

- خراپ نییه.
- باچینه سەر دار بەستەکە.
- دەترسم بکەوم.
- مەترسە دەتگرم ئێرە بۆگنخە، ئەوسەرە هەواکەی باشترە.

دار بەستەکە پێنج پاچینەی هەبوو، کەپێی نایە سەر یەکەم پاچینە، شریقەیەك لە داربەستەکە هەستا. ئەوجا دەستم گرت و سەرکەوتە سەرەوە، رەشەداری زەلام چوار دەوری گرتبووین. سەری درەختەکان وەکو شەپۆلی ئاو دەجمان، کاتوشکا هەمدیس کەوتە نەرمە گۆرانی. گۆرانی روسی دەگوت، نەرم، بەڵام زندوو. دەستیم لە دەستم کرد

- کاتوشکا!

لە جیاتی ئەوەی وەڵامم بداتەوە سەری خستە سەر شانم. چەند حەزی دەکرد کە ئەم خامۆشییە زوو تەواو نەبێ. پاش ماوەیەك لێی پرسیم:

- چۆن بوو بۆ ئێرە هاتی؟
- یەکەم، بەڵێنم بە تۆ دابوو.

قسەکەی بریم: "ئەی دووەم..."

- دووەم باوکم هاتووە بۆ ئێرە، ومنیش هاتم.
- ئەدی بۆ تا ئێستا قسەت نەکردووە؟
- قسەی ناوێ، تۆ ئەوەندە باوەڕت بە دایك و باوکت هەیە. دەزانی من بە پێچەوانەی تۆ بیر دەکەمەوە. لە هەموو شتێکدا.
- بە یەکترمان بناسێنە، شەرم دەکەی؟
- شەرمی چی، من حەز ناکەم، ئەگەر تۆ مەیلت لێیە، سبەی... دەموچاوی لە بەرۆك و سینگم دا پەنهان کرد، گوتی: "سبەی نابێ".
- بۆچی سبەی نابێ؟

هەروەك دەستی لە گەردنم وەرینا، ماچێکی کردم و گریا، دەستەکانیم لە گەردنی خۆم هەڵگرت، بە هەرتك دەستان گۆناکانیم گرت، لە تاریکییەکەدا نیگایەکی چاوەکانیم کردو گوتم: "مەگری کاتوشکا، من دەزانم، لە قسەکانی ئەمڕۆت حاڵی بووم، دنیای تۆ بەمجۆرەیە، منیش تۆم خۆش دەوێ، من ئەوەندەم خۆش دەوێی کە ناتوانم بتکرم. وا چاکە هەر بەم وەهم و خەیاڵەی خۆمانەوە بمێنینەوە. ئەم وەهم و خەیاڵە خراپ نییە، سوکنایی بە دڵی مرۆڤ دەدات، جورئەت و هێڤی بە بنیادەم دەبەخشێت. سبەی دەتەوێ دەگەڵ تازە ئاشناکەتدا بچیتە گەڕان، زۆر چاکە، سبەی شەو یەکدی دەبینینەوە".

- وا نەزانی کە من سبەینێ بە تەنێ لەگەڵیا دەبم، دایکم لەگەڵماندایە، سبەی شەویش لە میوانخانەی (ئەسپی سپی) میوانی ئەوین. وەرە، سبەی شەو پێتی دەناسێنم. ئەگەر منت خۆش گەرەکە، رای خۆتم دەربارەی، پێ بڵێ.

– زۆر خاسە، کاتوشکا. سبەینێ دەچم بۆ لای بابم و سبەی شەو لە میوانخانەی (ئەسپی سپی) دەبم.
چ قسەیەکی ترمان نەکرد. بەرە بەرە مانگ هەڵهات. شەو درەنگ بوو. لەسەر دار بەستەکە هاتینە خارێ. ئەو تەیرو توانەی تریفەی مانگ مەستی کردبوون، سەری رازو نیازیان بۆ یەکدی دامەزراند بوو، ئێمە گوێمان لێدەگرتن و ئۆخژنمان لە دڵ و دەروونان دەگەڕا.
سەعات یازدە بوو کە من بۆ ژوورەکەم چوومەوە. (فەردیل)م گاز کرد. شەرابی بۆ هێنام. دوای ماوەیەك ئاوازی گرامافۆنی ژوورەکەی تەنیشتم بەرز بووەوە. ماوەیەك شەرابم خواردەوەو جگەرەم کێشا.

*　　　*　　　*

بەیانی سەعات نۆ لە ژوورەکەم وەدەرکەوتم. سەرەتا کەمێك لە داڵانەکەدا پیاسەم کرد. فەردیل، دەسماڵێکی سپی لەسەر بەستبووو لە ژوورەکاندا کاری دەکرد. پێی گوتم کاتوشکاو دایکی و ئەو ژنەی دی چوونەتە گەڕان. ئەوسا چووم بۆ ویستگەی قیتار. لەوێوە بە جانتاکەی بابمەوە سواری گالیسکەیەك بووم و چووم بۆ لای بابم کە لە هەمان (میوانخانەی ئەسپی سپی) لایدا بوو. لە میوانخانەکەی ئێمەوە تا ئەوێ نزیکەی نیو سەعاتە رێیەك بوو. سەعات دەو نیو گەییمە ئەوێندەر، بەڵام بابم لەوێ نەبوو. گوتیان بەیانی زوو دەرچووە. من جانتاکەم بە ئەمانەت لای خاوەن ئوتێلەکە داناو رۆیشتم. لەم گوندەوە بۆ ئەو گوند. ئێوارێ کە گەییمەوە میوانخانەی (ماڵی سەون) کاتوشکا لەوێ نەبوو. فەردیل هات، ئەمشەو بە پێچەوانەی جارانەوە جلکێکی جوانی لەبەر بوو: "ئەزبەنی، خانمەکان هاتنەوەو رۆیشتن."
– فەردیل ئەمشەو خۆت جوان کردووە.
– بەڵێ، ئەمشەو ئیسراحەتم و دەگەڵ دەزگیرانەکەمدا دەچمە دانس و سەما.
شیڤم خواردو بە پای پیادە بۆ ئوتیلەکەی لەمەڕ بابم رۆیشتم. سەعات نۆ گەییمە ئەوێندەر. کە چووم بۆ ژوورەکەی بابم، گوتیان لە هۆڵەکەی خوارەوەیە. لە پلیکانەکانەوە دا گەڕام. کە دەرکەم کردەوە سەیرم کرد کاتوشکا لە تەنیشت بابمەوە دانیشتووە. پێشخزمەتێك خەریك بوو بوتڵە شەرابە بە تاڵەکانی هەڵدەگرتەوەو بوتڵی تری دادەنا. بابم ردێنی لوس کرد بوو. کاتوشکا جلکێکی شینباوی لەبەر بوو. لە جاران جوانتر هاتە بەرچام. یەکسەر هاتمە دەرەوە. لەسەر کارتەکەم شتێکم بۆ کاتوشکا نووسی و دامە پێشخزمەتەکە کە بیداتێ.
" کاتوشکای ئازیز، داوات لێ کردبووم کە بابمت پێ بناسێنم، هەمان ئەو کەسە یە کە لەسەر مێزەکەی تۆ، لە دەستە چەپتدا دانیشتووە. داوات لێکردبووم ڕای خۆمت دەربارەی ئەو شووە تازەیەی کە بە تەمای هەڵی بژێری، پێ بێژم. مێردێکی زۆر چاکە، بەختەوەرت دەکات. ف."
بە خاوەن ئوتێلەکەم گوت: "جانتاکە هی ئەو پیاوەیە کە لە تەنیشت هۆو خانمە دانیشتووە."

١٣١١ (١٩٣٢)

بووکی هەزار زاوا

رووبـەری ژوورەکـە نزیکـەی پێـنج بـە چـوار گـەز بـوو. بـە قـەد دیوارەکانـەوەو لـە پـەراوێزی بنمیچـەکەدا شـریتێکی سـوریان هەڵواسـی بـوو. ئـەو پـەردە شـینباوانەی کـە بـە دەرگاکـانی حەوشەکەیانەوە هەڵواسی بوو، ژوورەکەی تاریك و گەرم دەکرد. لەلایەکی تری ژوورەکەوە، لـە هەنبـەر دەرگـای هاتوچۆدا، پەردەیـەکی دیکـەی رایـەڵ ئەسـتووری زەردبـاو، سـێ گۆشـەیەکی تاریك و کپی دروست دەکرد. مێزێکی بەرزی باریکیان لە ژێریا دانا بوو. تاق و دەلاقەکانی پشت مێزەکە پڕ بوو لە بوتڵی بەتاڵی بادەی فەڕەنگی، لە خانەکانی خوار ترەوە لە پاکەت و قوتـوی سـورو زەردی زێڕینی جقلاتـەو شیرینیان دانـابوو. زۆربـەیان عـال بـوون. لـە فاسیلەی نێـوان رەفـەکان و مێزەکـەدا ژنێکـی قەڵـەو لەسـەر کورسـیەکی درێـژ بوتڵـە مەشـروبەکانی دەجولاندو بـە خاولیـەك سـەر مێزەکـەی دەسڕیو خـاوێن دەکـردەوە. دەرێـی ژوورەکـە دالانێك بوو کە دەچووەوە سەر شەقامەکە. فانۆسێکی سوور بەسەر دەرگاکەیەوە جۆلانەی بوو. لەسـەر پارچە مقەوایەك نووسرا بوو: Defendn pour Les Jeunes Persans لێ کەس گوێی بـەم تابلۆیە نەدەدا.

لەو سوچەی ژوورەکەدا ژنێکی لاواز، بالاّ بەرزو پشتێن لە پشت دانیشتبوو. هەردوو ئانیشـکی دادابـووە سـەر مێزێکـی بچـووك، سـەری بـەدیار پەرداخێکـەوە دانەوانـد بـوو، بـە قەسـەبێکی زەردباو شەربەتی سرکەی لیمۆی دەخواردەوە. زلفە رەشـەکانی لـەلای چەپەوە رووی داپۆشـی بوو. چاوەکانی خومارو ماندوو و مردوو دەهاتنە بەرچاو.

سـەعات دە بـوو، کابرایـەکی وێڵـون بەدەسـت وەژوورکـەوت، کڵاوەکـەی لەسـەری داکەنـد، نیگایـەکی ئـەو ئاوێنەیـەی کـرد کـە بـە دیوارەکـەی دەسـتە راسـتدا هەڵواسـرا بـوو، وێڵونەکـەی لەسەر پیانۆکە دانا، چوو بۆ نزیکی ژنە قەڵەوە زەلامەکە، لەوێ مل پێچە سپییەکەی کردەوە، پاڵتۆکەی داکەندو دایە ژنە قەڵەوە زەلامەکە، قژی لـە پشـتەوە پەشـێوو پەرێشـان دەینوانـد، لـە تۆ وایە هەرگیز شانەو چاك کردنـی بـە خـۆوە نـەدیتووە. ژنەکـە یەکسـەر پـەرداخێ قۆدگـای بـۆ تێکـرد، دایـێو ئـەویش بەیـەك بـێن هەڵیـدا، ئەوسـا چـوو بـۆ لای وێڵونەکـەی. پـاش چـەند دەقیقەیەك پیرەژنێکی قەبەتر لە ژنە قەڵەوەکە هات. سڵاوی لە هـەمووان کـرد، جانتـا رەشـەکەی لەسـەر پیانۆکـە دانـا، کڵاوەکـەی داکەنـد، دەسـتێکی بەسـەریا هێنـاو لەوێنـدەر دانیشـت. سوسکێ، هەمان ئەو ژنەی کە لە سووچی ژوورەکە دانیشتبوو، بێ ئەوەی گوێ بە پیاو یان ژنـە تـازە هاتووەکـە بـدات، ئـاو لیمـۆی خـۆی دەخـواردەوە. ئـەوانی دی بـە فەرەنسـی قسـانیان دەگەڵ یەکدی دەکرد، چونکە گوێیان بەو نەدەدا، ئەویش فیزی پێ دەفرۆشتن.

سـازژەنەکە، جانتـای وێڵونەکـەی کـردەوە، کەمانەکـەی لـە گیرەکـە دەرکـرد، ئـەوجا دەسماڵێکی سپی نایە ژێر چەنەی. سازەکەی کۆك کردو دووبارە نایەوە ناو جانتاکەی. ئەوسا چوو بۆ لای گرامافۆنەکە، یەك یەك بەکرەکانی تەماشا کرد، یەکێکی هەڵگرت.

سوسکیٚ گوتی: "واز بێنە با تۆزیٚ ئاسوودە بین، هێشتا دەنگی زیقە زیقی دویٚ شەو لە گوێمدایە".
سازژەنەکە کە دەتگوت تا ئێستا ئاگای لەو نەبوو بوو، گەڕایەوەو نیگایەکی کرد. دەیویست بەکرەکە دابنیٚ کە ژنە قەڵەوە زەلامەکە گوتی: "سوسکیٚ تۆ زۆر خراپی. بۆچی نەخوێنیٚ". مەبەستی ئەمە بوو کە بۆچی ئەوەندە بەدخوویی دەکات. کاتیٚ کە سازژەنەکە گوێی لەمە بوو، دەرزییەکەی نایە سەر بەکرەکەو بۆکەڵەیەکی تایبەتی لەسەر میلی ناوەندی گرامافۆنەکە دانا، کە بەکرەکە دەسوڕایەوە بوکەڵەکەش لەگەڵیا دەخولایەوەو لە ئەنجامی سوڕانەوەدا بایەك دەکەوتە ژێر تەنورە دەڵب و کورتەکەی بوکەڵەکەو بەرز دەبووەوە، پاوپوزی بوکەڵەکە تا نزیکی رانی بە رووتی دەکەوتە ئەو گۆڕە.
هەنگیٚ ژنە قەڵەوە قەبەکە گوتی: "ئەمشەو ئاغای ف لێرەیە. ئیدی پێویست بە گرامافۆن نییە". ئەوجا بە فەڕەنسی بە سازژەنەکەی گوت: "دەمویست گرامافۆنەکە بنێرمەوە. ئەم پیانۆیەمان شەوی بە پێنج تمەن بەکریٚ گرتووە، باشە؟".
ژنە قەڵەوەکە کە لە بەردەم پیانۆکەدا دانیشتبوو دەستێکی بە کلیلەکانی پیانۆکەدا هێنا، دەنگی گرامافۆنەکە ئاوێتەی ئاوازی پیانۆکە بوو.
ژنە قەڵەوە قەبەکە گوتی: "گرامافۆنەکەم بۆ ئەمە هێشتەوە تا ئەگەر مشتەریەکان بیانەویٚ، هەبیٚ. ئەگەر بزانم ژمارەی مشتەرییەکان زیاد دەبیٚ، کریٚی زیادەت دەدەمیٚ". ئەو بەکرەیەی کە لەسەر گرامافۆنەکە دەسوڕایەوە، ئاهەنگێکی زیقاوڵەی ناسازی ناخۆشی لێدەدا: " When I washappy".
سازژەنەکە قوتوی جگەرەکەی لە بەرکی دەرهێنا، جگەرەیەکی داگیراند. دوو کەڵەکەی بەرەو زەوی دەنارد، لەم کاتەدا مشتەرییەك وەژوور کەوت، چوو لەسەر کورسییەکی تەنیشت مێزەکەی سوسکیٚ دانیشت، سازژەنەکە جارەکی دی سەرنجی سوسکێی دا. لیٚ سوسکیٚ بە وردی دەیڕوانییە مشتەریە تازەکە، سەراپای دەپشکنی، دەشێت پارەیەکی لیٚ دەربهێنریٚ: "ئاغا چی مەیل دەکەن؟"
– چیتان هەیە؟
خۆیا بوو کە مشتەرەییەکە ناشیە: "هەرچییەکت بویٚ، کۆکتێل، ویسکی، بیرە، شەراب، شامپانیاو ڤۆدگا."
سازژەنەکە ئەبڵەق دەیڕوانیە سوسکیٚ، نیگایەکی گرامافۆنەکەو پاشان پیانۆکەو ئەوجا وێلۆنەکەی کرد. شتێکی سەیرە! چ پەیوەندییەك لە نێوان ژیانی رابردووی ئەوو ئەم ژوورەدا هەیە: پازدە ساڵی خشتە کە ئەو میناکی دینان لەم شارەوە بۆ ئەو شار دەڕوات. چۆنە وا ئەمشەو ریٚی کەوتووەتە ئەم ژوورە؟ چۆنە وا ئەمشەو کەوتووەتە بیری ژیانی کۆنی. ساز ژەنەکە خۆی بەیەك لە دیارترین مۆزیقازانانی دنیا دەزانی، بەڵام خەڵکی؟ ئەو خۆی بە باش هونەرمەند دەزانی، خەڵکی دەیانگوت کە تۆ موتریب و شایەری. بەڵام خەڵکی هەقی قەزاوەت و داوەریان دەربارەی ژیانی ئەو نەبوو، بۆ نە ء، هەیان بوو بە مەرجیٚ کە حاڵی بوایەن و ئەوجا

داوەریان کردبا. لە نێو ئەو تەمتومان و تەم و مژەدا کە ئەو پێکە ڤۆدگایە لە زەین و هۆشیا دروستی کردبوو، دەم و لێوو ئەوك و خەندە درۆینەی ئەم سوسکێیە کە دیار نەبوو نێوی راستەقینەی چییە، هەندێ لە تاڵترین و شیرینترین رۆژگارەکانی ژیانی خۆی بیردەخستەوە. بۆچی بوو بە سازڤان؟ بۆچی خۆی خستە ئەم رۆژە؟ ئەمشەو ناچارە لە بەرانبەر سێ تەمەندا لاسایی نەرە نەڕی زەنگیانی ئەفریقایی و عەربەدەی سورپێستانی ئەمریکایی بکاتەوە. ئایا خەڵکی هەقیان نییە کە لێی بێزار بن؟ خەڵکی لە کوێ دەزانن کە چ هێزێك گەمە بەو دەکات، کێ دەزانێ کە چ فاکتەرو هۆکارێك ئەوی وا لێکردووە؟ پازدە ساڵ لەوەبەر بوو، ئەوسا خەڵکی، داك و بابی، دۆستەکانی سەر کۆنەیان نەدەکرد، لێی وەڕەزو بێزار نەبوون، ئەوسا هەر نۆزدە ساڵ دەبوو. بەڵام لەو ساوە مەعلوم بوو کە ئەو لە ژیاندا نابێ بە بنیادەم. لە قوتابخانەدا تەمەڵ بوو، هەموو مامۆستاکان سەرزەنشتیان دەکرد. هەر هەموو هاوپۆل و هاوقوتابخانەکانی ئەو ئەمڕۆکە بوون بە بازرگان و موڵکدارو کار بەدەست، بچووکترینیان بەلای کەمەوە مانگی سێ سەد تمەن مووچەی هەیە. بەڵام ئەویان لە پۆلی پێنجەمی ناوەندییەوە لە قوتابخانە دەرکرد، چونکە ئەرکە قوتابخانەییەکانی ئەنجام نەدەدا، ئەوساش، شەوانە کاتێ کە هەموو لە خەوا بوایەن، ئەو لە سەربان، لەبەر هەیڤەشەو بە ئەستێران فاڵی دەگرتەوە کە ئایا باشە لە ماڵی بابی هەڵێ یان نا. بە رۆژەوە لە جیاتی بۆ قوتابخانە بڕۆیشتبایە، تارەکەی هەڵدەگرت و دەچووە ماڵی یەك لە دۆستەکانی و تاری دەژەند. هەندێ جار شەوانە لە سەربانی دراوسێیەکیانەوە دەنگی گۆرانی کیژێك دەهات.

بەکرەی سەر گرامافۆنەکە تەواو بوو، بەکرەیەکی تری دانا، لەبەر ئەوەی نەبوو کە حەزی لەم ئاوازانە بوو، تەنیا دەیویست بیری مژول بێ، دەیویست خۆی لە جیهانی ئەو ژوورە دەربێنێ. دەیویست لە بێداریدا خەو ببینێ. سوسکێ لەو سوچەدا رۆنیشتبوو، لەوە دەچوو خەوی بێ. چەند مشتەرییەکی دیکە وەژوور کەوتن، لە دەوری سوسکێ وەستان.

... دوای ماوەیەك ئەو کیژەی ناسی. شەوێك لە کاتێکدا هەمووان نووستبوون بە سەربانی ماڵە دراوسێکەیاندا رۆیی، بە دزییەوە خۆی گەیاندە پشت دیواری ئەو ماڵەی کە دەنگی گۆرانی و ئاوازەکەی لێوە دەهات، لەگەڵ خوشکێکی لە خۆی گەورەترو پیاوێکدا کە پێدەچوو باوکیان بێ رۆنیشتبوو، دیوانی حافزی دەخوێندەوە. جار جار هەندێ شیعری بە ئاوازەوە دەخوێندەوە. کوڕە لەو ساتەوە لێبڕا کە هەر دەبێ بە تەواوەتی مۆزیقا فێر ببێ تا بتوانێ ئەم جۆرە مۆزیقایە دابهێنێ، دواتر کاتێ کە ئەو کیژە گۆرانی دەچڕی، ئەویش تاری بۆ لێدەدا، پاشان چوو بۆ هەندەران و ویێلون فێر بوو، دوای چەند ساڵێك خوازبێنی ئەو کیژەی کرد، ناوی سۆسەن بوو. شووی پێکرد. بوو بە ژنی. سۆسەن خشیك نەبوو، چ قەیدیە؟ ئاشقی دەنگ و ئاوازەکەی بوو بوو، لە رۆژانی یەکەمدا چەند جارێك گۆرانی بۆ چڕی... بەڵام ئەم گۆرانییە ئەو گۆرانیەی سەردەمی منداڵی نەبوو. ئەو مۆزیقایە ئیدی دووبارە نەدەبووەوە.. چەند کیژە فەرەنگی ئاشق و شەیدای مۆزیقاو جوانی ئەو بوو بوون، بەڵام ئەو هەر هەموویانی رەت کردبووەوە، تەنیا ئاشقی دەنگ و ئاوازی ئەم کیژە بوو، بەڵام ئەم کیژە کە ئێستا بوو بوو

بەژنی، ئیدی نەیدەتوانی بەو جۆرە گۆرانی بچڕێ. سۆسەنیش ئەوی خۆش نەدەویست. سۆسەن ئەشقی دەویست، بەڵام سازڤان دەنگ و ئاوازی دەویست، دەنگ و ئاوازێك كە ئەو كیژە نەی بوو. وەهم و خەیاڵ بوو، درۆ بوو، ساڵێك و پاشان چەند جار تۆریان. پاشان تەڵاق و جیا بوونەوە. ئەوجا لەو شارە رۆیی. چونكە سۆسەن ئاشنایەتی دەگەڵ پیاوێكی تردا پەیدا كردبوو. سازڤان دەیزانی بەڵام نەیدەویست بیرەنجێنێ و لەخۆی دوور بخاتەوە، بەڵكو لە پڕێكاو جارەكی دی ئەو ئاهەنگە گوم بووە بدۆزێتەوە، ئەو تەنیا دەنگ و ئاوازی ئەم كیژەی خۆش دەویست، جەستەی پێشكەش بە هەر جەستەخوازێك. ئەو شتێكی دیكەی دەویست، خەڵكی سەرزەنشتیان كرد، بێ غیرەت، نامەرد، خەڵكی ئەحمەق!

چەند نەفەرێك لە دەرەوە بانگیان كرد: "سوسكێ! سوسكێ!" بۆ دوا كەڕەت كە دەیانویست لێكدی جودا ببنەوە، سۆسەن جارێكی تری چڕی، ئەم ئاوازە ئەو ئاوازەی هەوەڵجار نەبوو، بەڵام ئەنجام كەسێك چڕی كە ئەو شەوی هاوینە لەو ماڵە بچووكەدا چڕی بووی، ئاهەنگێن منداڵانە بوو. بەڵام هەر شتێكی تیا بوو.

سازڤان، ئەو ئاوازەی یەكەمجارو ئەم ئاوازەی دوا جار كە كەمێك هاوشێوەی یەكەم بوو فەرامۆش نەكرد بوو، بەڵام هەرگیز نەیتوانی بوو، ئەوەیان دووبارە بكاتەوە... لە گوێی ئەستێڵەكە رۆنیشتبوو، سۆسەن عەباكەی بە سەریا دابوو و دەیویست بڕوات، ماوەیەكی زۆر بوو كە گۆرانی نەگوتبوو، ئەم جووتە هەرگیز ئەوەندە لێكدی نزیك نەبوو بوونەوە كە بتوانن لە قسەی یەكدی بگەن. وەكو چۆن هەموو ژن و مێردێك پێكەوەن وان، ئەو ژن و مێردانەی كە بە پارە ئاشقی یەكتر دەبن، دەربارەی ئەم جووتەش بەم جۆرە بوو: چونكە كابرای شازڤان ئەو ئاوازەی نەدۆزییەوە، ژنەكەی خۆش نەدەویست، رەنگە سۆسەنیش لەبەر ئەوەی كەسێكی دیكەی خۆش دەویست،ئەو ئاوازی زەمانی منداڵییە كە تەجەلی ئەشقی منداڵییە، دووبارە نەدەبووەوە. ئەو دوا شەوە وەك بڵێی دڵیان بە حاڵی یەكتر سوتا، بۆ دواجار ویستیان دیسان رازی دڵ هەڵڕێژن. بە نەرمە گۆرانی دەست پێكرا، ف، وێڵونەكەی دەرهێنا. ئاویان لە ئەستێڵەكە كردبوو، ئەم دەقیقەیەی دواییە وەكو مۆتەكەو كابوسێكی قورس ئەوی لە مەنگەنە دابوو، ئیدی سۆسەنی ماچ كردو گوتی: "بڕۆ!" لەو شەوەوە ئیدی لە ژنان بێزار بوو.

كابرای سازڤان لە ژێرەوە نیگایەكی سوسكێی كرد، خەندە درۆینەكانی ئەو، خۆ بادانەكانی، دەست لە كەمەرنانی ئەو، شۆخی و سوعبەتەكانی ئەو، لە روانین و لەبەر چاوی كاكی سازڤان دزێوو ناشیرین بوو. وێڕای ئەمەش ئەمشەو بەهۆی هەندێ لە ئاهەنگەكانی ئەو دوا گۆرانیەوە، نەك ئەو گۆرانیەی یەكەمجار، ئەوەی بیر هاتەوە، هاوشێوەی هەمان گۆرانی بوو كە لە گرامافۆنەكەوە دەهاتە دەرێ، یان هاوشێوەی مۆزیقایەك بوو كە لە سیمای سوسكێ، لە چاوانی پڕ ئارەزوو شەهوەتی سوسكێ، لە جەستەی رەق و تەقی سوسكێ، لە قژە رەش و زبرەكەی سوسكێ، لە سەراپای ئەم كیژە شووم و نەحسەوە دادەچۆڕا. مەودای نێوان ئەم كیژە لەگەڵ ئەو سۆسەنەدا، وەكو فاسیلەی نێوان گۆرانییەكەی دوا شەو لەگەڵ گۆرانییەكەی شەوی یەكەمدا وا بوو، بەڵام ئیدی هەرچییەك بێ جۆرە لێكچوونێكیش هەبوو.

ژنە قەڵەوەکە لەم کاتەدا بەرەو سازڤانەکە هات، دەستی خستە سەر شانی وگوتی: "ئاغا، ئاغا خراپ چاوت بڕیوەتە سوسکیّ". ئەوجا ئاماژەیەکی بۆ سوسکیّ کردو هەر سێکیانی لە دەوری پیانۆ کە کۆکردەوە. کابرای سازڤان وەك ئەوەی لە خەوێکی ترسناك بێدار بووبێتەوە دەستێکی بە قژەکەیدا هێناو لە ئاوێنەکەدا سەیرێکی سەروچاوی خۆی کرد. ژنە قەڵەوە کەتەکە گوتی: "سوسکیّ ئەمشەو دەگەڵ مسیۆدا باش کار بکە".

سوسکیّ گوتی: "ئەگەر ئەوەی چەندێك لەمە پێش شەڕی دەگەڵ کردم بیّ بە باشی کڵا وی دەکرێتە سەر، دەزانی کامە دەڵێم، دەموچاو خڕن و کورتە باڵاکە".

لەم کاتەدا، لە دالانەکەوە دەنگی هەراو زەنا بەرز بووەوە، یەکێك هاواری دەکرد: "سوسکیّ! ئەمشەو دەبیّ لە پێش هەمووانەوە دەگەڵ مندا بڕەقسی". کابرایەکی کورتە باڵای ئەستوور، بەڵام گەنج، کڵاوەکەی لەسەری داکەند، پاڵتۆ جوانەکەی داکەندو بەرەو سوسکیّ غاری دا، لە دووی ئەوەوە چەند کەسێکی دی وەژوور کەوتن، یەکێکیان کە قژە رەشەکەی بەسەر هەنیەی دا بەر بوو بووەوە، بیّ سەروبەر گۆرانی دەگوت، هەندێکیان مەست بوون و لە تریان دەدا، لە دووی ئەوانەوە دوو پیرەمێرد هاتن، یەکێکیان عەینەکەکەی لەسەر ناوەندی کەپووی دانا بوو و لە ژێرییەوە تەمەشای دەکرد، لە دوای ئەوانیشەوە چەند ژنێکی دی بە عەباو بیّ عەبا هاتن. ئەوەی کە مەستی مەست بوو بەرەو سوسکیّ رۆیی، دەستێکی لە قەدی ئەو خست و گوتی: "تولە باب، ئەو شەوە هەر یەك جار لەگەڵما رەقسیت؟"

سوسکیّ گوتی: "ئاخ، کەمەرم بەردە، ئەمە لە کویّ بووی وا بە مەستی بۆ ئێرە هاتووی"؟

هەموو لە پێکەنینیان دا، کابرای سازڤان دەستی دایە وێڵونەکەی. مۆزیقا دەستی پێکرد، بیری لەوە دەکردەوە کە ئەمانە بۆچی وا شێتن. بەڵام هەر خۆی پاکانەی بۆ دەکردن. بە بۆچوونی ئەو، ئەو خەڵکانەی کە لەم ژوورەدا خڕ بوو بوونەوە، سەمایان دەکرد، پێدەکەنین، کەیفیان بە ئاوازی ناسازی وێڵونەکەی ئەو دەهات، ئەمانە کەسانێکن کە ئەگەر لە دەرێی ئەم ژوورەدا بدینرێن، لەوەیە پیاو ناچار بیّ خۆشی بووێن، لەوەیە مەجبور بیّ رێزو حورمەتیان بگریّ، لەوەیە مەجبور بیّ مەراییان بکات، بەڵام لەوەشە هەندیّ کەس رقی لێیان بێتەوە، لێیان بێزار بن، لەوەیە هەندیّ کەس بە سووك و خوێڕیان بزانن، بیانکورهێنن، هەندیّ لەوانە بەرپرسی خەڵکن. هەر یەکێك لەمانە خۆی بە ئازادو سەربەست دەزانیّ، لە کاتێکا هەر هەموو ئەمانە بورغو و سەمونەیەکی بچووکن لە کارخانەیەکی گەورەدا، هەر یەکێك لەمانە هێزێکی تایبەتی بۆ ئێرەی بکێش کردووە. کابرای سازڤان لەبەر خۆوە بیری دەکردەوە: کیّ دەزانیّ کە چ هێزێك یان چ هێزەلێك منی کێشاوەتە ئێرە؟... لە نیوە شەو بەدواوە دووکەڵ سەراپای ژوورەکەی تەنی بوو. بۆنی مەشروبو بادە پیاوی هێڕ دەکرد. سوسکیّ بە باڵا بەرزو ناو قەدی بەستراویەوە، وەکو ماسی لە نێو ئەم حەشاماتەدا مەلەی دەکرد. جەستەیان لەسەر هەمان نەزمی ئاهەنگ ساز بە یەکتر دەکەوت.

جوڵەی تێکڕای حەشاماتەکە وەکو جوڵەو بزاوتی مەکینەی قیتار بە هەمان جۆش و خرۆش، بە هەمان هەڵچوون و بە هەمان گوشارەوە بەرەو یەك لا بوو. هەموو بە یەك ئاهەنگ دەجوڵان،

زۆریـان گۆنایـان نـابوو بـە گۆنـای یـەکترەوە، بـۆنی ئارەقـەی لەشـی ژنـەکان کـەپووی کـابرای سازڤانی دەزوراندەوە، هەموو پیاوەکان چاویان لەسـەر سوسـکێ بـوو، سوسـکێ لەوساوە کە مەست بوو بوو، جار جارێ دەهاتە لای سازڤانەکەوە، پێی پێدەکەنی، شۆخی دەگەڵ دەکرد، هەندێ جار بە ئانقەست و حەمدی خۆی پێدا دەداو پاشان عوزرخوایی دەکرد یا نەیدەکرد.

کابرای سازڤان لـە بەینی ئاهەنگە شادەکانەوە نەعرەتـەی دەکێشا، بـەڵام کـێ گـوێی دەگـرت. کـەپوی پلـی دەدا، دڵـی دەسـوتا. بـەڵام هـیچ شـوێنەوارێك بـە سـیمای وشـك و مردوویـەوە نەدەبینرا. ئەوانەی کە لـە دنیادا زۆریـان رەنج کێشاوە، دەمامکیـان کردووە، ئەوانـەی کـە زۆر دەگرین و بە هـەمان ئەندازە زۆر دەناڵێنن، هـەر نازانن دەردو ئازار چیە. لـە دوا سـەعاتەکانی شـەودا دوکـەڵێکی رەشـی تاریـك و چـڕ، بـە ئاسمـانی ژوورەکـەوە، بـە نـەرمی شـەپۆلی دەدا. حەشاماتەکە کەمتر بوو بووەوە، بەڵام ئەوانەی کە لـەوێ مابوونـەوە هـەموویان مەست بوون و خاوتر و داهێزراوتر بوو بوون، ئاهـەنگی مۆزیقاکەو ئاهـەنگی سـەماکەش ئارامترو نـەرمتر بـوو بوو. نەوای وشك و برینگی سازەکە وەکو میاوە میاوی پشیلە لـە شـەوانی بەهارا، تێکـەڵ بـە هەراو هەنگامەی ئاپۆڕەکە دەبوو، هەندێ جار ژنێك و پیاوێك کە تەواو مەست بوو بوون، قاقا پێدەکـەنین. دەنگـی پێکـادانی پـەرداخان و هەنـدێ جـار دەنگـی شـکانیان، زیـاتر خەڵکەکـەیان دێنایە پێکەنین. خەڵکەکە شەکەت بوو بوون، بەڵام سازڤانەکە بە پێچەوانەوە تازە کـەوتبووە هەوای خۆی و گەرم بوو بوو، چاوە درشتەکانی نوقاند بوو و بە دەم و چاوە وشـکەکەیەوە کە وەك کەللـە سـەری مـردوو دەچـوو، بـەبێ ئیختیـار کەمانەکـەی بەسـەر ژێ‌و تـەلی وێڵۆنەکـەدا دێنا.. لـە پڕێکا هـەموو ئاپۆراکـە لەبـەر چاوی نـەما، وایـدەزانی کـە ئـەم ئاهەنگـە زبرانـەی کـە خەڵکەکەی دەخستە پێکەنین لەو سەندوقە ئاسنینەوە دەردەهاتن. بـەڵێ. ئـەم ئـەداو ئەتوارانـە، ئـەم نەعرەتـە شـوومانە هـی ئـەو نـەبوو. گرامافۆنیـان لێـدەدا، بوکەڵەکـەش بـە تـەنورەی هەڵکشاوەوە، بەڕانی رووتـەوە بـە سـەریەوە چـەرخەڵەی لێـدەدا. خێراتـر، خێراتـر، دەی، دەی سوسـکێ بـە تـەنێ لەگـەڵ نەفـەرێکی دیکـەدا لـە ناوەنـدی ژوورەکـەدا سـوڕی دەدا، خێراتـر، خێراتـر، حەشاماتەکە دووبارە کەوتـەوە جم و جـۆڵ. سـازڤانەکەش تـا دەیتـوانی کەمانەکـەی توندتر و بە جۆرێ بە ژێ یـان تـەلی وێڵۆنەکەدا دێنـا، کەمووی لەشـی بنیـادەمی هوشیـار گـرژ دەبوون.

حەشـاماتەکە پێدەکـەنێ، کـەیفی دەکـرد، چ سـازڤانێکی باشـیان هێنـاوە. بـەڵام لەبـەر چـاوی سـازڤانەکە هـەر هـەموو ئـەم هـەراو هوریایـە مـەحو بـوو بـوو، بوکەڵەکـە گـەورەتر بـوو، چـووە کلێشەو قیافەتی سوسکێوە، سوسکێ بۆ بە تەنێ دەڕەقسی؟ مەگەر ئێستا دەستی لە ملی ئەو پیاوە ئەستوورە کورتە باڵا دەموچاو هـەڵکفاوە نـەکردبوو؟ مەگـەر لەشـی بەسـەر دەسـتی ئـەودا نەدابوو وەکو مەل بە حەواوە نەبوو؟ نووکە (سوسکێ)ش تەواو بـوو. دووکـەڵی جگـەرە بـوو بـە پەڵە هەورێکی سپی و دەیویست هەیڤەشەو داپۆشێت، بەڵام نەرمە بایەکی خۆش رەوانـدیـەوە. لە دوورەوە لە سەربانی دراوسێکەیاندا دەنگی ئاوازێکی سۆزناك دەهـات، ئاوازێکـی سـامناك. هەمـدیس سوسـکێ، هەمـدیس ئـەو دەموچـاوە هـەڵکفاوە شـەهوانیەی پیـاوەی کورتـە بـاڵا..

هەمدیس بوکەڵەکە... هەمدیس ویڵۆنەکەی ئەو.. دیسانەوە خەندەو قاقاو دەنگی رشانەوەی ئەوانەی کە تاك تاك دەچوونە دەرێ، دیسان پۆخڵەوات و دیسان نەگبەتی.. بەڵام بۆ کابرای سازژەن دیسانەوە نەعرەتەو هاوارو دیسان دەردو ئازار لە هەمان ژووردا، لە هەمان ژووردا هەموو سەماکەرەکان کەشەنگ بوو بوون، هەموو چاوەنواڕ بوون کە ئەگەر بۆ دەقیقەیەکیش بووە، مۆزیقا بوەستێ، بەڵام سازژەنەکە جارەکی تر خۆی لەبیر کردبوو، جاریکی تر لە بیری چوو بوو کە سبەینێش هەر زندووە، جارەکی تر ئەوانەی لە بیر کردبوو کە هیچ کاتێ لە بیری ئەودانین. نیگایەکی حەشاماتەکەو لە ژێرەوە نیگایەکی سوسکێی کرد، ئەو، ئەم قژە، ئەم گەڕووە دەناسێت، بەڵام سوسکێ لەکوێ و سۆسەن لە کوێ؟ بۆ نە ء، فەرقی ئەم دووانە وەکو فەرقی ئاوازێن ویڵونەکەی ئەوو مۆزیقایەکی راستەقینە وایە. بۆ نەء، پەیوەندییەك هەس. چاوەکانی کەوتنە رێشکەوپێشکە. دیسان چەند پێکە کۆنیاکێکی یەك لە دوای یەکی هەڵدا. ژوورەکە لەبەر چاوی تاریك بوو. دیسانەوە هەمان شەوی قەراخ ئەستێلەکە، ئەمجارەیان سۆسەن خۆی بوو. هەنگێ ئەو ئاوازە سامناکە، ئەو شیعرەی کە هەزار جار لە خەوو بێداریدا بیستبووی، لە یاد چوو بوو!.

سستیەکی سەیر باڵی بەسەراکێشا، قامکەکانی دەستی رچین وچایین. دەتگوت خەریکە ئەو ئاهەنگ و ئاوازانەی وەبیر بێتەوە. جارێکی دی گەنج بووەوە، دەتگوت خەریکە گیانی دەکێشن.

حەشاماتە ماندووەکە وایان زانی کە کابرای سازژەن کەشەنگ بووە. دەیانەوێ پشوویەك بدەن. سوسکێ پێدەکەنی بەڵام خۆیا بوو کە بە درۆوە پێدەکەنی. بە دەنگی بەرز قسەی دەکرد. دەیویست خۆی مژوڵ بکات. بەڵام لە ناخدا وەزع و حاڵی سازژەنەکە کاری لەویش کردبوو. دەنگی دەلەرزی، پیانۆژەنەکە بە دەستەسڕ ئارەقەکەی نێو چەوانی دەسڕی. (سوسکێ)ش پەرداخێ کۆکتی خواردەوە. هەر هەموو ئەمانە چەند ساتێکی نەبرد. کابرای سازژەن دووبارە دەستی پێکردەوە. لە پڕێکا چەند نەفەرێك بەسەر (سوسکێ)دا دارژان، ئەویش یەکێکی هەڵبژارد کە لە هەموویان ناشیرینتر، و پیرتر بوو، بۆچی ئەوانی دی سەریان سوڕدەمێنێ؟ ئەمە ئاهەنگی رەقسین نییە، کابرا تۆ شێت بووی!... قەل پیاو بەم ئاهەنگە رەقس ناکرێ. ئەو پیرەمێرە رەزا قورسەی کە دەیویست دەگەڵ سوسکێ دا برەقسێ لە هەموویان پتر توڕە بوو. لەهجەیەکی تورکی هەبوو، مقۆ مقۆیەك کەوتە ناو حەشاماتەکە.. یەکێك هاواری کرد: "کابرا گریەو ناڵەکەت هەڵگرە بۆ ماڵی دایکت!" ژنە قەڵەوەکە لە پشت مێزەکەی هاتە دەرێ، بە زەحمەت بە نێو ئاپۆراکەدا رەت بوو. هاتە لای سازژەنەکەو گوتی: "ئاغا، ئاغا ئەم ئاهەنگە باش نییە" بە فارسی گوتی تا خەڵکەکە تێ بگەن. پاشان هەمان قسەی بە فەرەنسی دووبارە کردەوە، بەڵام ئەو نە دەیبینی، نەدەیبیست، ئەو لەم ساتەدا ئەم ژیانەی لە دەست دابوو. چاوەکانی نوقاند بوو، بێ ئەوەی هیچ شوێنەوارێك ببینرێ، هەمان دەمامکی بێ گیان و مردوو بەروویەوە بوو، ژنەکە دەیویست ویڵۆنەکەی لە دەست بسەنێ. بەڵام سوسکێ کە تا

ئێستا لە زەرقی ئەم چەند دەققەیەدا وەکو مردوو وشك بوو بوو، بەرەو لای ژنە قەڵەوە کەتەکە ڕۆیی،دەستی گرت و گوتی: "سەبرکە، سەبرکە!".
هەموو کڕ بوون، لە جێی خۆ دانیشتن، ئیدی نۆرەی سوسکێ بوو.. پیرەمێردە تورکەکە سوسکێی ئارام کردەوە، دەموچاوو لێوی راموسی. سوسکێ لە ناوەندی ژوورەکەدا وەستا بوو، هەموو ئەوانەی، کە هێشتا قسەیان دەکرد یان بەپێوە وەستا بوون، بێدەنگ کردو بە هەر یەکەیان وەعدو بەڵێنێکی دا. ورتە لە کەسەوە نەدەهات، ئێستا ئیدی کابرای سازڤان چاوانی کردەوە، خۆی دەگەڵ سۆسەن دا، نەك لەگەڵ سوسکێ دا، بە تەنێ بینی. ئەمە خودی سۆسەن بوو، هەمان ئەو کیژەیە کە لە سەربان گۆرانی دەگوت، بەڵام ئەو ئاوازەی نەدەهاتەوە بیر. ئەمە هەمان ئەو ژنەیە کە لە گوێی ئەستێلەکە ئەو ئاوازو گۆرانیانەی گوت و ئەوی فێر کرد کە... بە ئەسپایی بەرەو پیری چوو. سۆسەن دەترساو پاشەو پاش دەکشایەوە، ئەوسا کەمانەکەی بە ژێیەکاندا هێنا، ئاوازەکەی دوا شەوی بیرهاتەوە، ئەم ئاوازە روح و گیانی زەمانی لاوی ئەو بوو، بەڵام ئەو ئاوازەی زەمانی منداڵی ئیدی دووبارە نەبووەوە، بەڵام گریە بوو، سۆسەن دەلەرزی، دەکشایەوە، دەستی خستە سەر سوچی مێزی کەناری ژوورەکە، لەشی بردە دواوە، هەموو حەشاماتەکە بە واقی وڕەوە تەمەشای ئەم دووەیان دەکرد، چ سیناریۆیەکیان ساز کردبوو، هیچ نمایشێك لەمە جوانتر نەدەبوو، بەڵام بێهودە، ئەوانە تازە دەیانویست سوسکێ لاس بدەن، گریەی وێلۆنەکە توندتر دەبوو، داخی بۆ ژیانی بە هەدەر چووی خۆی دەخوارد، دەیویست تۆڵە لەو سۆنگەو فاکتەرانە بکاتەوە کە ئەویان خستووەتە ئەم رۆژگارە، هەنگێ سۆسەن خوێندی، گۆرانی چڕی، هەمان ئەو شیعرەی چڕی کە لە شەوی یەکەمدا چڕی بووی، بەڵام بەو ئاهەنگەی کە لە دوا شەودا چڕی بووی، بە هەمان جۆر کە لە گوێی ئەستێڵەکە، کاتێ کە ئاوەکە نەرم نەرم شوڕە شوڕی دەکرد، خوێندبووی:

مجو درستی عهد از جهان سست نهاد

که این عجوزه عروس هزار داماداست.

وشەی "دامادا‌ست" بەو کێش و هەیبەتەیەوە تەواو نەبوو بوو کە زایەڵەی دەنگی دایەوە، لە هەیبەتی نێوە دێڕی دواییدا، ئەوانەی کە مەست بوون، بەدمەست بوون، هەندێك لە ژوورەکە وەدەر کەوتن، زۆربەیان لە ترسا دانیشتن، بەڵام سۆسەن لە پڕ لە جێی خۆی راپەڕی، وێلۆنەکەی لە دەستی کابرای سازڤان وەرگرت و کێشای بە زەویداو تەق، تەلەکانی لێك پچڕان.
هەرکە وێلۆنەکە کەوتە سەر زەوی سازڤانەکەش هاواری کرد، لە نەعرەتەی دا، نەعرەتەی کێشا وەك چۆن حەیوانانی کوڤی و هۆڤی پێکراو نەعرەتە دەکێشن، هەموو ترسان، ژنەکان پاڵتۆکانیان لەبەر کرد. "سوسکێ"ش لە ژوورەکە وەدەرکەوت.
حەشاماتەکە یەك یەك بەلای سازڤانەکەدا رەت بوون، ئەو نیگای روو بە زەوی بڕی بووە وێلۆنەکە، دەستەکانی ئاوێزان بوون، چاوەکانی کراوەو بێ گیان میناکی چاوانی لەیستۆکی

گەچین بوون، سەراپا وەکو پەیکەرێك لەوێدا رەق راوەستا بوو، تەنیا پیانۆژەنەکە دڵی پێ سوتا، ویستی دای بنیشێنێ، لێ سازڤانەکە دایە دواوە.
لە دەرەوە سەدای "سوسکێ! سوسکێ!" دەهات، هەمووان جگە لە پیانۆ ژەنەکە لە ژوورەکە وەدەر کەوتبوون. لە دالانەکەوە دەنگی ژنە قەڵەوەکە دەهات کە لەسەر پارە دەگەڵ مشتەریەکاندا شەڕی بوو.
سازڤانەکە وەك ئەوەی پشتی شکابێ، بە ئەسپایی دانەوییەوە، وێڵۆنەکەی لە عاردی هەڵگرتەوە، تەلە پچڕاوەکانی پێوە ئاوێزان بوو، وەکو لاوێکی تازە ئاشق کە دەست بە بسکانی یارەکەیدا بێنێ، دەستێکی بە تەلەکاندا هێنا، نەوازشی کردن، ئەم تەلانە لە جیاتی تانو پۆی گیانی ئەو بوون، بەڵام هێشتا تەلێکی پێوە مابوو، یەك تەل، ئەم ئاهەنگەی کە لەیادی چوو بوو نابێ جارێکی دی لە یادی بچێ. ئەم ئاهەنگە، میناکی ئەو ئاهەنگەی شەوی یەکەم بوو، ئەو ئاهەنگەی شەوی یەکەم، عومرێکی تەواو بەوی رابوارد بوو، رەنگە هیچ ئاهەنگێك لە گۆڕێ نەبووبێ، هێزێکی نادیارو ئەفسوناوی بووبێ، کە جەستەو گیانی ئەوی لە ژێر گورزێن مەحکەمدا دەکوتا، هەر چیەك بوو، ئیدی نابێ ئەو بەرگەو بەڵگەیەی لە یاد بچێ. یەك عومری بە هەدەر چوو بوو، دەبێ ئیدی تۆڵەی بکاتەوەه... بەم ئاهەنگە دیرینگ.. دیرینگ.. بووك... زاوا... دنگ.
سێ تەلی پچڕا بوو، ئەویش دایە لای بێعاریو لە دوا تەلی دا

تهران- ٨ شەهریوەر ١٣١١- (١٩٣٢).

سەربازی قوڕقوشمین

چوار پێنج دانە ساڵە کە من بەلای کەمەوە ڕۆژی چوار جاران سواری ئەم پاسانەی هێڵی مەیدانی سوپا- شاهپور دەبم. سەیر ئەمەیە کە من لە نێو ئەم پاسانەدا پتر لەوەی لە زەرق هەشت ساڵی قوتابخانەی سەرەتایی و دوو ساڵی قوتابخانەی ناوەندی دا فێری بووم، شت حاڵی بووم. ئەم شتەش زۆر سەیر نیە، چونکە من لە ڕەگەوە منالێکی کەودەن و شەرمنۆك بووم، هەر کاتێ دوو سێ جار لە بابەتێك تێ نەدەگەییشتم و لە مامۆستاکەمانم – خوا عافوی بکات- دەپرسی، دەیگوت: "هەندێ کەس قەت تێناگەن". بەڵام لەم پاسانەدا شتێکی گرینگم بۆ دەرکەوت. هەندێ جار کە پاسەکان هێشتا بە تەواوەتی پڕ نەدەبوون و بە ناچاری و لەبەر بێتاقەتی نەفەرەکان تا نزیکی چوار ڕیانی حەسەن ئاوا دەڕۆیی، لەم حاڵەتەدا شاگردی شۆفێرەکە هەڵبەتە بە تەواوەتی ئاگای لەوە بوو کە لە کوێدا نەفەرێك دەیەوێ سوار بێ، ئەگەر بە ڕێکەوت نەیدیتبا، شوفێرەکە دەیگوت: "حەواست لە کوێیە" یاڵڵا ئەو دە شاهییە سەربخە." یان "ئەو دە شاهیە هەڵگرە". بە هەر حاڵ ئەم "دەشاهییە" فرە دووبارە دەبووەوەو هەڵبەتە مەبەست لە "دە شاهی" نەفەر بوو. هەر نەفەرێك بەلای شوفێرەکەوە بایی دە شاهی بوو، دە شاهی دێنا، جا ئیدی ئەگەر ئەم نەفەرە حاجی عەلی ئاغای چێوار بوایە کە پتر لە سەد هەزار تمەن سەروەت و سامانی هەبوو، یان سەرۆکی دایەرەی ئاژەڵان بوایە کە هەشت سەد تمەن سەر قفڵی دابوو و جگە لە دوو سێ هەزار تمەن خێرو قازانج مانگی چوار سەد تمەن مووچەی هەبوو، یان خودی من چ ئەو ڕۆژەی کە معاشم وەردەگرت و نزیکەی حەوت سەد دە شاهیم پێ دەبوو، بەهای من بۆ ئەوو لەلای ئەو هەمان دە شاهی بوو، و چ ڕۆژی پێش مووچەش کە دوای دانی پارەی پلیت، بەرکم وەکو دڵی ئیماندار پاك دەبووەوە، قیمەت و بەهای من بۆ ئەو فەرقی نەدەکرد، ڕۆژێك لە یەکێك لەم پاسانەدا ژنۆکەیەك دانیشتبوو و سەربازێکی قوڕقوشمینی لە قەراخ پەنجەرەی پاسەکە دانا بوو، هەندێ جار ئەم سەربازەی دەردێنا، دەیکرد بە دەمیاو پاشان لە جێیەکەی خۆی دایدەنایەوە، هەر کە ئەم لەیستۆکە بە هۆی تەکانی پاسەکەوە وەردەگەڕا، خێرا هەڵیدەگرتەوەو دەیکرد بە دەمیا، من ماوەیەك غەرقی تەمەشای ئەم کارەی ئەو بووم، کە ئاوڕی پشتەوەم دایەوە، سەیرم کرد "ف" دانیشتووەو چاك و خۆشی لەگەڵ کردم. من لە ئەنجامی هاتوچۆ بۆ باشوور ئاشنای بوو بووم، پاشان کە لە پاسەکە دابەزیم، بیرم کەوتەوە کە ئەم ئاشنایەی من لەم سەربازە قورقوشمینانە دروست دەکات و بە موغازەکانی دەفرۆشێت.. ماوەیەك بوری و "ف"م نەدیتەوە، چونکە لەو ماوەیەدا من ئەندامی دایەرەی کۆنترۆڵی تلیاك بووم و بە ماموری ناردیانم بۆ شارۆچکەی فەساو لەوێ نەخۆش کەوتم و گەڕامەوە و ماوەیەك بێکار بووم. کە لە سەفەر گەڕامەوە دوای نزیکەی دوو

ساڵ چووم بۆ دیدەنی ف. هۆی چوونەکەم ئەمە بوو کە یەکێك لە کاربەدەستانی دارایی فەسا ئەوی دەناسی و بە منا بڕێك تلیاکی بۆ نارد بوو.
هاوڕێکەم هەندێ غەریب هاتە بەرچاوم، ژووری کارەکەی کە جاران پڕ بوو لە مەنجەڵ و تەبەقە قورقوشمو رەژوو و تاوەو هەنبانە، و لە هەمان کاتدا رێك و پێك بوو، ئەمڕۆ پەرش و بڵاو دەینواند. مەقەڵی پێکردو پێکەوە لەحەوشەدا قالیچەمان راخستو لێی دانیشتین. باس هاتە سەر ژنەی گۆڕین. پاشا چیرۆك و سەربوری خۆی بۆ گێڕامەوە، هەوەڵجار بەبێ تاقەتی، پاشان کە سەیری کرد من هیچ مەبەستێکم نییە، خۆی زیاتر پەلەی بوو، بەڵام بەبێ سەروبەری. زۆربەی بە جۆرێ بوو کە من سەرم لێی دەرنەدەکردو نەمدەتوانی تێی بگەم. ئاخیریش پاشماوەکەی تەواو نەکردو من لەم لاو لەو لاوە زانیم کە تێك چووە، بەڵام هەر هۆی راستەقینەی شێتییەکەیم بە دروستی نەزانی.

*　　　　*　　　　*

"من دەبێ جارێ هەموو سەربورەکەی خۆم وەبیر خۆم بێنمەوە، پاشان بۆ تۆی بگێڕمەوە. سەربوری چی؟ خۆیشم نازانم لە کوێوە بیگێڕمەوە. لەو رۆژەوە کە هاتوومە دنیایە؟ لەو رۆژەوە کە دەستی چەپ و راستی خۆم لێکدی هەڵاوێردووە. ژیانی خانەوادەیی خۆم؟ بابم چتۆ بەشەرێ بووە؟ چەندم دایکم خۆش ویستوە؟ نە ء حەواس و حەوسەڵەم نییە".
قسە کردنی خەڵکانی تلیاکی جۆرێکی تایبەتیە، سەری رستەیەك دادەمەزرێنن و تۆزێ تلیاك بەسەری سەبیلەکەیانەوە دەنەن تا ئەو تلیاکە تەواو نەبێ، رستەکەشیان تەواو نابێ، جا گوێدێر دەبێ سەبرو حەوسەلەی هەبێ و لە جزەجزی تلیاکەکە بێزار نەبێ. ئەوەی کە قسەو گفت و لفتی ئەم تلیاکیانە خۆش دەکات، تۆنی شیرین و نەرمی دەنگیانە.
"لە بیرتە کە ئێمە لە چ جەهەنەمێکا بوو کە یەکترمان ناسی؟ لە رێگەی باشوور بوو، نازانم رەنگە لە کازرون بووبێ، من پاش ئەوەی لە تۆ هەڵبڕام – بەڵێ وا دەبێ بە پێنج ساڵ– چووم بۆ بوشەهر، چووم کە هەیڤەك لەوێ بمنێنەوە. بە مامورییەتێکی بچووك چووم، کەچی لە بری مانگێك یەك دانە ساڵم پێ چوو. لە دایەرەش دەریانکردم، چونکە پێیان گوتم: وەرە بۆ تاران، نەهاتم، لەوێندەر مامەوە... تاقەتت دەچێت، تۆ گەرەکتە بزانی کە پەیوەندی من بەو ژنەوە کە ئەو رۆژە لە پاسەکەدا دیتت و ئەو لەیستۆکەی بە دەستیەوە بوو چیە. تۆزێ سەبرت بێ، تۆ دەبێ ئەوە بزانی کە ژیانی من لە هەوەڵەوە، لەو کاتەوە کە لە باوکم جیا بوومەوە، لە سنووری ئەم وردە شتانەی کە لە دەوروبەرت دەیبینی، تێ نەپەریوە، زۆر رۆژان هەبووە کە من فراڤین و شیڤم نەخواردووە. چونکە ئەگەر شتێکم بووبێ و فرۆشتبم،ئەویشم بەتلیاك داوە. هۆی هەموو ئەم ژیانەی من بابم بووە، رەنگە واش نەبێ، دەنا بۆچی من نەبووم بە بەشەر، وا نییە؟ تۆ حەز لە چارەی من ناکەی چونکە تلیاك دەکێشم. هەقیشتە، بەڵام دەزانی کە خۆیشم لەخۆم بێزارم. نازانی، دە تەمەشا! سەیری پشتی دەستم بکە، تەماشای یەخەی کراسەکەم بکە! رەنگە دوو هەفتە ببێ کە ئاوم بە دەموچاوما نەداوە. گریمان... تازە بە چی دەچێت، خۆ من هەمیشە

تلیاکی نەبووم، هەمیشە بەمجۆرە نەبووم... خۆ من بەو شێوەیە نەخوڵقاوم. ئەوسا کە لە بوشەهر بووم، تلیاکم نەدەکێشا، پاشان بووم بە تلیاکی. ئەوساکە تازە دایکم مردبوو. کەبیرم دەکەوێتەوە تەزووم بەلەشدا دێت، ئەویش منی خۆش گەرەك بوو، من شانزە ساڵان بووم، کەچی تا دایکم دەستی نەخستبایە ناو دەستم خەو نەدەچووە چاوم. ئەمانە شتەلێك نین کە هەموو کەسێك تێی بگات. لە بوشەهر... بەڵێ، لە بوشەهر لە ماڵی سەرۆکی دایەرەکەم، داماوە ئێستا بە تۆمەتی قاچاخچێتی تلیاکەوە حەپسە، ژوورێکم هەبوو. هۆیەکەشی ئەمە بوو کە فشە دەنگێکم پێوە بوو، چونکە لای بابم فێری خوێندنەوەی قورئان بوو بووم، ئەو سەرۆك دایەرەیەش ئەهلی زەوق بوو، هەموو شەوێ مندال و مەرزمی کۆ دەکردەوە، خوانی عەرەق و شەراب ساز دەبوو و بەزم و ئاهەنگمان دەردەچوو. هەڵبەتە دەبێ ئەوەشت پێ بێژم کە من تا ئەو کاتە عەرەقم نەخواردبووەوە. یانی رێك و رەوان هیچ فیعل و ئەفعالو تەڵەکەبازییەکم نەکردبوو.. هیچ دارو دەستەیەك منی بە یەکێك لە خۆی حەساو نەدەکرد. جگە لەمەی کە من منداڵە ئاخوند بووم، هەمیشەش خەمین و مەلول بووم و دەستم نەدەگەییە هیچ کوێیەك. گەورەترین لەزەتی من لە ژیانا ئەمە بوو کە بەلای دایکمەوە دانیشم، دەستە نەرمەکانی لە نێو دەستم بنەم و دڵخۆشی بدەمەوە.

شەوێك عەرەقی زۆریان دامێ، تێك چووم، رشامەوە، هیچ شتێکی ئەم شەوەم لە بیر نییە. بەیانی تەماشام کرد کەوکەب لە ژوورەکە دانیشتووەو تەشت و مەسینەی هێناوەو دەیەوێ ئەو مافورەی کە شەوێ بەسەریا رشابوومەوە بشوات، کەوکەب روبەندی بەرووەوە نەبوو و دەمتوانی بیدینم. لێوەکانی سوورو ئاڵ بوون، پەرچەمەکەی کەوتبووە سەر هەنیەی و دەموچاوی خڕوخڕپن بوو. پاشان زانیم کە باوکە ئەم کەوکەبەی بەدایەنی لە شیرازەوە هێنا بوو، بۆ ماوەی ساڵێك، شەرتی ساڵێکی لەگەڵ کردبوون، بەڵام چونکە کارەکەرێکی باش دەرچوو بوو، هەر چەند ساڵەکەی تەواو بوو بوو، واتە شەرتی هەڵهاتبوو، دەیانویست لە لای خۆیان بیهێڵنەوە. بە خۆی ئەم شتانەی بۆ من دەگێڕایەوە "من لە ماوەی ئەم ساڵەدا شارەزای چاکەو خراپەیان بووم، نامەوێ چیتر لێرە وەمێنم: باوکە زۆر باشە، کەسیان عەیبیان نییە، منداڵەکەشیانم خۆش گەرەکە، ئەمانە هەمووی بە جێی خۆی، من دەمەوێ بڕۆم و شوو بکەم، دەمەوێ بڕۆم بۆ شیراز، دەمەوێ بڕۆم شوو بکەم، دەمەوێ بچمەوە لای مێردی یەکەمم، سەرباز وەزیفە بوو، سەربازیەکەی تەواو بووە، یەك تەلاقەی داوم و دەتوانم بچەوەلای. من دەڕۆم، خۆ کۆیلەی زێرکڕیان نیم". کەوکەب قسەکەی خۆی بردە سەر. لە بیرم چوو ئەمەش بڵێم، کەوکەب کاتێ کە دەردە دڵەکانی بە من گوت، وەڵامم دایەوە: "هەقی خۆتە، من لە جیاتی بابە بوایەم، بەڕێم دەکردیت". کەوکەب قسەی خۆی بردە سەر. شەوێك کە بۆ ماڵ چوومەوە، سەیرم کرد کەوکەب لە ماڵەکەی منە. هاتبوو تا من بۆ شیرازی رەوانە بکەم.

"سەربوری راستەقینەی من دەگەڵ کەوکەبدا لێرەوە دەست پێدەکات".بازنە سپی واژو پاشان شینباوەکانی دووکەڵی تلیاکەکە حاڵەتێکی فەلسەفیانەی بە قسەکانی ئەو دەدا. "هەر کە ئەم ژنە هاتە ناو ژینی منەوە، وەزعو حاڵی منی شێواند، ئەگەر بڵێی بچووکترین هەواو هەوەس و

ئارەزوویەك لە نێوان من و ئەم ژنەدا نەبوو. من کەوکەبم خۆش دەویست، خۆشم دەویست وەکو چۆن بنیادەم دایکی خۆی خۆش گەرەکە، بەڵام هیچ پەیوەندییەك لە بەینمانا نەبوو، ئەو عەزاب و مەینەتیانەی من لە ژیانا کێشاومە، ئەو بەڵا و نەهامەتیانەی کە راستەوخۆو ناڕاستەوخۆ بە دەستی کەوکەب بەسەرم هاتوون، هەر هەموو ئەمانە بۆ من حەتمی بوون، من بەم ژینە مەحکوم بووم. هەر لە رۆژی یەکەمەوە کە هاتمە دنیاو ژیانەوە، نەشونماو پەروەردەی من لە ژێر دەستی ئەو باوکەو لەداوێنی ئەو دایکەدا، هەر هەموو ئەمانە وایان لێکردم کە ئەمجۆرە رەوت و رێبازە لە ژیاندا هەڵبژێرم. هەموو ئەوانە هۆو سۆنگەی خۆی هەبوو. منی داماو، منی بەلەنگاز گەمەی دەستان بووم. خۆزیا لەبری ئەوەی کە دەڵێم "دەمەوێ" دەمتوانی بڵێم "دەیانەوێم" کۆکە کۆکی لە پەستاو بێ بڕانەوە قسەکەیان پێ بڕی. دوای چەند دەقیقەیەك، لە نوێ دەستی بە قسان کردەوە: "لە بابەتەکە دوور کەوتمەوە. شەوێك کەوکەب لە ماڵی من بوو، هاتبوو گوایە بەیانی سەفەر بکات، قەرار بوو من بەیانی ئوتۆمبیلی بۆ بگرم و بۆ شیرازی رەوان بکەم. من تاقە ژوورێکم هەبوو، گلێمێکم کڕی بوو و لە ناویا رام خستبوو. نیوەی ژوورەکە راخرا بوو. کەوکەب بەرو بوخچەکەی خۆی کردەوە، لە عاردەکەی راخست و خەوت. بەیانی زوو چووم بۆ تاقیبی ئوتۆمبیل و لەگەڵی رێك کەوتم و هەموو قەول و قەرارێکم لەگەڵیا بڕییەوە. نیوەڕۆ کە هاتمەوە ماڵێ سەیرم کرد کەوکەب نەماوە. قەول و قەرارم دەگەڵ گەراجداردا کردبوو کە لای عەسر دەکەوێتە رێ. ماوەیەك چاوەڕوانم کردو لە کار بووم. بۆ دایەرە نەچووم، دەمەو خۆراوا بوو سەیرم کرد کەوکەب گەڕاوەتەوەو پەست و بێ گێولە: "من لە بەیانیەوە تائێستا بە دوای تۆدا دەگەڕام. دوێ شەو کە بەپەلە سیپاڵەکانم خڕ کردەوە، شتێکم لە بیر کرد. ئەگەر نەیدۆزمەوە، بێگومان لە رێگەدا بەڵایەکم بەسەرا دێت". لەجیاتی وەڵام، پێڵاوەکانم لە پێ کردو بە دووی کارا رۆیشتم. درەنگە شەوانێ بۆ ماڵ هاتمەوە،سەیرم کرد کەوکەب لەسەر بوخچەکەی دانیشتووەو خەریکە شتەکانی دەگەڕێ. لێم پرسی: "چیت ون کردووە؟" دیتم بە دەم هەنسکی گریانەوە: "لەیستۆکێك".

– لەیستۆکی چی؟

– سەربازێکی قورقوشمینە.

بەسەرسامی گوتم: "سەربازێکی قورقوشمین بایی دە شاهیە، ئیدی ئەم هەموو گریەو زارییەی نەگەرەکە". وەك بڵێی لە قسەکەی من حاڵی نەبوو، پێی گوتم: "دەشاهی! بۆ من لە گیان و روحم بەنرختر بوو.

کەوکەب ئەم سەربازە قورقوشمینەی لە ماڵی بابی مناڵەکە بە دەست هێنا بوو. رۆژێك منداڵەکەی بۆ گەڕان بردبوو، لە دوکانێکی عەتاری ئەم سەربازەی کڕی بوو. بەڵام چونکە سەربازەکە دەستی منداڵەکەی بڕی بوو، ئیدی خانم نەی هێشتبوو کە چیتر بیداتە دەستی منداڵەکەوە. لەبەر ئەمە کەوکەب لە خانم رەنجا بوو و ئیتر نەی ویستبوو، لەوێ بمێنێتەوە. لەو ساوە تا ئێستا ئەو سەربازەی لای خۆی هەڵگرتبوو و ئێستا خەمی لێهاتبوو، ئەم گوم بوونی سەربازەی بە نیشانەی بەڵاو خراپ دەزانی.

دوای چەند رۆژێك كە لە ماڵی من بوو، رۆژێ پێی گوتم: "دەزانی. من نیگەران و دڵتەنگم. نامەوێ بۆ شیراز بڕۆمەوە، پێدەچێ كە مێردەكەم لێم تێر بووبێ و ئیدی نەیەوێمەوە. ئەگەر دەتەوێ لێرە كارەكەری تۆ دەكەم دەنا دەڕۆم بۆ جێیەكی دیكە. من دەبێ تا ئەو سەربازە قورقوشمینە نەدۆزمەوە لەم شارە وەمێنم. دەنا لە داخا دەمرم."

"…. و كەوكەب مایەوەو نەمرد. مانگێك مایەوەو منی كوشت، شەوانە من دەچووومە سەربان و كەوكەب لە ژوورەكەدا دەنووست، بەیانیان چای بۆ لێدەنام، ناو ماڵەكەی بۆ پاك دەكردمەوەو فراڤینی بۆ لێدەنام. هەندێ جار پێكڤە نانمان دەخوارد، بە جۆرێ مدارای دەكردم لە من وایە دایكمە، و بەم خەیاڵە ئاسوودە بووم، شەوان بەلای یەكەوە رۆدەنیشتین، یەك مانگی رەبەق بەمجۆرە رابورد. پاش ئەوە لە تارانەوە داوا كرام. بە كەوكەبم گوت: "من دەبێ بچم بۆ تاران، ئەگەر حەز دەكەی دەتبەم". گوتی: "نا، من لێرە دەمێنمەوە، دەبێ ئەو سەربازە بدۆزمەوە دەنا دەمرم". پاشان كەمێك تێفكری و گوتی: "تۆ كەی بۆ تاران دەڕۆیت؟"

– من رۆژی شەممە حەرەكەت دەكەم.

"ئەوسا هەستا كە بچێ شیڤ ئامادە بكات و گوتی: "منیش تا رۆژی شەممە شوێنێ بۆ خۆم دەدۆزمەوە" گوتم: "لە ئێستاوە تا شەممە یا عەمر". بەڵام رۆژی شەممە من نەڕۆیشتم. شەممەكەی تریش هەر نەڕۆیشتم، شەممەی سێیەمیش هەر لەوێ بووم. لە تارانەوە جواب هات كە بۆچی لە حەرەكەتی خۆم ئاگادارم نەكردونەتەوە. جوابەكەم دڕین. لە هەفتەی چوارەمدا موچەكەم بڕا، لە زەرفی ئەم چوار هەفتەیەدا كەوكەبیش شوێنی بۆ خۆی پەیدا نەكردبوو. شەوێك لێم پرسی: "ئەم سەربازە قوڕقوشمینەی تۆ چۆنی بوو؟ پێم بڵێ بەڵكو بتوانم یەكێكی وەكو خۆیت بۆ بكرم".

– بە خۆڕایی خۆت ئەزیەت مەدە. من هەموو ئەم شارە گەڕاوم، سەربازی وەكو ئەوەی من لە هیچ شوێنێ دەست ناكەوێ. بەڵام تۆ شەوانە یەكجار زۆر دەجوڵێی و گینگڵ دەدەی. دوێ شەو هاتمە دیار جێگاكەت، بۆچی ئەوەندە بێ تاقەتی دایكتی.

"راستی دەكرد: بیرم دێ لە خەوما ئەفسەرێك بە شمشێری رووتەوە بەرەو دایكم هێرشی برد، بابم لەوێندەر وەستا بوو و فزەی نەدەكرد، بەڵام هی ئەوە بوو كە من ئەو رۆژانە عەرەقم زۆر دەخواردەوە."

سبەینێ دەگەڵ كەوكەبدا چووین تا سەربازی قوڕقوشمین بكڕین. بێ فایدە بوو، چونكە دەچووینە هەر جێیەك كەوكەب دەیگوت: نە، ئەم لەیستۆكانە هیچیان ئەو سەربازە نین.

هەنگێ من كەوتمە بیری ئەوەی كە بە خۆم ئەم سەربازە بە دڵی كەوكەب دروست بكەم. مۆدێل و قالبی دارم دروست كرد، قوڕقوشمم كڕی، ئیدی تۆ ئەم شتانەت دیووەو بە خۆت دەزانی.. ئەنجام ئەو سەربازەی دڵخوازی كەوكەب دروست نەبوو. ئیدی من سەربازەكانم دەفرۆشت و بە پارەكەیان دەژیام، وەكو چۆن ئێستاش هەر بەوە دەژیم بەڵام فایدەی چی! ئەو سەربازەی هەوەڵ، ئەو سەربازە دروست نەبوو و نەبوو، بە یەك ساڵی تەواو دروست نەبوو. بە رۆژ ئەمە كارمان بوو و شەوانیش بەدوو قۆڵی قسانمان دەكرد، هەندێ جار كەوكەب باسی مێردەكەی،

که ئێستا له لەشکردایه، دەکرد.." لێرەدا من قسەکەی (ف)م بڕی، چونکه نه له هەوەڵ‌و نه له کۆتایی سەربورەکه حاڵی نەبووم. ئاخر پیاو لەبەر خاتری کارەکەرێك ئەو هەموو زەحمەتەی خۆی نادات، لێ هەستم دەکرد که ئەم سەربورە زۆر کاری لەو کردووەو یەجگار پەرێشانی کردووە، هەستم دەکرد که مەسەلەیەکی گرینگ دەشارێتەوە. بۆیه لێم پرسی: "باشه خۆشت دەویست؟ خۆ تۆ خۆت یەکەمجار گوتت هیچ پەیوەندییەکتان له نێوانا نەبووە".

هاوڕێکەم وەڵامی نەدامەوەو لەسەر قسەکەی خۆی ڕۆیی: "دوای چوار هەیڤان ئاقیبەت هاتمە سەر ئەم بیرەی که لەوەیه ئەو سەربازە قورقوشمینەی که کەوکەب باسی دەکات هەر بوونی نەبێ،بۆیه ڕۆژێك بەیانی که ڕابووم، له جیاتی ئەوەی سەربازی قورقوشمین دابڕێژم، دەستم به دارتاشین‌و قاڵب دروستکردن کرد. دەمویست بنیادەمێکی ترسناك دروست بکەم. بەڵام ئەم قاڵبه به دڵی خۆم دەرنەچوو، ئەوە دەرنەچوو که من دەمویست. دەموچاوی به گوێرەی تەسەوری من دەر نەدەهات. من دەمویست ترسناکی دروست بکەم کەچی له خۆڕاو بەدەر له دەسەڵاتی من به شێوەی بابم دەردەچوو... من چەندم ئەزیەت بەم قاڵب گرتنەوە کێشا، ئەمەیان با بمێنێ. چونکه نەك تۆ، هیچ کەسێك ناتوانێ تێی بگات. تازە دەپرسیت، باشه تۆ خۆشت دەویست؟ خۆشەویستی چی؟ من نسیبەت و بەڵای لەمە گەورەترم چەشتووە.

ئەوە لەزەتەی که بۆ تۆ ئاساییە، بۆ من دەردو عەزابە. من مەحکوم بووم بەوەی که نە توانم خۆشەویستم هەبێ. هەزارو یەك دەردو عەزاب له دنیادا هەیە. کەس نەیتوانیوە ئەم بەڵایە وێنا بکات که لەگینە خەڵکانێك هەبن که نەتوانن خۆشەویستیان هەبێ، خۆشەویستی بکەن. بەڵا، بەڵاش ناوێکی تری دەردی منە. ئاه، تاقەتم نییە.. ئەم سەربازە دروست بوو، بەڵام به بەهای ژیانی من، ئێستا دوای ساڵێك تێ گەییشتم که هەق به کەوکەب بوو، ئەم سەربازە قوڕقوشمینە لەوانە نەبوو، ئەنجام دانەیەکم دروست کردو لە بوخچەکەیم نا، چەند شەوێك ئەم کارەم دووبارە کردەوە.. تەواو، وەرزی یەکەمی ژیانی من تەواو بوو. بەیانییەك که له خەو ڕابووم سەیرم کرد کەوکەب نەماوە".

* * *

پاشماوەی سەربوردەکەی خۆی بۆ نەگێڕامەوە، ئەو ڕۆژە کۆکە دەرفەتی نەدا، بەڵام ئەسڵی شتەکە ئەمە بوو که لە پرسیارەکەی دوایی من قەڵس بوو. ڕۆژی دوایی که چووم گێولی نەبوو. دواتریش چەندم کردو کۆشا، نەهاتە ڕەداو ملی نەداو نەدا، بەڵام ئەم مل نەدان و قرۆقەپ کردنەی ئەو زیاتری خستمە سەر کەڵکەڵە. وام زەن دەبرد که لەوەیە تاوانێکی کردبێ‌و بیەوێ لە پڕێکا دانی پێدا بنێ، تا ئاسوودە ببێ. بۆیە زیاتر هاتوچۆی ماڵەکەیم دەکرد. ڕۆژێك لێم پرسی که "کەوکەب له کوێیە؟".

گوتی: "نازانم".

– پێت وایە مابێ؟

– به هەر حاڵ بۆ من مردووە.

– ناتەوێ جارێکی دیکە بیبینی؟

وەڵامی نەدایەوە. هەمدیش لێم پرسییەوە: "چەندە کە نەت دیتووە؟"

– ئەگەر دەتەوێ من ئاسوودە بم، ئیتر ئەم پرسیارانەم لێ مەکە، کەوکەب بەلای منەوە مردووە، وەکو چۆن دایکم مردووە.

قسەی لێ دەرنەدەهات. ماڵەکەی لە شەقامی ئیسماعیل بەزاز بوو. لەگەڵ دەرو دراوسێکانیدا سووکە ئاشنایەتیەکم پەیدا کرد، هەندێکم تاقیب کرد، بەڵام هیچم دەست نەکەوت. بە قاڵی سەری کۆڵانەکە دەیگوت ئێمە هیچ کاتێك نای بینین، کەمترین هاتوچۆکەری هەیە. هەندێ جار ژنێك دێت و یەکسەریش دەڕوات. قەتیش ڕێنەکەوتووە کە شەوێ کەسێك لە ماڵیا مابێتەوە. نۆکەری ماڵەکەی دراوسێی گوتی من تەنیا شەوێك ئەوم لە باخی فیردەوسدا بینی. ئەنجام لە میراوی گەڕەکەکەم، کە بەرێکەوت لەوێ بوو، ژنەوت کە زۆربەی شەوان لە کوچەکانی سەر قەبری ئاغاو مەیدانی پاقاپق دا سەرگەردانە، دەمەو بەیان بۆ ماڵ دەگەڕێتەوە. من وام مەزندە دەکرد کە ئەم ژنە کەوکەبە، بەڵام پاشان دەرکەوت کە ئامین خانمی خوشکیەتی. بەڵام درەنگانی شەو خۆی لە دووی کەوکەب دەگەڕێ. ڕۆژێك لە حەوشەکەیا تووشی ئامین خانم بووم، ئەم ژنە لە بنی شووی نەکردبوو، لە سی ساڵیدا تۆبە دەکات و زیارەتێکی کەربەلا دەکات و پاشان دەبێ بە مەلا باجی و ئێستا تورەقی کردووەو لە حوجرەی کیژاندا دەرسی قورئان دەڵێتەوە، هەر چۆنێ بوو هەندێ قسانم لەو دەرهێنا.

ئامین خانم دەموچاوێکی باریك‌ولاوازی هەبوو. وشکە بیرۆیەك بەسەر لا لێویەوە بوو کە زۆر لێی ناشیرین بوو. ئامین خانم هێشتا شووی نەکردبوو و هەمیشە تەزبێحی دەگێڕاو زیکری دەکرد، من دەمویست بزانم کە ئاخۆ هیچ زانیارییەکی لەمەڕ ژیانی براکەی لە بوشەهر هەیە یان نا. کەمێك رووبەندەکەی بەرز کردەوە، دەمتوانی لە ژێر چاوەوە وشکە بیرۆکەی بدینم، گوتی: "خوایە لێم نەگرێ، ئەگەر بابی رەحمەتیم بزانێ کە ئەم جۆرە کوفرانە لە زارم دەردەچێ لە گۆڕەکەدا رادەچڵەکێ، بە تایبەتی بابم کە هیچ خۆشی بەم منداڵەدا نەدەهات. بە پێچەوانەی دایکمەوە، دایکم ئەمی زۆر خۆش دەویست، هەر بەو منداڵیە، وێڕای ئەوەی کە من کچێکی گەورە بووم، ئامادە بوو کە هەمووومان، هەر پێنجمان لە گۆڕ بنێ، بەڵام تاقە موویەك لەسەری ئەم کەم نەبێتەوە. لە کاتێکا کە ئەو پاشەبەرەش نەبوو، خوای لێ خۆش بێ خۆشکە بچووکەکەم، بەگم خانم، کە قەزاو بەڵای تۆ برد، دوا بەرەی بوو، شووی کرد، پێکڤەیان نەکرا. ئەوجا دیقی کردو مرد، بەڵام مەحەبەتی دایکم دەرهەق بەم منداڵە لەوەیا نەبوو، روحیان بەسەریەکا دەردەچوو، وەکو ئاشقەو ماشقە بوون، دایکم هەمیشە بە ئەسپایی و لە بن لێوانەوە پێی دەگوت: تۆ یوسفی منی. بەڕاستیش وابوو، ئەمیش هەر وابوو. راستیت دەوێ، ئەم منداڵە لە داخ و سوێی مەرگی دایکم وای لێهات، لەو کاتەوە ئیدی لە دەست دەرچوو، دایکم تۆزێك بەر لە رۆیشتنی ئەم بۆ بوشەهر، عومری بۆ تۆ بەجێهێشت. لە بنج و بناواندا سەفەری بوشەهرش لەسەر ئەمە بوو کە بابم ژنی هێنایەوەو ئەمیش نەیدەویست پاش مردنی دایکی ئەم ژنۆکەیە لە ماڵەوە ببینێ، دەزانی چیە؟ باوکم چاوی بەم کوڕەدا هەڵنەدەهات. لە ژێر

کورسیەکەدا دانیشتبووین، کە پێی ئەم منداڵە بەر کورسیەکە دەکەوت و چراکە دەجولا، مەگەر خوا بزانێ چی دەکرد. لەسەر قەڵەم و کتێبی قوتابخانە شەڕیان بوو، لەسەر درەنگ هاتنەوە شەڕیان بوو، لەسەر شیڤ شەڕ بوو، لەسەر فراڤین شەڕ بوو. ئەگەر دەزانی ئەو مردوو مراوە، دایکم چەندی جەورو جەفا لەسەر ئەم جووتە کێشا، دڵی هەر موسوڵمانێك بۆی توێ توێ دەبێ. ئەنجام ڕۆژێك باب و کوڕ شەڕەکەیان کرد بە ڕاست، شەڕێکی وەها کە هەرچییەکیان بەدەما دەهات بە یەکیان گوت. ئەم دەیگوت تۆ لە جیاتی ئەم هەموو سیغەیە، ئەگەر یەك تۆزت خەرجی دایکم کردبا نەدەمرد، بەڵام بابم چی دەگوت: زمانم لاڵن،زمانم لاڵ، حەوت قورئان لە بەینا بێ، قەت تۆمەت نادەمە پاڵ کەس، دەیگوت کە تۆ دەستدرێژیت کردووەتە سەر ژنەکەی من. بەڵام ئەمە درۆیە. ئەم درۆیە ئەو ژنەکە چاو داقڵیشاوە، کە ئیلاهی دڵ و جەرگی لەسەر تاتەشۆر بکەوێتە خوارەوە، هەڵی بەست، ئیدی لەو ساوە ئەمیش گوتی کە من ئیتر نامەوێ لەم ماڵە وەمێنم".

پاشان من پرسیم: "یانی ئاگات لە ژیانی ئەو لە بوشەهر نییە. ئەدی کە لەوێندەر گەڕایەوە ئاگات لێی هەیە؟.

– با، دەربارەی شیرازیش بە خۆی هەندێ شتی بێ سەرو بەری بۆ گێڕاومەتەوە. بەڵام من باش حاڵی نەبووم. خودا تۆوی ئەم ژنانەی کە من دەیان ناسم لەسەر ڕووی زەمین ببڕێتەوە. ئەرێ، کە لە بوشەهر گەڕایەوە، ئەم نەخۆشییەی لەگەڵ خۆیدا هێنا.

– نەخۆشی چی؟

– مەگەر نازانی؟ ئەم شێتێتییە، ئاخر هەوەڵجار کە لە بوشەهر گەڕایەوە، لای من و لە ماڵی مندا بوو. هەموو بەیانییەك کە لە خەو ڕادەبووم، دەمدی هەموو بەرو بوخچەکانم هەڵرێژراوەتە ناو ژوورەکان، تەنانەت دووگردەکەشم کە دەستی فەلەکی نەدەگەیشتێ، لە ژوورەکەدا توڕ درا بوو، ڕۆژی یەکەم وامزانی دز هاتووە، دوایی سەیرم کرد هیچ شتێك گوم نابێ و ئەمە کاری هەموو ڕۆژێکە، شەوێك خۆم لێ داگرت، سەیرم کرد خۆیەتی، شەو کە دەخەوتم هەڵدەستاو ناو بەروبوخچەکانم دەگەڕا. لێم پرسی کە ئەمە چ کارێکە، نەخێر هەر چەندم دەگوت گوێی نە دەدامێ، بەیانی کە لێم دەپرسی، هەر ئاگاشی لێ نەبوو، دیقەتم دا کە ئەمە دەردێکی بێ دەرمانەو پێوەی موفتەلا بووە، دەتگوت لە شتێك دەگەڕێ، ئێستاش هەروایە، شەوان لە پڕ ڕادەبێ، هەر شتێك کە وەکو بوخچە بێ، دەیکاتەوە، لە هەمووی خراتر ئەم ئەسپێیانەیە کە لە هەموو لەشی داوە، ئەسپێ بە سەرو رویا هەڵدەگەڕێ، من ئەمەم لە حاجی میرزا ڕەزای حەکیم باشی پرسی، دەڵێت، ئاقیبەت کوێری دەکات! خودا شایەدە من دڵم بە بەرێوە نەماوە، بەڵام منی بەدبەخت چی بکەم؟

*   *   *

ئایا هەیڤە شەو جوان نیە؟ ئەدی مەعنای چی. چونکە هەر هەموو دیمەنانی ئاشقانەو شاعیرانەی شاعیران و نووسەران یەکسانە بە زوڵفی پەرێشان و ڕەخی جوێبارو هەیڤە شەو،

بێ خەبەر لەمەی کە هەیڤە شەویش لە هەلومەرجی دی دا خراپ و باشە. بەڵام هەیڤە شەو لەگەڵ ئەو ژنانەدا کە بە هایان دەشاهیە، لەگەڵ ئەو چێودارانەدا کە بۆ شار دێن و بە نەخۆشی وخەم و ئازارەوە بۆ گوند دەگەڕێنەوە، یەکسانە بە نەگبەتی و بەدبەختی، ئەم هەیڤە شەوەی کە من بینیم، ئەو هەیڤە شەوە وەکو چڵکی سپیە کە رژاوەتە سەر شەقامەکانی باشووری شارو ئەم عەبا رەشانەی کە لە گۆشەو کەناری کۆڵانەکاندا بەسەر دیوارەکانەوە چەسپیوون، وەکو خوێنی قەتماغەی سەر برینن، من بە دوای یەکێك لەوانەدا دەگەڕێم، زۆرجار دەچم بۆ لای یەکێك لەوانە دەڵێن: "وەرە ناو کۆڵانەکە". کاتێ کە دەچم ناو کۆڵانەکە دەڵێن: "جارێ دەشاهی بدە."

من بە دوای کەوکەب دا دەگەڕێم. بتەوێ و نەتەوێ چارەنووسی هاوڕێکەم کاری تێکردووم، نێو چەوانی گرژ، چاوانی ریپۆق گرتوو، تلیاك خەریکە دەیکوژێت. تەنێ ئەم ژنە دەتوانێت فریای بکەوێ، رزگاری بکات. من لە دڵی خۆمدا بیر دەکەمەوە، ئەگەر گریمان بشمرێ، چ کارێکی لەسەر سیستەمی دنیا هەیە. ئەم بیرە لە شوێنی خۆیدا لۆژیکی و دروستە. بەڵام... لەوەیە کەوکەبیش بۆ خۆی ئەندامێکی بە سوودتر بێ بۆ کۆمەڵگە... بەڵێ، بە سوودتر لە ئاغای چێوار.

کەوکەب، شەوانی لە کوچەو کولانەکانی دەوروبەری باخی فیردەوس دەقەتاند، لە سینەمای تەمەدونەوە تامەیدانی شاوگارد ماشین، ئەم شوێنانە هێڵی هاتوچۆو قەڵەمڕەوی دەسەڵاتی ئەوە. گریمان وا کەوکەبیشم بینی، دەتوانێ چ بکات؟ لەگینە ناچاری بکات کە ببێتەوە بە بەشەر. ئەم ژیانە گواویە بەم جۆرە بەردەوام نابێ.ماوەیەکە من و ئامین خانم ژیانی بەرێوە دەبەین. بەتول قەولی داوە کە ئەمشەو هەر چۆنێ بووە کەوکەبم بۆ لا بێنێ.

* * *

"تۆ ئەگەر منت بوێ، من ئیدی ناچمەوە بۆ لای ئەم بۆرە پیاوە قوڕمساغە، خوا دەزانێ چەندم زەحمەت و تالاو بە دەستیەوە کێشاوە. تۆ نایزانی، من گیانی خۆم نایە سەر ئەو، خۆم لە پێناویا کوشت هی خودا بیکوژێ، رەنگە تۆ لە دڵی خۆتا بڵێی، چەند ژنێکی دڵڕەقم، بەڵام بە زاتی خودا، بە گیانی بابم وا نیە: رێم بدە با لە نووکەوە بۆتی بگێڕمەوە. من لە بوشەهرا ئاشنایەتیم دەگەڵی پەیدا کرد، ئەو زەمانە کوڕێکی باش بوو، من کارەکەری بووم، هەموو کارەکانیم بۆ رێك دەخست و من زەبت و رەبتم دەکرد، شەوێك پێی گوتم: کەوکەب من تۆم زۆر خۆش دەوێ، تۆ وەکو دایکمی، تۆ نازانم، چاوانت لە چاوانی دایکم دەچێت، زارت چۆنە، کە پوت چۆنە، من ئەوساکە پاك و بێگەرد بووم، دەتگوت پەڕەی گوڵم، هێشتا نا مەحرەم سەری نینۆکی نەدیتبووم، بە هیچ جۆرێ بە حەرامی رازی نەبووم، من نەمدەزانی کە ئەمە چی لە گیانی من دەوێ، شەوێك بە ساویلکەیی خۆم پێم گوت من ئامادەم ببمە سیغەت، سبەینێ وەرە بچینە لای ئاخوند و کارەکە بڕێنینەوە، تۆ ئەگەر من بە شایستە دەزانی و دەتەوێم، من

لاریم نییه. له نکاو میناکی دینان دەستی بە پێکەنین کرد، منیش کە دیتم واهیە، ئیتر چ قسەیەکم نەکرد".
کەوکەب لە ژێر کورسی ژوورەکەی مندا دانیشتبوو، لێکدا لێکدا عەرەقی دەخواردەوەو دوکەڵی بەبا دەداو سەربوری خۆی بو من دەگێڕایەوە. دەموچاوێکی چرچی سەوزەڵەی شیرین گرویی هەبوو. گێسوەکانی وەکو چێوەی گسکە نەرمە کەوتبووە سەر دەموچاوی، بە شێوەیەکی گشتی کەوکەب تەنیا جوان نەبوو، ئیدی هەموو عەیبێکی تری هەبوو.
من لە پڕ سەربازە قوڕقوشمینەکانم وەیاد هاتەوە پرسیم: "باشە مەسەلەی سەربازە قوڕقوشمینەکە چ بوو؟"
– دە تەمەشا، ئەمەی بۆ تۆش گێڕاوەتەوە، ئەمە شێتە شێت، بە قەبری بابم درۆ ناکەم، ئەمە چاوەزارێك بوو کە من بۆ خۆمم کڕی بوو. چاوەزار نەبوو، بەڵام راستت گەرەکە، من ئەو زەمانە مێردە سەربازەکەمم زۆر خۆشدەویست و ئەوەم بە یادی ئەو کڕی بوو، کاتیٚ کەوتبوو، یەجگار خەمبار بووم، بەڵام ئەمە ئەم هەموو هەرایەی ناویٚ، ئەمە فێڵ و تەڵەکەی خۆی بوو. دەیویست من لەویٚ لە وڵاتی غوربەتا بهێڵێتەوە، شەوێك هەستام، سەیرم کرد سەربازێکی لەو سەربازانەی کە ئەوسا پێکڤە دروستمان دەکردن، بەڵام ناشیرین و بیٚ قەدو قەوارەو رووت، وەکو دێوی سارایان، ناتوانم باقیەکەی بڵێم، دروستکردووەو خستویەتیە ناو بوخچەکەی منەوە. منیش راستت دەویٚ ترسم لیٚ نیشتو بەیانی هەڵاتمو هاتم بۆ شیراز، لێرە شووەکەم نە دۆزییەوە، تاقیبم کرد گوتیان ژنی هێناوەتەوە، ئەمەش بەزمێکی خۆی هەیە، لێرە چ تاڵاوێکم چەشت، با ئەمە بمێنیٚ. دەوجا وەرە ژنێکی تەنیا لە شارێك دا بیٚ کەس چ بکات، من هیچ کارێك بەڵەد نەبووم، چونکە گەنج بووم، لە هەر شوێنێکا دەمویست کارەکەری بکەم، خانمی ماڵ رازی نەدەبوو، خۆ ئەگەر ماڵەکە خانمی نەبوایە لە دەست ئاغای ماڵ نەدەحەوامەوە. ئەنجام یەکێك لەم شوفێرانە ماوەیەك رایگرتم، پاشان منی هێنا بۆ تاران، ئیدی من لەو ساوە کەوتمە ناو ئەم گێژەنگە، رۆژیٚ لە باخی میللی دا پیاسەم دەکرد، لەویٚ دیتمی، دەستێکی بە سەرو روویدا هێنا بوو، هەر کە چاوی بە من کەوت، بە دوومدا هات و بردمی بۆ ماڵەکەی خۆی، هەر چیم کردو کۆشا، نەیهێشت لە ماڵ بێمە دەریٚ، نازانم چۆنت تیٚ بگەیەنم، هەموو قسەیەکی دەگەڵ مندا ئەمە بوو کە تۆ وەکو دایکمی و من وەکو دایکم خۆشم دەوێی، کە پێم دەگوت، باشە ئەگەر تۆ منت دەویٚ وەرە شتێکم لەگەڵ بکە، یان بمخوازە، یان سیغەم بکە، ئاخر واهی نابیٚ، هەمدیس دەیگوت: نا، تۆ دایکی منی، خۆ پیاو ناتوانیٚ دایکی بخوازیٚ.
من قسەکەیم بڕی: "باشە ئەگەر تۆی دەویست، بۆچی نەیدەخواستی".
– نازانم چۆنت بۆ بگێڕمەوە تا تیٚ بگەی، پیاو نەبوو، وەکو شێتان خۆی بەسەردا دەدام، سەروچاوی ماچ دەکردم، هەر کە من دەستم بۆ دەبرد، لیی دەدام، جنێوی دەدامیٚ، قژی دەسکەنە دەکردم، رۆژێك هێندەی دارکاری کردم کە لەخۆ چووم، لە ماڵەکەی هەڵاتم، دەچوومە

هەر شوێنێ، لە بەردەمما قوت دەبووەوە، دەیدۆزیمەوە، دیسانەوە بۆ ماڵەکەی دەهێنامەوە، جارەکی دی دەرەڤیم، یەك ساڵی خشت ژیانی منی نەگبەت و بەلەنگاز بەمجۆرە بوو.
لێرەدا گریان ئەوکی کەوکەبی گرت:
"لەم ماوەیەدا من لەگەڵ کەسی تردا نەبووم، من راست و رەوان بۆتی دەگێرمەوە، دەزانی من لە کەس ناترسم، باکم بە کەس نیە، لە فەلەکیش ناترسم، بزانە، لە کافتیریاکاندا رێگەیان نە دەدام، نەم دەتوانی لە شەقامی لالەزارو ئەسلامبولدا بوەستم، جێی من ئەم گۆشەو کەنارانەی سەر قەبری ئاغایە. جا بویە نۆکەری خۆمم، هیچم نیە کە بتوانن لێمی بدرن، هەر گیانمە، ئەویش ئامادە بووم فیدای شاگرد شوفێرەکانی بکەم. کێ دەتوانێ هەقی بەسەر منەوە هەبێ، ماڵ، ژیان، مێرد، منداڵ، باوك، سەروەت، دەوڵەت هیچم نیە، بۆیە لە فەلەکیش ناترسم، ئەگەر تۆ منت بوێ، من ئیتر ناچمەوە ماڵی ئەم بۆرە پیاگە، بەڵام ئەگەر بچمەوەش، بیەوێ دەستم بۆ بێنێ، بابی بابە سەگەکەی دەردێنم، ئەمجارە دەیکوژم، لەچی دەترسم؟ مەسەلەی دوا شەوەکە نازانی؟.
"پار زستان بوو، من شەوێ چوومە ژوورەکەم تا بخەوم. سەیرم کرد لێفەو شتەکانی ژوورەکە سووتاوەو ئاوی پێدا کردبوو کە بیکوژێنێتەوە، تومەز کە من لەوێ نەبوو بووم، هاتبوو و بوخچەکەی هەڵرشتبووم و هەموو کورسییەکەی پێکادا بوو، ئیدی ئاگری مەقەڵیەکەی رشتبووە سەر لێفەکە، و نزیك بووە ژوورەکە گڕ بگرێ، ئیدی بە خۆی چووە ئاوی بە ژوورەکەی منی بەدبەختا کردووە، جا ئێستا شوێنی خەوتنم نیە، وەکو بی دەلەرزم، ئەوەندە هەوڵدەدەم کە لە ژوورەکەی خۆیدا جێم بکاتەوە، رازی نابێ و نابێ، ئەنجام پیاوێك لەم ماڵەی دراوسێی ئێمەدا بوو، دەستی گرتم و بردمیە ژوورەکەی خۆی، چی بکەم، شوێنم نەبوو، بەیانی کە بەمەی زانی، دەیویست ئەم داماوەش بکوژێ، هاواری دەکرد کە تۆ خیانەتت بە دایکم کردووە، هەر دەتکوژم، من لە ترسی ئەوەی کە نەبادا شتێکی خراپ بقەومێ، هەڵاتم و ئیدی بۆ ئەوێندەر نەچوومەوە؟و ئەگەر تۆ لەت و پەتیشم بکەی ناچمەوە".
من کەوکەبم لەت و پەت نەکرد، بەڵام تۆزێکم پارە دایە، عەرەقەکەش کاری خۆی کردبوو، بەلەنگازە جێ و رێشی نەبوو، ئەوە بوو دەستم گرت و بردم بۆ ماڵی هاوڕێکەم، کاتێ کە کەوکەب وەژوور کەوت، من مودەتێك لەبەر دەرگا وەستام، چونکە هیچ دەنگە دەنگ و هەرایەك نەهات، گەڕامەوەو رۆیشتم..

*   *   *

رۆژی دوایی دنیا بێ ئەندازە سارد بوو، بەفر سەراپای شاری گرتبوو، کە لە دایەرە هاتمە دەرێ، چووم بۆ سۆراخی هاوڕێکەم لە شەقامی ئیسماعیل بەزاز. دەرگای ماڵەکەی داخرا بوو و مۆر کرا بوو، مودەتێك بە شەقامەکەدا پیاسەم کرد، پاشان هاتمە مەیدانی شاو لەوێندەرەوە سواری پاس بووم تا بۆ ماڵ بڕۆمەوە. لە پاسەکەدا باس باسی ئەمە بوو کە دوێ شەو، پیاوێك ژنێکی خنکاندووە. لە نزیکی کوچەی دەردار، پیاوێکی جانتا بەدەست وەستا بوو و خەریك

بوو لاملی دەخوراند. شاگرد شوفێرەکە ئەم نەفەرەی نەبینی. شوفێرەکە بەخۆی پاسەکەی راگرت و بە شاگردەکەی گوت: "دەی ئەو دە شاهیە هەڵگرە". ئەو پیاوەی کە خەریك بوو گەردنی دەخوراند، دەستی کرد بە گیرفانیا، دیار بوو بۆ پارە دەگەڕا، کە ویستی سواری پاسەکە بێ، جانتاکەی بەر رکێفی پاسەکە کەوت، کرایەوەو ژمارەیەکی زۆری سەربازی قوڕقوشمین رژایە سەر بەفرەکە. شوفێرەکە چاوەڕوانی نەکردو کەوتە رێ. ئەو پیاوەی کە ئەستۆی دەخوراند سەربازەکانی گرد کردەوە. جانتاکەی بەدەستەوە گرت و هاواری کرد: "بوەستە!" بەڵام شوفێرەکە گوێی نەدایێ، شاگردەکە گوتی: "دەبڕو! قوڕمساغ پێت وایە مەردم ئازاری باشە.".

تهران– دی ١٣١٣
((١٩٣٤))

شیکپۆش

"ئاغای نواپور ناناسیت؟" یەکێکە لە لاوە نوێخوازو منەوەرو بەزەوق و بەهرەدارەکان، ئەوەی راستی بێ، یەجگار زاناو داناو خودان بەهرەی خۆڕسک و بابەتییە، سەبارەت بە نەجابەتی بنەماڵەکەیان چیت عەرز بکەم، هەموو خەسڵەتێکی باش و سوخەت و سیفەتێکی پەسندیان تێدایە.

بەمجۆرە ئاغای (نواپور)یان بەم بەندەیە ناساندو بەندەی بچووک و لاواز، نووسەری ئەم دێڕانە دەبێ بیسەلمێنم و ئیعتراف بکەم کە هەر هەموو ئەو خەسڵەتانەی سەرێ لەواندا هەبوو. من زۆر جار دەگەڵ هاوڕێکەمدا لە (کافتیریای رۆژ نوئار)دا شەترەنجم دەکردو ئاغای نواپوریش کە شەترەنجی بە گەمەی منەوەرو رۆشنبیران دەزانی، هەندێ جار کاتێ کە ئێمە گەمەمان دەکرد تەشریفی دەهێناو تەمەشایان دەکرد. هەڵبەتە من بە هیچ کلۆجێ نامەوێ تەوس بە ئاغای نواپور کە لە جوملەی لاوانی منەوەرە بکەم و خوانە خواستە بڵێم کە ئەویش وەکو هەندێ کەس نیوەی تەمەنی پتر لە چاخانەو کافتیریاکاندا رادەبوێرێ، نەخێر، تەنیا عەسران، لە سەعات پێنج دا تەشریفیان دەهێنا، سەعاتێك لەوێ دادەنیشتن و پاش خواردنەوەو خواردنی قاوەو چاو شیرینی بە زمانی بەندە بۆ (قەلاّ ئاوەدان)ەکەی و بە زمانی خۆی بۆ (کوخە وێران)ەکەی تەشریفی دەبردەوە. ئیدی پێم وانیە پێویست بکات باسی ئەوە بکەم لە روخسارو ئەندامی ئاغای نواپور لە لاوە نوێخوازو منەوەرو رۆشنبیرەکانە، چۆن بوو. هەڵبەتە هەر کەسێك میناکی خودی ئاغای نواپور هۆشمەندو زیرەك بێ یەکسەر دەتوانێ بە مەزەندە پەی بەمە بەرێ، هەڵبەتەو بێگومان هەموو هەفتەیەك سەری موبارەکی چاك دەفەرموو، ردێنی شەریفی هەموو رۆژێك دەتاشی، بە دەستەسڕی ئاوریشمین چاوی دەسڕی، دار جگەرەیەکی جوان و ناسکی دەخستە لا لێوی —بەلاّم زمانم لاڵ بێ خوا نەکردە کەسێ وا زەن نەکات کە ئەم رەفتارانەی ئەو ناشایستە بوو یان کەمێك دەچووەوە سەر رەفتاری لاوانی لە ئەورووپا خوێندوو، نا، ئەستەغفیروڵلا، تا ئێستا هیچ کەسێك هەرگیز لەم سیفەتانەی لەودا نەدیتووە، تەنانەت دژمنانی قەستە سەریشی (هەڵبەتە دژمنی نەبوون، ئەگەر خوا نەکردە دژمنی هەبوایە) دەیان سەلماند کە بوونی ئاغای نواپور لەم جۆرە خەسڵەتە نزمانە بە دەرو دوور بوو— بەلاّم هەر چەندە حەز ناکەم بەتانی قسادا بچم و درێژە بە باسی رواڵەتی بدەم، چونکە نیهادو جەوهەری تەژی ماناو حەقیقەت بوو و شەرح و شرۆڤەی جەوهەرو ناخی بە ئەرکی بێ چەندو چوونی خۆم دەزانم، بەلاّم چیتر خۆم پێ ناگیرێ کە سەبارەت بە پاڵتۆکەی ئەو چەند قسەیەك نەکەم و دڵی ئاشقانی پاڵتۆ شیکەکەی ئەو بە نوکی قەڵەم پاندانەکەم بە جۆرێ ئەنج ئەنج بکەم کە هیچ هەتوانێك بۆ تیمار کردنی دەست نەکەوێ. بەلاّم حەیفێ کە قەڵەمی من لە ئاستی ئەم مەوزوعە گرینگە کۆڵەو زمانم لاڵە. کاشکێ شاعیر بایەم و بمتوانیبا شیعر بڵێم: بالاّ پۆشێك چوون زوڵفانی یارم سیا بەلاّم حەیفێ کە بەهرەم وشکی کردووەو هەرچی دەکەم و دەکۆشم، ناتوانم سیا لەگەڵ فتا بکەم بەهاو قافیە. لە کوێوە

دەست پیٚ بکەم؟ ئەی خوێنەری هەژی، بە چ جۆرێ پەسندی پاڵتۆکەی ئاغای نواپور بدەم؟ لە کوێی بابەتەکەوە دەست پیٚ بکەم؟

من ناچارم لەو رۆژەوە کە پاڵتۆکەی ئاغای نواپور بووە مایەی سەرنجم، باسەکەی بۆ خوێنەرانی هەژی کە وەختی شەریفی خۆیان سەرفی خوێندنەوەی تورەهاتە بیٚ سوودەکانی ئەم بەندەی حەقیری نووسەری ئەم دێرانە دەکەن، شرۆڤە بکەم. ئەم بەندەیە رۆژێ لە رۆژان لە کافتیریای (رۆژی نوئار) رۆنیشتبووم و چاوەڕوانی کەسێك بووم کە بێتو یاری شەترەنجم لەگەڵ بکات. بە رێکەوت ئاغای نواپور کە لە جوملەی لاوانی نوێخواز و منەوەرانە، تەشریفی هێنا، سەرەتاکانی پایز بوو و ئەگەر درۆم نەکردبیٚ، پاڵتۆ بارانیەکەی ... بەدەستەوە بوو.

داوام لێکرد کە یاری شەترەنجم لەگەڵدا بفەرموێ، بەڵام جەنابیان داواکەی ئەم بەندەی حەقیرە، نووسەری ئەم دێرانەی قەبوڵ نەفەرموو، ئیشارەتیان فەرموو کە دەبیٚ تا سەعات پێنجو نیو برواتو چاوەڕوانی یەکێك لە هاورێ بەرێزەکانیەتی تا پێکڤە بچن بۆ خەیاتخانە، پاشان نموونە قوماشێکی لە بەرکی موبارەکی دەرهێناو دای بە من و پرسی کە ئەم پارچەیە چۆنە؟

بەندە چونکە شارەزایی کاڤ و واڤ-م لە جیاکردنەوەی قوماشی باش لە خراپ نەبوو، وەڵامی بنجبرم نەدایەوەو جەنابیان بۆ شارەزایی بەندە شەرح و شرۆڤەیەکی تێرو تەسەلی سەبارەت بە ئەنواع و ئەشکال پارچەو قوماش، بە تایبەتی قوماشی ئینگلیزی و های لایف و ئینگلیش تویلەرسو لەوەرگاکانی ئوسترالیاو درونگەکانی لەندەن و پاریس و مۆدێن تازەی ئەوروپاو ئەو گۆڤارە ئەوروپاییانەی کە باسی زانستی جل و بەرگی تازەیان تێدا بڵاودەبێتەوەو کاریگەری و گرینگی جل و بەرگی خەڵکانو... شەرح و شرۆڤە فەرموو، و دڵنیام گەر هاورێکەی لە کاتی خۆیدا تەشریفیان نەهێنابا، هەر دادەنیشتو لەسەر باسەکەی دەڕۆیی، و لەوە بوو لە سەعات هەشت، کە کاتی تەشریف بردنەوەی بۆ ماڵ بوو، درەنگتریش تەشریفی بردباوە، نازانم بە ڕاستی بۆچی حەزی دەکرد، زانیاری بەندە سەبارەت بەم بابەتە زیاد بکات.

کاتیٚ کە هاورێکەی تەشریفی فەرموو، هەوەڵجار قوماشەکەی پیٚ نیشانداو پاشان ئەم گفتوگۆیە کەوتە نێوان ئاغایانەوە.

ئاغای نواپور کە لە جوملەی لاوانی منەوەرو نوێخوازە، فەرموویان: "ئەم قوماشەت بەدڵە"؟

هاورێکەی: "بەڵیٚ، بەڵیٚ، قوماشێکی فرە خاسە، بە راستی من هەمیشە سەرسامی سەلیقەی جەنابتانم. لە بیرتانە بەندە نزیکەی سیٚ دانە هەیڤان بە دوای قوماشی پاڵتۆدا گەڕام و ئاخریشی وەکو جەنابت ئاگاداری قوماشی دڵخوازی خۆم نەدۆزییەوەو ئاقیبەت ئەو قوماشە پیسەم کڕی".

ئاغای نواپور، "نا، ئەو قوماشەی کە جەنابت هەڵتبژاردووە، زۆر چاکە، بەڵام لەوەیە ئەوسا لەم قوماشە لە بازاڕا نەبووبیٚ. دەزانی ئاغا ئەم بازرگانانە سەلیقەیان نییە، هەندیٚ جار بە رێکەوت بڕیٚ شتی باشیان لە دەست دەردەچێت. وەکو چۆن بۆ نموونە خەیاتی باش نییە".

هاورێکەی: "بەراست ئاغای نواپور، جلکەکانت داوە بەکیٚ؟"

نواپور: "بەندە بۆ هەمان مەسەلە داوام لە جەنابتان کردبوو کە تەشریف بێنی تا پێکڤە بچین بۆ لای ئەو خەیاتەی کە من جلەکانم داوەتێ، تا لە کاتی پراوەدا جەنابتان تەشریفی هەبێ. من جلکەکانم داوە بە (بارلی) و بە قەناعەتی من لە ئێرانا کەس لەو باشتر نییە".

هاورێکەی: "ئاغای ئازیزم، من قەناعەتی تەواوم هەیە کە جەنابتان لاوێکی نوێخوازو منەوەری، لەگەڵ ئەمەشا زۆر بە داخەوەم. ئەم (بارلی)یە جلەکانت خەسار دەکات".

ئاغای نواپور: "باوەڕ ناکەم".

هاورێکەی: "عەرزی با خزمەتتان دەکەم کە ئەم بارلییە تا ئێستا دوو جاران جلی منی سەقەت کردووەو لە ئەنجامدا فڕێم داوە".

ئاغای نواپور: "تازە هیچ چارەیەك نیە".

هاورێکەی: "چۆن چارە نیە، هێشتا نەچووە بچێ، تەشریف بەرەو لێی وەربگرەوە."

ئاغای نواپور: "نا، نابێ، ئەمڕۆکە نۆرە پرۆڤەمە. ئەمە جگە لەوەی کە من قەناعەتم بە فەرموودەکانی جەنابتان نیە. بارلی خەیاتێکی خاسە".

هاورێکەی: "ئاغای نواپور تکات لێدەکەم، ئەگەر بە خۆت حەز ناکەی جلەکانت لەم پیاوە وەربگریتەوە، من بە ناوی جەنابتانەوە دەڕۆم و لێی وەردەگرمەوە.

ئاغای نواپور: "نا، سوپاسگوزاری لوتفی موبارەکتانم، بەڵام تازە هیچ کارێك ناکرێ".

پاشان هەردووك ئاغا خوا حافیزیان کردو تەشریفیان برد، لەو رۆژەوە ئیدی من سەرنجم لەسەر پاڵتۆکەی ئاغای نواپور گیرسایەوە. دیارە بەو زەوقە سەر رێژەوە کە تایبەت بە جەنابیانە، بەڵگە نەویستە کە پاڵتۆکەشیان لە سەرانسەری ئێراناو بگرە لەوپەڕی وڵاتانی ئینگلیستان و ئەمریکاشدا تایبەت و بێ وێنەیە. بۆ هەڵبژاردنی فۆرمی پاڵتۆکە دوای سوود وەرگرتن لە بیست گۆڤاری مۆدی فەرەنگستان و ئەمریکا، پتر لە دوو رۆژ دەگەڵ هاورێیان و ئەهلی زەوق و ئەهلی هونەردا چەندین کۆبوونەوەی کردبوو. بۆ هەڵبژاردنی خودی قوماشەکەش سوودی لە کتێبانی جۆراوجۆر وەرگرتبوو لەگەڵ چەند کارخانەیەکی ئینگلیزیدا لە مەنچستەر نامەو نامەکاری کردبوو، ئەوجا ئەو قوماشە ئینگلیزیەی کە خورییەکەی هی ئوسترالیا بوو نەك هی ئیرلەندا، بەسەر قوماشەکانی دیکەدا پەسند دابوو.

کاتێ کە ئەم پاڵتۆیە تەواو بوو، هەموو دۆستان، ئاغای نواپوریان بۆ ماڵی خۆ دەعوەت دەکرد تا لەزەت لە دیتنی پاڵتۆکەی وەربگرن.

تا یەك مانگ و بگرە پتریش هەر چەند من ئاغای نواپورم دەبینی، باسی ئەو پیاوە دەگەڵ هاورێکانی و دەگەڵ مندا سەبارەت بە دوگمەیەکی پاڵتۆکەی بوو کە بۆ نەگبەتی خەیاتەکە خوار دروبووی و چەندی هەوڵ دابوو، کە حاڵی بکات کە شوێنی ئەم قۆپچەیە خوارە، بە گوێی نەکردبوو، لەبەر ئەمە زۆر پەست و بێتاقەت بوو.

هەڵبەتە بیروبۆچوونەکانی ئاغای نواپور دەربارەی جل و بەرگ لە هەموو لایەکەوە جوانە. رۆژێك شرۆڤەیەکی دوورو درێژی سەبارەت بە رەگ و ریشەی وشەی پاڵتۆ بۆ بەندە فەرموو، وشەی پاڵتۆ لە Paletotی فەرەنسیەوە وەرگیراوە کە هەمان وشەی Paltrotی هۆڵەندییە،و ئەمە لە

کۆنا جلێك بووه كه لەسەر جلی ترەوه لەبەریان دەكردو ئەم جله لەگینه لە قاپوتی رۆمی یان نیوکۆتی کەشیشان چووبێ و لەگەڵ جبەو عەبای موسوڵمانان و خەرقەی دەروێش و سۆفیان و قاپوتی لبادی ئەهلی دیانەت و جبەی پیاو ماقولان و نزیکانی سوڵتانان و عەبای خانمان و خانان دا هاوتاو هاو شێوەیە.
مەبەستم ئەمەیە كه ئاغای نواپور لەولاوه سەرڤەو بێ موبالاتانه نەبوو كه زۆربەی كاتی خۆیان سەرف جلکان بکەن، زۆر کتێبانی ئەستووری موتالا دەکردو لە هەر بۆنەیەك دا نێوی کتێبی (ئینسایکلو- پیدیای بریتانیا) به ئاوو تاوێکی تایبەیەوه ناو دەبرد. ئاغای نواپور كه لە جوملەی لاوانی منەوەرو نوێخواز بوو. هەمیشە بە جدی لە هەوڵی ئەوەدا بوو کە کارو کردەوکانی خۆی، تەنانەت لە پاژانیشدا بە تەواوەتی دەگەڵ پرەنسیبی هزرو لۆژێك و مۆدێرنیزمدا بسازێنێ. هەڵبەتە من بیرم چوو ئەوەتان عەرز بکەم کە ئاغای نواپور زانیاریی یەجگار بەرزی هەبوو و لەم رووەوه بێگومان به یەکێك لە ئەندامانی چینی بەرجەستەی ئێران دەژمێردرا. جەنابیان پۆلی سێیەمی ناوەندی لە قوتابخانەیەکی ئەمریکایی بڕی بوو، بەڵام چونکه لە رادەبەدەر به هۆش و زرینگ بوو و گوایە دوو چەلیش لە تاقی کردنەوەی سەری ساڵ دەر نەچوو بوو، ئیدی لەو ساوه حاڵی بوون كه پیاو لە قوتابخانه هیچ فێر نابێت، ئەوه بوو بە رەزامەندی داك و بابی بەرێزو حورمەتیان لەوێندەر هاتە دەرێو لە ماڵەوه بە تەنێ مژولی فێربوون و وەدەست هێنانی زانست و زانیاری بوو. ئەو قەناعەتی وا بوو کە هیچ کەسێك لە خەڵکانی گەوره لە قوتابخانه دەرنەچوون، هیچ کەسێك لەوانه دکتۆرو پرۆفیسۆرو خودان بە کالۆریۆس نەبوون.
جەنابیان به زەوق و شەوقێکی تایبەتیەوه بەرهەم و دانراوەکانی زانایان و تۆرەڤانانی رابردووی موتالا دەفەرموو و گەلێك لەو لەغزو مەتەڵ و نهێنیانەی كه گەوره زانایان نەکاری بوون کەشفی بکەن و بیدۆزنەوه، بە هیمەتی جەنابیانو به زەبری بیری بەرجەستەو هۆشی لە رادەبەدەریان لە دنیای نەبوونەوه هێنرانه دنیای بوونەوه. ئاغای نواپور كه لە جوملەی لاوانی نوێخوازه، لەو خەڵکانەیە کە سەعدی مامۆستای شاعیران و تۆڕەڤانانی ئێرانی دەپەرستن و نابێ بە زێدەڕۆیی ئەگەر بڵێین جەنابیان هەوڵ دەدەن کە رەوت و رێبازی ژیانی خۆشیان لەگەڵ شێوازو رێبازی دەورەی نەوەد ساڵەی ژیانی سەعدیدا بسازێنێ. جا ئاغای نواپور چونکه کەسێکی منەوەر بوو، و باوەڕی وا بوو کە دەبێ وەکو سەعدی بەشێکی تەمەن بۆ موتالاو خوێندنەوه و بەشێکی بۆ سەفەرو گەڕان و بەشێکی بۆ شیعر گوتن تەرخان بکرێ، بەڵام جەنابیان به هیچ جۆرێ حەزی لێ نەبوو کە ئاستی فیکری خۆی بۆ ئاستی ئەو دەورو زەمانەی سەعدی بێنێتە خوارێ و دەیان فەرموو: "جیاوازی بەینی سەردەمی ئێستا کە خوای ئەلەتریك فەرمانڕانی هەموو شوێنێك دەکات و دەتوانرێ بە هۆی رادیاسیۆنی ئەلەتریکەوه لە دوورەوه ملیۆنان چێڵ بێ ئەوەی کە پێشتر یان پاشتر یان لەو ساتەدا لەگەڵ جوانەگادا جووت بن ئاوس بکرێن، بە جۆرێ کە رەگەزی نێرو مێی گوێرەکەکەش بزانین، لەگەڵ سەردمی سەعدی دا ئاسمانو رێسمانه. (ئەمە دەقی عیبارەت و قەواڵەی فەرموودەکانی تەلەگراف هەندەرانی یەکەمی نیسانی ئاغای نواپور بوو

که لەرۆژنامەکانی ئێراندا بڵاوبووەوە). بە کورتی و پوختی ئەوان دەیان فەرموو کە سی ساڵ بۆ خوێندنەوەو موتاڵاو سی ساڵ بو سەفەرو گەشت و سی ساڵ بۆ شیعر گوتن پێویست نییە. بۆ نموونە کاتێ خۆی دەگەڵ سەعدی دا بەراورد دەفەرموو، دەیگوت زانیاری من لەم پایەیەدا یەکجار لە سەعدی زیاترە، چونکە ئەو ئینگلیزی نەدەزانی و ئاگایی و شارەزایی لە کتێبانی (شارستانیەتی کەونارا)و پەیگیری تازە لە فەلسەفەی سوکرات و ریزبەندی ئیمپراتۆرانی ئیسلامو ئامۆژگارییەکانی ئەپیکت-ی فەیلەسوف و باڵایی نەژادی ئەنگلۆ ساکسون و کتێبانی تازە لە بواری پەروەردەو فێر کردن و "گاڵتەو گەپ و گەپچیان" و کتێبی پێکەنینۆکی (وغ وغ ساهاب" ئاگای لەمانە نەبووەو حیساب و ئەندازەی نەزانیوەو ناوی ئەلەکتریسەی بەر گوێ نەکەوتبوو ئاگای لە داهێنانی داروین نەبووەو ئەدیسۆنی نەناسیوە.

ئەم عەبدە لاوازەی نووسەری ئەم دێڕانە، ناوی ئەدیسۆنی لە پای مینبەری شێخ-ی گەرەکەکەمان کە لە جوملەی زاناو دانا هەرە گەورەکانی ئێرانە، بیستبوو و نەمدەزانی کە چەندی خزمەت بە تیرەی بەشەر کردووە، بەڵام نێوی داروینم نەژنەوتبوو، بۆیە لە ئاغای نواپورم پرسی ئەمە کێیە؟ جەنابیان فەرمووی کە داروین ئەو داهێنەرە مەزنەیە کە مەکینەیەکی داهێناوە کە دەتوانێ بە ئەلەتریک مەیمونان بکات بە ئینسان.

هەروەها سەبارەت بە سی ساڵ سەفەرو گەشتەکەی سەعدی دەیان فەرموو لەو سەردەمەدا قیتاری تیژ رۆو ئوتۆمبیل و فڕۆکە نەبووە. ئەو رۆژگارە شێخ مشرف بن مصلح الدنیاو الدین عبدالله مەجبور بووە بە کاروان و قەتاری وشتر سەفەر بکات و لەو سی ساڵە سەفەرەدا بیست و نۆ ساڵی بەڕێوە بووە. بەڵام لە هەنبەر ئەمەدا دەبێ زۆربەی تەمەن بۆ شیعر گوتن و نڤیساری تەرخان بکرێ.

بۆیە ئاغای نواپور پێوە بوو کە بۆ چەند رۆژێك سەفەرێکی وڵاتانی فەرەنگ بکات و پاش گەڕانەوە وەختی خۆی بە نڤیساری رابوێرێ، هەمیشە مکوڕ بوو لەسەر ئەوەی شتانێك لە رۆژنامەکاندا بڵاوبکرێنەوە کە ئەخلاق و ئاکاری کۆمەڵایەتی چاك بکات، هەڵبەتە ئەم بابەتە لە جۆری خۆیدا بابەتێکی گرینگ بوو، لێ وای بە حاڵی ئەو نووسەرەی کە بخوازێ ئەم هونەرە شەریفە بە ئەوزارو هۆی تورەقی و پێشکەوتنی خۆ بزانێ. ئاغای نواپور کە لە جوملەی لاوانی منەوەرو رۆشنبیرە، قەناعەتیان وابوو کە خۆشبەختانە سیفەتی خراپ لە ئێران نەماوە. کە سانێکی زۆر لە خەڵکانی دوێنێ کە بۆ نموونە لە رێگەی پاچڤەی (شرلوك هلمس و ئارسین لوپن)ەوە ئەمڕۆ دەوڵەمەند بوو بوون. ئاغای نواپور لەم تاقمە نووسەرە زۆر پەستو دڕدۆنگ بوو و هەمیشە بە بەرچاوی خەڵکەوە جنێوی دەدانێ و قسەی پێدەگوتن. دووپاتی دەکەمەوە کە جەنابیان باوەڕی وابوو کە نووسەرانی راستەقینە دەبێ ئامانجی سەرەکیان ریفورم و چاککردنی ئاکارو ئەخلاقی کۆمەڵایەتی بێ و هیچ ئەرکێك لە دنیادا لەم کارە شەریفە پیرۆزتر نیە، ئەگەر ئێرانیان بخوازن کتێبی نووسەرانی فەرەنگی پاچڤە بکەن دەبێ کتێبی نووسەرانی میناکی ڤیکتۆر هۆگۆ، والتەر سکۆتو گۆستاف لوبون پاچڤە بکەن. چونکە بە وەرگێڕانی ئەم کتێبانە، وەرگێڕ تەنیا قازانجی کۆمەڵایەتی لەبەر چاو دەگرێو هەرگیز قازانجی شەخسی تێدا نییە. بە

خـۆی دەیفـەرمووو: "مـن پێـوەم کتـێبی (شارسـتانیە سـەرەتاییەکان)ی کەڵـە نووسـەر گوسـتاف لوبـون، لـە فەرەنسـیەوە بگوازمـەوە بـۆ فارسـی، ئەگەرچـی ئەسـتوورو وێنـەدارو گەورەیـە، بـەڵام بابەتەکانیشـی فـرە نـوێ و جـوانن. بـۆ نموونـە ئـەم غەواسـی دەریـای لێکۆڵینەوەیـە لـە بەشـی مێژووی ئێراندا سەلماندوویەتی کە لە بەرهـەمێن ئـەدەبی پێش ئیسلامدا تـەنیا دوو کتێبمـان بۆ ماوەتەوە! یـەکێکیان زەند ئاوێسـتاو ئەویتریان شـانامەیە، ئایا ئـەم بابەتانـە بـۆ ئێمـە تـازە نییـە؟ دەربارەی والتەر سکوت دەیان فەرمووو: "ئەوەی کـە هەندێ کـەس دەڵێن والتـەر سـکۆت تـەنیا بـۆ دانەوەی قەرزەکانی ئەم هەموو رومانەی بەم پێشەکییە درێژانەوە نووسیوە، قسەی قۆڕە، چونکە ئەو هەرگیز قازانج و بەرژەوەندی شەخسی لەبەر چاو نەبووە، مەبەسـتی سـەرەکی ئـەو قـازانج و بەرژەوەنـدی کۆمەڵایـەتی بـووە".یـەکێکی دیکـە لـەو نووسـەرانەی کـە ئاقـای نواپـور کـە زۆر دڵبەستەی بەرهەمەکانی بوو، نووسـەری بە نێوبـانگی ئینگلیـز دیکنـز بـوو. ئاغـای نواپـور کە لـە جوملەی لاوانی نوێخواز ومنەوەر بوو، سەبارەت بەم گەورە پیاوە لێکۆڵینـەوەی قوڵی کـرد بـوو و تەنانـەت ئاگاداری وردە شتەکانی ژیانیشـی بـوو، بـۆ نموونـە بـاش دەیزانـی کـە ئـەم پیـاوە چـۆن جلکی لەبەر کردووە، ئاغای نواپور جلو بەرگی بەشـەری زۆر بـەلاوە گـرینگ بـوو و دەیـان فـەرمووو کە جلو بەرگ کاریگەرییەکی گرینگی لەسەر دەروون و سایکۆلۆژیا هەیە. هەر میللـەتێك کۆمەڵـە خەسڵەتێکی هەیـە کـە گرنگترینیـان تـەرزی جل پۆشـینیانە، بـە قەناعـەتی جەنابیان شارسـتانی ترین میللەت و گەلان ئینگلیزەکان و پاشان ئەمریکاییەکان بوون. جل و بـەرگ لـە ژیـانی ئـەم دوو میللەتـەدا دەورێکـی مـەزنی هەیـە، لـە سیسـتەمی ئینگلیـزدا نزیکـەی دووسـەد مـۆدێلی یونیفـۆرم هەیـە. ئینگلیزەکان دەبێ بۆ فراڤین ئیسمۆکینگیان (جۆرە جلێکی فـەرمی پیاوانەیـە– وەرگێڕ) لەبەر بێ، دەنا بە عەیبەیەکی کۆمەڵایـەتی دەژمێـردرێ. خـەڵکی چینە جیاوازەکـانی کۆمـەڵ جلـی جیاوازی خۆیان هەیە، هەر حیزبێك لە ئەوروپادا جلێکی تایبـەتی بـە خـۆی هەڵبـژاردووە، جلکـی کەسـێکی شۆڕشـگێڕ لـە جلکـی کەسـێکی محافـەزەکار جیایـە. حیزبـی فاشـیزمی ئیتاڵیـا کـە پێشـەواکەی لەسـەردەمی گـەنجی دا کـاری کەشیشـی دەکـرد، چـاویان لـە پێشـەواکەی خۆیـان کـردووەو جلەکـەی ئـەویان بـۆ خـۆ هەڵبـژاردووەو پێشـەوای حیزبـی ناسـیونال سوسـیالیزم کـە لەلاویدا خومچی بووە، لایەنگرەکانی خۆیشی بە هـەمان رەنگـی خـۆی رەنگانـدووە." تـۆ تەسـەور بکە کاتێ کە بە پاڵتۆیەکی شیکەوە تەشریف دەبەیە بـەر دەرگـای یـەکێك لـە سـەرۆك دایـەرەکان، پێشخزمەتەکە چۆن رێزو حورمەتت لێدەنێ. بەڵام ئەگەر پاڵتۆکەت چڵکن و ناشیرین بێ، یـان بـۆ نموونـە تـەواو بـەدەن چەسـپ نـەبێ و یـان دەسـتدروی خـەیاتێکی ناشـی بـێ، لەسـەدا نـەوەد پێشـخزمەتەکە معامەلەکـەت ناگەیەنێتـە سـەرۆکی دایـەرە، یـان ئەگـەر یەخـەی پاڵتۆکـەت کـەمێك درێـژتر بـێ و هـەڵی بدەیتـەوە، تەسـەور دەکـەی ئـەم پاڵتۆیـە چ حاڵـەتێکی نهێنی ئـامێزت پـێ دەدات؟".

ئێستا، دوای ئەم هـەموو شـەرح و شـرۆڤەیەو بـەم هـەموو باسـەوە کـە دەربـارەی بۆچـوونی ئاغـای نواپور، کە لە لاوە منەوەرەکانە، سەبارەت بە پاڵتۆ کرا، خوێنەری ئازیز بە خۆی مەزەندەی ئـەوە

لیٚ دەدا کە پاڵتۆکەی ئاغای نواپور تا چ رادەیەك بە گوێرەی سەلیقەو مۆدی رۆژو مۆدێرنیزم دروست کرابوو.
هاورێیەکم هەیە زۆر قۆشمەوە حەنەکچییەو بە رێکەوت ئەو شەوە کاتیٚ کە ئاغای نواپور ئەم شتانەی بۆ ئێمە باس دەکرد، لە مەجلیسەکەی ئێمە دابوو، ئەم هاورێ سوعبەتچییەی من ئاغای نواپوری بە باشی نەدەناسی و هێشتا پەی بە زانستە مادی و مەعنەوەییەکانی ئەو نەبرد بوو، نەیدەزانی کە جەنابیان چەند منەوەرو نوێخواز بوو.
کاتیٚ کە ئاغای نواپور بۆچوونی خۆی سەبارەت بە جلك و بەرگ و کاریگەریی گەورەی جلو بەرگ لەسەر دەروون شەرح دەفەرموو، هاورێکەم بە تەوسەوە گوتی: "خۆزیا ئاغای نواپور ئەم زانیاریانەی بنووسیبا تا خەڵکی سوودیان لیٚ وەرگرتبا".
من بەراستی زۆر تەریق بوومەوە، چونکە هەستم کرد ئەگەر ئاغای نواپور، کە لاوێکی منەوەرە، بەم تەوس و توانجەی زانیبا، دۆستایەتی من و ئەم لاوە منەوەرو نوێخوازە بە تەواوەتی تێکدەچوو، بەڵام خۆشبەختانە ئاغای نواپور، قسەکەی ئەوی بە جدی زانی و فەرموویان: "هێشتا کاتی شت نووسینی بەندە نەهاتووە".

*　　　　*　　　　*

نزیکەی چوار مانگێك بە دیداری ئاغای نواپور، کە لاوێکی منەوەرە، موشەرەف نەبووم، پاشان بیستم کە بۆ وڵاتانی رۆژاوا سەفەریان کردووە، لە رێگەی روسیاوە بۆ بەرلین و لەندەن و پاریس چوو بوو و لە رێگەی مارسی و بەیروت و بەغداوە بۆ تاران گەڕابوونەوە، هەروەها سەری قودس و بەعلەبەك و ئاکادیمیای دیمەشق و کوفەو بەیلەقان-شی دابوو، پاش گەڕانەوەیان بۆ تاران ئیدی کەس نەیدەبینی، هەموو دۆستان تینووی دیداری بوون و زۆربەیان پێیان وابوو کە سەرقاڵی لێکۆڵینەوە بووەو بەو نزیکانە کتێبێکی گرینگ کە لە دنیای کۆمەڵایەتی ئێران دا کودەتایەکی ئەخلاقی گەورە بەرپا بکات، بڵاو دەکاتەوە. بە راستیش پێشبینی خەڵکەکە نابەجیٚ نەبوو، چونکە زۆربەی ئەم نووسەرانە بە درێژایی رۆژ هەر خەریکن و دەبیٚ بۆ بژێوی‌و بەڕێوەبردنی ژیان زەحمەت بکێشن و رەنج بدەن. بەڵام ئاغای نواپور هیچ پێویستییەکی بەکار کردن نەبوو، کارو کردەوەی سەرەکی ئەو قوڵبوونەوەو لێکۆڵینەوە بوو لە کتێباندا تا بەرهەمێن گرینگ پێشکەش بە میللەت بکەن. جگە لەمە، بەو هەموو زەوقە پڕو فرەیەوە بەو زەخیرە زانستیەوە کە هەموو خەڵکی لە ئاغای نواپوردا دەیان بینی، هەر پێشبینییەکی تریان بکردایە خۆی لە خۆیدا خەتاو گوناح بوو.
بەڵام ئەوەی ئاغای نواپوری منەوەرو رۆشنیر، بەرهەمی هێنا، زۆر لەوە زیاتر بوو کە خەڵکی لێیان چاوەنوار دەکرد. خەڵکی وایان دەزانی کە ئاغای نواپور کتێبێکی ئەستور بڵاو دەکاتەوەو بەو کتێبە کودەتایەك لە کۆمەڵگەی ئێراندا بەرپا دەکات، هەواڵی سەرکەوتنی ئەوان لەوە زیاتر بوو کە خەڵکی چاوەڕوانیان دەکرد. ئاغای نواپور تەنیا یەك گوتاریان رەش کردەوەو ئەم تاقە گوتارە بە جۆریٚ لە کۆمەڵگەدا دەنگی دایەوە کە هەموو جەماوەری خەڵکی هێنایە جۆش و

خرۆش. ئەم گوتارەی جەنابیان لە رۆژنامەی ((ریفۆرمی کۆمەڵایەتی))دا کە تێکرای بەڕێوەبەرو هاوکارەکانی لە نوێخوازان و منەوەرانن، بڵاوبووەوە. جا لەبەر ئەوەی بەندەی لاواز، نووسەری ئەم دێڕانە، ئەو پایەومایەیەم نیە کە لە راپەڕینێن زانستی و ئەدەبی و کۆمەڵایەتی، ئاگادار بم، پێویستم بە خوێندنەوەی رۆژنامانیش نابێ. رۆژنامە هی لاوانی منەوەرو رۆشنبیر و نوێخوازانە. کەسانێك کە پایەو ئاستی زانستی تێگەیشتنی ئەو گوتارە گرینگ و ئەو زنجیرە گوتارە گرینگترانەی موریس لبلان و میشل زڤاگویان نەبێ، چ سوودێکی لێ وەردەگرن؟ بە تایبەتی رۆژنامەی ((ریفۆرمی کۆمەڵایەتی)) کە لەوێدا نوچەێن خاریجی کە هەندێ جار بەندە پێویستی دەبێ چاپ نەکرێت و هەر هەموو ستونەکانی بە وتارێن ئەخلاقی و کۆمەڵایەتی رەش بکرێتەوە، ئەم رۆژنامەیە بەرابەری لاوانی ئێرانی دێتە ژماردن، زۆربەی وتارەکانی، لە کتێبانی کۆنەوە پاچڤە کراون، بە کورتی بەندە چ دەستێکم لە رۆژنامەدا نەبوو. لێ رۆژێ چوومە کتێبخانەیەك. کۆمەڵێك زاناو تورەڤان لەوێ بوون و باسی گوتارەکەی ئاغای نواپور هاتە ئارا. ئاغای زانا قەهستانی و تۆرەڤان جەوشەقانی کە هەر یەکەیان کۆڵەکەیەکی پایەداری جیهانی زانست و ئەدەبن و زانیاری مەعقول و مەنقول و شارەزایی فرەی ئەوان لە ئەحادیس و ئەخبارو فیعهو ئوسولێ و هەیئەت و نجوم و زمان و مێژوو و رەچەڵەك و لۆژیك و حیکمەت و فەلسەفە، پێویستی بەباس و ستایش نیە، هاوڕێ دەگەڵ کۆمەڵێکی دی لە نووسەرانی پێشەنگ، تەشریفیان لەوێ بوو و هەریەکەیان شرۆڤەیەکی تێرو تەسەلی سوودەکانی ئەم جۆرە لاوانەو بە تایبەتی ئەم چەشنە گوتارە کە سوودی گشتییان تێدایە، فەرموو. ئاغای قەهستانی کە پەیوەندییەکی تایبەتی دەگەڵ "کۆڕی زانستی ئێران"دا هەیەو مودەتێکیش سەرۆکایەتی ئەم کۆڕە پیرۆزەیان لە ئەستۆدا بوو، واهیان فەرموو: "من ئەسڵەن و ئەبەدەن و موتڵەقەن و بە هیچ کلۆجێ نامەوێ فەزڵو کەماڵ و زانست و ئەدەبی ئەم ئەهلی ئیمانە بخەمە بەر ئیرادو رەخنە، نا نەخێر هەرگیز، بە پێچەوانەوە بوونی ئەم جۆرە لاوانەیە کە ئینسان وا لێدەکات ئومێدی بە ئایندەی ئەم میللەتەو ئەم ئاوو خاکە هەبێت، بەڵام ئەم ئاغایانە تۆزێك لاون و هەندێ جار زێدە توندڕەوی دەکەن، خۆ ئەگەر پێشتر هاتبوایە کن بەندە، لەوە بوو هەندێ یارمەتیم دابوایە. زێدەباری ئەمەی کە هەندێ وشەی عامیانەو رەمەکی لە گوتارەکەی خۆیدا بەکار هێناوە کە بە قەناعەتی من لە فەساحەت و بەلاغەت دوورە، هەندێ ئیرادی دیکەش لە وتارەکەی دەگیرێ. بۆ نموونە بەندە زۆرم پێ سەیرە کە بۆچی بە هیچ جۆرێ ناوی پۆستینی نەبرد بوو، هەر نەبێ ئەمەش جلکێکی پێشینانی ئێمەیەو هێشتاش گەلێك لە ئێمەمانان کە دەچینەوە بۆ ماڵ و لە ژێر کورسی دا دادەنیشین، چاك دەزانین کە ئەگەر پۆستین نەبێ، حاڵمان پەشێو دەبێ".

ئاغای ئەدیب جەوشەقانی کە پایەی زانستی جەنابیان لە سەرووی وەسفەوەیە، فەرموویان: "فەرمایشەکانی جەنابی ئاغا دروستە. ئێمە هەقمان بە کەسایەتی ئەوەوە نییە، بەڵام گوتارەکەی هەڵبەتە بە سوودە. لێ رەخنەکانی جەناب عالیش بەجێ و بتەون، بەندە بە تایبەتی جەخت لەسەر ئەو قسانەی لەمەڕ پۆستین فەرمووتان دەکەمەوە، بۆ نموونە بەندە یەك لەباری خۆم نوێژ بە کراس و بێجامەوە دەکەم، بەڵام دوعای سمات، دوای نوێژ ئەگەر پۆستینم نەبووایە، بۆ

نەدەکرا. باوەڕ دەفەرمووی کە هەر هەموو ئەم باسانە نووسەرانی پێشڕەوی ئێمە لە کتێبە کۆنەکاندا بە دوورو درێژی باسیان کردووە، بەڵام وەکو فەرمووت، لاوان وا باشترە کە هەندێ جار بچنەوە سەر ئەم کتێبە کۆنانە".

حەزەراتی ئاغایان، باسێکی زۆریان لەمەڕ ئەم بابەتە فەرموو، بەڵام زۆربەی باسەکانیان بە زمانێ بوو کە لە کێشی تێگەیشتن و دەرکی بەندەی حەقیر، نووسەری ئەم دێڕانەدا نەبوو. بۆ نموونە یەکێك لەو ئاغایانە هەمیشە لە ناوەندی قساندا کۆمەڵێکی رستەی عەرەبی دەفەرموو و باسی فەسخ و رەسخ و مەسخ و نەسخی دەکرد کە بۆ بەندە زمانی جنۆکە بوو. منی بەندەی لاواز لە نیازو مەبەست و بیروبۆچوونی ئاغایان ئەمە حاڵی بووم کە هەر هەموویان بە گوتارەکەی ئاغای نواپور، لاوی منەوەرو نوێخواز، خۆشحاڵ بوون، ئیرادی گەورەیان تەنیا ئەمە بوو کە بۆچی ئەم لاوە نەچووەتەوە سەر کتێبانی کۆن.

هەر هەمان رۆژ بۆ شەوەکەی لە ماڵی ئاغای (رادبان)دا کە لە نووسەرانی نمرە یەکی ئێرانە، بە خزمەتی جماعەتێك لە تۆرەڤان و ئەدیبان گەییشتم (هەر بۆ ئاگاداری عەرزتانی دەکەم کە خوێنەرانی ئازیزی من وا تەسەور نەفەرموون کە بەندەی حەقیر ئەهلی کۆڕو مەجلیسی زاناو ئەدیبانمو تێکەڵی وانم، نەخێر، بەندە ئەو شەوە بەم مەبەستە چووبوومە خزمەتی ئاغای رادبان کە تکای لێ بکەم بەڵکو سەرۆکی دایەرەکەی ئەم بەندەیە، راسپێرێ کە بۆ سەری ساڵ هیمەتێ بکات و زیادە مووچەیەکم بۆ دابین بکات یان لایەنی کەم بۆ دایەرەیەکی دیکەم بگوازنەوە)).

ئاغای رادبان لە بواری ئەدەبیات و لێکۆڵینەوەو پەیگیری مێژوویی دا خاوەنی بەرهەمێکی فرەیە و تا ئێستاش چەندین جار لە کۆڕە گشتییەکاندا خوتبەی پڕ سوودی بەقازانجی جەماوەری خەڵکی داوەو بێگومان بە یەکێك لە بلیمەتانی ئەم سەردەمە دەژمێردرێن. جەنابیان بە تەواوەتی دژی شارستانیەت و فەرهەنگی سامی و عەرەبی و بەرهەمی ئەو قۆناغە بووەو پێیان وایە مەملەکەتی ئێران کە بێشکەی نەژادی ئارياییە پێویستە خۆی لە پۆخڵەواتی شارستانیەتی عەرەب رزگار بکات و خووی پێشینانی خۆی بکات بە پیشە. بیروبۆچوونەکانی ئەم جوامێرە کارێکی گەورەی لە جەماوەری منەوەرانی ئێران کردووەو دەبێ دان بەوەدا بنرێ کە لە ئەنجامی هەوڵ و کۆششی ئاغای رادبانەوە لایەنگرانی ئەم بیروباوەڕە گەورەترین رابوونی کۆمەڵایەتی لە ئێراندا پێك دەهێنن. بە رێکەوت لە ماڵی ئەم گەورە پیاوەش باسی گوتارەکەی ئاغای نواپور هاتە ئاراوە، هەر پیا هەڵدان و ستایش بوو کە لە هەموو لایەکەوە حەواڵەی دانەری بەڕێز دەکرا.

بە تایبەتی یەکێك لەو لاوانەی کە تازە هاتبووە کۆڕی نووسەرانەوە، گوتی: "ئێمە ئارياییین، ئێران نیشتمانی هەژی ئێمەیە. زۆر ئاشکرایە کە شارستانیەتی ئێمە لە شارستانیەتی ئەوروپاییەوە نزیکترە تا لە شارستانیەتی عەرەب. ئێمە پێویستە لە هەموو شتێکدا چاو لە ئەوروپاییانی ئاریا نەژاد بکەین. لەم رووەوە لەگەڵ نووسینەکەی نواپور دام، هەر چەندە من لە حوزوری ئەواندا هیچ نیم".یەکێکی تر لەو نووسەرانەی کە تا ئێستا چەندین گۆڤاری دامەزراند بوو و لە هەر یەکێکیاندا لایەنگری بیروباوەڕێکی جیاواز بوو، فەرموویان: "لەم رووەوە بەندەش بە تەواوەتی دەگەڵ گوتارەکەی ئاغای نواپوردام و رەنگە تا ئێستا وتارێکی ئەوەندە بە سوودو

باش له ئێراندا بڵاونەبوویێتەوە، بەڵام من تێناگەم کە بۆچی جەنابیان ئەو هەموو وشە ناباوە عەرەبیەی بەکار هێناوە، لە کاتێکدا دەیانتوانی گەلێك لەو وشانە بە فارسی پەتی بنووسن".
(مەبەست لە فارسی پەتی و خالیسە ئەگەر خوا نەخواستە هەندێ لە خوێنەران تێی نەگەن، هەمان فارسییە کە ئاغای ڕێزدار قسەیان پێ دەفەرموو). نزیکەی دوو دانە سەعات سەبارەت بە گوتارەکەی ئاغای نواپور لەو مەجلیسەدا قسەکراو بە ڕاستی حەزم چووە ئەوەی کە ئەم ڕۆژنامە گرینگە پەیدا بکەم، بچمە لای یەکێك لەو ئاغایانەی کە لەم شتانە تێ دەگەن‌و بەیارمەتی ئەو ئەم ڕۆژنامەیە بخوێنمەوە. بۆ نەگبەتی دوو ڕۆژ بەسەر بڵاوبوونەوەی ئەم گوتارەدا تێپەڕی و ئیدی ئەم بەندەی بێ توانایە، نووسەری ئەم دێڕانە، بە تەواوەتی لە بیرم کرد. بەڕێکەوت شەوێ چوو بوومە وەعزی شێخی گەڕەکەکەمان‌و لەوێش جەنابیان سەبارەت بە گوتارەکەی ئاغای نواپور وەعزیان فەرموو.
بە داخەوەم چونکە بەندەی حەقیر لە دووری مینبەرەکەی ئاغای شێخ ڕۆنیشتبووم و گوێم لە هەموو فەرمایشتەکانی جەنابیان وەکو خۆی نەدەبوو، نەمتوانی لە مەبەستە بەرزو باڵاکانیان حاڵی ببم، واتە بۆ بەندەی حەقیر مەیسەر نەبوو، مەعلوم نەبوو کە ئاغاو شوێنکەوتووەکانی لەگەڵ ئەم گوتارەو نووسەرەکەیدا بوون یان دژی بوون. لەوە دەچوو ئاغا هەم لە ناڵ بدات و هەم لە بزمار. وا دیارە چونکە پەیان بە بایەخ و گرنگی گوتارەکە لە نێو کۆمەڵگەدا بردبوو، نەیاندەویست دژایەتی بکەن و بەمە ژمارەیەك لە لایەنگرانی خۆیان بتارێنن. بۆ نموونە ئەگەر چی ژێراوژێرو نا ڕاستەوخۆ کۆمەڵە ئاماژەیەکیان بۆ نا پایەداری دنیای دون، و زەرورەتی گوێ نەدان بە جلو بەرگ کە شتێکی ڕواڵەتییە، و زەرورەتی بایەخدان‌و خۆ تەرخانکردن بۆ چاککردنی نوێژو ڕۆژوو تەقواو ترس لە خوا، فەرموو، و جوانکاری لە جل و بەرگ و ڕواڵەتیان بە یەکێك لە هۆکارەکانی لوت بەرزی و فڕناخی و دووری لە خوا دەزانی و دەیانگوت: "ئەو سۆفیە خوانەناسەی کە – لیس فی جبتی سوی الله–ی دەگوت: لوتبەرزی و فەرناخی و گومرایی لە فرە جوانی جبەکەیدا بوو". شیعری مامۆستای شیعر سەعدیان بەنموونە دەهێنایەوە کە فەرموویەتی پیاوێك کە هیچ جل و بەرگێکی لەبەر نەبێ، باشترە لە جلو بەرگێك کە پیاوی تیا نەبێ، وێڕای ئەمەش ستایش و ئافەرینی بێ پایانی نووسەری لاوی زاناو ڕۆشنبیرو منەوەری گوتارەکەیان دەکرد و بیروباوەڕەکانیان بە شایستەی توژینەوە و وردکردنەوەو ڕامان دەزانی.
پاشان لێبڕام کە هەر دەبێ و بە هەر شێوەیەکە ئەم گوتارە بە دەست بێنم و بە یارمەتی نەفەرێکی زانا لە نێوەڕۆکەکەی حاڵی ببم، بەڵام ڕۆژنامەی ناڤبری دوا دانەی فرۆشرا بوو، بە تایبەتی چوومە خزمەتی ئاغای بەڕێوەبەر، فەرموویان کە بە تایبەتی لەبەر بایەخی وتارەکەی ئاغای نواپور سێ سەد نووسخەمان لێ چاپ کردبوو، کەچی هەر هەمووی فرۆشراو تاقە یەك نوسخەشی نەماوە.
ماوەیەك بوری و لە هەموو شوێنێك لە هەوڵی ئەوەدا بووم کە ئەم گوتارە بە دەست بێنم و بیخوێنمەوە، چەند ڕۆژێك لەمە پێش هەروا چووم بۆ یەکێك لە موغازەکانی لالەزار تا قوماشێك بۆ پاڵتۆ بکڕم، لە موغازەدارەکەم پرسی: "قوماشی تازە چیتان هەیە؟".

لە وەڵاما گوتی: "چما تۆ گوتارەکەی ئاغای (نواپور)ت لە رۆژنامەی "ریفۆرمی کۆمەڵایەتی) نەخوێندووەتەوە؟ ئەم گوتارە بە ئەندازەیەك گرینگ بوو کە چاپ کراوەتەوە، قوماشی پاڵتۆ لەو قوماشانەی کە ئێمە دەیان هێنین، باشتر نییە. بەشی پاڵتۆیەکمان لەو قۆماشە پێشکەش بە خودی ئاغای نواپور کردووە".

ماوەیەك لەسەر نرخەکەی سەواو مامەڵەمان کرد، پاشان سەد سوێندی خوارد کە لە نرخی مایەکارییەکەشی، لەبەر خاتری من کە مشتەرییەکی ئازیزی ئەوم، بڕێك زەرەر دەکا، سێ مەترو نیو قوماشم کڕی و موغازەدارەکە لە گەڵ قوماشەکەدا نوسخەیەکی لە سەفتە رۆژنامەیەك کە لەوێ دانرا بوو، بە خۆڕایی دامێ.

بە پەلەپەل چوومەوە بۆ ماڵێ و بەر لەوەی تەماشای قوماشی پاڵتۆکە بکەم، هەوەڵجار ویستم ئەم گوتارە گرینگە کە ئەوەندە عەوداڵی بووم بخوێنمەوە، لە راستیدا بە وەدەستهێنانی رۆژنامەکە پتر لە کڕینی قوماشەکە خۆشحاڵ بووم، بەڵام چی بێ لە ئێوە نهێنی؟ گوتارەکە هەمان مەبەست و نێوەڕۆکی لە خۆ گرتبوو کە پێشتر بۆی باس کردبووم و هاوڕێکەم بە تەوسەوە هانی دا بوو کە بە نووسین بڵاوی بکاتەوە. بەڵام لە رۆژنامەکەدا هیچ نیشانەیەکم نەبینی کە نیشانەی دووبارە چاپکردنەوەی بێ. بەڵام لە ژێر گوتارەکەدا ریکلامێکی هەمان موغازەدارم، کە قوماشەکەی لە نرخی مایەکاری کەمتر بە من فرۆشت بوو بینی، هەڵبەتە بەندەی بێ توانای نووسەری ئەم دێڕانە ئەوەندەم گومان لە خەڵکی نیە کە وا خەیاڵ بکەم، لاوێکی خانەدان و سەلارو سەنگینی میناکی ئاغای نواپور کە لە لاوانی منەوەرو رۆشنبیرە، پێشکەشی لەم پیاوە دەوڵەمەندەی کە بە سەری حەزرەتی موسا قەسەم قوماشەکەی بە نرخی مایەکاری کەمتر بە من فرۆشتبوو، لە بارتەقای نووسینی ئەم وتارە گرینگەدا، وەرگرتبێ.

تاران – دی ١٣١٣ (١٩٣٤)

کورتە مێژوویەکی ژوورەکەم

ئاخریەکەی خۆم لەو گەڕەکە پیسە رزگار کرد. چیتر ناچار نیم هەموو شەوێ خۆرش و شلەی باینجان بخۆم، لە دەست دادە خۆش قەدەمو پیێ بەودمەکان، باجی و فاتمە سوڵتان قوتار بووم. ئیدی کەس ناوێرێ، بەیانیان کاتێ کە من نووستووم، لە پشت دەرگاکەوە بەخشەخش گسکان بدات و تەپوتۆزی بەینی خشتەکان بە ژوورەکەی مندا بکات. ئیدی کەس ناتوانێ دەستکاری کتێبەکانم بکات، لە دەستی کاسەی سەهۆڵاویش رزگار بووم. هەر کاتێ حەزم لێ بێ گرامافۆنەکەم کۆك دەکەم و گوێ لە مۆزیقا دەگرم. ئیدی تا ساڵی دوای مەرگی پورەقزی مۆزیقا لە ماڵەکەی مندا قەدەغە نییە. قەتڵ و قیامەتیش رابێ دەتوانم مۆزیقا لێبدەم. ئیدی شیڤی من پەیوەندی بەمەوە نیە کە: "با بابە تەشریف بێنێتەوە" چیتر رۆژانی هەینی دەنگی گریانی منداڵەکەی پورەقزی خەبەرم ناکاتەوە. لە گەڕەکێکی سەرووی شاردا، لە ماڵە ئەرمەنییەك دوو ژوورم بەکرێ گرتووە، لێرەدا ئەم دوو ژوورەم بە دڵی خۆم رازاندووەتەوە. کتێبەکانم بە کەیفی دڵی خۆم لەبەر دەستی خۆمدا داناوە. مێزێك و چەند کورسییەکم هەیە، پەردەکانی ژوورەکەم دەستچنن، مافوری جوانم نیە، بەڵام زیاتر حەزم لەم زیلۆیە، زیلۆکەم تازەیە، بەڵام مافورەکانی ماڵی خۆمان هی دوو سەد ساڵ لەوەپێشە، ئەم زیلۆیەم بە سەلیقەی خۆم کڕیوە. دڵنیام کە یەك کەسی دەردەداری لەسەر نەمردووە، ژوورێکی کارکردن و ژوورێکی خەوم هەیە. هەموو هەڤاڵەکانم بەغیلیم پیێ دەبەن. ئەمڕۆ یەکێکیان بۆ ئێرە هاتبوو، حەزی لە ژوورەکانم کرد. پێم دەڵێت: "من لە دەست پورە پیرەکەمو دایکم بێ تاقەت بووم. ئێرە ژووری دیکەی بەتاڵی لێ نییە؟" گوتم: "با ئەو ژوورەی تەنیشتەوە چۆڵە! لێ نازانم بە کرێی دەدەن یان نا. تا ئێستا نەم دیتووە دەرکەی ئەم ژوورە بکرێتەوە. ئەمڕۆ لای عەسر لە خاوەن ماڵەکەم خا هاکوپیان دەپرسم و شەوێ کە یەکدی دەبینین خەبەرت دەدەمێ..."

*　　　*　　　*

"خات هاکوپیان، هاوڕێیەکم حەزی لە ماڵەکەی ئێوە کردووە. دەتوانی ژوورێکی بەکرێ بدەیتێ؟"

– نە، ژوورم نییە.

– چۆن؟ ئەدی ئەم ژوورەی تەنیشت ژوورەکەی من چۆڵ نیە؟

– با، بەڵام ئەم ژوورە بە هیچ کەسێك بەکرێ نادەم.

– سەیرم پێدێ، چونکە کە دەبینم ئاردا‌شسی کوڕتان هەر کاتێ لە شول دێتەوە، ناچێتە ئەم ژوورە.

– نەهەقت نیە، بەڵام ئەم ژوورە هی کوڕە گەورەکەم، ئارشاویر بوو، لەوەتای ئەو مردووە، دڵم نایەت بە کەسێکی غەوارەی بەکرێ بدەم، ژوورێکی باشیشە. حەزەکەی بیدینی.

خات هاكوپیان هەستاو من دوای كەوتم. ئەم خانمە نزیكەی چل و پێنج ساڵێك دەبێت، هەڵبەتە لە كۆنا لە جوملەی جوان و خشیكان بووە، بەڵام ئێستا زۆر تێك شكاوە، لە ئێران هاتووەتە دنیا، لیّ لاوی خۆی لە روسیادا بەسەر بردووە! بە باشی بە روسی قسان دەكات، لە من باشتر روسی بەڵەدە، بیست و پێنج ساڵە، یانی لەوەتای شووی كردووە، لە ئێران دەژی. فارسییەكی چاكیش دەئاخویّ، بەڵام فۆنەتیكەكەی ئەرمەنیە. بە روسی قسان دەگەڵ مندا دەكات. خات هاكوپیان لە ژنە وریاو زرینگەكانی دنیایە، كە هەڤدە ساڵ لەوە پێش مێردەكەی مردووە، ئیدی هەر خۆی ژیانی هەردوو كوڕەكەی (ئارشاوێرو ئارداشس)ی بەڕێوەبردووە. هەر خۆی ناردونیە. قوتابخانەو زمانی روسی فێركردوون. بە قسەكانیا وا دیارە كە كوڕە گەورەكەی، ئارشاویری، كە ئێستا مردووە، زیاتر خۆش ویستووە. بە قسەكانیا دیارە كە ئەو لەگەڵ بابیا دوو لەتی یەك سێو بوون، وێنەیەكیم لە ژوورەكەدا بینی. دەموچاوێكی خڕی هەڵكفاوی شەهوانی هەبوو، ئاشاوێر لە رووی روخسار، ئەندام، ئاكار، و لە هەموو روویەكەوە لە بابی چووە.

خات هاكوپیان كلیلەكەی هێنا، دەركی ژوورەكەی كردەوە، خۆی لە پێشا وەژوور كەوت. ئەوجا ڕێگەی منیشی دا بڕێكی زۆر كاغەزو كتێبی بەرگ تێنەگیراویان لەسەر مێزێكی كەنار پەنجەرەكە دانا بوو. كۆمەڵێك كەرەستەو تفاقی جزوبەندو بەرگ تێگرتنی لیّ بوو كە تەپوتۆزیان نیشتبووە سەر. لەم بەرەوە تەختێك هەبوو قالیچەیەكی بەسەرەوە بوو، لەوبەری مێزەكەوە سوپایەكی چكۆلەی كانزایی هەبوو. جگە لەم كەلوپەل و شمەكانە، دەرودیوارەكان ئەگەر چی تۆزاوی بوون، بەڵام ژوورەكە پاك و خاوێن دەهاتە بەرچاو، شتێك لێرەدا نەبوو كە سەرنجی بەشەر رابكێشێت.

خات هاكوپیان كە تا ئێستا لەبەر دەرگاكە وەستا بوو هاتە پێشتریّو بە قامكی ئاماژەی بۆ دیوارەكە كردو گوتی: "تەمەشا ئەمە جێی پەنجە خوێناویەكانی كوڕەكەمە، هێشتا دڵم نەهاتووە كە ئەم پەڵانە بسڕمەوە. لەوساوە تانهۆ ئەم شتانەم خاوێن نەكردووەتەوە، تەمەشا ئەم گەردو تۆزە، هەموو جارێك لە ساڵیادی لە دایك بوونیا چەپكە گوڵێك دەخەمە سەر مێزەكە، لە تەنیشت وێنەكەیەوە. وشك دەبێتەوەو لە جێی خۆی دەمێنێتەوە".

ئەوجا دەستەسڕەكەی لە بەركی دەرهێنا، دەستی بەگریان كرد. ئەوەی راستی بیّ دڵم پێی سوتا. ئیدی حاڵی بووم كە هۆی پیری ئەم ژنە، بێگومان ئەم مەسەلەیە بووە. ژێر باڵیم گرت و هێنامە ژوورەكەی خۆی و كەوتمە دڵدانەوەی و گوتم: "خانم، بەڕاستی بەڵات بەسەر هاتووە، من نەمدەزانی ئەم چەند جارەش كە ئارداشس لێرە بوو. ئەویش باسی ئەم بابەتەی بۆ نەكردوم، چما كوڕەكەت خۆی كوشتووە؟".

خات هاكوپیان، لەسەر كورسییەكەی من، لەبەر سۆپاكە دانیشت و گوتی: "نە، خۆی نەكوشتووە. هەرچیەك بیّ من ژنم و دەگریم، بە گریان دڵم كەمیّ هێور دەبێتەوە. بەڵام هاوار بە ماڵم بۆ ئارداشس، تۆ نازانی چەند ناڕەحەتە، دەزانی ویژدانی ئاسودە نیە، هێشتاش هەر وا دەزانیّ كە مردنی ئارشاویر ئەنجامی درێغی ئەو بووە".

كە مەسەلەی مردنی ئارشاویرم لەخات هاكوپیان پرسی، بە درێژی بەمجۆرەی بۆ گێڕامەوە.

"هەر چییەك بوو لەم ژوورەی تۆدا روویدا، ئەم ژووره دیرۆکێکی هەیە، نزیکەی چوار ساڵێك لەمەپێش رۆژێك ژن و شوویەك هاتن و ئەم دوو ژوورەیان بەکرێ گرت. ئەو پیاوە ئاڵمانی بوو، لەودیلانەی جەنگ بوو کە لە روسیادا مابووەوەو پاشان بۆ ئێران هاتبوو. تۆ لە پەهلەوی بووی؟ کاتێ خۆی لە جێی ئەم شوێنەی کە ئێستا باخ و بولوارە، ئوتێلێك هەبوو، هی پیاوێکی روسی بوو. ئەم ژنە کیژی ئەو بوو، من نازانم لە کوێ سۆراخی ماڵی منیان زانی بوو. پێدەچوو چونکە روسی بەڵەد بوون، ویستبێتیان لە ماڵێکا بن کە روسی بزانن، رۆژێك دانیشتبووین، دەمەو عەسر بوو، سەیرمان کرد خاشولتس وەژوورکەوت. ژنێکی گەنج، کەڵەگەت، چاورەش و قژ زەرد بوو. زۆر خشیك نەبوو، بەڵام شتێکی هەبوو کە پیاوانی رادەکێشا، دەزانی هەمیشە بە کەیف و بە دەماغ و تەڕو بڕو خاوێن بوو. پێی گوتم کە مێردەکەم لە پەهلەوی ئەندازیار بووەو دەمێ بوو لەوێ کاری دەکرد. ماوەیەك لەمەپێش لەسەر بیناکەوە شەلمانێك لە ژێر پێی دەرچووەو کەوتووەتە خوارەوە. لەوساوە تا ئێستا تووشی نەخۆشیەکی سەیر بووەو ماوەیەکە چاوی کەم حوکم بووەو ئێستا هەر بە جارێ نابینا بووەو هیچ نابینێ. هێناومانە تا لە تاران مالیجەی بکەین. ئەو بەو جۆرە باسی کوێر بوونی مێردەکەی گێڕایەوە، بەڵام پاشان لە خەڵکانی ترەوە شتی دیکەمان بیست، بە هەر حاڵ هۆیە راستەقینەکەی هەر ئاشکرا نەبوو، من هیچ بیانویەکم نەبوو و گوتم باشترە، کە ژن و مێردێك بێنە ئەم دوو ژوورە، سەریەشەکەی بۆ من کەمترە، غافڵ لەمەی کە ئەم ژن و مێردە دەبنە بەڵای گیانی من. کاتی کەخات شۆلتس دەیویست بڕوات، دنیا تاریك بوو بوو، من ئارشاویرم، کە لە ژوورەکەی خۆی مژولی کارکردن بوو، گاز کردو گوتم: خانم بە رێکە، نەبا لەسەر پلیکانەکان بکەوێ، وەختێ کە ئارشاویر هاتەوە سەرێ، گوتی: دایکە، ئەم ژنە کێ بوو؟ گوتم: ئەمە ژنی کابرایەکی ئاڵمانیە، نێوی خات شولتسە، ئەم دوو ژوورەم بەکرێ داوە بە خۆی و مێردەکەی.

"رۆژی دواتر مستەر شوڵتس و خێزانەکەی هاتن، من ژوورەکانم -یانی ئەم دوو ژوورە- پێ نیشان دان، خۆیان سیپاڵ و تفاقیان نەبوو، من شتومەك و تفاقم دانێ، ژوورەکەم جوان رازاندبووەوە، لە ئێستای باشتر بوو، مستەر شولتس کوڕە بوو، بەڵام کوێرییەکی تایبەتی هەبوو. بردبوویانە لای هەموو دکتۆرە بەنێوبانگەکان. هەر هەموویان یەك قسەیان کردبوو کە هیچ عەیبێك لە چاوتا نابینین، نەخۆشی دەمارە، تەنیا دکتۆرانی پسپۆڕی پاریس و بەرلین و ڤێنا دەتوانن چارەی بکەن".

کاتی خاتو هاکوپیان گوتی دکتۆرەکان وایان بە مەسلەحەت زانیوە مستەر شوڵتس خۆی پیشانی دکتۆرانی پاریس و بەرلین و ڤینا بدات، لە دڵی خۆدا بیرم لەوە کردەوە کە بێگومان کوێرییەکەی هۆیەکی جیاواز لەوەی کە خات هاکوپیان بۆ منی گێڕایەوە هەبووەو ویستم باسی ئەو حیکایەتانەی لێ بپرسم کە لە خەڵکانی دیکەی بیست بوون. بەڵام خات هاکوپیان هەر قسەی دەکردو زۆریش خەمین بوو:

"ئەم پیاوە رۆژ بە رۆژ چاوی خراتر دەبوو، لەم دواییانەدا هەر هیچی نەدەبینی. بەردەوام دەیگوت و دەیگوتەوە: ئەگەر لە ئەڵمانیا بام ئەم بەڵایەم بەسەر نەدەهات، بەڵام دکتۆرەکان

ئەوەشیان گوتبوو کە لەگینە رۆژێك لە ناکاودا چاوی خۆ بەخۆ بینا ببێتەوە. دوای ماوەیەك پارەیان تەواو بوو، کۆلۆنی ئاڵمانی برە یارمەتیەکی دەدان، بەڵام بەمە بەرێوە نەدەچوون، ژنەکەی گولدۆزیو نەخش و نیگارێکی باشی دەزانی، لە رێگەی پایەدارێکەوە کە لە پەهلەوی دا دەیناسی، چوو بووە ماڵە دەوڵەمەندەکانەوەو کیژەکانی فێری قولاپدۆزیو خەیاتیو تۆرچینی دەکردنو لەم رێیەوە تا رادایەك ژیانیان بەرێوە دەچوو. مستەر شولتسی مێردی بە زۆری بە تەنیا بوو. لەبەر ئەم پەنجەرەیەداو ئەگەر هاوین بوایە لە هەیوانەکەدا رۆدەنیشتو بیری دەکردەوە.

خوا دەزانێ بیری لە چ دەکردەوە؟ تا ئەو رۆژەی ئەم مەسەلەیە رووی دا، دڵم پێی دەسووتا، وەکو کوری خۆم خۆشم دەویست، ئاخر دەزانی، ئەمە دەردێکی زۆرگرانە، بەشەر چاوی هەبێ و دوایی کوێر ببێ، بەستەزمانە لە بەیانییەوە تا ئێوارێ لەم شوێنەدا دادەنشیت و بیری دەکردەوە، بە جۆرێ لە فکران رادەچوو، ئەگەر هەندێ جار کەسێك هاتبا ژوورێ و قسەی لەگەڵ کردبا، ئاگای لێ نەدەبوو. دوا نیوەروان کە (ئارداشس)ی کورم لە قوتابخانە دەهاتەوە، دەچوو بۆ ژوورەکەی ئەوو لەوێ کتێبی بۆ دەخوێندەوە. شولتس زۆری حەز لە کتێبەکانی دۆستوفسکی دەکرد. ئەو کتێبە ئاڵمانیانەی کە پاچڤەی روسی دا کرا بوون، دەکرینو ئارداشسو هەندێ جاریش، هەڵبەتە بە دەگمەن ژنەکەی بۆیان دەخوێندەوە، ژنەکەی زۆر خۆش دەویست، ژن ومێردێکی دلۆڤان و میهرەبان بوون. بۆ نموونە بیرم دێ کە مستەر شولتس قژێکی زەردی هەبوو، هەندێ جار لەسەر نان خواردن چەپکێك لە قژەکەی بەسەر هەنیەی دا بەر دەبووەوە. بە خۆی نەی دەبینی. ژنەکەی هێندە بەمیهرەبانی دەستی دەبرد و بە قامکەکانی قژەکەی سەر هەنیەی لادەبرد هەر مەپرسە، مستەر شولتس لەم حاڵەدا دەستی ژنەکەی ماچ دەکرد. کاتێ کە نیگای شووەکەی دەکرد، لە تۆ وایە دەیەوێ بە چاوانی بیلاوێنێ و نەوازشی بکات، بە جۆرێ کە ئەو بەو کوێریە بتوانێ هەستی پێ بکات، (مستەر شولتس)ش ژنەکەی زۆر خۆش دەویست، بۆ نموونە حەزی نەدەکرد کە ژنەکەی بە خۆرایی بە دیار ئەوەوە دانیشێت، زۆر جار زۆری لە هاوسەرەکەی دەکرد کە بە خۆرایی لە ماڵەوە دامەنیشە، بچۆ بۆ سینەما، برۆ بۆ سەما، برۆ، لێرە بە تەنێ دامەنیشە، وێرای ئەمەش زۆری غیرەت لە ژنەکەی دەکردو دەست ودڵی بۆی دەلەرزی.

ئەگەر شەو بەبێ پرس درەنگ تر لە سەعات هەشت بۆ ماڵ بهاتبایەوە، شپرزەو دەستە پاچە دەبوو، بێ قەراری دەکرد، هەر سا نا ساتێ دەست بە دیوار خۆی دەگەیاندە بەر هەیوانەکە، لەسەر قاڵدرمەکان دەوەستاو بێ ئەوەی چ شتێك بدینێ نیگای دەبرییە تاریکییەکە، لەجێیەکەی دەجولا، هەر کەسێکی دەبینی لێی دەپرسی: خێزانەکەی منت نەبینی؟ هەمدیس دەست بە دیوار خۆی دەگەیاندەوە ژوورێ. ئیدی ئەمە حاڵی بوو تا ژنەکەی دەهاتەوە. جاری واش دەبوو کە خات شولتس دەگەڵ ئارشاوێری کورە گەورەم یان ئارداسش دا بۆ سینەما دەچوو. لێ خات شولتس نەیدەویست بە تەنێ بچێتە کۆری سەما. دەیگوت: من ئامادە نیم بەبێ تۆ بچمە کۆری سەما، لەگەڵ خەڵکی دیکەشدا حەزناکەم.

"نوئێلی ساڵی ١٩٣١بوو، هەموو کۆبووبووینەوەو بە تەرزی ئەڵمانی جەژنمان گرتبوو. درەختی کاژمان رازاندبووەوەو لەم شوێنەدا کە تۆ مێزی نووسینەکەت لێ داناوە، لەسەر تەپڵەکێکمان دانابوو. من کتێبێکی ئەڵمانی بە روسی کراوم بە مستەر شولتس بەخشی بوو. هەموومان جەژنانەمان بۆ یەکتر کڕی بوو و هی هەر یەکێکمان بەجیا لەسەر مێزێك دانا بوو. گۆرانیمان گوت و شەرابمان خواردەوە. لە کۆتایی شەودا هەموو شەکەت و ماندوو لێی خەوتین. لای بەیانی بوو، یانی هێشتا دنیا تاریك بوو، سەیرم کرد لە ژوورەکەی (مستەر شولتس)ەوە دەنگ دێت، تا من هەستام، سەیرم کرد دەنگە دەنگەکە زیادی کرد، مستەر شولتس بانگی دەکرد: "کاچا، کاچا!" کاچا، نێوی ژنەکەی بوو. من هەراسان و شپرزە بەرەو ڕاڕەوەکە دەرپەڕیم، سەیرم کرد کوڕەکانم و (خات شولتس) لە ڕاڕەوەکەدان، هەر کە من دەرگای ژوورەکەمم کردەوە بینیم کە خات شولتس خۆی بە ژووری مێردەکەیدا کرد. وامزانی مستەر شولتس سەکتەی گرتووە. بەدوای خات شولتس دا وەژوورکەوتم. مستەر شولتس کاتێ کە گوێی لە دەنگی من بوو، گوتی: خانم من ئێستا چاوم هەبوو ئەستێرەکانی ئاسمانم بینی، ئەوجا لە ژنەکەی پرسی: تۆ لە کوێ بووی؟".

"من چاوەنۆڕی وەڵامی (خات شولتس)م نەکرد. لە ژوورەکە وەدەرکەوتم دیتم کە ئارداشس و ئارشاوێر بە دزداشەی خەوەوە لە پاڵ یەکا وەستاون. هەردووکیان ڕەنگیان هەڵبزڕکا بوو، ئارداشس بە برا گەورەکەی گوت: "باشە چ کارێکی لە ژوورەکەی تۆدا هەبوو"؟

خات هاکوپیان لێرەدا ئاهێکی هەڵکێشاو گوتی: "هەر بەڵایەك بەسەر بەشەرا دێت، لە سۆنگەی ژنانی خراپەوەیە".

من تەنیا یەك وشەم گوت: "عەجەب!"

"بەڵام ڕۆژی دوایی مستەر شولتس هەمدیس کوێرە بووەوە، بردیان بۆ لای دکتۆری ئاڵمانی سەفارەت. گوتی: بەڵێ، ئێمە گوتبوومان کە هیچ عەیبێك لە بونیادی چاویا نییە، تووشی نەخۆشی عەسەبی بووەو لەگینە ڕۆژێ لە ڕۆژان چاوەکانی بکرێنەوە. لە ئەڵمانیادا بە ئاسانی چارەسەری دەکەن. بەڵام ئەو ڕۆژە، نێوەڕۆ لەسەر فراقین وەزع و حاڵێکی غەریب لە ماڵی ئێمەدا بەرپا بوو، ئارداشس پەست و بێ تاقەت بوو. قسەی لەگەڵ کەسدا نەدەکرد، ئارشاویر هەر نەهاتە سەر سفرەکەش، بیانووی ئەمە بوو کە چەند کتێبێکی تازەیان بۆ هێناوم دەبێ تا عەسر بەرگیان تێ بگرم و تەواویان بکەم و بیاندەمەوە بە خاوەنی. مستەر شولتس حاڵی خراپ بوو، نەیدەویست نان بخوات. خات شولتس ئەمجارەیان قژی مێردەکەی کە بەسەر هەنیەدیدا بەربوو بووەوە، لانەبرد و ڕێك نەخستەوە. تەنیا یەك جار خاولیەکی دەم و زار پاك کردنەوەی دایە دەستی تا دەم و لێوی خاوێن بکاتەوە، کەچی جاران خات شولتس بە خۆی ئەم کارەی دەکرد. تەنیامنی داماو بێ گوناح بووم، لە هەموو شتێ خراتر ئەمەیە کە ئێمەمانان کە دایکین وا دەزانین کە لە هەموو کەسێك نزیکترین لە منداڵەکانمانەوە، لە کاتێکا کە وا نیە، دایك لە هەموو کەس بە منداڵەکانی نامۆترە. منداڵان هەزار شت بە هەڤاڵەکانیان دەڵێن کە یەك شتی بە دایکیان ناڵێن. نە ئارشاوێر، نە ئارداشس تاقە یەك وشەیان بە من نەگوت کە چ شتێك لە بەینیاندا ڕوویداوە،

دەتخوا بیهێنە بەرچاوی خۆت، کە لە حاڵی وادا بەشەر چی لێ دێ. ئەو رۆژە، پاش نیوەڕۆ هەر چەند لەگەڵ ئارداشس دا هەوڵم دا نەیدەویست چیتر کتێب بۆ مستەر شولتس بخوێنێتەوە. دەیگوت: بۆچی ژنەکەی شەوێك نەبووە بەلایەوە بمێنێ و سەر گەرمی بکات؟ راستیشی دەکرد، خۆ ئێمە کوچکی گەرمتر لە ئاگر نەبووین. نزیکەی یەك ساڵ بوو کە خات شولتس هیچ هەقێکی بەسەر مێردەکەیەوە نەبوو. راستە کە ژیانی شووەکەی بەڕێوەدەبرد، بەڵام دەستی بە هیچەوە نەدەدا، جاری وادەبوو کە شووەکەی سێ دانە رۆژان لەبەر نەخۆشی و بێتاقەتی لە جێدا دەکەوت و بە زەحمەت لە ژوورەوە دەهاتە دەرێ. ژنەکەی نە شەوەنخونی بە دیارەوە دەکردو نە بۆ دەرو ژوورکردن دەستی دەگرت، کەچی زۆر جار بە دوو سەعات و سێ سەعات لە ژوورەکەی ئاشاوێری کوڕم دادەنیشت و قسەی دەگەڵ دەکردو تەمەشای کارکردنی ئەوی دەکرد. جارێکیان ئارشاویر بۆ چەند رۆژێك نەخۆش کەوت، تای دەهاتێ، خات شولتس بەردەوام بە دیاریەوە بوو، خواردنەکەی دەدایە، ئەم دیوو ئەو دیوی دەکرد، ئاگاداری خواردنەکەی دەکرد، جارێکیان بەگژ مندا هات کە بۆچی بەخەمی کوڕەکەتەوە نیت.

پەست بووم، پێم گوت: تکات لێدەکەم کە خۆت مەکە بە دایەنی دلۆڤانتر لە دایك.. لەگەڵ ئەمەشدا، نەمدەتوانی هیچ بەدخەیاڵیەك دەربارەی ئەم ژنە بکەم دەنا نەم دەهێشت لەم ماڵە دا بمێنێ.

" لەو شەوەوە ئیدی ئارداشس نەچوو بە ماڵی مستەرشولنس دا، بەڵام لەلایەکی ترەوە هیچ قسەیەکیشمان لێ سادر نەبوو کە ئەو ژن و مێردە عادز بکات. دەزانی، بەقەولی خودی ئەڵمانەکان کەش و هەوای ماڵەکەی ئێمە قورس و بە بریسکەو هەورە تریشقە ئاوس بوو. تێ دەگەی دەمەوێ چ بڵێم، هیچ دڕ دۆنگیەك لەماڵەکەندا نەبوو، هەموو قسەیان پکێڤە دەکرد، کەس لە کەس زویر نەبوو، ئەگەر غەریبەیەك هاتبا ماڵەکەمان هەستی بە هیچ شتێکی نا ئاسایی نەدەکرد. بەرۆژەوە من بە خۆم دەچووم ژوورەکەی (مستەر شولس)م کۆ دەکردەوە، بە زۆری لێرەدا دانیشتبوو، چونکە دنیا سارد بووو سۆپاکەش لێرەدا بوو (مەدام بە دەستی ئیشارەتی کرد) بە رواڵەت هیچ نەگۆڕا بوو. بەڵام کەش و هەوا بە بریسکەو هەورە تریشقە ئاوس بوو. من هەستم دەکرد کە شتێك دەقەومێ، ئەو هەورە تریشقەیە دەبێ بتەقێتەوە.

" هەفتەیەك بەسەر رووداوەکانی ئەو شەوەدا بوری، تا سەری ساڵ هات. بیرتە شەوی یەکی ساڵی ١٩٣٢ دنیا زۆر سارد بوو، لەو ژوورەوە کە بەرۆژ نانمان لێ دەخوارد، هاتینە ئەم ژوورە. چونکە ئێرە گەرمترو کپ تر بوو. من بۆ ئەوەی ئەم جووتە برایەو ئەم ژن و مێردە لەو وەزع و حاڵەی کە گیرۆدەی بوو بوون، و لە هەموو کەس زیاتر زەرەری بە من دەگەیی، رزگار بکەم بە پارەی خۆم جەژنێکی تێروتەسەلم فەراهەم کرد. قازێکم بۆ شەوێ لێنابوو. دەزانی ئەڵمانەکان چۆنی قاز لێ دەنەن. قازەکە بە بێ رۆن و بەنەعنا و ئاویشەنەوە لە مەنجەڵ دەنێن تا لە رۆنەکەی خۆیدا سوربێتەوە. ئەگەر ئەوان ئەم قازە لە رۆژی لە دایك بوونی مەسیح دا دەخۆن، بەڵام بۆ ئێمە هیچ فەرقێکی نەبوو. من ئەمەم مەبەست بوو کە خواردنێکی خۆش بێتە سەر خوانەکە، شەرابێکی باشم ئامادەکرد بوو، بیرەی ئەڵمانیم کڕی بوو، بە پێی توانا داب و نەریت و ئە تەکێتی

ئەڵمانیم ڕەچاو کرد بوو، بۆ نموونە پرتەقاڵو لالەنگیو گویزو بوندقو زەردەلوی وشك كراوە مشەبوو. مناڵەکان جلکی ڕەشیان لەبەر بوو، (مستەر شولتس)ش وەکو ئەوان. ژنەکەی جلکێکی سپی جوانی لەبەر کردبوو. ئەو شەوە بە ڕاستی جوان بوو بوو، چەند بەکرەیەکی باشی گرامافۆنم لە کوڕی خوشکەکەم وەرگرتبوو، هەموو شتێکی شادی بەخشم لە ماڵەوە ئامادەکرد بوو. هەموو شتێك، بەڵام دەزانیت ئەو شتەی کە بۆ کۆڕی دۆستایەتی پێویستە، دڵی پاك، دڵی خاڵی لە کەرب و کینەیە، نەمدەتوانی ئەوە فەراهەم بکەم. هەرچم کرد کۆڕەکەمان گەرم نەبووو نەبوو. شەرابمان خواردەوە، خات شولتس ڕۆمانسێکی روسی خوێندەوە، بە کۆمەڵ گۆرانیمان گوت، گرامافۆنمان لێدا. تەنانەت (مستەر شولتس)ش کەمێك خەیاڵ بوو، هەموو پێدەکەنین، بەڵام کەش و هەوای ژوورەکەمان بە هەورە تریشقە ئاوس بوو، من لەو شەوو ڕۆژەدا هەستم بەمە دەکرد، بەڵام نەم دەزانی، ئەگەر بمزانیبایە، بە هەر نرخێ بووە پێشم لێ دەگرت. بوو بە نزیکەی سەعات نۆ. تۆ کە لە هەندەران بوویت و دەزانیت کە بۆ شەوی سەری ساڵ، سەعات نۆ هێشتا هەوەڵی شەوە، بەڵام هەموو ماندوو بوو بوون.

"لە پڕ مستەر شولتس لە ژنەکەی پرسی: کاچا ماندوو بووی؟"

– نە، ماندوو نەبووم، بەڵام چ بکەم؟

– کاچا هەستە بچو بۆ سەما، بڕۆ بۆ "ئەستوریا" بڕۆ بۆ بەرلینیرهۆف.

– ئەوە تۆ چ دەڵێی، من بە تەنێ هەستم بچم بۆ ئەوێ. چ بکەم؟

"مستەر شولتس، هەر بەو دەقەوە کە لەسەر کورسیەکەی ڕۆنیشتبوو، بێ ئەوەی کەمترین شوێنەوار بەسەر چاویەوە دەربکەوێ، گوتی: کێ دەڵێ بە تەنێ بڕۆی، من تکا لە ئاغای ئارشاوێر دەکەم کە لەگەڵتا بێت، ئاغای ئەرشاوێر، هەڵبەتە تۆ قسەم لە عاردی نادەی.

"ئەرداشس، لە ناکاو هەستاو لە ژوورەکە وەدەرکەوت، بەڵام بەر لەوەی کاچا چ قسەیەك بکات، ئارشاوێر گوتی: من ئامادەم ئەگەر خانم مەیلی لێ بێ، هەڵبەتە لەگەڵیا دەچم". و "بێ ئەوەی کە چاوەڕوانی مستەر شولتس یان ژنەکەی ببێ، پێکەکەی هەڵدا، لە جێی خۆی هەستاو گوتی: من دەڕۆم خۆم دەگۆڕم. هەر ئەوەندەی بڵێی یەك و دوو کاچاش هەستا، دەموچاوی شووەکەی ماچ کرد، پاڵتۆ ڕەشەکەی لەبەر کرد، شاڵێکی بەسەریا داو ڕۆیی. منو مستەر شولتس بە تەنێ لە ژوورەکەدا ماینەوە". گوتم: مستەر شولتس دەتەوێ تۆزێك کتێبت بۆ بخوێنمەوە.

– مەمنونیش دەبم، ئەم کتێبەی ئارتورشنیسلرم تازە کریوە، چیرۆکێکی تیایە بە ناونیشانی "ژنی زانایەك" ئەگەر زەحمەت نییە ئەوەم بۆ بخوێنەوە.

"و دەستم بە خوێندنەوە کرد. لە نیوەی چیرۆکەکەدا (ئارداشس)ش هاتەوە ژووری و لەسەر کورسیەك دانیشت. دەوروبەری سەعات دە بوو، بە چاو ئیشارەتم کردێ کە تۆزێکی بۆ بخوێنێتەوە، بەڵام حەزی لە خوێندنەوە نەبوو، جێی خۆیەتی ئێستا باسی بابەت و نێوەڕۆکی ئەم چیرۆکەت بۆ بگێڕمەوە. چونکە پێم وایە بۆ تێگەییشتنی مەبەستەکە پێویستە. مستەر شولتس ئەم کتێبەی بە ڕێکەوت و لە خۆڕا نەکڕی بوو، بۆیە حەزی لێ بوو لەو دەمەدا ئەم چیرۆکە بخوێنرێتەوە: پیاوێك دوای حەوت ساڵان ماشوقەکەی دەبینێ. ئەمە ژنی کابرایەکی

پرۆفیسۆر، کابرایەکی زانا بووەو ئەم پیاوە لە ماڵی ئەو پرۆفیسۆرەدا ژووری هەبووەو شاگردو قوتابی ئەو بووە. حەوت ساڵ لەوە پێش رۆژێ کە ئەم پیاوە دەگەڵ ماشوقەکەیدا خەریکی ئەشقبازی بووە، لە حاڵێکا کە ماشوقەکەی، یانی ژنی پرۆفیسۆری گۆڕین، لەبەر پێی ئەودا کەوتووەو سەری لە باوەشیا پەنهان بووە، کابرای پرۆفیسۆر دەرگای ژوورەکە دەکاتەوە کە بەو حاڵەوە دەیانبینێ، بە ئەسپایی دەرگاکە دادەخاتەوەو دەگەڕێتەوە. ئەم کابرایە لە شەرمی ئەوەدا کە مامۆستاکەی بەو حاڵەوە دیتوویەتی یەکسەر جانتاکەی هەڵدەگرێتو لەو ماڵە وەدەردەکەوێ، ئەمڕۆکە پاش حەوت ساڵ دەیەوێ گوێی لە ماشوقەکەی بێ کە پاش ئەو کەتنە چی رووی داوە. بەڵام هیچ شتێك رووی نەداوە، چونکە ماشوقەکەی هەرگیز بەوەی نەزانیوە کە پرۆفیسۆر بەو حاڵەوە دیتویەتیو پرۆفیسۆریش لە زەرق ئەم حەوت ساڵەدا هەرگیز ئەم مەسەلەیەی بە رووی ژنەکەیدا نەداوەتەوە.من لەسەر خوێندنەوە بەردەوام بووم تا گەییمە ئەم رستانە! کەواتە ئەم هیچ کاتێك ئەمەی بە رووی ژنەکەیدا نەداوەتەوە، ئەم ژنە نازانێت و هیچ کاتێ نەیزانیوە کە شووەکەی ئەوی لەبەر پێی ئاشقەکەیدا دیتوە، ئەو رۆژە لەبەر دەرگاکەوە، بە ئەسپایی، و بە جۆرێ کە کەس پێ نەزانێ گەڕاوەتەوە.. پاشان دوای چەندین سەعات بۆ ماڵ هاتووەتەوەو هیچ قسەیەکی لەگەڵ ئەودا (ژنەکەی) لەو بارەیەوە نەکردووە. کە گەییمە ئێرە، لە پڕ مستەر شولتس توڕە بوو و گوتی: نا، ئەمە مەحاڵە، بەسە، مەخوێنەوە.

"سەیرم پێهات و گوتم: چ شتێك مەحاڵە؟

– چۆن دەبێ پیاوێك حەوت دانە ساڵی خشت هەرزەیی ژنەکەی بدینێ و خۆی لە گێلی بدات. ئیتر مەیخوێنەوە، لێم گەڕە با ئیسراحەت بکەم... من ئەمەم بە فرسەت زانی، هەستام. چونکە وام هاتە خەیاڵ لە کاتی خوێندنەوەکەدا لە ماڵەکەدا گوێم لە دەنگی پێی کەسێك بوو.. بە ئارداشسم گوت: تۆ لێرەبەو ئەگەر مستەر شولتس ویستی باقی چیرۆکەکە یان چیرۆکێکی تری بۆ وەخێنە تا من هەندێ "گروگ" دروست بکەم.

ئیدی چی لە نێوان ئارداشس و مستەر شولتس دا روویدا، چ قسەو باسێکیان پێکەوە کرد، ئەمانە بە دروستی نازانم، بەڵام پاشان پاشماوەی حاڵ و مەسەلەکەم زانی، دیار بوو کاتێ کە خات شولتس و ئارشاوێر چوو بوونە دەرێ، ئارداشس لە دواوە تاقیبی کردبوون، دوایی دیتبوونی کە ئەسڵەن بۆ کۆڕی سەما نەچوو بوون و یەکڕاست بۆ ماڵ گەڕابوونەوە. ئەو زووتر هاتبووەوە ماڵێ و لە هەیوانەکداو روو لە کۆڵانەکە چاودێریان دەکات. کە بینی بووی هاتوونەتەوە ماڵێ، ئیدی دڵی رەحەت بوو بوو هەنگێ هاتبووەوەو لە ژوورەکەدا چاوەڕوان بوو بوو کە خات شولتس و ئارشاویرش بێن، بەڵام ئەوان چوو بوونە ژوورەکەی ئارشاویر.

گوایە دوای ئارداشس بە مستەر شولتسی گوتبوو کە ئەوان لەو ژوورەن، من لە موبەقەکە بووم و خەریك بووم "گروك"م دروست دەکرد، ئاڵمانییەکان، بە تایبەتی لە شەوی سەری ساڵدا زۆریان حەز لەم شەرابەیە (گروك). شەرابی سوڕو تۆزی روم و قەندو دارچین و مێخەك تێکەڵ دەکەن و دەیکوڵێنن و دەیخۆن، من مژۆل بووم کە بینیم لە پڕ دەنگی مستەر شولتس بەرز بووەوە. دەرگاکان دران بە یەکاو ئەو بە غاردان وەدەر کەوت، هەوەڵجار چووە ژوورەکەی خۆی بەڵام نەك

دەست بە دیوار، نەخێر، رای دەکرد، من ئاگام لە هیچ نەبوو، لە پڕ دەنگێکی ترسناکم هاتە گوێ، شولتس لە ژوورەکەی ئارشاویردا سێ گوللەی یەك لە دوای یەکی تەقاند بوو، کاتێ چوومە ژوورەکە، دیتم کوڕەکەم و خات شولتس لەسەر عاردی کەوتوون. چاوانی مستەر شولتس کرابوونەوەو دەی بینی، بەڵام کە چاوی بە من کەوت دەستی خستە سەر چاوەکانی تا ئەم وەزعیەتە نەبینێ".

*   *   *

شەوێ کە دەمویست بۆ لای هاوڕێکانم بڕۆم، چاوێکم بە ناو ژوورەکەدا گێڕا، هەمان ئەو دوو چەپکە گوڵە وشکەوە بووە لە وێ بوو. هاوڕێکەم هات، پرسی ئاخۆ کاری ژوورەکە تەواو بووە، من دەگەڵ خاوەن ماڵەکەدا قسەم لێکردووە یان نا؟ گوتم: "لەو ماڵەی ئێمەدا ژووری بە تاڵ نییە، یەك ژووری بەتاڵ هەیە، بەڵام خاوەن ماڵەکە بەکرێی نادات".

تاران – ئازەر ١٣١٣ ((١٩٣٤))

قوربانی

دارو درەختان تازە چرۆیان کردبوو، دویٚ شەو تەپو نمێکی کردبوو، لیٚ ئەمڕۆ دنیا ساف و گەش بوو. خوسرەو لە سەر چرپاکەی کەوتبوو. دوای سیٚ دانە مانگ نەخۆشی و لە جێدا کەوتن ئەمڕۆ بۆ یەکەمجار دەرگای ژوورەکەی کردبووەوە.

دەمو چاوی ساف و چاوانی خومارو مات دەینواند. لەبەر پەنجەرەکەداو دەنێو حەوشەدا سیٚ دانە مریشك بە دەم چینە کردنەوەو بە لاقان خۆڵی باخچەکەیان هەڵدەدایەوە. مریشك و کەڵەشێرێك چوونە قەراخ حەوزەکە، ئاویان دەخواردەوەو دوای قووتدانی هەر دڵۆپە ئاوێك سەریان بۆ لای یەکدی وەردەسوڕاندو تەماشای یەکتریان دەکرد.

من لە قەراخ چرپاکەی خوسرەو رۆنیشتبووم. دەمیٚ بوو قەبوڵی نەدەکرد کەس بدینیٚ، بەڵام من هەموو هەفتەیەك یەك دوو جاران بۆ هەواڵپرسین دەچوومەماڵیان. قسەم دەگەڵ دایکی دەکرد، ئەمڕۆکە نازانم چۆن بوو کە قبوڵی کرد بچمە لای، گوتم: "شوکر حاڵت باشترە، هەمووی دوو سیٚ رۆژی ترەو ئیدی هەڵدەستیتەوە".

چونکە هیچ وەڵامێکی نەدامەوە، لەسەری رۆییشتم: من تا ئێستا چەندین جار هاتوومە هەواڵپرسینی تۆ، هەمیشە هەواڵم لە دایکت پرسیوی."

گوتی: "بەڵیٚ، دەزانم". ئەوجا بەرەو حەوشەکە تلێکی دا، پێدەچوو قسەکانم ماندووی بکەن.

پشیلەیەکی رەش هاتبووە دیار حەوزەکەو بە چنگەکانی ئاوەکەی دەشڵەقاندو دەیویست ماسیەکان خڕ بکاتەوەو ئەوجا پڕیان بداتیٚ و رایان رفێنیٚ.

خوسرەو هەمدیس بەرەو لای من تلی داو گوتی: "بۆچی کتێبێکی تازەم بۆ نایەنیٚ؟ دکتۆر لیٚی قەدەغە کردووم کە کتێب بخوێنمەوە، گوایە ئەم پیاوە شتێتی لە گەڵە".

- تۆش نابیٚ لەزیٚ بکەی، ئارام بگرە هەمووی چەند رۆژێکی ترەو چاك دەبیتەوە.

خوسرەو کۆکە گرتی و پاش ئەوەی لەگەنەکەی لە دەمی نزیك کردەوە، گوتی: "تۆ دڵنیایت؟"

- بەڵیٚ، زۆر دڵنیام، چونکە متمانەم بەم دکتۆرە هەیە، خۆ هەر بە رەنگ و رووتیشا دیارە، ئەمڕۆ رەنگت ساف و دەمو چاوت گەشە.

خوسرەو، وەکو یەکێك بە زەحمەت بتوانیٚ بیر بکاتەوە، برۆکانی وێك هێنانەوە.

- لە کەیەوە چارەسەری سیلیان دۆزیوەتەوە؟

گوتم: "سەبارەت بە تۆ سیل لە گۆڕیٚ نییە، تۆ سەرمات بووەو تەنیا لەبەر پارێز نەکردن تووشی سینەپاڵوو ژان و برکی بە درێژا بووی".

- "بۆچی بە خۆڕایی گەنگەشە بکەین؟ من تاقەتم نییە"

هەمدیس رووی لیٚ وەرگێڕام.

بە ئێسکە دەرپەڕیوەکانی گۆنای دا دیار بوو کە مردن قوربانیەکی تازەی پەیدا کردبوو. بەڵام ئەم بیرە بە هیچ کلۆجیٚ لە مێشکی مندا جیٚی نەدەبووەوە، ئاخر چۆن دەبیٚ خوسرەو بمریٚ؟ چۆن

من باوەڕ بکەم؟ چەند گەشبین بوو، چەندی هیواو خۆزی لە دڵدا بوو. لە ناکاودا بیری مەرگ بە شێوەیەکی سامناك لەبەر چاوما بەرجەستە بوو. بەهەر حاڵ خۆ سیل تەنیا هۆیەکەو هیچی دی. لەوەیە خوسرەو بە کۆڵانێکا بڕوات و پارچە خشتێکی پیٚ بکەویٚ و بیکوژێت، کە بیرۆکەیەکی ناخۆشە. بە دەنم لەرزی، خوسرەو بەم لاویە، بەم هەموو بیرەوە، بەم هەموو هێڤی و خۆزیایەوە. خوسرەو بەم هەموو هەستە ناسکەوە دەبیٚ بمریٚ. هەر هەموو بوونی ئەم لاوە فەوت دەبیٚ. هیچ شوێنەوارێکی نامێنیٚ، روحی دەمێنیٚ؟! بەڵیٚ، ئەم روحە دەمبەستێکە بۆ پیاوانی سەرکێش تا بە گەوجێتی بمێننەوە، ئەوەی راستی بیٚ خوسرەو لەوەتای کە لە جێگەدا کەوتبوو، یەکجار گۆڕا بوو. جاران لەگەڵ دۆست و برادەراندا چەند گەش و رووخۆش بوو، سوعبەتو گاڵتەی دەکرد، بە هەمووانی رادەبوارد، هەموو کەس بە کەسێکی سەرڤە سەرڤە و ناجدیان دەزانی، بەڵام درەنگانی شەو کە بە دوو قوڵی پێکڤە رۆدەنیشتین و هێدی هێدی پێکە شەرابمان هەڵدەداو بیٚ ئەوەی زار هەڵێنین، زەق زەق تەمەشای یەکترمان دەکردو ئەو پەڕە کاغەزێك یا پاکەتی جگەرەکەی خۆی ورد ورد دەکرد، یان کاتیٚ کە پاش شەراب خواردنەوە گوێمان لە بەکرەی گرامافۆن دەگرت، لەم جۆرە کاتانەدا خوسرەوی راستەقینە دەردەکەوت. من دەمزانی کە ئەو چیە، ئەوسا دەردەکەوت کە ئەم بەشەرە بیٚ موبالات و خەمساردو بیٚ فیکرە، لە راستیا چەند شەیداو تامەزرۆ پڕ هێڤی بوو، ئەو خەڵکی بە شایستەی ئەوە نەدەزانی کە قسەی جدیان دەگەڵ بکریٚ. هەر جاریٚ کە یەکێك لە دۆستەکانمان ژنی دێنا، ئەو دەیگوت: "فلان کەس بووە بە خاوەن ژن، سەنگین و رەنگین بووە، وا چاکە چەند بەردێکی دیکە بخاتە گیرفانی تا سەنگین تر ببیٚ".

لە کۆتایی شەوان دا کاتیٚ کە کەسی ترمان لەگەڵ دا نەدەما، هەمان بابەتی بە جۆرێکی دی دووبارە دەکردەوە. "تۆ بیر بکەوە پیاو ژن بیٚ، بۆ نموونە کیٚ، کیژی فلان بازرگان، یا فیسار سەرۆك دایەرە، یان فلان وەکیل، تۆ پێت وایە لەم رەمەکیانە باشترن؟ بهێنە بەرچاوت کە پاش نان خواردن بیانەویٚ قرقێنە لیٚ بدەن، یان شەویٚ بیانەویٚ گویٚ لە بەکرەی زینەتول ملوك بگرن، ئیدی بۆ هەتاهەتایە ژیانت لەبەر چاو دەکەویٚ".

سەرباری ئەم تەوس و توانجانەو وێرای ئەم بێزارییەش، من دەمزانی کە بە خۆیشی چەند ئاشقە ژنە... جارێك لە هەندەران ئاشقێنی دەگەڵ کیژێکدا کردبوو... ئەم ئاشقێنیەی هەزار جارو بە هەزار و یەك شێوە بۆ من گێڕا بووەوە.. جا ئێستا ئەم خوسرەوە دەبیٚ بمرێت!

لە کاتێکا کە من زەق زەق دەمڕوانیە ئاوی سەوزباوی حەوزەکە، دیتم پاچڤەیەکی فەڕەنسی شوپنهاوەری لە ژێر بالیفەکەی دەرهێناو کەمێکی هەڵدایەوە.

کاتیٚ کە خوا حافیزیم لە خوسرەو کردو دەمویست لە ژوورەکەی وەدەرکەوم، سەیرم کرد دایکی لە ژوورەکەی تەنیشتەوە کز کوڵەی کردووەو لەسەر عاردی دانیشتووەو عەباکەی لەسەرو چاوی توند کردووە، گویٚ لە قسەکانی ئێمە دەگرێت، هەر کە منی بینی، لە جێی خۆی هەستا، من سلاوم لێکرد، هەنگیٚ بۆ ژوورێکی دوورتری بردم و کەوتە دەردە دڵ.

- ئاغا، خوسرەو تەنیا بە گوێی تۆ دەکات، کارێ بکە کە تۆزێ بە ڕێنوێنییەکانی دکتۆر بکات، ئێمە چەندی پێ دەڵێین، گوێی لێ نیە.

گوتم: "خانم، دەبێ زۆر مەدارای خوسرەو بکەن، زۆر هەستیارو دڵناسکە، تا دەتوانن بە دڵی ئەم بجوڵێنەوە".

- ئاغا، ڕەنگە بە خۆت بزانی، لەمماڵەدا هیچ کەسێك بێ دڵی ئەو ناکات. لەم ماڵەدا کەس قسە لە قسەی ئەو ناکات. ڕێی کەسمان نادات بچینە ژوورەکەشی.

دەمویست شتێکی دیکەش عەرزی با خزمە تتان بکەم. نزیکەی یەك مانگە کە کیژێك هەموو ڕۆژێ بۆ ئێرە دێ، من نایناسم، لێ خوشکەکانی ئێژن کە کچی ماڵێکی باشە. رای سپاردووم کە هەر کاتێ هات ڕێی نەدەم –ئاخر ئەمە باش نییە. جا ئەم بەدبەختە، بە هەر زمانێ کە دەمانەوێ ئەمەی تێ بگەیەنین، دەستبەردار نابێ و نابێ. هەموو ڕۆژێ ئەم حەلانە دێتە هەواڵپرسی. تۆ کارێکی وەها بکە کە خوسرەو بە خۆی پێی بێژێ کە ئیتر نەیەت.

لێم پرسی: "نێوی فروغ نیە؟".

- با، ڕاستت گەرەکە، ئێمە شەرم دەکەین.

من لە فکران ڕاچووم و ئیدی کەمتر ئاگام لە قسەکانی داکی خوسرەو ما، کە پڕ لە دەردە دڵ و سکاڵا بوون لەم خوو ورەفتارە مەنگەی کوڕەکەی و هەروەها لەمەش دڵگران بوو کە بۆچی خوسرەو تا ئێستا دەربارەی ئەم کیژە قسەی دەگەڵ ئەودا نەکردووە. لە قسەکانیا ئەمە بە دیاردەکەوت کە ئەگەر بە دەستی من بوایە، دەمێ بوو ڕێگەی ئەم ماڵەم لێ گرتبوو، لێ حەیف و مەخابن خوشکەکانی نەیان دەهێشت. کە میهرومەحەبەتی ئەم دایکەم دەرهەق بە خوسرەو لە خەیاڵی خۆدا بەرجەستە کرد، قسەیەکی خوسرەوم بیر کەوتەوە کە ڕۆژێك بە منی گوت: "ئایا دەشێت میهرو مەحەبەتیش لە دنیادا ببێ بە مایەی دەردی سەری بنیادەم؟".

ئەوسا گوتی: "دکتۆر دوێنێ دەیگوت کە شوکر بۆ خوا خوسرەو حاڵی باشتر بووە، ئەگەر زۆر پارێز نەکات و ئەم نەخۆشیە ساڵێکی تر لەم کاتانەدا دووبارە هەڵبداتەوە، یەکجار ترسناکە. ئاغا هەوڵێکی لەگەڵ بدە کە ئیتر ئەوەندە کتێبان نەخوێنێتەوە".

لە شووشەی پەنجەرەکەوە دیتم کە خوسرەو لە ژوورەکەی وەدەر کەوتووەو لەسەر قاڵدرمەکانی نێو حەوشە ڕۆنیشتووە.

دایکی کوڕسیەکی بۆ برد. منیش چوومە نێو حەوشەو لەلایەوە وەستام، پێی گوتم: "چەند هە تاوێکی خۆشە!".

دایکی گوتی: "خوسرەو خان، خۆت باش داپۆشیایە". خوسرەو ڕووی کردە منو گوتی: "بەڕاستی بە هار گیانی تازە وەبەر هەموو کەسێکدا دەکات، ئەم شمشادانەی ماڵی ئێمە تا دوێنێ ڕەش و بێ ڕەنگ بوون، ئەمڕۆ لە پڕ گەڵاکانیان سەوزو ناسك بوون. تەنانەت ئەوانەشی کە لە پایزی بوری دا مردوون، هەنووکە دووبارە دەژێنەوە".

لە ڕاستیدا ئەمە حاڵەتی ئاسایی خوسرەو بوو. حەزی لێ بوو هزرو خولیای شاعیرانەی خۆی بە شێوەیەکی سادەو هەمە فام دەر بڕێ. لێ هەندێ جار هەمان ئەم بیرانەی بە تەوسبازی و

تەنزەوە دەگوت. ئێستا سیماو دەمووچاوی حاڵەتێکی ترسناکی لە خۆ گرتبوو. ئایا لە پشت دەرگاکەوە گوێی لە قسەکانی ئێمە بوو بوو؟ وام دێتە بەرچاو کە ئەم خوسرەوەش لە مەرگ دەترسێت، ئەم خوسرەوەی کە تا ئێستا دوو جاران هەوڵی خوکوژی دا بوو و نەمرد بوو.

پاڵتۆیەکی خوری بە شانیادا بوو، سەری لە یەخە بەرزەکەی خزاند بوو و لەسەر کورسیەکە لەبەر هەتاوەکە دانیشتبوو. دایکی کە هەستی کرد ئێمە گەرەکمانە بە تەنێ بین، رۆیی. لێ خوسرەو هیچ قسەیەکی نەدەکرد، حەوت هەشت چۆلەکە لەبەر پێی ئێمەدا، لە باخچەکەدا یارییان دەکرد، دەنگی جریوە جریوی ئەوان و دەنگی دەسکاوەنێك کە دەکەوتە سەر گۆشتی نیوە کوتراوی نێو هاوەنێك، تاقە دەنگ بوون کە دەهاتنە گوێمان.

خوسرەو گوتی: "دەگەڵ دایکمدا باسی چیتان دەکرد؟ بێگومان باسی فروغ. ئەم کیژە تا ئێستا هەزار کەڕەتی بە من گوتووە: خودایە من بە قوربانی تۆ بم، خودایە مەرگم پێش مەرگت بکەوێ. هەر بۆ ئەوەی من روویەکی خۆشی بدەمێ: چۆنە تاقی بکەینەوە، بزانین دەتوانێ خۆی بکاتە قوربانی". چاوە درێژکۆلەکانی خوسرەو لەم ساتەدا کە خڕ هاتنە بەرچاوم، لە تۆ وایە جۆرە زبرییەکیان لێ دەتکا.

– باش لە نیازو مەبەستت ناگەم.

خوسرەو پێکەنی و گوتی: "مەبەستم ئەوەیە کە رۆژی جەژنی قوربان لە جیاتی مەڕ فروغ بکەینە قوربانی".

لەوەیە خەڵکی هەقیان بێ کە دەڵێن، خوسرەو شێت بووە، جا بۆ ئەوەی لەوە پتر درێژە بەم بابەتە نەدا، خوا حافیزیم لێکردو رۆییشتم.

نزیکەی سەعات و نیوێکی بۆ نیوەڕۆ مابوو، کە لە ماڵی خوسرەو وەدەرکەوتم، هێشتا چەند هەنگاوێك نەرۆییشتبووم، ژنێکم بینی کە بەرەو ماڵی ئەوان دەچوو. هەر چەندە سەروچاوی داپۆشی بوو، ناسیمەوە کە فروغ بوو، لەسەری جادەکەدا ماوەیەك وەستام، بەڵام ئەو هەر نەهاتە دەرەوە. دیار بوو کە خوسرە و پێشوازی کردووە. لە راستیدا ئەم قسانەی دوایی خوسرەو خستمیانە گومان و خەیاڵەوە. خوسرەوو من ساڵێك لەمەپێش لە میوانیەکدا لە ماڵی یەکێك لە ناودارانی شاردا فروغمان ناسی. ئەو رۆژە فروغ جلێکی پولەکەی پەمەیی لەبەردا بوو، قژی ساف بۆ خوارەوە شانە کردبوو، و گودلەیەکی چەتر ئاسای لەسەر تەوێڵی دانا بوو، کە خانە خوێیەکەمان، خوسرەو منی بەوو بە دایکی ناساند، فروغ سوور بووەوە، گوایە ئەوە یەکەمجاری بوو کە لە مەجلیسێکی وا گەورەدا بەبێ چارشێو دەرکەوتبوو. هەروەها فروغ لەو رۆژانەدا کارنامەی پۆلی یازدەیەمی وەرگرتبوو و خوێندنی تەواو کرد بوو. لە کاتی فراڤیندا فروغ لە نێوان من و خوسرەودا رۆنیشتبوو. وا دیار بوو پەزێرایی ئێمەیان بەو سپاردبوو، بەڵام من لە ژێرەوە دەم بینی کە فروغ بە خۆی شپرزەو دەسەپاچە بوو، لەوە دەچوو بەکارهێنانی چەقۆو چەتاڵ و کەوچکی گەورەو بچووك و دەستەسڕی سپی کە کەللە شەکر ئاسا بە دەوری قاپەکانیانا دانا بوو، بۆ ئەو کارێکی زەحمەت و ناخۆش بوو.

خوسرەو ئەو رۆژە بە پێچەوانەوە زۆر کەیف سازو رووخۆش دەهاتە بەرچاو، بەڕای من زەخیرەی یەك مانگی دیکەی سوعبەت و رابواردنی پەیدا کردبوو. لە کاتێکا کە فروغ زۆر شەرمنانە دانیشتبوو، خوسرەو لە هەموو لایەکەوە و لەگەڵ هەموو کەسێکدا خەریکی قسەو باس و پرسیارو وەڵام بوو، لە ناکاودا روویکردە من و گوتی: "من و تۆ دەبێ خۆشحاڵ بین کە فروغ خانمیان کردووە بە هاوسێمان". فروغ لە بەرانبەردا، بۆ ئەوەی فرە وێڵ و ماریفەت بنوێنێ گوتی: "بە پێچەوانەوە، من سەر بەرزم بەمەی کە بووم بە هاوسێی کەسانی مەزن".

دوای فراڤین من و خوسرەو رۆنیشتبووین و یاری شەترەنجمان دەکرد، هەندێك لە میوانەکان لە ژوورەکانی دیکەدا یا چاپان دەخواردەوە یان قسەیان دەکرد. وا دایار بوو زۆربەی قسەوباسەکان دەربارەی خوسرەو بوون. چونکە لەو رۆژانەدا خوسرەو کتێبە بەنێوبانگەکەی بڵاو کردبووەوە. هەمان ئەو کتێبەی کە بە دوایەمین بەرهەمی ئەو دژمێردرێ. دایکی فروغ لەولاوە دانیشتبوو و خانەخوێیەکەمان کیژەکەی بۆ لای ئێمە هێنا، کتێبەکەی خوسرەوی بە دەستەوە بوو و دەیخوێندەوە، لە پڕ بۆ ئەوەی خوێنەواری خۆی بنوێنێ و پرسیارێك بکات کە لە کیژێکی خوێنەواری خودان دیپلۆمی ئامادەیی بوەشێتەوە، پرسی: "ئاغا ببورن لێرەدا فەرمووتانە: روناکی چراکە کە لە ژێر چەترە سوور رەنگەکەیەوە دادەچۆڕا، شەقڵ و حاڵەتێکی رەمزی و ئەفسانەیی بە ژوورەکە دەدا. مەبەست چییە؟".

خوسرەو ئەسپەکەی هەڵگرتبوو دەیویست حەرەکەتی پێ بکات، لێ بۆ چەند ساتێك بە دەم بزەیەکەوە تێفکری و گوتی: "مەبەست ئەمەیە کە فروغ خانم لوتفێ بکات و چاپەك بە ئێمەش بدات".

فروغی داماو بەم وەڵامە نەگونجاوە کەمێك سورهەڵگەڕاو رۆیی، پاشان خوسرەو بە منی گوت: "بینیت؟ لە تی تۆیە".

پاشان فروغ و دایکیمان لە "کافەتریای لالەزار"دا هەندێ جار بە چارشێوو هەندێ جار بێ چارشێو دەبینی. دایکی فروغ بە شێوەیەکی گشتی حەزی لێ بوو کیژەکەی دابمەزرێنێ. خوسرەو کوڕێکی قۆزو لە بنەماڵەیەکی باش بوو، ئێستا کارو پارەی نەبوو، ئەمە گرینگ نەبوو، چونکە ئەوان پێویستیان بە پارە نەبوو، تاقە شتێك کە ئەوی نیگەران کردبوو، ئەمە بوو کە خوسرەو لە ماڵەوە زۆر ئاکار نا پەسند بوو، ئەمەی لە رێگەی ژنانەوە ژنەوتبوو، ئەوەش شتێکی وەها نەبوو، لەوەیە لەگەڵ ژنەکەیدا نەرم و ملایم بێ.

پاشانیش فروغ کە شوێنەکەی ئێمەی پێدەزانی، هەندێ جار بە تەنێ بۆ کافەتریای لالەزار دەهات و لەم کاتانەدا خوسرەو لە بەینی سەعات حەوت بۆ هەشت بە گەلێ دەکەوت و بۆ ماڵی دەگەیاندەوە، بەڵام هەندێ جاریش رێك دەکەوت کە خوسرەو هەستی بکردایە کە لەوەیە فروغ بێت. پێشتر دەڕۆیی، یان منیشی لەگەڵ خۆیدا دەبرد. هەموو پەیوەندییەکی من و خوسرەو لەگەڵ فروغ دا تا کاتی نەخۆشکەوتنەکەی خوسرەو هەر ئەمەندە بوو.

لەم ماوەیەدا خوسرەو بۆ یەکەمین جار فروغ دەبینێ و فروغ کاتێ کە بۆ ماڵی ئەوان دەچوو رووی لە من وەردەگێڕا، خۆی لێ دەشاردەوە. وا دیارە بە دایکیشی ناڵێت کە بۆ ئەوێندەر

دەچێت. فروغ خوسرەوی زۆر خۆش گەرەکە. گرینگ ترین شت ئەو قسەیە بوو کە ئەمڕۆ خوسرەو دەربارەی فروغ کردبووی. ئاخۆ مەبەستی چ بووە؟ کۆمەڵێك بیرو ئەندێشەی پەرت و بڵاو کە بە هیچ کلۆجێ نەمدەتوانی پێکیانەوە گرێ بدەمو بیانبەمەوە سەریەك بە زەین و مێشکم دا دەهات. تا دوو سێ ڕۆژ بۆ ماڵی خوسرەو نەچووم، بەڵام دڵ پەشێوی ئەو بووم، ڕۆژێك بە بەرماڵی فروغ دا ڕەت دەبووم، لە خۆڕا لە دەرکەمدا، نۆکەرەکەیان گوتی: "خانمان لە ماڵ نینە".
کە گەڕامەوە ماڵێ سەیرم کرد خوسرەو کاغەزێکی ناردووە کە بە زووترین کات خۆم بگەیەنمە لای ئەو.
خوسرەون پۆستین لەبەر، لەسەر کورسیەك لەبەر هەتاوەکە لە نێو حەوشەدا ڕۆنیشتبوو، لق و پۆپی ئەو دار زەردەلوەی کە تازە شکۆفەی پەمەیی کردبوو، سێبەریان خستبووە سەر سەری. خوشکە بچووکەکەی لەلایەوە دانیشتبوو و لالەنگی بۆ پاك دەکرد. خوسرەو گوتی: "دەك بە خێرێی، خێرو خۆشیت هێنا".
– هەر بژی، خێرو خۆشیت بێتە ڕێ.
بزەیەکی کرد، ئەوجا بێدەنگ بوو، ئەم زەردەخەنەیە یەکێك بوو لە سیفەتە تایبەتەکانی ئەو. من پەلەم بوو، بەڵام ئەو عادەتی وابوو هەموو شتێکی بە سەبرو خوێن ساردی وەردەگرت، خوشکەکەی بزەیەکی کردو ڕۆیی.
– فەرموو لالەنگی بخۆ.
– خوا سایەتان کەم نەکا.
– بارەکەڵڵا، بە ڕاستی فێری ماریفەت بووی.
من وەڵامێکی لە بارم نەدۆزییەوە، خوسرەویش حاڵەتێکی جدی لە خۆ گرت، لێم پرسی: "ئیشی چیت پێم بوو؟ ئێستا کە چوومەوە ماڵێ کاغەزەکەم بینیت".
– کارێکی وام نیە، دەمویست سەبارەت بە زەماوەندی خۆم قسەت لەگەڵ بکەم.
بە پەلە پەل پرسیم: "تۆ؟ زەماوەند؟ لەگەڵ کێدا؟"
– لەگەڵ فروغ.
– لەگەڵ فروغ؟
– دیارە زۆرت پێ سەیرە، بۆچی؟ مەگەر نابێ من ژن بێنم؟.
بە چاوە درێژ کۆڵەو دەموچاوە سێ گۆشەکەیەوە، بزەیەکی غەریبی دەکرد. پشتم بە کورسییەکەوە دا، لاقم خستنە سەر لاق و گوتم: "موبارەکە".
بەڵام لە دڵی خۆمدا هەزارو یەك بیری ترم کردەوە: ئاخر مەگەر تۆ نەخۆش نیت. تۆ سیلت نیە، فروغی داماو چ گوناهێکی هەیە کە تۆی ناسیوە. خوسرەو لەبەر چاوم مەحو بووەوە، گۆنای بەرجەستەی ئێسکەپەیکەری مردوویەك لە جیاتی خوسرەو لەسەر کورسییەکەی بەردەمم هاتە بەرچاوم. فروغ دەستە ناسکەکانی بەسەر ئەم ئێسکانەدا دێنا... خوسرەو کورسییەکەی خۆی لێ نزیکتر کردمەوە و گوتی: "هەست دەکەم کەمێك سەرت لەم کارە سوڕدەمێنێ، و ئەم هەڵوێستەی من بە زبرو نالەبار دەزانێ، تۆ دەزانی من چ دەردو ئازارێ دەکێشم؟ تۆ دەزانی من

چۆن دەسوتێم؟ بۆچی دەبێ لە تاق لاویدا بمرم؟ هەر لەبەر ئەوەی لە خەڵکانی تر باشترو باڵاترم. هەر لەبەر ئەوەی من زیاتر شت دەبینم و تێ دەگەم. من کە خەڵکی دەبینم لەزەت دەبەن. ناڕەحەت دەبم، ئازار دەکێشم... ئەوجا بە چ مەعلومە کە من دەمرم. بەڵکو باشتر ببم. لەوەیە زەماوەند بۆم ببێ بە شیفا، تۆ بە خۆت دەڵێی کە من سیلم نییە، من نەخۆشییەکەم تەواو بووە. بە چیا دیارە کە فروغ لەگەڵ مندا بەدبەخت دەبێ، لەوەیە بەختەوەر ببێ".

ماوەیەك قسەی کردو من هەر سەیرم دەکرد. دوا قسەکانی ئەمە بوو: "بۆ دەبێ من بەرگری لە خۆم بکەم. ئەو هێزەی منی تووشی سیل کردووەو دەخوازێ بمکوژێت، هیچ بەرگرییەك لە خۆی دەکات؟ منیش هێزێکم بۆ خۆم دەبێ مەیدانێ بۆ باڵەفڕکێی خۆم بدۆزمەوە.

قسەکانی قەناعەتیان پێنەکردم. بەڵام راستی دەکرد. قسەکانی کاریان لە دڵم کرد. بە هەر حاڵ ئەو ترسەی کە زەماوەندی ئەو لە هەوەڵەوە لای دروست کردم، بەرە بەرە رەوییەوە، بەڵام من دڵتەنگی شتێکی تر بووم، دەترسام کە هەموو نەخشەکەی خۆی بۆ باس نەکردبم، بە هەر حاڵ هاتمە رەدا، پێشتر بە خۆی قسەی دەگەڵ فروغ کردبوو، دایکی خوسرەویش بەم زەماوەندە قایل بوو بوو و ئامادە بوو هەموو یارمەتیەکی بدا، دکتۆریش ئەم زەماوەندەی پەسند کردبوو، بەڵام بە پارێزەوە گوتبووی: "لەگینە بۆ خوسرەو زۆر باش بێ، لەوەشە بۆ هەردووگیان ترسناك بێ". خوسرەو نەخشەکەی خۆی بەمجۆرە بۆ من باسکرد: "بڕیارم داوە ئەو موڵکەی کە لە شەهریاردا بە میرات بۆم ماوەتەوە، بفرۆشم، نزیکەی دە- دوانزە هەزار تمەن دەکات، بەم پارەیە لە گەیلان یا لە لا هیچان و یان لە نزیکی دەریادا پارچە زەوییەك دەکڕم و لەوێندەر خانوویەك دروست دەکەم و خەریکی فەلاحەتی دەبم. بەڵام بە نیازم کە لەم ماڵە تازەیەدا زەماوەند بکەم". منی راسپارد بوو کە دەگەڵ دایکی فروغ دا قسە بکەم.

ئەنجام هەموو ئەم کارانە نزیکەی هەشت مانگ و نیوی برد، دایکی فروغ ئەگەرچی بە رواڵەت کەمێك نیگەرانی ئەمە بوو کە خوسرەو نەخۆشە، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی و لە دڵەوە ئەم ویساڵەی پێ خۆش بوو. دایکی خوسرەو لەبەر ئەمەی کە کوڕەکەی دڵی خۆش بوو و هەندێ جاریش رێدەکەوت دەگەڵ ئەودا پێ بکەنێ، زۆر شاد بوو. هەقیشی بوو، زەماوەندی کوڕان و کیژان بۆ باوکان و دایکان یادەوەرییەکی زندووی زەماوەندی خۆیانە. لە رودسەر، لە کەناری دەریادا خانوویەکی هاوێنە کە روو لە دەریاو بەرهەیوانێکی پانی هەبوو و بەردەمەکەی یەکپارچە شووشەبەن بوو، هاتە دامەزران، من و خوسرەو سێ مانگی هاوێن خەریکی دروستکردنی بووین، بە شێوەیەکی کاتی ئەو خانووە کردرا، خوسرەو قەناعەتی وابوو کە زەویەکە پاشان کە لەگەڵ خەڵکی ناوچەکەدا ئاشنایەتیمان پەیدا کرد، دەکڕین. ئەوپەڕی دیقەت و وردەکاری لە بونیاتنانی ئەم خانووەدا بەکار برا، بەڵام داواو دەستوورەکانی خوسرەو بە جۆرێ بوو کە خانووەکەی زۆر بە سام دەنواند.

کەلوپەل و تفاقی خانووەکەمان لە باشترین موغازان و بە باشترین زەوق و سەلیقە کڕی. من کە دەڵێم باشترین زەوق و سەلیقە، هەڵبەتە زەوق و سەلیقەی من نەبوو، موبێلەی نەرم، مافووری بە نەخش و نیگاری جوان، پەردە پەنجەرەی حەریر، چلچراو قەندیلی برونزکاری ئەسفەهان، پایە

چرای لە داری بتەو دروستکراو، هەموو ئەمانە ئەگەرچی جوان بوون، بەڵام خوسرەو رەنگی سەیری هەڵدەبژارد، پتر لە دوو هەزار تمەن بۆ کەلوپەل و تفاقی ژووری نووستن کە خوسرەو (پەردو)ی ناو نابوو، خەرج کرا. رەنگی تێکڕای کەلوپەلو تفاقی ئەم ژوورە زێڕین بوو. بەڵام دەیڵێمەوە، ئەمە سەلیقەی من نەبوو. رۆژی هەژدەی بەهمەن چونکە لە تەقویمدا نووسرا بوو کە زەماوەندو زەوجین لەم رۆژەدا موبارەکە، بوك و زاوایان لە ماڵی دایکی فروغ دا لێکدی مارە کرد. هەر ئەو رۆژە فروغ و خوسرەو بەرەو رودسەر وەڕێکەوتن.

دوای دوو رۆژ دایکی خوسرەو و داکی فروغ و من بە سواری ئوتۆمبیلێکی (هودسن) بەلا هیجاندا تیٚ پەڕین. قەرار وابوو کە بووك و زاوا دەمەو ئێواریٚ بچنە خانووی تازەوەو ئێمە بۆ بەیانی بگەینە ئەوێندەر. لە رێگەدا بایەکی توندی دەهات، بایەکە پارچە بەفری سەر درەختەکانی بە ئاسماندا دەبرد. ئەو نەعرەتەو گڤ و هورەی کە مەعلوم نەبوو لە گەرووی بایەکەوە دێتە دەریٚ یان لە جەرگەی سروشتەوە، کارێکی غەریبی لە گوێی گوێدیرا چیٚ دەکرد، دایکی فروغ و دایکی خوسرەو پێدەکەنین، بەڵام من پێشبینی بەڵایەکم دەکرد، دڵم بیٚ ئۆقرە بوو، ئوتومبیلەکە بە جادەیەکی گڵی پڕ لە بەفرا تیٚ دەپەڕی و سات بە سات لەو خانووەی نزیك دەکردینەوە کە ئەمڕۆکە لەبەر چاوی من سامناك بوو بوو. سەعات نۆو نیو ئوتومبیلەکەمان لەبەر ماڵەکەدا وەستا. دەرگا کراوە بوو :بۆچی هیچ کارەکەرو خولامێك دیار نەبوو؟! بە پێچەوانەوەی تەمای خۆمانەوە، هیچ کەسێك لە دالان و راڕەوی خانووەکەوە نەهاتە پێشوازیمان. هێشتا چراکەی دویٚ شەو دەسوتا، دوو کەڵی دەکرد. لە رۆژێکی وادا کە دەبیٚ ئاهەنگی زەماوەند بگێڕدریٚ، هەق نەبوو ئەم ماڵە بەمجۆرە کڕو کپ و خامۆش بیٚ، بە قالدرمەکاندا چووینە سەرەوە. لە دالانی قاتی یەکەمدا کابرایەکی ئەرمەنی کە کەمانەکەی بە دەستەو گرتبوو و یەخەی کرا بووەوە، لەسەر کەرەویتەیەك بە دەم خەوەوە دەی پرخاند. لە هۆڵە گەورەکەدا چەند بۆتڵ و پەرداخان لە عاردی کەوتبوون. هەندیٚ لە چراکان هێشتا دەسوتان. لە بادرزێکەوە کە دیار نەبوو، بایەکی توندو سارد خۆی بە هەموو ماڵەکەدا دەکرد، و هەموو پەردەکانی هێنابووە هەلەکەسەماو چراکانی خستبووە جۆلانە، هەر جارەی یەکێك لە دەرگاکان دەکرایەوەو بە دەنگێکی ترسناك دەیدا بە دیوارەکاندا. من گوێم بە ژنەکان نەدا، چونکە شارەزای ماڵەکە بووم. هەوەڵجار خۆم بە ژووری نووستنەکەدا کرد، لێفەکانی سەر تەختە خەوەکە پەرش و بڵاو درابوو بە یەکا. کەس لەویٚ نەبوو. بایەکە لە هەیوانەکەوە دەهات. بەپەلە چووم بۆ ئەویٚ تا پەنجەرەکە پێوەبدەم. بایەکی توند دەهاتە ژووریٚ و پروشە بەفران بە ئاسمانەوە دەرەقسین. لە پەنجەرەکەوە دەریا دیار بوو. ئاوەکە کەف کردبوو، شەپۆلەکان بە توندی سەریان بە دیواری خانووەکەدا دەکێشا، لە تۆ وایە دەیانەویٚ ئەم ماڵە لە بناغەوە هەڵتەکێنن، ژێرو ژووری بکەن. فروغ لە نزیکی پەنجەرەکەدا بە عەزیزی سپییەوە، بە قژی پەخش و پەرێشانەوە لە عاردی کەوتبوو. وامزانی مردووە، جوڵەی نەدەکرد، بەدەنی دەتگوت سەهۆڵە، لاقەکانی سڕ بوو بوو. کە لێی نزیك بوومەوەو لە عاردیم هەستاندو روانیمە دەموچاوی، بە چاوەکانی ئاماژەی بۆ دەریاکە کرد.

*　　　　　*　　　　　*

دوای ساڵێك (فروغ)یش به نەخۆشی سیل مرد، ئەو بوو بە قوربانی هەمووان، ئەم بوو بە قوربانی ئەو!

تاران– فەروەردین ١٣١٢

سەمای مەرگ

"١"

دوێنی بەیانی بردیان. دوو ڕۆژە کە بردوویانە. لە دوێنێ بەیانیەوە تاکو ئێستا گوێم بە ئاهەنگی سەمای مەرگ-Dance macabre دەزرنگێتەوە. موڕتەزا دەستی ڕەجەب عەلی ڕەجەبۆفی گرتووە، لە نیوە شەودا لە قەبرەکەی دێتە دەرێ. مردوویەکی دیکە بە ئێسکێکی دەستی کیژێك لەسەر کاژەڵەی لاوێك ئاهەنگی سامناکی (سەمای مەرگ) لێ دەدات، گۆڕەکان دەم دەکەنەوە، ئێسەپەیکەرەکان لە گۆڕ دێنە دەرەوەو بە کۆمەڵ سروودی مەرگ دەڵێن‌و هەڵدەپەڕن، مارگرێتا، بە سەروچاوی پڕ ئازار، بەڵام زندووەوە تەمەشا دەکات، دەیەوێ موڕتەزا لەم سەما دەستەجەمیە بێنێتە دەرێ.

دوێکە ئەویان برد. بە بەرچاوی ئێمەوە بردیان. ئەو کەسەیان برد کە سێ دانە مانگ شەوو ڕۆژ لەگەڵی بووین، هاو سفرەو خۆراکی بووین، ئەو کەسەیان برد کە شەڕی دەگەڵ کردبووین‌و پاشان ئاشت بوو بووەوە، ئەو کەسەیان برد کە تانەو تەشەرمان لێدا بووو پاشان تەوازۆمان لێ خواستبوو. ئەو کەسەیان برد کە لە لامانا دەگریاو دەی هێنانینە پێکەنین، ئەو کەسە کە لە نەگبەتی‌و بەدبەختیدا شەریکی دەردو خەممان بووو لە نائومێدی دا ئومێدی پێ دەبەخشین، ئەو زندانیەیان بە بەرچاوی ئێمەی زندانیانەوە بردو پێشیان نەگوتین کە بۆ کوێیان برد، بەڵام با نەشیڵێن دەزانم بۆ کوێیان برد. بردیان تا بیکوژن. حوکمی مەرگ درا بوو.

موڕتەزا ڕۆیی. موڕتەزا لە سەمای مردووەکاندا کە هەموو شەوێك لە نیوە شەوەوە تا بانگی کەڵەبەبابی بەیانی لە گۆڕستانەکەدا دەیکەن بە بەزم هەراوزەنا، بەشداری دەکات. دوا سەعاتی ئازادی ئەوم لەبەرچاوە. بە باشی دەی بینم، دەنگی دەژنەوم کە هاوار دەکات: "مارگرێتا، مارگرێتا. بە کەس نەڵێی! بە هیچ کەسێك."

من لەم چەند ساڵەی ژیانی زیندان دا - ژیان نا، زندەبەچاڵی- من لەم چەند ساڵەی زندەبەچاڵیەمدا زۆر کاندیدی مەرگم دیتووە. دیتوومە کە چۆن لە کاتی ڕاگەیاندنی قەرارو حوکمی دادگادا ڕەنگیان پەڕیوە، زرانیان شل بووەو نزیك بووە هەر لەوێدا گیانیان دەربچێت، بەڵام ئەم حاڵەتە لە چاو تروکانێك پتری نەخایاندوەو یەکسەر هێڤی‌و ئومێدەواری جێی گرتووەتەوە، ئومێدەواری بە هەڵوەشانەوەی فەرمان، ئومێدەواری بە عەفوات، ئومێدەواری بە ژێرو ژوور بوونی هەموو دنیا، تەنیا بۆ ڕزگاری ئەوانە، ئومێدەواری بە موجیزات‌و پەرجوو، نەك هەر ئومێدو هێڤیدار بوون، بەڵکو باوەڕهێنان بە پوچترین بێ ئەقڵی‌و تەسەورو وێنای ئەمە کە لەگینە شا ڕەحمی بتلیسێتەوەو ئەوانە عەفو بکات. من مەحکوم بە مەرگێك دەناسم کە شەوی بەر لە ئەنجامدانی فرمانەکە مرد. من مەحکوم بە مەرگێك دەناسم کە بەر لە تیرباران کردن ردێنی

تاشی، جلکی جوانی لەبەر کرد، خواحافیزی لە دۆستەکانی کردو پیاوانەو مەردانە بەرەو پیری مەرگ رۆیی.
من یەکێك لەو مەحکومانە دەناسم کە لە کاتی مردندا هورای دەکێشا "بژی ئێران".
من مەحکوم بە مەرگێك دەناسم کە ئاهەنگی سروودی "ڕابە ئەی داغی نەفرەت خواردوو، دنیای رووت و برسیان"ی تا ماوەیەك پاش دەست ڕێژی تفەنگەکانیش لە ئاسماندا دەنگی دەدایەوە.
بەڵام من هیچ یەکێك لەوانەم بەم نزیکییە نەدەناسی. زۆریانم دیتبوو. کەسیانیان لە نێو ئێمەوە و بە بەرچاوی ئێمەوە نەبرد، وەك ئەوەی مەڕێك لە نێو مێگەلێکدا بۆ کوشتنەوە هەڵبژێرن.
دوێنێ بەیانی سەعات حەوت و نیو بانگیان کرد. هەمان فەڕاشی پیر بە دەنگی ڕەسا هاوار دەکات. چڵمەکەی هەڵدەمژێ و بانگ دەکات: " مورتەزای کوڕی جەواد، وەرە ئاغا". تەواوێك ئەلف و غەینی "ئاغا" کە درێژ دەکاتەوە و هەرگیز بەلای ئەوەوە گرینگ نیە کە ئەم مورتەزای کوڕی جەوادەی دەنکی مارگرێتای کیژی نۆزدە ساڵە، بۆ حەپسی ئینفرادی دەبەن کە دیق کوژی بکەن، بۆ مەرەخەسی دەبەن، دەیانەوێ جەڵدەی لێ بدەن، دەیانەوێ ئەشکەنجەی بدەن، عەفوی بکەن، بۆ تاراوگەی بنێرن، بۆ پای قەنارەی بەرن یان تیربارانی بکەن، بۆ ئەو هیچ فەرقێك ناکات.
ئەو تەنیا هاوار دەکات: "مورتەزا جەواد! وەرە ئاغا" و یەکسەر دوای ئەو چەند نەفەرێکی دیکەش، لەوانە پاسەوانی قاوشی شەش و فەڕاشەکانی هەمان قاوش و دەست نێژەکانی ئەوان هاوار دەکەن: "مورتەزا جەواد."
بەڵام بەندی دڵی ئێمە پچڕا. هەندێك دەستیان بە کۆکردنەوەی شڕو شیتاڵەکانی، یان شمەکەکانی کرد.
دوای تۆزێك یەکێك لێی پرسین: " بەشمەکەوە؟ هەنگێ وەڵام درایەوە: "نە، بۆ دادگا"
دەڕۆیی کە بمرێت. بێگومان لە سێدارەی دەدەن. لەوەیە مارگرێتا لەبەر دەرگای زیندان وەستابێ و بەر لە مردن جارێکی دی یەکتر ببینن. بێگومان لەبەر زیندانیشدا، پێی دەڵێت: "مارگرێتا، مارگرێتا بە هیچ کەس نەڵێی، بە هیچ کەسێك"
مورتەزیان بۆ دادگا نەدەبرد، درۆدەکەن، بە هیچ مەحکومێك لە سەعاتی پێش مردنەکەیدا ناڵێن کە بۆ ئیعدامت دەبەین. بەدرۆ رایدەگرن.
کاتێ مورتەزا خەریك بوو لە ژوورەکەی ئێمە وەدەردەکەوت گەڕایەوەو گوتی: "دنیا بارانە، یەکێکتان کڵاوەکەیم بداتێ." چەند کەسێك کڵاوەکانیان بۆ درێژ کرد. ئەوەی منی هەڵگرت.
چ بنیادەمێکی ساویلکەیە! هەموو مەحکومانی ئیعدام ساویلکە دەبن. زەحمەتە وێنای ئەمە بکرێ کە ئەم بەدەنە، بەم پێکهاتەو بونیادەوە، بەم هزرو بیرەوە، بەم هەموو خۆزیاو ئومێدەوە، بەم هەموو ئەشقەوە دەرهەق بە مارگرێتا، دوای چەند سەعاتێکی دیکە تێك و پێك دەشکێت و هیچ شتێکی لێ نامێنێتەوە. ئەستەمە.
بۆ ئیعدام دەبرا،و دەترسا باران سەری تەڕ بکات، ڕەنگە پەشۆکا بێ. لەوەشە لە مەرگ و مردن بێ منەت بێ. وا باوە کاتێ یەکێك بۆ ئیعدام دەبەن، دەڵێن: "بەشمەکەوە" ئەوسا جلکی خەوو قەڕەوێڵەو تەختە خەوو جلك و بەرگەکەی لێ وەردەگرن و لە ئۆفیسی زندانی دادەنەن. ئەگەر

خانەوادەو کەس و کاری هەبێ، دەیدەنەوە بە خانەوادەکەی، ئەگەر نەی بێ، نازانم چی لێدەکەن. کە بەبێ شمەك و سیپالآن بردیان هەمووما‌ن تروسکەیەکی ئومێدمان کەوتە دڵ، ئایا دەشێت بۆ ئیعدامیان نەبردبێ؟

ئێستاش دەنگی لە گوێم دا دەزرنگێتەوە: "مارگرێتا، مارگرێنا، ئەمە بە کەس نەڵێی، بە هیچ کەسێك."

تۆ بڵێی مارگرێتا شتێکی بە کەسێك گوتبێ؟ ئایا شتی وا هی دەبێت؟ ئەگەر وابێ کاشکا مورتەزا دەمرد. بەلآم نا، ئەم بیرانە دروست نین. مورتەزا دوێ شەو لە سەمای نیوەشەوی مردوواندا بەشداری کردووە. لەوێ دەستی رەجەب عەلی رەجەبۆفی گرتووەو هەردووان پێکڤە ئازادانە رەقسیون. ئەم دەنگە سامناکانەی (سەمای مەرگ) بەدەنم دێنێتە لەرزە. سەمای ئیسکەپەیکەرەکانم لە بەرچاوە...

من بە خۆم حوکمەکەی ئەوم خوێندەوە: "مورتەزا ف. کوری جەواد، بە تۆمەتی قەتڵی عەمدی رەجەب عەلی رەجەب زادەی کوری حاجی رەجەبی باکۆیی، ئاکنجی تاران خراوەتە ژێر چاودێری و تاقیبی دادگای شارەوە."و دوای چەند رستەیەکی دیکە کە لە یادم نیە، حوکمە کە تەقریبەن بەمجۆرە لە سەری دەڕوات: "بەگوێرەی هەواڵی پۆلیس و ئاسایش و تەحقیقی وردی تۆمارکراو لە دۆسیەی کارو بە گوێرەی ئیعترافی رێك و رەوانی تاوانبار لە بەردەم دادگادا، تاوانباری ئەو لە گۆشەنیگای دادگاوە بێ چەندو چونەو گوناحەکەی حاشا هەڵنەگرو سەلماوە" ئەوجا چەند رستەیەکی دیکە دێت و ئەنجام بەمجۆرە کۆتایی دێ: "بۆیە بە گوێرەی مادەی فلان یاسای سزای گشتی، حوکمی ئیعدام دەدرێ." بە کەماڵی خوێنساردی حوکمەکەی خوێندەوە. بە پێچەوانەوە دەتگوت لە دڵتەنگی قوتار بوو. حوکمەکەی ئیستیناف نەکردەوە.

جا ئێستا لەگینە هێشتا زندوو بێ؟ دەشێت ئیعدامیان نەکردبێ؟ دوێکە بەیانی بردویانە. رەنگە جەنازەکەیان دابێتەوە بە مارگرێتا. ئەدی ئەو چی لە لاشەی دەنکەکەی کردووە؟ کەسی دیکەی لە تاراندا نەبوو. ئەمە بۆ کار بەدەستان کارێکی فرە ئاسانە. تەلەفۆن بۆ مارگرێتا دەکەن: ((جەنازەی دەنکەکەمان بردویت بۆ ئیمام زادە عەبدوڵلا، ئەگەر حەز دەکەی هەرە بە خۆت بینێژە))

ئیدی بۆچی هەندێ کەس گومان دەکەن؟ ئەویان برد ئیعدامی بکەن. وێڕای ئەو جیاوازی بیرو بۆ چوونانەی کە لە ژوورەکەی ئێمە دا لەسەر ئەم بابەتە هەیە. من کەمترین گومانم نیە کە مورتەزا ئیدی نەماوە و تەواو. مەگەر...مەگەر ژیانێکی خراتر لە مەرگی بەنسیب بێ. ئەوساش من حەزم دەکرد، خۆزیم دەخواست کە بمردایەو لە کۆڵ بایەتەوە. کە لە زینداندا قەراری دادگایان پێ راگەیاند و ئەویش داوای ئیستیناڤ نەکرد، هەنگێ یەکەم گفتوگۆی دڵسۆزانە لە نێوانماندا دەستی پێکرد:

- بۆچی داوای ئیستیناف ناکەی؟
- ئیستیناڤ چی؟

– ئیستیناف ئەو حوکمە کە دادگا دەربارەی تۆ داویەتی، سەیرە! چما نازانی حوکمی ئیعدامیان داوی.

دەتگوت باش حالێ نەبوو بوو کە ئەم حوکمە دەکاتە چی، لە ژووری سێیەمی قاوشی شەشەمدا ئێمە بیست و یەك نەفەرین و تەنیا من بە هەڵە لە نێو ئەوانەدا زیندانی سیاسیم. مەسەلەکەش ئەمەیە کە چونکە من لە زندانی قەسردا دەگەڵ یەکێك لە ئەفسەرانی ئێشکچی دا دەمەقاڵێم بوو، بۆ زیندانی کاتیان دوور خستمەوە، نزیکەی شەش مانگ لە ژوورە ئینفرادیەکانی قاوشی دوودا بووم، جا چونکە لەم دواییانەدا ژمارەیەکی زۆری سیاسیانیان گرت و جێیان نەبووەتەوە، بۆیە منیان بۆ قاوشی گشتی، واتە ئەم قاوشی شەشەمە هێناوە، ئیدی هاو زندانەکانم هەموو بریتین لە دزانی پارەی دەوڵەتی، بەرتیل خۆران، و دەسبڕو کلاوچیان و هەندێ جار پیاوکوژانیش.

شەوان پاش سەعات نۆ کە هەموو ناچارن بخەون، من بە دزییەوە کتێبەکەم دەردێنم، تاقمێکی چای دەدەم بە پاسەوانی بەرپرس تا خەبەرم لێنەداو هەنگێ بە دڵی ئاسودە دەست بە خوێندنەوەی کتێب دەکەم. ئەگەر ئەفسەرێك، بەڕێوەبەرێك، سەرۆکێك بێت، خودی پاسەوانەکە ئاگادارم دەکاتەوە.

ئەو شەوەی کە حوکمی ئیعدامەکەیان بە مورتەزا راگەیاند سەیرم کرد نەخەوتووە، چونکە دەمزانی کە زمانی فەرەنسی بەڵەدە، کتێبەکەم کرد بە دوو لەتەوەو لەتی یەکەمیم دا بەو. بە تەواوی ئارەزووەوە کتێبەکەی لێ وەرگرتم و لەوەوە دۆستایەتیمان پەیدا کرد. کاتێ کە قەرارەکەی دادگایان پێ راگەیاند لە ژێر قەرارەکەدا نووسی: "بینرا."

ئێمە هەموو حەپەساین، چونکە پێشتر کەم دابێژێکمان لەمەڕ رەوتی دادگاییەکە لەو پاسەوانە ژنەوتبوو کە ئەوی بۆ دادگا بردو دەمانزانی کە هیچ قەرینەو بەڵگەیەك لە دادگادا دژی ئەو نەبووە، جگە لە ئیعترافی راشکاوانەی خۆی کە گوتبووی: "من کوشتوومە."

گوتبووی کە من رەجەب عەلی رەجەبۆف باکۆییم کوشت.

جارێ دووەم و سێیەمیش کە من پێ داگریم کردو لێم پرسی: "بۆچی ئیعتراز لەم حوکمە ناگری، بۆ ئیستیناف ناکەیەوە؟"

گوتی: "فایدەی چییە؟"

– چۆن فایدەی نییە؟ فایدەکەی ئەمەیە کە لەگینە تەبرێ دەرچیت و نەتکوژن.

– من گوناحێکم کردووەو دەبێ سزاکەی بدەم.

– چ گوناحێکت کردووە؟

– بنیادەمم کوشتووە.

– تۆ؟

من ئەوەندە پەریشان و شپرزە بووم کە هێمنی و خوێن ساردیەکەی ئەو نەیدەتوانی بە هیچ جۆرێ کارم تێ بکات. ئەنجام نەم توانی لەوەی کە بە مەزندە دەمزانی و لەم لاو لەولاوە بیستبووم و لە دڵمدا پەنگی خواردبووە، لە دڵی خۆدا بێڵمەوەو گوتم: "من هەرگیز باوەڕ ناکەم کە تۆ پیاوکوژ بی، ئەم کارە لە تۆ ناوەشێتەوە. دروستە کە بە دارو بارو تۆکمەی بەڵام لە دادگادا هیچ

بەڵگە دژی تۆ نەسەلماوەو ئەگەر بە خۆت ئیعترافت نەکردبایە، بە هیچ جۆرێ حوکمیان نەدەدایت."

- من پیاوم کوشتووە.

خەریك بوو کۆنترۆڵی خۆم لە دەست بدەم، زیاتر ئەم بێ متمانەییەی ئەو دەهری دەکردم.

- گوێ بگرە هاوڕێ، من زندانیەکی سیاسیم، ئەوە چوار ساڵ و شتێکە، بەڵکو چوار ساڵ و نیوە کە لە زیندان دام، دەتوانی متمانەو باوەڕی تەواوت بە من هەبێ. رەنگە تۆ لە ژێر گوشاری کەسێکی تردا بی. من زۆر زندانیم دیتووە کە خەتاو گوناحی کەسێکی تری لە ئەستۆ گرتووەو زندان کراوە، هەندێ جار شتی نادیارو راز ئامێز بنیادەم گێرۆدە دەکەن. هەنگێ دەبێ ئەم رازانە کەشف بکەی، خۆ ئەگەر قەراریشت داوە بمریو رزگاری خۆت لە مەرگدا دەبینییەوە، هەر دەتوانی بە ئارامی بمریت. ئەگەر ئەو شتەی کە ئەزیەتت دەدات، بە من بڵێی، لەوەیە ئاسودە ببی. لەوەشە چارەیەك بدۆزرێتەوە، لەوەیە بشێت کاری بکرێ. هێشتا زۆر گەنجی، وەختی مردنت نییە. ئەگەر ژنی، کەسێکت خۆش دەوێ، بیر لەویش بکەوە، ئاخر لە دوای تۆ ژیانی ئەویش بایەخی نابێ. خۆ بێ کەسیش نیت، کەس نایەتە دیدارت؟ بەڵام زۆر جار خۆراك و پۆشاکێکت بۆ دەنێرن.

ئیدی بۆم دەرکەوت کە دوا تیری تیردانی من بابەتی ژنەو زیاترم خستە کارەوە. من لە زندان دا شارەزاییەکی زۆرم لەمەڕ پیاوکوژان پەیدا کردبوو. زۆربەیان ئەو جووتیارانە بوون کە لەسەر ئاو یان لە ئەنجامی دەسیسە و پیلانی دەرەبەگ و خاوەن موڵکان دا بەگژ یەکتردا چوو بوون و لە ئەنجامدا یەکێك کوژرا بوو، یان خەڵکانێك بوون کە لەسەر ژن خەنیمی خۆیان کوشتبوو، دەستەی سێیەم ئەوانە بوون کە لە تەمەنی پێنج شەش ساڵی دا کەوتبوونە زندان و لە زندانددا دزی وگیرفانبڕی لە دزانی دیکەوە فێر بوو بوون و لە ئەنجامدا دوای پازدە ساڵان دزی و خوێڕیەتی لە دوا نۆرەدا بە چەکەوە چوو بوونە دزی و یەکێکیان کوشتبوو، ئەم دەستەیە کە کۆمەڵگە (پیاوکوژانی خۆڕسك)یان پێ دەڵێت، هەمان ئەو کەسانەن کە خودی کۆمەڵگە بۆ دزیو تاوانیان پەروەردە دەکات.

هەستم دەکرد کە هەبێ و نەبێ ژنێك لە چارەنووسی موڕتەزادا دەورێکی هەبووبێ، ناوی ئەم ژنە بە گوتەی ئەو پاسەوانانەی کە بۆ دادگایان دەبردو دێنایەوەو بەگوێرەی مۆری ئۆفیسی زندان کە دەیان نا بەو خۆراك و پۆشاکانەوە کە لە کەسوکاریان وەردەگرتین و حەواڵەی ئێمەیان دەکرد مارگرێتا بوو، من دوا تیری خۆم خستەکار.

- گریمان پیاویشت کوشتووە، تۆ ئەمەت لەبەر خاتری ژنێك کردووە، وانیە؟

- جا باسی ئەمە چ فایدەیەکی هەیە.

- فایدەکەی ئەمەیە کە تۆ نامریت و دەتوانی بەختەوەر ببی.

دەیویست خۆی بدزێتەوەو وەڵامم نەداتەوە. بەڵام من دەستبەردار نەبووم.

- جا ئەگەر ئەم ژنە تۆی ناوێ، بۆچی دەتوێ بمری؟ لە پێناوی ژنێکی وادا کە قەدری تۆ نازانێ، بۆچی گەرەکتە بمری؟

– ئاه، وا نییه، تۆ نازانی که بەم قسانەت چۆن دڵی من دەسووتێنی.
– یانی خۆشی دەوێی؟ کەواته بۆ دەبێ بمری؟ هەر تەنگانەیەك فەرەجی خۆی هەیە.
– هیچ فەرەجێك بۆ من نییه.
– چۆن نیه؟ بەڵکو حوکمەکه هەڵوەشێتەوە، بەڵکو دادگاییەکی دی دانرا، بیر بکەوە، رەنگه تۆ کەست نەکوشتبێ، بیسەلمێنه که تۆ پیاو کوژ نیت، رەنگه پیاوکوژە ئەسڵیەکه بناسیت؟ مەجبور نیت ناوی بدەی، ئەگەر ناتەوێ، رەنگه حوکمی ئەبەدی بدرێی. کێ چوزانێ سبەینێ چ دەبێ؟ لەوەیه عەفو بکرێی، هەزارو یەك ئەگەری دیکەش هەیه...
قسەکەی بڕیم: "نه ئەمەیەو نه ئەوە، من لەم ژیانه وشك و نەگۆڕه بێ تاقەت بووم، ژیانی من مەرگێکی بەره بەره بوو. حوکمی ئیعدام بۆ من رزگارییه لەو عەزاب و ئازارانەی که هیچ کەسێك باری نابات، له کێشی کەسدا نیه، ژیان بۆ من مەیسەر نییه، ژیان بۆ من نه پێش دەکەوێ و نه باش دەبێت.
– ئەمه قسەیەکی دروست نیه، دنیا روو له پێشکەوتنه، روو له چاك بوونه، تۆ سەیری ئەم شەپۆلی دکتاتۆریەت و دڕندایەتیه مەکه که ئەمڕۆ دنیای گرتووەتەوە، دنیا دەگۆڕێ، پەرەسەندن له ئارادایه، تۆ چ کارەکەی، چۆن بۆ تۆ خراتر دەبێ؟
– مامۆستا بووم.
بەمجۆره هێنامه قسان.
باڵا بەرزو تۆکمه بوو. ساغڵەمی لێدەباری. بابی له مەشروتیەتدا کوژرا بوو. دایکی بەبیر نەدەهات. خوشکەکەی له شارێکی دیکەدا بەشوو بوو و ئەویش له ماڵەکەی بابیدا دەژیا. ئەوەی له باب و داکی بۆ مابووەوە کەمو زۆر خەرجی خوێندنی کرد بوو ئەمیستا له ئامادەییەکانی تاراندا دەرسی دەگوتەوە، زۆربەی کاتی خۆی به کتێبانەوه رادەبوراد، کتێبی خۆش دەویست، چونکه شەرمن و دووره پەرێز بوو له کۆڕو مەجلیساندا رووی قسەکردنی نەبوو، بۆیه لەزەتی له کتێب دەبینی. کتێب و لەم دواییانەشدا فیلم و رادیۆ به گەورەترین له زەتی ئەو دەژمێردرا، شەیداو دڵبەستەی دۆستۆفسکی نووسەری روس بوو. هەر بۆ ئەوەی کتێبەکانی ئەو بخوێنێتەوه دەیویست روسی فێر ببێ، فەرەنسیەکی باش بەڵەد بوو، کەمەکێ روسیشی دەزانی، جگه لەمانه هەندێ جار له چاخانەکانی تاراندا دەردەکەوت و لەگەڵ خەڵکانی دیکەدا شەترەنجی دەکرد، له سینەماوه خووی به مۆزیقای فەرەنگییەوه گرتبوو، له ماڵەوه رادیۆی هەبوو، ئەم رادیۆیەش خۆی له خۆیدا بۆ ئەو بوو بوو به سەرگەرمیەکی تازه، به جۆرێ که پێویستی به تێکەڵبوونی خەڵکی نەبوو، نزیکەی سەدو پەنجا تمەنێك مووچەی قوتابخانەی وەردەگرت، جگه لەوەی که ساڵی سێ سەد تا پێنج سەد تمەنی موڵکانەی ئەو موڵکانەی که بەسەر ئەوو چەند ئامۆزایەکی تری و خوشکەکەیدا دابەش دەکرا، بەردەکەوت، ژیانی ئارام، یەکهاوی و بێ کێشەو سەریەشه بوو. بابایەکی بەرزەفڕو پایەخواز نەبوو. به تەمای وەزیری نەبوو، به پێچەوانەوه به چاوی سووك (هەڵبەته تا رادەیەك) سەیری ئەم جۆره کەڵکەڵانەی دەکرد.

خوشکەکەی کە چەند ساڵێك لەو گەورەتر بوو، حەزی لێ بوو ژنی بۆ بێنێ و بەمجۆرە بیخاتە سەر راستە رێگەی ژیان. ژن و منداڵ، خۆراکی ماڵ و ئازوقە، بیری زیاد بوونی موچە، دابین کردنی ژیان و ئاسوودەیی کەس و کار، هەموو ئەمانە پیاو لەوە دەگێڕنەوە کە خۆی بخاتە ناو تۆفانەوە، کە بە کەنارا بڕۆی دەبێ دارعاسات پێ بێ، ئیدی دەریایە، لەوەیە پیاو بەرەو نقومگەکێش بکات، بە خۆیشی نەیدەزانی کە رێگەی ژیانی چیەو کامەیە. دەریا، تۆفانی خۆش دەویست، خۆ چوونە کەناریش بۆ خۆی ئاسوودەییەك بوو. تەنیا هەندێ جارو بە دەگمەن و ئەوەش زۆربەی ئەو کاتەی کە بە تەنیا بوو، لەگێن بوو کە کتێب یان شاشەی سینەما یا مۆزیقاو یان دەردو بەدبەختی خەڵکی، یان تاسەو کەڵکەڵەیەك ئەو لەم مەدارو بازنەیە بێنێتە دەرێ، بیهاڕوژێنێ، شێت و شەیدای بکات، بە جۆرێ کە پاش چەند سەعاتێك لەو کارە ژێوان ببێتەوە کە لە ئەنجامی هەڵچووندا کردبووی. هەنگێ دیسان خۆی ساز دەدایەوەو جارەکی دی خۆی لەسەر شاڕێگەی وشکی ژیانی رۆژانەدا دەبینییەوە. بۆ گۆشەی ژوورەکەی کورسیەکی پێویستە، پارەی کارەبای ئەم مانگە زیادی کردووە لە جیاتی ئەوەی سێ سەدو پەنجا تمەن بدات بە مافورێك رەنگە باشتر وابێ کە قەرز بدات: هەر تمەنێك بە قازانجی یەك عەباسی بدات، لە مانگێك دا دەکاتە حەوت تمەن، لە ساڵێکدا دەکاتە هەشتاو چوار تمەن. هەر باشە کەلێنێك دەگرێ.

بە خۆی دەیگوت: "سواری کەژاوەیەك بوو بووم کە هەڵتەك هەڵتەك لەم کاروانسەراوە بۆ ئەو کاروانسەرای دەبرمو هەر دەیگەیاندمە مەنزڵ، بەڵام ئەو قاترەی کە کەژاوەکەی رادەکێشا چەموشی دەکردو زۆربەی کات دەیوست فڕێم بداتە دەرێی جادەکە، ئاخریش هەر فڕێی دامە دەرێی جادەکە"

ئەم ژیانە رۆتینی و یەکهاویە لە ناکاو شێوەیەکی دیکەی وەرگرت. مارگرێتا!

لەگەڵ مارگرێتادا، فەسڵێکی دیکە لە ژیانی دەست پێدەکات.

کلیلی نهێنی ژیانی پیاو لە دەستی ژنان دایە.

ئەم ژنە نێوی مارگرێتا بوو.

من بە خۆم ئەم ناوەم لە (ئۆفیسی پارەی زندانیان)دا خوێندووەتەوە. هەفتەی پازدە ریاڵمان لە زندان هەیە. کەس و کاری ئێمە دەتوانن بە دڵی خۆیان پارە بە ناوی ئێمەوە بنێرنە ئۆفیسی زیندان. بە گوێرەی پارەکە پسوولەمان بە ناوەوە دەنووسن. ئەم پسوولانە دەدەن بە ئێمەو لەو دەفتەرەدا کە ناوی وەرگرەکان نووسراوە ئێمەی زندانی ئەم پسوولانە ئیمزا دەکەین.

لەسەر پسولەکەی موڕتەزا لە بەرانبەر ئەم وشانەدا کە لەوێ تۆمار کراوە (ناوو ناوی خانەوادەو ئەدرەسی پارەهێنەکە)) نووسراوە: خات مارگرێتا.

لە سەرەتادا هەموو جارێ لێم دەپرسی: "مارگرێتا کێیە؟" دەیگوت: "نایناسم."

بەڵام مارگرێتا زۆرجار دەهاتە بەر زیندان خواردنی بۆ دێنا، جلکی نوێی بۆ دەکڕی، پارەی دەدایە. خواردنەکان دیار بوون کە ژنێکی بە سەلیقە دەی نیرێ. کەڕەتێك پیجامەیان بۆ هێنا. بە پیتی لاتینی لە سەری نووسرابوو (Mf). موڕتەزا ف دەیتوانی بە سەعاتان دانیشێتو دەستماڵە

ئوتوكراوەكان هەڵگێڕو داگێر بكاتو لەزەت لەم كارە ببینێ. ئەگەر كەسێك بەوردی بیروانیبایە چاوانی مورتەزا، دەی بینی كە كەمێك تەڕن.. لە خۆشیابوو. هەر چەندە كە كاربەدەستانی زیندان، بەوپەڕی بێ ویژدانی شیرینییەكانیان لە پاكەت دەردێناو هەڵیاندەڕشتە نێو دەستەسڕی چڵماوی پاسەوانەكانەوەو بۆیان دەهێنایین، لەگەڵ ئەوەش دا كاتێ كە شیرینیەكان دەگەییە دەستی مورتەزا، هەم ئەو هەستی دەكردو هەم خەڵكیش هەستیان دەكرد كە ژنێكی ئەمەكداری دڵسۆز لە دەرێ ڕا چاوەنۆری ئەوە..

"مارگرێتا، ئەمە بە كەس نەڵێی، بە هیچ كەسێك..."

ئێستاش ئەم دەنگە لە گوێم دا دەزرنگێتەوە.

ڕەنگە ئەمڕۆ بەیانی كە دەیانویست بیبەنو ئیعدامی بكەن، لەبەر دەركەی زیندان یەكتریان بینی بێ.

لەوەیە ئەمڕۆ پاش نیوەڕۆ مامورانی ئاسایشو پۆلیس تەلەفۆنیان بۆ مارگرێتا كردبێ:

"وەرن جەنازەی ئازیزەكەتان بەرنەوە."

ڕەجەبۆف، كە مەبەست ڕەجەب عەلی ڕەجەب زادەكەی لەمەڕ خۆمانە، مورتەزای بەم كیژە ناساند. بەو هەموو ئارامیو خوێن ساردیو شەرمو حەیایەوە كە من لە مورتەزادا دەمبینی، سەیر ئەمەیە كە هەر كاتێ دەهاتە سەر باسی ڕەجەبۆف، نەت دەناسییەوە. چاوەكانی ئەبڵەقو دەموچاوی سور هەڵدەگەڕا، لێوی دەكەوتە تەتەڵە. هەردووك دەستی ڕادەوەشاند، وشە لەزاریا دەلەرزیو توندو تێكەڵو پێكەڵ دەهاتە دەرێ، بەڕادەیەك كە هەندێ جار دەكەوتە تەتەپەتە. بەمجۆرەی باس دەكرد: "ڕەجەبۆف لەو زەلامانە بوو لە قاوەخاناندا عارەقی دەكردە پەرداخی ئاو خواردنەوەوە، كەبابو ناسكە توری ڕادەسپاردو، مڵچە مڵچ دەیخواردو كەیفی دەكرد. چونكە موسوڵمان بووو نەیدەویست لە بازاڕا ناوی بزڕێو ئیحتوباری زەدەداربێ."

یان دەیگوت: " ڕەجەبۆف دایمە لەگەڵ تاقمێكدا ناكۆكو دەگەڵ دەستەیەكی دی دا هەمیشە كۆك بوو. لەگەڵ ئەو تاقمەدا كە كاری پێیان نەبوو و بە بیریا نەدەهات كە ئەم كەسە لەگینە ڕۆژێ لە ڕۆژان سوودێكی پێ بگەیەنێ، هەمیشە دڕدۆنگو ناكۆك بوو و لەگەڵ دەستەكەی تردا هەزارو یەك باسو گەنگەشەی هەڤدژو بێ سەروبەری بە قازانجی خۆی لێك دەدایەوەو هەمیشە كۆك بوو. بە هەرحاڵ ڕەجەبۆف وەكو زۆربەی خەڵكی بوو.

"لەگەڵ بابی مارگرێتادا، كە بە یەكێك لە دۆستانی خۆی دەزانی، هەمیشە تەباو كۆك بوو. كەرەتێك لە میوانداریيەكدا شەراب بەكراسە پەمەییە كاڵەكەی مارگرێتادا ڕژا بوو. كراسێكی جوان بوو. زۆرم حەز لێ بوو. خۆیشی ئەو كراسەی خۆشدەویستو زۆرجار بەو پەڵەیەشەوە كە تاڕادەیەك چوو بووەوە، لە بەری دەكرد. ڕەجەبۆف جارێك ئەو پەڵەیەی بینیو پرسی! "بۆچی كراسەكەت پەڵاوی كردووە؟" مارگرێتا ڕووی كردە بابیو گوتی:" بینیت بابۆ، دەتگوت پەڵەكە ڕۆییوە، بینیت نەڕۆییوە." بابی ڕوویكردە ڕەجەبۆف: "چما تۆ هیچ پەڵەیەك دەبینی؟" ڕەجەبۆف لە پەرسڤدا گوتی: "پەڵە، نەخێر، با تەمەشایەك بكەم. نەخێر، تەقریبەن چ شتێك دیار

نیه. نەخێر هیچ شتێك نابینرێ. هەر هیچ شتێك دیارنیه،" من لەو ڕۆژەوە بۆم دەركەوت كە چۆن بنیادەمێكە."
ئاشـنایەتی موڕتـەزاو مارگرێتـا بـەمجۆرە بـوو، موڕتـەزا دەیویسـت روسـی فێـر بـێ‌و بـە دووی موعـەلیمی روسـیدا دەگـەڕا. یـەكێك لـە ئاشـناكانی بـە ڕەجـەفۆفی، كـە روسـی دەزانـی، ناسـاند تـا بـەڵكو ئـەو كەسـێكی روسـی زانـی بـۆ بدۆزێتـەوە كـە بتـوانێ وانـەی روسـی پـێ بڵێتـەوە. پـاش ماوەیەك ڕەجەبۆف پێی گوت: "زۆرچاكە، چونكە من متمانەم بەتۆ پەیدا كردووەو دەزانم كە تۆ لاوێكـی نـەجیب‌و خانـەدانی، دەمـەوێ خزمـەتێكت پـێ بكـەم. مـن یـەكێكم خـۆش دەوێ كـە بنیـادەمێكی زۆر چـاكە، كیـژێكی هەیـە كـە روسـیەكی بـاش دەزانـێ، ئەگـەر مـەیلت لێیـە، تـۆ فەرەنسی بەو بڵێوەو ئەویش روسی بە تۆ بڵێتەوە."
موڕتـەزا چـونكە بنیـادەمێكی شـەرمنە، نەیدەویسـت ئـەم پێشـنیازە قـەبوڵ بكـات‌و گـوتی: "زۆر سوپاس. بەڵام حـەزم دەكرد مامۆستایەكی پیـاوم هـەبێ‌و بە پـارە دەرسـم پـێ بڵێتـەوە. دەترسـم دەرەقەتی ئەم كارەنەیەم."
– كەیفی خۆتە، بەڵام ئەوە بزانە تۆ بەم شێوەیە باشتر فێردەبیت، پێم باشـە ئـەم پێشـنیازەی مـن قەبوڵ بكەی، ئەگەر زانیت سەركەوتوو نابی، هـەنگێ هەوڵدەدەم كەسـێكی دیكـەت بـۆ بدۆزمـەوە. گوێ مەدەیێ، ئەو ماڵە دۆستەی من خەڵكانێكی فرەخاسن‌و پەشیمان نابێتـەوە. مـەدام مارگرێتـا كیژێكی زۆر زرینگ‌و بە هۆش‌وگۆشەو روسیەكی بـاش دەزانـێ، حـەزیش دەكـات فێـرە فەڕەنسـی ببێ. ماڵباتێكی یەجگار باشن.
موڕتـەزا هێشـتاش نەیدەویسـت بچـێتە ژێـر بـارو نەیدەویسـت وەڵامـی یـەكجارەكی بداتـەوە. ڕەجەبۆف ئەمەی بە ڕەزامەندی حەساو كردو لەسەری ڕۆیی:
– سـبەی نیـوەڕۆ مـن لـەوێم. تكایـە كـە لـە قوتابخانـە تـەواو بـووی یەكسـەر وەرە بـۆ ئـەوێ. بـۆ سبەینێ موڕتەزا بە چەند دەققەیەك دوای نیوەڕۆ بۆ ئەوێندەر چوو.

"٢"

هـاو ژوورەكـەم لـە زینـدانی كاتیـدا، بایـەخێكی فـرەی بـەم یەكـەمین دیـدارەی مارگرێتـا دەدا. بـەم یەكـەمین دیـدارەی كـە ئـەوی لـە بەسـتەڵەك‌و جەمـەدی ڕۆژانـەی ژیانـەوە خسـتە جوڵـەو بـەو دوا دیدارە كە ماناو مەبەستێكی بە ژیانی بەخشی. دوایەمین جار كە هاواری لێكردبوو: "مارگرێتا، مارگرێتـا، ئەمـە بـە هـیچ كەسـێك نـەڵێی، بـە هـیچ كـەس." ڕەنگـە دوا دیـدار ئـەو ڕۆژە نـەبووبێ، لەوەیـە دوێنـی بـەیانیش كـە لـە زینـدان وەدەركـەوتووە، لەبـەر دەرگـای زنـدان، لـەو شـوێنەدا كـە تـرومبێلان دەوەسـتن‌و پاسـەوانان كەسـوكاری زنـدانیان دەتـارێنن تـا نـەبادا قسـەیەكیان دەگـەڵ بكەن، ڕەنگە لەبەر دەرگا دیتبێتی، ڕەنگیشە جارەكی دی مارگرێتا جەنازەكەی دیتبێ. موڕتـەزا ناتوانێ ئەم دوا دیدارە بگێڕێتـەوە. بـەڵام یەكـەمین دیـدار، خـۆی بـۆی گێڕامـەوە، هـەموو هەسـت‌و سۆزو گودازو لـەزەتێكی خـۆی، هـەموو پەشـۆكان‌و پەشـێوان‌و خورپـەو ترپەیـەكی دڵـی خـۆی بـۆ گێڕاومەتـەوە. خۆزیـا توانیبـام قسـەكانی ئـەو وەكـو خـۆی لێرەدا دووبـارە بكەمـەوە، بـەڵكو ئـەو

کارەی کە لە منی کردووە یان بەلای کەمەوە سێبەرێکی ئەو کاریگەرییە لێرەدا بەرجەستە بوایەتەوە، تا دەربکەوێ کە ژیان، مەینەتیەکانی ژیان، دەردو ئازاران، چتۆ بنیادەم دەکەن بە شاعیرو هونەرمەند. مورتەزا کەسێکی سادە بوو، بنیادەمێکی شەرمن بوو، بەڵام ژیان کردبووی بە شاعیر. هیچ فەرقێك ناکات هەم ئەم دزە بۆگەنە کە هەنووکە لەبەر پێی مندا لە عاردی خەوتووەو دەپرخێنێ، هەم مورتەزا ف، زیندانی مەحکوم بە ئیعدام کە تەواو بووەو براوەتەوە، هەم مارگرێتا کە لە ژێر کێوێکی دەردو ئازارا گینگڵ دەداو ورتەی لێوە نایەت، هەم من کە لەم نیوە شەوەدا بە دزییەوە ئەم یاداشتانە دەخەمە سەر کوتە کاغەزان و هەمیشە گوێ قوڵاغم کە دەنگی ناڵچەی چەکمەی سەر چیمەنتۆی دالانەکەی قاوشی شەشەم لە ژوورەکەی ئێمە نزیك نەبێتەوەو سەدای چرك و هوڕی کلیلی کلیلداری فەلاقە هاتنی ئەفسەری ئاسایش یان موفەتیش رانەگەیەنێ، فەرق ناکات! هەر هەموومان کاتێ کە دەکەوینە ژێر نیری ئەشکەنجەو عەزابی ژیانەوە، ناچارین لە قە فرتێ بکەین، هاوار بکەین، و ئەمە ئەوزاری دەربڕینی هەستەکانمانە، ئەو دڵۆپە خوێنانەیە کە لە جەرگمان دەڕژێت، پارچەی روحمانەو بەم شێوەیە دەردەکەوێ. گرینگ ئەمەیە کە ئازارو شادییەکانی خۆمان بە هەر رێگەیەك هەیە دەربڕین، بەڵام دەردەدار باشتر پەی بە دەردی دەردەدار دەبات.

من کاتێ کە بیردەکەمەوە کە چوار ساڵە تریفەی مانگ لە دەرکی دەلاقەوە دەبینم، لە شیش بەندەوە تەمەشای تریفەی مانگم کردووە، کاتێ دەبینم، ئەم دزەی کە بەدەم هەر هەناسەو هەر پرخەیەکەوە تۆپەڵێك بۆن بۆگەنی بەرەڵلای ئەم ناوە دەکات، وێڕای ئەو دەهەزارو پەنجا هەزارو سەد هەزار تمەنەی کە لە ماڵ و دارایی رەنجبەران و زەحمەتکێشانی ئێرانی دزیوە، چەند رۆژێکی تر بەر دەبێت یان عەفو دەکرێ و منیش دەبێ بۆ چەندین ساڵی دیکە بەشم هەمان دەلاقەو تریفە، هەمان پرخو هۆڕو هەمان تڕو تس و هەمان چرك و هۆڕی کلیل و هەمان تەپە تەپی چەکمەو لە هەموو ئەمانەش خراتر شەلاق و جەڵدەو جنێوو پاشانیش دوورخستنەوەو نەفی کردن بێ، بۆیە ئاساییە کە کاریگەریی شرۆڤەی سەمای مەرگەکەی مورتەزا، هەر چەندە وشەکان نارەوان و نا شاعیرانەن، لە مندا زیاترەو هەستی توندو مجێز وخووی ئاگرینی من هەموو دنیا، بەلای کەمەوە دنیای من لە شێوەی سەمای ئیسکەپەیکەری مردووان دا دەبینێ. ئاه من مردووەکان دەپەرستم و خۆشم دەوێن. بە خۆڕایی کەوتمە گێڕانەوەی و ئەم بابەتە، مورتەزا باشتری دەگێڕێتەوە:

" تامن لە قوتابخانەوە سواری گالیسکە بووم و خۆم گەیاندە ماڵی ئەوان چارەکە سەعاتێکی پێ چوو. ماڵی ئەوان لە شەقامی نادری بوو. کە دەچووینە حەوشەوە، بە دەستی چەپدا قاڵدرمە بوو دەچووە سەر هەیوانێك، لەوێندەرەوە دەچوویتە ژوورێك کە پەنجەرەکانی رووەو هەیوانەکە دەکرانەوە. کارەکەرەکەیان بەبێ ئەوەی لە هاتنی من ئاگاداریان بکاتەوە بردمی بۆ ژوورێکی بچووك، مێزێکی خڕی کورت لە ناوەندی ژوورەکەدا بووو کاغەزیان لە سەردانا بوو. پیاوێکی کامڵ و کیژێکی گەنج و رەجەبۆفی ئاشنای من لە دەوری مێزەکە دانیشتبوون. هەر کە من وەژوور کەوتم رەجەبۆف گوتی: "ئەها، ئەمە ئاغای (مورتەزا ف)یە. فەرموو، تەشریف بێنە ژوورەوە."

ئەم جۆرە پەزێراییە ڕێك بە پێچەوانەی حەزو ئارەزووی منەوە بوو، من پێم وابوو دەچمە ماڵی بابایەکی ئێرانی، دەمبەنە ژووری میوان‌و پاشان یەکێك دێت‌و قسەم دەگەڵ دەکات، یان لە بێرونی دا چاوەنۆڕ دەکەم. بە هەرحاڵ باوەڕم نەدەکرد کە راستەوخۆ بمبەنە سەر مێزی نان خواردن، بە سەرو سیمای باوکی مارگرێتادا دیار بوو کە لەم کاتەدا چاوەروانی من نەبووە، یان بیری چوو بوو کە قەرار بووە کەسێکی واهی بێت‌و دەرس بە کیژەکەی بڵێتەوە. لە زەینی خۆیدا دەگەڕا تا بزانێ من کێم. دەیویست قسەم لەگەڵدا بکات‌و نەیدەزانی چ بڵێ. دەنگی نەرم‌و ناسکی مارگرێتا وەکو چرکەی زیوێك کە بکەوێتە سەر بەردێك دەنگی دایەوە:

– بابۆ گیان، ئەمە هەمان ئاغایە کە دەخوازێ لای من فێری روسی بێ.

"مارگرێتا چەند ساتێ تێی روانیم. لە جێی خۆی هەستاو پێکەنی. پێکەنینەکەی وەکو هەتاوێك بوو کە لە ژێر هەورەوە سەر دەربێنێ‌و دنیا نوقمی شادی‌و خۆشی بکات. چەند تاڵێکی قژی وەکو ئاوریشمی زێڕکفت بەحەواوە دەخزی. باڵاو ناو قەدی باریکی کە لە کەمەربەندێکی پاندا بەرزتر دەهاتە بەرچاو، پەرجووی هەم ئاهەنگی بوو. چ خەندەیەکی ناسکی هەبوو، گاڵتەی بە من نەدەکرد، نە گاڵتەی پێ نەکردم. سەراپای بەرنیگایان دەدام. من جانتاو دەستکێشە چەرمەکانم بەدەستەوە گرتبوو، کڵاوو پاڵتۆکەم لە دەرێی ڕا لەسەر کەرەویتەیەك لەبەر هەیوانەکە دانا بوو. دەستی راستم ئازادو ئامادەی تەوقەکردن بوو، رەنگە پێکەنینە شادی بەخشەکەی مارگرێتا زیاتر بەو جانتا زەردە چەرمە گەورەیە بوو بێ کە چاوەڕوانی بوو.

" دەترسام زۆر نیگای بکەم، دەترسام ئاگری ئەو بم سووتێنێ. چاوم بڕی بووە تابلۆیەکی تاڕادەیەك گەورە کە بە دیوارەکەوە هەڵواسرا بوو، چونکە شەرمم دەکردو بیرم لەوە دەکردەوە چۆن لەم چاڵەی تێی کەوتووم بێمە دەرێ، تەنیا ئەم قسەیەم وەبیردا هات:

– ببورن، وا دیارە لە ناوەختا هاتووم. دەڕۆم‌و جارەکی دی دێمەوە، ببورن.

" کۆتایی زستان بووو پرتە قاڵیان لەسەر مێزەکە دەنابوو. قسەکەم کردو چاوەڕوانم نە کرد. بەڵام کاتێ کە لە قاڵدرمەکانەوە دادەگەڕام گوێم لێ بوو کە بابی مارگرێتا دەیگوت:

– بفەرموو چ قەیدیە، بە خێر هاتی: بەلای کەمەوە پرتە قاڵێك بفەرموو.

" گەییشتمە نێو حەوشەکە. کارەکەرەکە لە بەر دەرکە وەستابوو، دەرگاکەی ڤەکرد تا من وەدەر بکەوم. مارگرێتا وەکو بروسکە بە قاڵدرمەکاندا داگەڕاو لەبەر دەرکە گرتمیەوەو گوتی:

– کەی تەشریف دێنی تا قسە بکەین؟

" زەنگی دەنگی وەکو ئاهەنگی سکەی زیوو بوو، قژە پڕو درێژەکەی بەسەرشان‌و ملیا ئاوێزان بووو بە پشتی هەردووك گوێیدا وەکو دووکەزیەی پێچاوپێچی درێژ، بە درێژایی دەستەکانیا هاتبوونە خوارێ و لوولیان دەخوارد. چاوە شینەکانی وەکو چاوی پشیلە دەدرەوشانەوە. لە عومراتما کیژی وا خشکۆکم نەدی بوو. دەمی دەتگوت خونچە گوڵی گوڵاڵەیەو دەیەوێ تازە بکرێتەوە. عەتری لە خۆی نەدابوو، مکیاجی نەکردبوو، لێوی سوور نەکرد بوون، گۆناکانی تەڕو بڕ، پێستی وەکو مەخمەل بوو، بۆنێکی هێندە خۆشی لێدەهات گێژی کردبووم. ئارەقەی دنیام کردەوە، زمانم لەگۆ کەوت، کەوتمە زمانە لاڵکێ:

– هاتبووم دەرسی روسی بخوێنم.
– دەزانم، کەی دەڵێی قسە بکەین
– هاتبووم قەول و قەرار بکەین.
– ئەدی بۆ دەڕۆی. فەرموو بچینە سەرێ قەرارێکی لێ بدەین.
"من سوور هەڵگەڕام، بۆی دەرکەوت کە شەرم دەکەم جارێکی دی سەر بکەومەوە".
– کەی وەختت هەیە.
– من هەمیشە وەختم هەیە.
"دەنگە رون و زوڵاڵەکەی وەکو مۆزیقا دنیای ئەفسانەی لە مندا دەنواندو بێدار دەکردەوە."
– ئەمشەو سەعات حەوت تەشریف بێنە.
"ئەوسا تەوقەی لەگەڵ کردم، بە دەنگی بەرز پێکەنی و من لە ماڵی ئەوان وەدەرکەوتم. کاتێ هاتمە کۆڵانەکە، بێویستی خۆم کەڵەموست و قامکی شادەم لێکدی هەڵدەسوو تا بزانم هێشتا هەست بە گەرمی دەستی ساف و ناسکی ئەو دەکەم یان نا، من ئەم دیمەنەی بەر دەرگا فەرامۆش ناکەمو هەرگیز لە بیرم ناچێتەوە. لەوەیە چەند رۆژێکی تر..."
مورتەزا وەختێ سەبارەت بە مارگرێتا قسەی دەکرد، ئیدی زندان و قاوشی شەشەمی لەبیر نەدەما، لەبیری دەچوو کە زیندانیەو لە قاوشی شەشەمدایە. منی لە بیر دەچوو و لە تۆ وایە بیرەوەری و سەربهوردەکانی بۆ خۆی دەگێڕایەوە. من دڵنیام کاتێ باسی مارگرێتای دەکرد هەستی بە قژە زێڕینەکەی دەکرد. هەندێ جار بۆ چەند دەقیقەیەك بێدەنگ دەبوو، ئەوسا ئەگەر هێشتا لە دنیای خەیاڵدا بوایە لەسەری دەڕۆیی یان دەیگوت: "فایدەی چییە؟ ژیان چەند شیرین و چەند تاڵە. چەند تاڵە، باشە. جارێکی دی بۆتی باس دەکەم".
ئیدی من چاوەنۆڕی دەرفەت بووم.
لە زستاندا سەعات چوار و نیو دەیانکردینە ژوورەوە. ئەوپەڕی رۆژی پێنج سەعاتێك لە دەرەوە دەبووین، لە ژوورەوە یەکێك خۆی دەدۆزی، یەکێك شۆرتەکەی بە پەنجەرەوە هەڵدەواسی، یەکێك باوێشکی دەدا، یەکێك گۆرانی دەگوت، یەکێك گۆرەوییەکانی پینە دەکرد، بۆیە زاتم نەدەکرد رووی لێ بنەم کە جوانترین هەستی خۆی بۆ من شرۆڤە بکات و چاوەنۆڕ بووم تا جارێکی دی لە گێمی چوونە دەرەوەماندا ئەگەر تەفتیشیان نەکردباین، ئەگەر تەپوتۆزی تەکاندنی کەلوپەلی زندانیان رێگەی داباین، ئەگەر پاسەوانێکی تازە پەلپ و بیانووی سەماوەرو چای لێنەگرتباین و لێمان نەبوایە بە مووی لووت، فرسەتێ بێنم و ئەو گێولی هەبێ کە سەربوری بەدبەختی خۆیم بۆ بگێڕێتەوە.
"ئەو شەوە سەعات حەوت رۆیشتم، نازانم بۆچی وێڕای ئەوەی کە کارم زۆر بوو، سەعات پێنج چووم بۆ ماڵەوەو خۆم وەکو ئەو منداڵانەی کە دەخوازن بچنە میوانی، ئامادەو تەیار کرد. هەر چەند بەیانی ردێنم تەراشی بوو، دوای نیوەڕۆش تەراشم کردەوە. جلکێکی کەوەییم هەبوو کە زۆر جوان و باش دروا بوو، لەبەر کرد، قەرەویتەیەکی کەوەیی خاڵ خاڵی سوورم بەست، پاڵتۆیەکی نێوقەد تەنگم کە ئەو دەمە مۆدی بوو لەبەر کردو سواری گالیسکە بووم. بە درێژایی

ڕێگەکە دڵم لێی دەدا. هەزارو یەك بیری شیرینم بە مێشکدا هات، داهاتوویەکی پرشنگدارم لەبەردەم خۆدا دەبینی، بەڵام باوەڕم نەدەکرد، جار جارێ جوانی ئەندام و ناسکی پێستی مارگرێتام وەبیر دێنایەوەو دەمگوت: "نا، مەحاڵە". هەندێ جار خەندەو پێکەنینەکەیم بیر دەکەوتەوەو زایەڵەی دەنگیم دەژنەوت و دەمگوت: "قەشمەریم پێدەکات" بۆچی پێی دا دە گرت کە ئەمڕۆکە بێم، بۆچی؟ بۆ ئەوەی لە منەوە فێری فەرەنسی بێ. خۆیشم نەمدەزانی چیم گەرەکە بەڵام هەموو ئەم خەیاڵاتە شیرین بوون.

چەند دەقیقەیەك بەر لە سەعات حەوت لەبەر ماڵەکەیاندا دابەزیم، لە پڕ دڵم کەوتە ترپە ترپ، هەستم کرد هەڵبەتە تێدەگەن کە من لەبەر چوونم بۆ ئەوێ وا خۆم رازاندووەتەوە. بە دەستە سڕ بۆدرەکەی دەموچاوم سڕی. بە دەست هەندێ قژم شێواند تا دیار نەدات کە تازە شانەم کردووە، جوان نییە وا هەست بکەن کە من بە تایبەتی بۆ دیداری ئەوان خۆم تەیار کردووە. دەمویست پێڵاوەکانیشم کەمێك خۆڵاوی بکەم کە لە پڕ دەرگای ماڵێك کرایەوە. من بەو خەیاڵەی کە دەرگای ماڵی ئەوانە، رەنگم تێك چوو، بەڵام خۆشبەختانە دەرگای ماڵی دراوسێکەیان بوو. لە زەنگم دا. کارەکەرەکەیان دەرگای ڤەکرد. هەر کە پێم نایە ناو حەوشە، بابی کە لەبەر هەیوانەکە وەستابوو، لە قاڵدرمەکانەوە داگەڕاو پێی گوتم: "فەرموون فەرموو وەرە سەرەوە. هەندێك لەگەڵ کیژەکەمدا قسان بکەن، ئێستا شیڤ ساز دەبێت". لەهجەکەی ترکیەکی گڕ بوو، گوتم:

– سوپاس، بەڵام من شیوم خواردووە.

– فەرموو سەرێ. هەر کەسێك بێتە ماڵی ئێمە دەبێ شیڤ بفەرمووێ. جا تۆ حەز دەکەی مەخۆ.

ئەمەی گوت و رەوانەی کردمە سەرێ، چوومە ژوورەوە مێزێکی گەورە لە دوڕ ژوورەوە بوو. گڵۆپێك بە دیار مێزەکەوە، بە میچەکەوە هەڵواسرا بوو، چەترێکی تۆخی بە پلپلەو سلسلەی مەنجوخی بە دەورەوە بوو. ژوورەکە نیوە روناك بوو، پەردەی ئەستوورو قورس سەرووی پەنجەرەکانی سەر حەوشەی داپۆشی بوو. لە گۆشەی چەپاو دوور لە هەیوانەکە پیانۆیەکی گەورە دانرا بوو، و لەلایەکییەوە گرامافۆنێك و لەلایەکەی ترییەوە رادیۆیەك دانرا بوو. مارگرێتا جلکێکی شینی کاڵی لەبەردا بوو، یەخەیەکی چین چینی گەورەی هەبوو، کە لە ناوەڕاستیاو لەسەر سینگی قردێلەیەکی سوری پەپولە ئاسای گرێ دابوو. نازانم روناکی گڵۆپەکە بوو یان رەنگدانەوەو کاریگەری چەترە سورەکە بوو، یان گڕی سوری سۆپا نەوتیەکە بوو یان پەردە ئەستوورو قورسەکان بوو یا رەنگی رەشی پیانۆکە بوو، بە هەر حاڵ مارگرێتا رەنگ بزرکاو هاتە بەرچاوم، نەك بڵێی کە گۆناکانی پەمەیی نەبوون بەڵام لەبەر چاوی منا ئەم مارگرێتایە دەتگوت هەزار هێندەی نیوەڕۆ جوانتر بووە. مارفینکا لەم لای پیانۆکەوە وەستا بوو. مارفینکا دەسەخوشکی مارگرێتا بوو. ئەمانە بە دوو قۆڵی و پێکەوە بە روسی قسانیان دەکرد. ئەمە کیژە روسێك بوو کە لە ئێران لە دایك بوو بوو، بابی مردبوو لەلای دایکی کە شووی بە پیاوێکی ئێرانی کردبووەوە، دەژیا.

کاتێ من وەژوور کەوتم مارگرێتا دەستەیەکی نۆتەی پیانۆی لەسەر کورسیەك هەڵگرت و لەسەر تەپڵەکێکی تەنیشت پیانۆکەی دانا: "لە وەختێکی باشدا هاتی، ئەم دەستە خوشکەم نا ناسیت؟ مەدام مارفینکا".

یەکەمجار خۆی تەوقەی دەگەڵ کردم. ئەوجا من تەوقەم لەگەڵ مارفینکادا کرد. ئەوسا مارفینکا خواحافیزی کردو رۆیی، من و مارگرێتا بە تەنێ لە ژوورەوە ماینەوە.

– هەوەڵجار شیڤ دەخۆین، پاشان سەبارەت بە کارەکەمان قسە دەکەین.

– من شیڤم خواردووە.

– قەیدی نیە، کەمێکیش لەگەڵ ئێمەدا بخۆ... چاوەڕوانین تا ئاغای رەجەبۆف بێت.

چەند قسەیەکی دەکرد، ئەوجا بەوپەڕی سادەیی سەیری منی دەکردو چاوەڕوانی وەڵامی من بوو.

– هەمیشە درەنگ دێت. باشتر.

قسەی دەکردو پێدەکەنی. دەنگی پێکەنیناوی نەبوو، وەکو ئەو ئاهەنگانەی کە لە تەلی تارەوە دەردەچن ماوەیەك لە هەوادا دەلەرییەوە. ئەو قسەی دەکرد و چاوەڕوانی نەدەکرد کە من وەڵام بدەمەوە: "تۆ بۆ ئەوەندە شەرمنی؟ بابۆ بنیادەمێکی باشە دەتوانی رەفیقایەتی لەگەڵ بگریت. تەمەنی لە پەنجا پتر نییە، بەڵام روحی گەنجە. قەلەندەرە هەمیشە نەخۆش و تورەیە. حەز ناکەم کە دارعاسا هەڵدەگرێ. تەمەنت چەندە؟".

چاوەڕوانی وەڵامی من بوو، بەڵام من نەمدەزانی بەچی بانگی بکەم. ئەگەر ناوەکەی فارسی بایە، بە ئاسانی دەکرا بڵێی: ئەختەرخانم یان پەروانە خانم بەڵام مارگرێتا خانم قورس دێتە بەر بای گوێ. مەدامیش خۆش نیە، چونکە ئێمە بە فارسی قسە دەکەین. بەڵام هێشتا باشتر بوو"من بیست و پێنج ساڵم مەد... مەدام"

– پێم مەڵێ مەدام، زۆر فەرمی دەردەچێ. هەر کاتێ فەرەنسی فێر بووم، هەنگێ بە فەرەنسی قسەت دەگەڵ دەکەم، و ئەوسا دەتوانی پێم بڵێی مەد موزیل، باشم گوت؟ من تۆزێك فەرەنسیم لای خۆم خوێندووە، بەڵام ئیتر تۆ باشم فێر دەکەی. من روسی باش دەزانم. دایکم روسی بووە. مەبەستم ئەوەیە کە روسیە، ئێستاش ماوە.

ئەوسا چوو بۆ سووچی ژوورەکە لە ژێر مێزێکدا ئەلبومێکی دەرهێنا، گوتی: "فەرموو با لێرەدا وێنەکەیت نیشان بدەم. تەمەشا چەند خشیکە، نازانم ئێستا لە کوێیە. لە ئێران نیە، بەڵام من زۆرم خۆش دەوێ. لە ژوورەکەی خۆمدا وێنەیەکی گەورەی دایکم هەڵواسیوە، مەخابن کە من لە جەم ئەو نیم".

وێنەکەم لە دەستی وەرگرت و تەمەشام کرد. راستی دەکرد ژنێکی یەجگار خشکۆك بوو. لێ من ترسم لێ نیشت. نەبا بخوازێ ژووری نووستنەکەیم نیشان بدات. گوتم: "لەم وێنەیەشدا دیارە کە ژنێکی یەکجار جوانە".

– ئێستاش هەندێ جار کاغەزم بۆ دەنووسێت. باوکی زۆر خۆش ویستووم. هەمیشە ئامۆژگاریم دەکات کە ئاگام لێی بێ.

حەزم دەکرد لێی بپرسم کە هۆی جیابوونەوەیان چیە بەڵام زاتم نەکرد. مارگرێتا لەسەر قسەکەی رۆیی:

– وا نەزانی کە روسیم لە یاد چووە. من هەموو رۆژێ سەعاتێ دووان بە رووسی قسان دەکەم.

پرسیم: "لەگەڵ کێدا؟".

– دەگەل مارفینکادا. زۆر رەفیقین. پێکەوە مۆزیقا لێ دەدەین. بە دوو قۆڵی پیانۆ لێدەدەین. ئەگەر حەز بکەی، شەوێك دەعوەتی دەکەم و پێکەوە مۆزیقات بۆ لێدەدەین. کیژێکی زۆر چاکە.

هەر قسەی دەکردو پێدەکەنی، هەندێ جاریش رووی دەکردە من و شتێکی دەربارەی من دەگوت و لێی دەپرسیم: "حەز لە کتێب خوێندنەوە دەکەیت؟".

یان: "لە نووسەرە روسیەکاندا کامیانت لە هەمووان خۆشتر گەرەکە؟" و یان: "من دڵبەستەی پوشکینم، ئەو لە هەموو کەسێك زیاتر پەی بە پێداویستی و ئازارەکانی بەشەر دەبات".

سەرم دەسوڕما لەمەی کە ئەم کیژە بەم هەموو جوانی و نازدارییە بۆچی ناوی ئازارو پێداویستیان دەبات.

بە دەم خەندەو پێکەنینەوە لەسەری دەڕۆیی و

– گەرمات نییە؟ سۆپاکە کەمێك کز بکەم.

گەرمام نەبوو.

– نەتگوت کە مۆزیقات حەز لێیە یان نا؟

هەڵبەتە حەزم لە مۆزیقا هەبوو.

– ئەگەر دەتەوێ با بۆت لێدەم، بەڵام با هەڵیگرین بۆ دوای شیڤ، رەجەبۆف حەزی لە مۆزیقا نییە، لەگەڵ بابمدا شەترەنج دەکات، هەڵبەتە ئەگەر عارەقی نەخواردبێتەوە. ئەوسا پیانۆت بۆ لێ دەدەم. چ جۆرە مۆزیقایەکت حەز لێیە؟ لێ هەندێ جاریش چاوەنۆڕی وەڵامی منی نەدەکرد. بە دەم خەندەوە لە سەری دەڕۆیی.

من نقومی ئەو ئەفسوونە بووم کە لەوەوە بەسەرما دەرژا. دەمڕوانیە بزاوتی لێوە تەنك و ناسکەکانی. من غەرقی ئەم هەموو جوانیە سەر رێژە بووم. من ئاهەنگی پڕ جۆشی قسەکانیم هەڵدەمژی. بۆی ئەو گەرماو روناکیەم دەکرد کە لەوەوە دادەچۆڕا. تامی لەزەتی جوانیم دەچەشت. هەستم بە مەستیەکی زۆر، دابڕان، و حەپەسان لە خۆدا دەکرد.

من چوو بوومە دنیایەکی تازەوە، دنیای دەرێی هەمووان، دنیای دەرێی خۆم، دەرێی دنیای رۆژانەو یەکهاوی. لەم دنیایەدا ئومێدو هێڤیان هەبوو، لەم دنیایەدا بەشەر نەیدەزانی کە سبەی چ دەقەومێ، لەم دنیایەدا مرۆڤ عەزرەتی هەڵدەکێشا، لەم دنیایەدا مرۆڤ دەردو ئازاری دەکێشا بەو ئومێدەی کە لە دوای ئەوە خۆشی و لەزەت هەیە. مارگرێتا بۆچی پێدەکەنی؟ قەشمەری بە من دەکات، رەنگە وانەبێ. لەوەیە خۆشی بە مندا هاتبێ. دەبینە دۆستی یەکتر. لەوەیە رۆژێ لە رۆژان، زەڕەیەکی خۆش بویم. هەنگێ هەموو ژیانی من بۆ ئەو، هەموو بوونم فیدای ئەو بێ، چەند ناسك قسەی دەکرد. من زاتم نەدەکرد هیچی لێ بپرسم. لێ لە دڵی خۆدا بیرم دەکردەوە:

"مارگرێتا، تۆ چۆن بیر له من دەکەیەوە؟" جوانی ژیان لەم نەزانینەدایە، لەم هیواو ئومێدەدایە کە سبەینێ باشتر دەبێت. دنیا هێدی تر، جوانتر دەبێت.
ئەوسا بابی هات: "ئاغای ف هیچ قسە ناکات. لەو ساوە هەر من قسەم کردووە"
– ئێ ماری، بۆچی زۆرت قسان کرد؟ خۆ ئەگەر قسەت نەکردبا، هەنگێ ئاغای ف قسەی دەکرد.
ئەوسا بابی رووی کردە من: "جەنابت مامۆستای؟"
– بەڵێ.
– چەند ساڵە دەرس دەڵێیتەوە؟
ئێمە پێکەوە وەکو چۆن دوو پیاو پێکڤە قسان دەکەن، قسەمان کرد، دوایی رەجەبۆف هات، لەسەر شیڤو پاش شیڤش قسەمان کرد. سەبارەت بەکاری من، دەربارەی ئایندەی منو وەزعو حاڵی دنیا؟ تازە لەو سەرو بەندەدا پەیمانی مونیخ بەسترا بوو. سەبارەت بە جەنگو بەمەی کە ئەڵمانیا ئیختراعێکی کردووە کە ئەگەر هەموو دنیا یەك بگرن، کۆنترۆڵیان دەکاتو ئیدی جەنگ نابێ. رەجەبۆف بە تایبەتی پێی لەسەر ئەمە دادەگرت کە ڕژێمی روسیا هەر دەبێ نەمێنێو لە ناو بچێت. بۆچی دەستیان بەسەر کارخانانی خەڵکیدا گرتووە؟ بۆچی ئەو پێنج خانووەی کە ئەو لە باکۆدا هەی بوون، نایدەنەوە. خانووەکانی ئەویان داگیرکردووەو قوتابخانەیان لە جێی دروست کردووە. ئەو باخەی لە بابیەوە بۆی مابووەوە ئەمڕۆ کراوە بە پەروەردگەی منالان، لەوەتای دنیا دنیایە ئاغاو نۆکەر، دەوڵەمەندو هەژار هەر هەبووەو هەر دەبێ. لە هەموو ئەمانەش خراتر ئەوەیە کە بازرگانی نیە. پیف! مەملەکەتی بێ بازرگانی بۆچی باشە. تەرەقی مەملەکەت بەندە بە دەوڵەمەندی بازرگانەکانیەوە. تاقەیەك بازرگانی روسم پێ نیشان بدەن. و زۆرشتی دیکەی لەم بابەتە.
هەنگێ مارگرێتا هەڵیدایێ
– بابۆ، چەند باسی سیاسەت دەکەن؟ من دەمویست کەمێك پیانۆ بۆ ئاغای ف، لێ بدەم، ئێوە ئەگەر گوێ ناگرن، بۆ خۆتان شەتڕەنج بکەن.
ئێمە بە دووقۆڵی چووینە ژوورەکەی تەنیشتەوە. چونکە پیانۆکە لەو ژوورەدا بوو. ئەو هۆدەیەی کە نانمان تیاخوارد، هەمان ئەو ژوورەبوو کە یەکەمجار مارگرێتام تێدا بینی، لێ دەرکەی مەعبێنی ئەم دوو ژوورە وازبوو، بە جۆرێ کە ئەگەر کەسێك لەسەر مێزەکە وەستابا بە ئاسانی دەیتوانی قسە دەگەڵ دانیشتووانی ژووری نان خواردن دا بکات. مارگرێتا لێی پرسیم: "حەزت لە چیە؟ موزیقای سووك یان قورس؟"
شەرمم کرد بڵێم جیاوازی نێوان ئەم دووە نازانم، بە خەیاڵی خۆم مارگرێتا وەکو جاران چاوەڕوانی وەڵامی من ناکات. بەڵام بە دەم هەڵدانەوەی لاپەڕەی نۆتەکانەوە، هەڵوەستەیەکی کردو گوتی: "شتێك بڵێ".
– بە کەیفی خۆت.
– یانی حەزت لە مۆزیقا نیە؟
– بۆ نا، زۆریش.

بابی گوتی: "شتێکی باشی، شاد لێ بده، خەمگین نەبێت".

ڕەجەبۆف گوتی: "ئەگەر بیەوێ (سەمای مەرگ – Dance macabre) لێ بدات، من هەڵدێم".

مارگرێتا پرسی: "بەڕاست،ئاغای ف –Macabre– یانی چی؟

من شپرزە بووم. لە تۆ وایە دەیەوێ تاقیم بکاتەوە. Macabre واتە شوم، macabre واتە ترسناك، واتە ئەو کپییە سامناکەی کە باڵی بەسەر مردو شۆرخانەکاندا، بەسەر گۆڕستانەکاندا کێشاوە. من ناتوانم هاوتایەکی دەقاو دەق بۆ ئەم وشەیە بدۆزمەوە.

مارگرێتا گوتی: "هۆو، ترس لە بنیادەم دێنێ. مۆزیقاکەشی هەر هەروایە".

ڕەجەبۆف گوتی: "منیش هەروام گوت".

مارگرێتا بە توندی پەرسڤی دایەوە: "نەخێر، تۆ وات نەگوت، تۆ شتێکت گوت و باقیەکەیت بە ئیشارەی دەست نیشان داو من هیچ حاڵی نەبووم".

سەرە روتاوەکەی ڕەجەبۆف سور هەڵگەڕا. دیار بوو لە حوزوری مندا بە تەمای هێرشێکی واهی نەبوو. ئیدی بۆم دەرکەوت کە مارگرێتا نای حوبێنێ، وەك بێژی ئەم ڕاستیە سوکنایی بە دڵی من بەخشی.

ئەوسا مارگرێتا چووە سەر پیانۆکەو ماوەیەك پیانۆی لێدا. نەرمی و ئارامیەکم تێ گەڕا، حەزم دەکرد هەموو دنیا میناکی من بەختەوەر بوایەو لەزەتی لەم دەستە ناسکانە بدیبا کە بەم سەلاری و مەنگییە لەم دەزگا جادوییەوە ئەم ئاهەنگە ئەفساوناویانەی دەردێنا. حەزم دەکرد ڕازو نهێنییەکانی مارگرێتا لە چاوەکانیا بخوێنمەوە. چی لێدەدا نازانم لێ ئاوازو ئاهەنگەکان دەیان سوتاندم، لە دڵمدا کڵپەیان دەسەند، خوێنم هاتبووە کوڵ و جۆش و خۆم بە بەختەوەرترین خەڵقەندەی دنیا دەزانی.

ئەو شەوە تا کەنگێ لەوێندەر مامەوە، بیرم نییە. بە هەر حاڵ دێر بوو بوو، ڕەجەبۆف دەگەڵ بابی مارگرێتادا لە ژوورەکەی تەنیشتمانەوە دانیشتبوو. ئاخری ڕەجەبۆف هات تا خوا حافیزی لە من بکات و بۆم دەرکەوت کە دەبێ منیش هەستم.

قەرارمان وا کرد کە هەفتەی شەش شەو بچمە ئەوێندەر. شەوێك من فێری روسی ببم و شەوێك من دەرسی فەرەنسی بەو بڵێم، ئەمە یەکەم دیداری من و مارگرێتا بوو، لەو شەوە بە دواوە زۆربەی کات، واتە هەموو شەوێك تا سەعات دەو یانزە هەندێ شەوانی هەینی نەبێ، لەگەڵ ئەودا بووم.

پێویست بە گوتن ناکات کە ئیدی ژیانی من گۆڕا، شێوەیەکی تازەی لە خۆ گرت. هەموو زیکرو فیکری من تەنێ ئەمە بوو کە: چ بکەم تا بچمە دڵی مارگرێتاوە، جارێك پێی گوتبووم کە حەزی لە ڕەنگی شینباوە. ئیدی من تەنیا کراسی شینم لەبەر دەکرد. هەموو بێجامەکانم شینی کاڵ بوون. جارێکی دی پێی گوتم: "بە ڕای من ڕەنگی قاوەیی لە قژی ڕەش و چڕو ڕەنگی ئەسمەری تۆ دێ".

ئیدی من جلکی قاوەیی ئامال سوورم لەبەر دەکرد. جارێك لـە سـەرەتای ڕۆژانـی ئاشنایەتیماندا گرێی قەرەوتیەکەی بۆ ڕێك خستم و توندی کردەوە، ئیدی من بۆ هەمیشە ئەمەم کرد بە ئاڵقەو لە گوێم کرد.
ئەو حەزی لە مۆزیقای قورس و بەرز دەکرد، من بەمە ڕانەهاتبووم، بەڵام هـەوڵم دەدا زەوقـی خـۆم لەم ڕووەوە پەروەردە بکەم. بەکرەی گرامافۆنم دەکڕی، چەندین کتێبم دەربارەی مۆزیقا کڕی و خوێندەوە، تەنانەت شەرمم لەوەش نەبوو کە هەندێ شەرح و شرۆڤان لە خودی مارگرێتا بپرسم.
ئەو حەزی لە چارەی ڕەجەبۆف نەدەکرد، منیش بە چاولێکەری ئەو حەزم لێی نەدەکرد. تا پـتر شـەیداو دڵبەسـتەی مارگرێتـا دەبـووم پـتر لـەو دڕدۆنـگ دەبـووم. شـەوێك پـاش ئـەوەی دەرسمـان تـەواو بـوو، داوای لـە مارگرێتـا کـرد کـە کـەمێك پیـانۆ لـێ بـدات. مارگرێتـا نیگایـەکی مـنی کـرد. پێویست بـەوە ناکـات بڵێم کە ئـەو شـەوە، خۆشترین شـەو بـوو کـە مـن لـە ژیانمـا لـە ئازادیـدا ڕام بوارد، ئەو نیگایە مانای نەبوو. دەیویست بە من بڵێ: "من ماندووم، بەڵام ئەگـەر تـۆ حـەز دەکـەی ئامادەم لەبەر خاتری تۆ، چونکە تۆم خۆش گەرەکە، مۆزیقا لێ بدەم و ئەگەر تۆ نەتەوێ، ئامادەم تەنانـەت داوای ئـەم ڕەجەبۆفـە عـارەقخۆرە ڕەت بکەمـەوە."نـەخێر وا نـەبوو، مـن ئـەم مانایـەم لـە نیگاکەی ئەوەوە هەڵێنجا. نەخێر ئەمە ماخۆلانێك بوو تووشی من بوو بوو. من وام خـەیاڵ دەکـرد کە خۆشم گەرەکە، من ئەم نیگایانەم بەدڵی خۆم لێکدەدایەوە. چەندین ڕۆژ، چەندین شەو، هـۆش و بیری من تەنیاو تەنیا بـە دەوری ئـەم نیگایـەدا دەسـوڕایەوە، منـیش تەمەشـای ئـەوم کـرد، بـەڵام دەرم نـەبرد، لـەپڕ دەمـاری نێـوان هـەردوو بـرۆم بـەرز بـووەوە، هـەموو ئـەم دنیایـەم هاتـە بەرچـاو. مارگرێتا یان شەکەت بوو یان نەیدەویست داواکەی ئەو بەجێ بێنێ. مارگرێتا لە بەرسڤدا گوتی: "من ماندوو بووم بە چاوان دوایی بۆتان لێدەدەم".
هەمدیس داوای لێکردەوە، بە ڕادەیەك کە لـەزگ بـوو ڕەجـەبۆف زویـر بـێ، هـەنگێ بـابی مارگرێتـا ناچار بوو بکەوێتە بەینەوە. ناچاری کرد لە پشت پیانۆکەوە دانیشێت.
من پەست بووم، بەڵام پێم سەیر بوو کە چۆن ڕەجەبۆف لە ناکـاودا ئـەوەنـدە زەوقـی چـووەتە سـەر مۆسیقاو تەنانەت پێم وابوو کە بەڕاستی پێویستی بە مۆزیقایە. چەند بێزار بووم کاتێ بینـیم کـە لەو کاتەدا کە مارگرێتا ئاڵۆزو توڕە، تەپەتـەپ بـەر بـوو بـووە پیانۆکـەو چـەند دەققەیـەك بـەردەوام بوو، ئەو سیو دوو دانـە جـار باوێشـکی دا، نـۆ جاریـان بیری چـوو دەسـت بـە دەمیـەوە بگرێـت و نزیکەی یازدە جاریش ئاو بە چاویا هاتە خوارەوە.
کە مارگرێتا لێ بووەوە گوتی: "ببورن باشم لێنەدا".
پاشان لە ژوورەکە چووە دەرێ. نزیکەی نیو سەعاتێکی پێچو، ئەوسا پاڵتۆکەی لەبەر کردو هـات خوا حافیزی لە من بکات، ڕۆژی هـەینی بـوو و دەیویسـت دەگـەڵ مارفینکـادا بـۆ سینەما بـڕوات. منیش ڕابووم و پێکڤە لە ماڵ هاتینە دەر، مارفینکا لە حەوشەدا وێستا بوو، من تا بەر سینەماکە لەگەڵیان چووم. لـە ڕێگـەدا پێـی گـوتم: "ئەمشـەو زۆر خـراپم لێـدا، مـن کـاتێ ناچـار دەبم، نـاتوانم باش لێ بدەم".
– ئاگام لێ بوو کە توڕە بوویت.

– که ناچار دەبم ناتوانم باش لێ بدەم. لە تۆڵەی ئەمەدا ڕۆژی هەینی داهاتوو مارفینکا دوای نیوەڕۆ بۆ ماڵی ئێمە دێت، بە بابیشم گوتووە. ئەو ڕازیە، دەگەڵ مارفینکادا پێکڤە بە چوار دەستی سەمای مەرگت –Dane macabre بۆ لێ دەدەین.

یەکسەر بیرم کەوتەوە کە هەمدیس ڕەجەبۆف لەوێ دەبێ و هەمدیس بە باوێشکان تووڕەو پەستم دەکات، بۆیە لێبڕام کارێك بکەم کە تا ئەوساکە نەم کردبوو.

– ببوورە، من ئەم هەینییە کارم هەیەو ناتوانم بێم.

– چۆن، کاری چیت هەیە؟

مارگرێتا سەری سوڕما. ئەمە یەکەمجار بوو کە من داوای ئەو ڕەت بکەمەوە.

مارگرێتا هەستی کرد کە نیازێکم هەیە، ئەو ڕۆژەمان بە بێدەنگی گوزەراند. دوای چەند ڕۆژێك کە هەر هەردووکمان بووین، لێی پرسیم: "بۆچی ئەو شەوە دەعوەتەکەت ڕەت کردمەوە؟"

– تۆ نازانی بۆ؟ تۆ ئەوە شەوە کە مژولی پیانۆ لێدان بووی قیافەو سیمای ڕەجەبۆفت نەبینی. تۆ بەم ئاوازانەت وێنەیەکی تازەی ژیان بە من نیشان دەدەی، من نامەوێ ئەم بەختەوەری و شادیە بە خۆڕایی لە کیسی خۆم بدەم. دەمێ بوو پێوە بووم داوات لێ بکەم ئەم (سەمای مەرگەم – Dane macabre) بۆ لێ بدەیت.

– ئەدی بۆچی دەعوەتەکەی منت ڕەت کردەوە؟

– مەرجم ئەوەیە کە ئاغای ڕەجەبۆف لەوێ نەبێ.

– پێم وایە غیرە دەکەی.

سور هەڵگەڕام و نزیك بوو چاوانم پڕ لە روندك بن، لێ خۆم گرت. ئەم گفتوگۆیانە بەدەم دەرس خوێندنەوە کران. چونکە بە فەرەنسی قسەم دەکرد، پرکێشیەکی زیاترم هەبوو، مارگرێتاش ئەوەندەی دەیتوانی بە فەرەنسیو باقیەکەی بە فارسی دەگوت. ئەمە یەکەم کەڕەت بوو کە مارگرێتا ئەگەرچی بە شێوەیەکی تەوس ئامێزش بوو، ئاماژەی بۆ هەست و سۆزی من دەکرد.

– نە، غیرە ناکەم، بەڵام کە تۆ پیانۆ لێ دەدەی، من باوێشکەکانی ئەوم پێ تەحەمولْ ناکرێ.

– دڵنیابە کە منیش لەم زەلامە بێزارم، بەڵام قەبوڵ کردنی ئەم مەرجە بۆ من زەحمەتە، هەوڵدەدەم بە گوێرەی حەزی تۆ ڕەفتار بکەم، هەوڵدەدەم بە دڵی تۆ بکەم، تۆ ئاگاداری هەموو وردو درشتێکی پەیوەندی بەینی ئێمە نیت. پێویست ناکات. من چاوەڕوانی دەرفەتم.

"بەڵام ئەم دەرفەتە ماوەیەکی زۆر هەر نەڕەخسا. تا شەوێك کە لەگەڵ مارگرێتا و بابیدا لە سینەما بووین، تووشی مارفینکاو دایکی بووین و پێکەوە چووینە کافەی (ئوستریا). ئەو شەوە دیسان باسی داواکەی من کرا، من هەمدیس مەرجەکەی خۆم دووبارە کردەوە.

ئەوەی ڕاستی بێ من دەمویست جارێك مارگرێتا بە ئازادی بدینم، دەمویست لە ژێر کاریگەری و گوشاری ڕەجەبۆف دا نەبێت. دەمویست بزانم کە مارگرێتا کاتێ ئەسیری هەست و سۆزی خۆیەتی چۆنە، چونکە دەمزانی کە سەمای مەرگ – Dane macabre لە هەر هەموو شتێك پتر کاری لەوە کردووە، حەزم لێ بوو کە لە ژێر گوشاری ئەم پارچە مۆسیقایەدا بێ، دەمویست بزانم کە مارگرێتای ڕاستەقینە چۆن هەست دەکات".

لێرەدا من مەجبور بووم بە پێچەوانەی ڕەوتی ئاسایی خۆمەوە قسەکەی مورتەزا ببڕم و لێم پرسی: "من لە یەك شت باش حاڵی نابم. وێڕای ئەم هەموو جۆش و خرۆش و سۆزو گودازەی کە لە تۆدا هەبووە، مارگرێتا هیچ کاردانەوەیەك، هیچ نیشانێك، هیچ شتێکی، ئاخر مەیلێ یان بێ مەیلییە، بێزارییەکی نیشان نەدەدا، چونکە خۆشەویستی تۆ بتەوێ و نەتەوێ لە هەموو هەڵس‌وکەوتی تۆدا دیار بووە، ئەمە قسەی لەسەر نییە".

"من خۆشم دەویست و ئێستاش خۆشم گەرەکە، ئاخر بۆیە ئێستا مەرگ بە ئاوات دەخوازم. مەبەستت ئەمەیە کە مەبەستی من چ بووە، چم دەویست. ئایا ئەویش منی خۆش دەویست، نە، هیچ کاتێك دەری نەبڕی، نیشانەو هێمایەکی بە من نیشان نەدا: وەکو دوو هاوڕێ بووین. بەڵام پەیوەندیمان لەم ئاستە سەرڤە تێ نەپەڕی. پەلە مەکە؟ وەڵامی ئەم پرسیارەت دەدەمەوە. تۆ نازانی چەند خۆشە پیاو بتوانێ لە خۆ بردوویی هەبێ، فیداکاری بکات، لە رای فکرێك، ئارەزوویەك، لەڕای ئیمان‌و باوەڕێك، لە پێناوی هەرشتێك دا کە شایستەی ئەوەبێ ژیانی لەسەر دابنەی. ئەم ژیانە پڕ بێزاری‌و یەکهاوی‌و رۆتینییەی من چ نرخێکی هەبوو. ئامادەیی بۆ مەرگ بوونی ژیان خۆش دەکات. بەڵام مارگرێتا چ کاردانەوەیەکی هەبوو؟ ئێستا باسی دەکەم، ئێمە بەدەم دەرسی روسیەوە بەرە بەرە هاتبووینە سەر کتێبانی روسی. من تکام لێ کردبوو هەندێ بەشی "یەڤگینی ئونیگین"ی پوشکین لەلای مارگرێتا بخوێنم‌و ئەویش قاییل بوو. هەرچەندە تێگەیشتنی بۆ من زەحمەت بوو، لێ چونکە باجڤە فەرەنسییەکەیم خوێند بووەوە بە ئاسانی دەمتوانی پەیگیری بابەت‌و نێوەرۆکەکانی بکەم. و بەردەوام بم لەسەری. کە گەیشتینە سەر نامەکاری تاتیانا، ئەوەندە کاری تێکردم دەتوانم بڵێم جڵەوی خۆم لە دەست دەرچوو. مارگرێتا هەستیکرد کە ئەم نامەکاریە زۆر کاری تێکردوم‌و گوتی: "تاتیانام خۆش گەرەکەو حەزم دەکرد وەکو ئەو بووایەم."

گوتم: "تۆ هەرگیز نەتدەتوانی وەکو تاتیانا بی. کێ دەتوانێ وەکو تاتیانا فیداکاری بکات‌و لە خۆ بوردەییەکی واهی نیشان بدات، بەرانبەر بە پیاوێك کە ئەو پیاوەی خۆش دەوێ، بە ئاشکرا ئیعتراف بکات کە من تۆم خۆش گەرەکە. تاتیانا وا مەزەندە دەکات کە ئەم پیاوە ناتوانێ وەڵامی هەست‌و سۆزەکانی ئەو بداتەوە، یان نایەوێ وەڵامی بداتەوە، ئەوجاش بەو پیاوە دەڵێت‌و دەنووسێت کە من تۆم خۆش گەرەکەو هەرچی بوونم‌و نەبوونم هەیە، هەموو رازو نهێنییەکانی ژیانم، دەخەمە بەر پێی تۆ چونکە خۆشم دەوێی."

من لە وشەیەك دەگەڕام‌و بۆم نەدەدۆزرایەوە.

– من ئەم فیداکاری‌و لەخۆبوردەییە لە تۆدا نابینم. مارگرێتا پێکەنی، جا دەیویست گاڵتە بە من بکات یا دەیویست وەکو هەمیشە شادی ببەخشێتەوەو لەهەر شوێنێك دا بێ خۆشی بڵاوە بکاتەوەو خەمباری من بتارێنێ یان بەوە پێدەکەنی کە شتێکی لە من شاردۆتەوەو پێی نەگووتم.

– نەء تۆ سەهویت، من خوێندوومەتەوە. تۆ ناتوانی ئەو تاتیانایەش بی کە ئێستا مێردی بەجەنەراڵ کردووە، ژنی جەنەراڵێکە کە خۆشی ناوێت‌و ئەوجاش ئامادەنیە کاتێ کە کۆنە دڵدارەکەی دێ بۆلای، ئەودڵدارەی کە رۆژێ لە رۆژان سۆزی ئەوو خودی ئەوی لە پێ کردبووو

ئەمێستا پەشیمان بووەتەوەو خۆشی دەوێ، تاتیانا، ژنی جەنەڕاڵ، بە ڕواڵەت بەشکۆو شانازی، لە جەوهەرو کرۆك دا دڵشکاوو پەریشان، تاتیانا ئامادەنیە دەگەڵ ئەم دڵدارەدا بژیو دەست بە مێردەکەیەوە بنێ... تۆ توانای ئەم فیداکارییەت نیە.
هەمویس پێکەنی، بەڵام بەدەم پێکەنینەوە قسەیەکی کرد خستیمە بیرو ئەنێشەوە. ئەوسا پەیم بە بایەخی قسەکانی نەبرد، ئەو ڕۆژە وام خەیاڵ کرد کە چونکە هەندێ هەڵچوو بووم، بۆ هێورکردنەوەی من ئەو قسەیەی کردووە. پێی گوتم: "چوزانی، بەڵکو بمەوێ فیداکارییەکی گەورەتر بکەم. خۆ هەموو شتێك نا گوترێ. با ئەم لاپەڕەیە تەواو بکەین..." ئاقیبەت ئەو دەرفەتە ڕەخسا. ڕۆژێکی هەینی، پاش نیوەڕۆ میوانی مارگرێتاو بابی بووم. مارفینکاش لەوێ بوو.
هەموو دانی بەیانیەکەی ئەو ڕۆژە من لە ماڵەوە بووم. دنیا ساردو سەهۆڵبەندان بوو، تەنیا بۆ ماوەی چەند دەققەیەك ئەو ڕۆژنامانەم کە دەربارەی جەنگ بوون، خوێند بووەوە، ئیدی هەموو ڕۆژەکەم بە گوێگرتن لە بەکرەی سەمای مەرگ–Dance macabre کە دەمێ بوو کڕی بووم، ڕابوارد. لە کتێبانی هونەریدا ئەو وێنەیەم کە هلباین لە مەڕ سەدەکانی ناڤینی وێنا کردبوو، موتالا کرد.
نزیکی سەعات دووی پاش نیوەڕۆ لە ماڵ وەدەرکەوتم، بە پێیان بۆ ماڵی مارگرێتا ڕۆییم. بایەکی تەزی دەهات، هەوا وشك و دنیا سەهۆڵبەندانی تەواو بوو. سەعات سێی پاش نیوەڕۆ بوو. هەر چەند دنیا هەتاو بوو بەڵام بەفری ژێر پێی بنیادەم قرچە قرچ دەشکا. خەڵکی لە سەرمادا بەشەقەماکاندا هەڵدەهاتن. من هێندە سەرقاڵی خۆم بووم کە سەرمام هەر لە بیر نەبوو. من تەنیا لە بیری مارگرێتادا بوومو لە دڵی خۆدا بیرم لەوە دەکردەوە کە بۆچی سەمای مەرگ– Dance macabre ئەوەندە کاری تێکردووە. ئەو لەهەر جێیەك بێ، هەمووی کەیفو سەفایە، ئارامیو شادمانیە، خەندەو پێکەنینە، ئەوو مەرگ کوجامەرحەبا. سەمای مردووان، سەمای مەرگ چ کارێك لەو دەکات، بنیادەم دەبێ چەند لە ژیان بیزار بێ تا لەزەت لە سەمای مەرگ، سەمای ئێسکەپەیکەری مردووان ببینێو بە ئاواتی بخوازێ. نازانم بۆ پەریشان بووم؟ خۆ من بە درێژایی ڕۆژەکە، چەندین هەفتەو چەندین مانگ بوو بە ئومێدی ئەو ڕۆژە دەژیام، ڕۆژێك پاش نیوەڕۆیەك لەگەڵ مارگرێتا دابمو ڕەجەبۆف لەوێ نەبێ. بێگومان بە درۆوە بە ڕەجەبۆفیان گوتووە کە ئەمڕۆ لە ماڵ نینو پولیان پێوەناوە. باشە ئەگەر ڕەجەبۆف بێت چ دەبێ؟ هۆی ئەم پەریشانیەی من چ بوو؟ لە هیچی نەبوو دڵم کەوتبووە ترپەترپ. کە وەژوورکەوتم هەستم کرد مارگرێتا خەمبارە، پێنەدەکەنی، بەڵام سەدای بە بەرزیو میناکی دەنگی سکەی زیو دەنگی دەدایەوە: "باش بوو زووتر هاتی. دۆستەکەم هێشتا نەهاتووە. مارفینکا هەر ئێستا دێت. زۆر تەنیا بووم. بابم نەخۆشە، حاڵی باش نیە، نایەتەلامان. لە بەیانیەوە تا ئێستا بەوەوە خەریك بووم. بەڵام حاڵی باشترە. ڕەنگە تا سەعاتێکی دی بێت. سەرماتە، فەرموو لای سۆپاکەوە."
– ئەگەر بابت نەخۆشە، ئیجازە بفەرموو بامن مەرەخەس بم.
– نە بابە، بمێنەوە، من زۆر خۆشحاڵم کە تۆ هاتی.

لێکدا لێکدا قسەی دەکرد، قسەی لەگەڵ خۆیدا دەکرد، پرسیاری لەمن دەکرد. بەتەنێ بووین. چ دەرفەتێکی لە بارە پێی بڵێم کە تۆ بۆ من دەکەیە چی، چ پایەیەکت لە ژیانی مندا داگیر کردووە، پێی بڵێم کە ژیانی من تا ئێستا کارێکی ئاسانو یەکهاوی، بەڵام پڕ زەحمەت بووە. پێێ بڵێم کە ژیانی من یەکپارچە رەنج و زەحمەتو ئازار بووە، لە هەموو ئەمانەش خراتر بێ جوڵەو بێ گۆڕان بووە. پێێ بڵێم کە من تاکو نهو تەنیا بەڵاو مەینەتیەکانی ژیان، برسێتی خەڵکی، ئازاری داماوان، کوشتارو زوڵمو زۆرم دەبینی. پێی بێژم کە هەموو رۆژێك لە خەو رابوون، بێ ئامانجو مەبەستێك لە ژیاندا، دەست لەسەر دەست دانان، هەموو رۆژێ رۆنو برنج مەسرەف کردن بۆ من کوشندەبوو. ئێستا لەوساوە کە تۆم ناسیوە، دنیایەکی دیم لەبەردەم کراوەتەوە. پێی بڵێم کە ژیان ئیدی بریتییە لە مۆزیقاو هونەر. پێی بێژم کە ژیانی من تانهو بەبێ هونەر بووەو ئەگەر هونەرێکیش لە ئارادا بووبێ، بێ ژیان بووەو گیانی لەبەر نەبووە، پێی بێژم کە تۆ دنیای راستەقینەت بەمن نیشان داوە، پێی بڵێم کە ژیانت وەبەر ژینی من خست، پێی بڵێم کە دۆستایەتی تۆ هیواو ئاواتم پێ دەبەخشێت، ئاه چەندم شت پێ بوو کە دەمویست پێی بڵێم، دەمویست پێی بڵێم کە خوشم دەوێی. زمانم بەسترا بوو، زارم چوو بووە کلیلەو تەنیا بە نیگای چاوان دەمویست ئەم شتانەی تێ بگەیەنم. مارگرێتا هەمیشە لە نیگا قوڵەکانی من دەترسا، بەڵام خۆی لە گێلی دەدا. بەڵام ئەمڕۆ لە هەموو رۆژێك خراتربوو، یەکبینە قسەی دەکرد، بۆ ساتێکیش زاری لێك نەدەنا. یا لە بێدەنگی دەترسا یان دەیویست روحی لەمن وەشێرێ، دەیویست گیانی بە پەیڤان داپۆشێت.

مارفینکا هات. بەروسی قسەیان کرد. وام لێهاتبوو کەمێك حاڵی دەبووم. چاو شیرینیان هێنا، پاشان بە دوو قۆڵی لە پشت پیانۆکەوە رۆنیشتن. Dance macabre واتە سەمای مردووان، واتە سەمای مەرگ بە خەتێکی درشت لەسەر نۆتەی پیانۆکە نووسرا بوو، ژوورەکە کپو بێدەنگ بوو، دەنگی خشەخشی نۆتەکان دەهاتە گوێ.

بێدەنگییەکی تەواو بۆ چەند ساتێك بەرپا بوو.

من ئانیشکم بەسەر سێ سوچی مێزەکەدا دادابوو، هۆش و حەواسم لای ئەوان بوو. ئاوازو ئاهەنگەکانی هەوەڵ ترس و غەریبیان لا چێکردم. Macabre بوون، هیچ وشەیەك لە فارسیدا پڕ بە مانای ئەو وشەیە نییە. شووم بوون لە نێو ئاوازو ئاهەنگەکانەوە بە باشی روحی پەیڤم دەژنەوت.

سەعات، دوانزە زەنگان لێدەدا. لەم سەعاتەوە تاکو سپێدە، مردووەکان ئازادن، ئازادی ئازاد.

نیوە شەوە!

چ شەوێکی سامناك

هەموو شەوێك بەو جۆرە قورسە. چونکە ژیانی ئێمە قورس و گیان پروکێنە. ئەوان چیتر گیانیان ناپروکێ، مردووەکان گیانیان نیە.

چونکە ئێمە وەکو یەك نین، یەکسان نین، بەڵام مردووەکان وەکو یەکن، یەکسانن.

مردووەکان لە نیوە شەوەوە تا بانگی کەڵەبابی بەیانی ئاهەنگ دەگێڕن، ئاهەنگی ئازادی، ئاهەنگی رزگاری لە مەینەتی و دەردەکانی ژیان.

هەر هەموویان بەرابەرو یەکسانن.

نە شانو نە گەدا، نە پیرو نە لاو، نە کیژو نە کوڕ، نە ژن و نە پیاو، هەموو هەر مردوون. هەر هەموویان ئێسکە پەیکەرن.

نە کەس پۆیلە بەسەرەو نە کەس شڕە لەبەرە، دەستی یەکتر دەگرن و دەڕەقسن.

مەرگ کە کۆڵکەی هاوبەشی هەموانە، بەشێکە لە هەموویان، خودی ئەوانە، مەرگ ئێسکەپەیکەرەکانی هێناوەتە سەما.

مەرگ، بە لولاقێکەوە کە رۆژێ لە رۆژان لاقی کیژۆڵەیەکی بالآبەرز بووە، لەسەر کەللەسەرێکی دیوار ئەستوور، تەپڵیان بۆ لێدەدا.

کە سەعات دەبێ بە دوازدە، ئێسکەپەیکەرەکان لە گۆڕیچەی گۆڕەکانەوە دێنە دەرێ و دەڕەقسن.

مەرگ کە خودی ئەوانە، چونکە ئیدی هیچ فەرماندارو فەرمان پێکراوێك لە گۆڕێ نیە ئاهەنگێکی نەرم و خۆش لێدەدا.

مردووەکان بە دەوری یەکدا دەس دەقوتن و هەڵدەپەڕن. ئەمەی کە هێشتا نێشخەن بە ئێسکەپەیکەری دەموچاویەوە دەبینرێ، ئەمە لە ژیاندا قازی بووەو بە دەردو ژان و سکاڵای مەحکومان پێکەنیوە، بەڵام تازە مردووە، بەم زووانە ئەم شوێنەوارە لە کەللەیا مەحو دەبێتەوە، ئیدی ئەم شوێنەوارە لە نێوان کاژێرەو گۆناکانیدا نامێنێ. چونکە ئیدی ئەو مردووەو ئازادە.

ئەمەی کە ئێسکەکانی پشتی کووڕە، ئەوە لە ژیاندا پشتی دانەواندووەو سەری شۆڕ کردووە، لێرە ئیدی پێویستی بەمە نیە، چونکە ئەوەی ئەوی لە خەڵکانی دی جیا دەکردەوە، واتە پێداویستییەکانی ژیانی رۆژانە، باوی نەما، لێرە نە خەندە هەیە نە گریان، نە شادی نە غەم، نە دڵ تەنگی و نە هیوا، نە فڕناخی و نە سوکایەتی، نە زوڵم و نە لالآنەوەو کوڕوزانەوە، نە برسێتی و نە تێری.

هیچ شتێك لێرە نییە، جگە لە مەرگ، جگە لە ئازادی.

ئایا ئەم مەرگەو ئەم ئازادیە لە ژینی بندەستی و کۆیلەیەتی، لە ژینی نێو زندان باشتر نییە.

ئایا ئەم مەرگە لەوە باشتر نیە کە قازی بە عەزابی مەحکومی خۆی پێ بکەنێ و پۆزی بەسەرا لێ بدات؟

ئایا ئەم مەرگە لەوە باشتر نییە کە ئاتاج پشت دابنەوێنێ!

ئایا ئەم مەرگە لەوە باشتر نیە کە بەشەر لە بەندا بێ؟

لەبەر ئەمەیە کە ئەوانە ئاهەنگیان سازداوە.

سەما دەکەن، چونکە ئازادن.

مەرگ بە لولاقی کیژێك لەسەر کاسە سەری کەللە زلێك، ئاوازو سروودی سەمای مردووانیان بۆ لێ دەدا.

حەیفێ، ئەم ئازادییەش سنووردارە.

کەڵەباب بانگی بەیانی دەخوێنێ.
هەموو مردووەکان، گشت ئێسکەپەیکەرەکان بڵاوەی لێدەکەن.
دەنگ... دەنگ
من ئەم دیمەنەم لەو مۆزیقایەدا کە مارگرێتا و مارفینکا لێیان دەدا دەبینی.
کە تەواو بوو، هەردووکیان رەنگیان پەڕی بوو، سەیری منیان دەکرد. من حەپەسا بووم".
مورتەزا هەناسەیەکی درێژو قووڵی هەڵکێشا. ئەم بە شانەی دوایی بە نیمچە بێ ئاگاییەك دەگێڕایەوە. ئیدی گوێی لەوە نەبوو کە کەسێك گوێی لێدەگرێ یان نا، گومان لەوەدا نەبوو کە هێشتا لە ژێر گوشارو کابوسی ئەو رۆژەدا بوو.
"ئیدی هیچم لە یاد نەماوە کە ئەو رۆژە چی رووی دا. دەزانم کە بە درێژایی ئەو شەوە وەکو جەنازە تا سپێدە کەوتم، لەگەڵ ئەمەشدا بەیانییەکەی هێشتا هەر پەرێشان و تورە بووم. ئەوەندەم بیر دێ کە رۆژی دوایی هەمیشە دەموچاوی رەنگ پەڕیوی مارگرێتا پاش ئەوەی کە (Dance macabre)ی تەواو کرد بوو، لە بەرچاوم بەرجەستە دەبوو.
ئیدی دڵنیا بووم کە مارگرێتا ئەو کیژە زار بە پێکەنین و شادی بەخشە نیە کە من وێنام دەکرد، و لە ژێر ئەم جۆرە پێکەنینەدا رازو نهێنییەك پەنهانە. من پەرێشانی ئەوە بووم کە بۆچی تا نهۆ نەم ناسیوە.
رۆژی دوایی نزیکەی سەعات شەشی پاش نیوەڕۆ لە ژوورەکەی خۆم دانیشتبووم و گوێم لە بەکرەی Dance macabre دەگرت کە لە پڕ دیتم ئەو گلیمەی کە لەبەر سەرما بە شووشەی دەرگاکەوەم هەڵواسی بوو، بە دەستێکی چکۆلەی لە دەستکێشی چەرما، جولا، دەستەکە چەند جارێك کێشای بە شووشەکەداو پاشان وەژوور کەوت. مارفینکا لە ناو ژوورەکەی مندا وەستا بوو.
بە سیمایدا دیار بوو کە شتێکی تازە قەوماوە. مارفینکا فارسیەکەی باش نەبوو و منیش ئەوەندە روسی فێر نەبوو بووم کە بتوانم قسەی دەگەڵ بکەم، بەڵام ئەوەندە حاڵی بووم دەیویست بە هەر زمانی بووە، ناچارم بکات، تا زووەو بە پەلە بچمە هانای مارگرێتا، بەڵام چی قەوماوە، چی بووە، من چ کارێکم لە دەست دێ، نەمزانی، بە هەشتاو لە ماڵ وەدەرکەوتم. چونکە لەسەر جادەکە ئوتومبیل و گالیسکەم دەست نەکەوت — دنیا سارد بوو و گالیسکەکان خۆیان دابووە پەنا— و مارفینکاش بە پێڵاوە پاژنە بەرزەکانیەوە نەیدەتوانی بەسەر ئەرزە بەستەڵەکەکەدا غار بدات، پێم گوت: "من دەڕۆم و تۆ بە تەنێ وەرە".
نیوەی رێگاکەم پتر بە غاردان بڕی، ئاخری سواری ئوتوبوس بووم، پاشان گالیسکەیەکم پەیدا کرد. لە نێو گالیسکەکەدا بیرم کەوتەوە کە ئەو وشە روسیەی کە مارفینکا لێکدا لێکدا دەیگوت و دەیگوتەوەو من لێی نەدەگەیشتم، فارسیەکەی (خۆکوژی) بوو. مارگرێتا دەیەوێ خۆ کوژی بکات، من دەتوانم رێی لێ بگرم، چاوانم رێشکەوپێشکەی دەکرد، خۆم گرت. زۆرم لە گالیسکەچییەکە کرد کە خێراتر بڕوات. دەیگوت: "ئەسپەکانم لەسەر ئەم سەهۆڵە دەخزێن، ناتوانم لەوە خێراتر بڕۆم".

– یەك تۆز خێراتر، كارێك بكە كە تۆزێ زووتر بگەم.

لەسەری شەقامی نادری لە گالیسكەكە دابەزیم، نەم دەویست خەڵكی پێم بزانن. نزیكەی سەعات حەوت گەییمە بەر دەركەی ئەوان. دنیا تاریك بوو. دەرگا لەسەر پشت بوو، خۆم بەحەوشەدا كرد.

كە لە قاڵدرمەكان هاتمە خوارێ، ترسام. وام زانی شێت بووم. رەجەبۆف لە ناوەندی حەوشەدا یەك تەختە كەوتبوو. خوێن لەسەری دەهات، وێڕای تاریكی دنیا خوێنەكەم بینی.

مارگرێتا بە چاوانی گێژو وێژەوە، بە دەموچاوی درێژ كۆلەوە، دەستی نا بووە پشتی‌و هاواری دەكرد، بابی مارگرێتا بە جلكی خەوەوە دەستی بە محەرەو تامانی قاڵدرمەكەوە گرتبووو دەیویست بێتە خوارەوە

مارگرێتا زمانی چوو بووە كلیكە: "من... من."

لە باوەشم كرد، بردمە ژوورەوە، وەكو بی ناو ئاو دەلەرزی. لێم پرسی: "تۆ ئەمەت كرد؟ تۆ كوشتت؟

– من... من...

بابی مارگرێتام راكێشایە ژوورەوە.

هیچ نیە. خەمت نەبێ. خۆت مەپەشۆكێنە. هەر ئێستا بۆ خەستەخانەی دەبەم.

ئەو جارووم كردە مارگرێتا.

– مارگرێتا، ئەمە بە كەس نەڵێی، بەڵێنم بدەیە كە ئەم قسەیە دووبارە نەكەیەوە. ئەگەر یە ك تۆز منت خۆش دەوێ، قەولم بدەیە كە ئەمە بە كەس نەڵێی. ئەگەر باوكت نەیزانیوە، مەیەڵە بزانێ، برۆ ئیسراحەت بكە.

مارگرێتام لە باوەش گرت، دەست‌و دەموچاویم ماچ كرد، لێم دووبارە كردەوە: "مارگرێتا من بۆ خەستەخانەی دەبەم، هیچ نیە چاك دەبێتەوە." لە ماڵ دەرپەڕیمە دەرێ. بە دوای گالیسكەدا دەگەڕام، بینیم مارفینكا وا خەریكە دێت.

– تۆش بڕۆ. حاڵی باش نیە. چووە بنوێ.

گالیسكەم دەست نەكەوت. گەڕامەوە حەوشەو هاوارم كرد.

– مارگرێتا، مارگرێتا بە هیچ كەسێك نەڵێی. بە هیچ كەسێك. جەستەی نیوەگیانی رەجەبۆفم دا بەكۆڵماو لە ماڵ بردمە دەرێ. دەمویست چ بكەم، نازانم.

كاتێكم بە خۆزانی سەیرم كرد خەڵكی دەوریان داوم‌و پاسەوانێك بۆ جێیەكی بردم. هەر چیەكیان لێدەپرسیم، دەمگوت: "من كردوومە، من كوشتم."

وئێستاش هەر دەڵێم: "من كردم."

چەند خۆشە گوناهی كەسێكی دی لە ئەستۆ بگری‌و چەند خۆشە لە ژیانا ئامانج‌و مەبەستێكت هەبێ."

مورتـەزا ف، ئیدی قسـەی نـەدەكرد، لـە دنیـای خـەوا بـوو، لـە تـۆ وایـە هـەموو ئەمانـەی لـە خـەوا دەبینـی. ئیـدی تێگەیشـتم بۆچـی بـەم شـەوق‌و زەوقـەوە بـەرەو پـیری مـەرگ دەڕوات، مەبەسـت‌و ئامانجێكی بۆ ژیانی پوچی خۆی دۆزی بووەوە.

"٣"

دوێنـێ بەیانی مورتەزایان لە نێو ئێمەدا برد، وەكو چۆن مـەرێك لـە نێـو مێگـەلێكا بـۆ قەساوخانە دەبەن. رەنگە من تەنیا كەس بووبم كە پێم خۆش بوو، چونكە لـە دڵـی خـۆدا دەمگـوت، بـۆ خـۆی ئیسراحەتی كردو ئەمشەو سەعات دوانزە بەشداری سەمای مردووان دەكات، دەسـتی رەجـەبۆف دەگرێت‌و پێكڤە ئاهـەنگی ئـازادی دەگێڕن، بـێ بوغزوكینـە، بـێ تـەماعكاری‌و چاوچنۆكی، بـەڵام ئازادی ئازاد. نا، وانیە.

ئەمڕۆ بەیانی هاتن‌و شمەك‌و سیپاڵەكەیان كۆكردەوە. ئیدی دڵنیا بووین كە ئیعدامیان كـردووە. كـاتێ كـە دەمویسـت شمەكـەكانی كۆبكەمـەوە چـەند پـەڕە كاغـەزێكم دۆزییـەوە. مـن بـە دزییـەوە خوێندمـەوە تـا بـزانم ئەگـەر پێویسـت بكـات بیانـدەمێ و وەكـو بەشـێك لـە شمەكـەكانی ببـەن و بیگەیەننەوە ماڵەكەی، یان ئەگەر بە قاچاخ دەستی كەوتووە، بە هەر جۆرێ بووە بیگەیەنمەوە بـە مارگرێتا یان خوشكەكەی.

بـەڵام ئـەم نامەیـە دەسـت خـەتی مورتـەزا نـەبوو، دیـار بـوو كـە لـە دەرەوە هـاتووە. ئەمـە دەقـی نامەكەیـە: "دڵدارەكـەم، ئـەی تاقـە دۆسـتی مـن، بـەلای تـۆوە مـن هـەموو كـاتێ هـەر كیـژێكی سەرسەری و سەرڤەسەرڤە بووم، پێدەكەنیم، قسەم دەكرد، كەمتر منت بە غەمگینی دیتوە، وانیە؟ جارێكیـان لـە بـەینی قسـاندا پێـت گـوتم كـە فیـداكاری لـە مـن ناوەشـێتەوە، فیـداكاریم لـە دەسـت نایـەت. هەنـدێ جار رەنگی بزركاوم لـە رازە پەنهانـەكانی دڵمـی ئاگـادار دەكردیتـەوە، سـەرنجی رادەكێشـایت بـەڵام قاقـاو پێكـەنینی مـن هـەر زوو ئـەم بیرانـەی لـە مێشـكت دەتاراند، وا نییـە؟ لەوەشە هەندێ جار لـە دڵـی خۆتـا گوتبێـت كـە مـن گاڵتـەت پێدەكـەم و تـۆو هەسـتەكانی تـۆم بـە هەند نەگرتووە، وا نییە؟ تۆ سەهوو بوویت دەزانی؟ پەی بردن بە دەردی خـەڵكی كارێكـی ئاسـان نییە، چ جای ئەو بەڵاو مەینەتیانـەی كـە بـە سـەر مـن هـاتوون و تەحـەمولم كـردوون، ئێسـتاش بـە جورئەتەوە ئامادەی تەحەمولم. ژیـانی مـن سـەراپا فیـداكاری و لـە خـۆ بردوویـی بـوو. دڵدارەكـەم، ئازیزەكـەی مـن، دایكـم لـە دوا نامەیـدا نووسـی بـووی، كـە ئاگـاداری بـاوكم بكـەم. دایـك و بـاوكم زۆریـان یـەكتر خـۆش ویسـتبوو، هێشـتاش هـەر یـەكیان خـۆش دەوێ، چـەرخی زەمانـە ناچـاری كردن لێكدی جیابنـەوە. زۆر جـار دەمـبینی كـە بـابم بـە سـەعاتان لـە بـەردەم وێنەكـەی دایكـم دا دادەنیشـت و لـە فكـران ڕادەچـوو. دایكـم لـەوەتای مـن فـامم كردووەتـەوە هەمیشـە ئامۆژگـاریم دەكـات، رام دەسـپێرێت كـە ئاگـام لـە بـابم بـێ و هـەوڵی ئـەوە بـدەم كـە پێـی رابگـەم‌و بـابم مـنی فرەخـۆش دەویسـت و لەبـەر خـاتری مـن هـەموو مەینەتیـەكی ژیـانی تەحـەمول دەكرد. ئەوەنـدەی هەموو دنیا لە رەجەبۆف بێزار بوو، بەڵام چونكە منی خۆشدەویست هـەموو مەینەتیـەكی ژیـانی، سەرباری هاتوچۆی رەجەبۆف بۆ ماڵی ئێمە، بە روویـەكی خۆشـەوە قـەبوڵ دەكرد. رەجـەبۆف بـۆ

قازانج و بەرژەوەندی خۆی بابمی لە کۆمەڵێك مامەڵەی ترسناکدا شەریك کردبوو، و بەمجۆرە ژیانی ئێمەی وێران کرد، لە سەرەتادا رەجەبۆف بۆ قازانجی خۆی یارمەتی بابمی لە کارەکانیا دەدا، بابم رەجەبۆڤ لە روسیاوە دەناسی و ئەو لەوێندەر دەلاڵی دەکرد. بەڵام لەم دواییانەدا چونکە چاوی تەماعی بڕی بووە من، ئیدی ژیانی ئێمە بەبێ کۆمەکی ئەو مەحاڵ بوو. ئەگەر چی رەجەبۆف قازانجی خۆی دەکرد، مەگەر خوا بزانێ بابم چ رۆژگارێکی سەخت و دژواری رادەبوارد، لەلایەکەوە هەر لەبەر خاتری ئەوەی کە ژیان لە من تاڵ نەبێ، رەجەبۆڤ تەحەمول دەکرد، لەلایەکی دیکەشەوە نەیدەتوانی من بەو بسپێرێت. لەم کەین و بەینەدا تۆ پەیدا بوویت. ئەڤینی من، ئەی کاشکێ نەهاتبای. لە ژیانی مندا تروسکەی ئومێدێك هەڵهات، ئەم ڤیانە پەنهانە، ئەم ڤیانەی هیچ کەسێك تەنانەت مارفینکاش ئاگای لێ نەبوو، ئەم ڤیانەی کە لە هەر ئاگرە گڕەیەك بە سوێ ترە، ئەم ڤیانە هێڤی و ئاواتی پێ دەبەخشیم، من ئامادە بووم کە میناکی تاتیانا هەموو ژیانی خۆم بکەم بە قوربانی تۆ، هەڵیرێژمە بەردەم تۆ، لە بەردەم تۆدا دای بنەم، بەڵام دڵنیا بووم کە تۆ ئەوەت نەدەکرد، وا نییە؟ ئەنجام لە رای ئاسوودەیی بابمدا چارەیەکم دۆزییەوە. رۆژێ پێم گوت کە من بە تەواوی رەزامەندی ئامادەم شوو بە رەجەبۆف بکەم، بەڵام بابم وێڕای سوور بوونی رەجەبۆف هەمیشە ئەم کارەی دوا دەخست، چونکە دڵنیا نەبوو. ئەو رۆژی هەینییە، ئێمە بە رەجەبۆفمان گوت کە لە ماڵەوە نابین و لە ماڵی دۆستێکی بابم دەعوەتین، بەڵام کاتێ کە تۆ لە ماڵی ئێمە دەرچوو بوویت، تۆی دیتبوو، هەر هەمان شەو، هەر چەندە بابم نەخۆش بوو، سەبارەت بە من قسەی لەگەڵ کردو سوور بوو لەسەر ئەوەی کە لەزەرفی چەند هەفتەیەکدا دەزگیرانداری من بۆ هەمووان ئاشکرا بکرێ و ئاهەنگێك بگێڕدرێ. هەر ئەو شەوە بابم سەکتەی گرت و من دڵنیا بووم کە ئیدی لەم نەخۆشییە هەڵناسێتەوە یان ماوەیەك زەمینگیر دەبێت.

من لە بیری ئەوەدا بووم کە لەم عەزابەی رزگار بکەم و خۆم و بابم بکوژم، هەموو کەرەسەیەکی ئەم کارەم بۆ هەمان رۆژی شەممە فەراهەم کردبوو، دەمویست بەکرەی Dance macabre – دابنەم و بە دوو قۆڵی بمرین. من مژولی زەمینەسازی ئەم کارە بووم کە رەجەبۆف هات بەسەرا، ئیدی لەم کات و ساتەدا سیمای ئەوم پێ تەحومول نەکرا، داوام لێکرد و پاشان ئەمرم پێکرد کە لە ماڵی ئێمە وەدەربکەوێ، هەندێ قسەی قۆڕو نا شیرینی سەبارەت بە پەیوەندی نێوان من و تۆ کرد. سوکایەتی پێکردم، تانەی لێدام، ئەوجا کەوتە شەڕفرۆشی، تەنانەت بە نیاز بوو بێ حورمەتیم پێ بکات. مەست بوو. من بە دارعاسا ئەستوورەکەی بابم هەڕەشەم لێکردو ئەوسا لە ژوورەکە وەدەرم نا، کاتێ گەییە بەر هەیوانەکە لەسەر قاڵدرمەکانەوە بۆ خوارەوە دەڵەکم دا، پێی خزی و سەری بە گۆشەی پلەکەدا کەوت. ئەڤینی من، باقیەکەی دەزانیت، کارێکی خراپم کرد. هەق وابوو تۆم ئاگادار بکردایەتەوە، وا نییە؟ باوکم مرد، بەڵام وا دەزانم کە قۆناغی فیداکاری من هێشتا تەواو نەبووە، هێشتا نەوێرام هەواڵی مردنی بابم بۆ دایکم بنووسم. تۆ ئەم کارە بکە. هەرچییەك دەربارەی من دەزانی بۆ دایکمی بنووسە، بۆی بنووسە کە کیژی شایستەو لە باری ئەوەو منیش دەزانم فیداکاری بکەم. مەبەستم لە ناردنی ئەم نامەیە ئەمەیە کە من ناتوانم

تەحەمولی ئەوە بکەم تۆ لە زیندان دا بیت و یان بمریت و من چ مەبەست و ئارمانجێکم لە ژیاندا نەبێت. رەنگە ئەگەر قازیان بە وەزعو حاڵی من بزانن حوکمی ئیعدامم نە دەن. من دوای دە ساڵ یان یازدە ساڵی دی لە زیندان دێمە دەرێ. ئەوسا ژنێکی بەختەوەر دەبم، تۆم خۆش دەوێ و بە خۆشی و خۆشەویستی تۆوە دەژیم، ئەگەر مردیشم بە خۆشییەوە دەمرم. بڕیارم داوە، هەر ئەمڕۆکە خۆم بدەمە دەست پۆلیسەوە. مارگرێتا".

دوای چەند رۆژێك هەمان ئەو کەسەی بە دەنگی بەرز هەموو کەسێك بانگ دەکات و موڕتەزای کوڕی جەوادی گاز کردو بەرێی کرد، ناوی منی گاز کردو بڕێك خۆراك و کڵاوەکەشی بۆ هێنامەوە. لەو دەفتەرەدا کە من رەسینی شتەکانم ئیمزا کرد، نووسرا بوو: "هێنانی: ... موڕەتەزا ف."

دوای چەند رۆژێکی دیکە دیسان پارەیان بۆ زیندانیەکان هێنا، کاتێ کە یەکێك لە هاوژوورەکانی من وەسڵی پارەکانی ژێرو ژوور دەکرد تا وەسڵەکەی خۆی بدۆزێتەوە، وەسڵێکی هاتە بەردەست کە هی زندانی ژنان بوو، و لەسەری نووسرا بوو: "ناوی وەرگری پارە: مارگرێتا".

٢٠/٢/٨ (١٩٤١)

<u>تێبینی:</u>

لە ٢٠٠٩/٦/٢٦ لە شاری سلێمانی، گەڕەکی رزگاری لە وەرگێڕانی ئەم کتێبە بوومەوە. کە لەم سەرچاوەیەوە پاچڤە کراوە:

چمدان، بزرگ علوی

چاپ چهارم ١٣٨٧

مؤسسة **انتشارات نگاه.**

حەمە کەریم عارف

* کەرکووکییە و لە ساڵی ١٩٥١دا لەدایك بووە.

- لە ساڵی ١٩٧٥ کۆلیژی ئەدەبیاتی بەغدای تەواو کردووە.
- یەکەم بەرهەمی شیعرێکە بەناوی (هەڵبەستێکی هەتیو کەوتوو) کە لە ژمارە (١٧٠) رۆژنامەی هاوکاری لە ١٩٧٣/٦/٨ بڵاوبووەتەوە.
- لە ساڵی ١٩٧٥ەوە بە بەردەوامی نووسین و بەرهەمی ئەدەبی بڵاو دەکاتەوە.
- سەرنووسەر یان بەڕێوەبەری نووسین یان سکرتێری نووسین یان ئەندامی دەستەی نووسەرانی ئەم گۆڤار و بڵاوکراوانە بووە: گۆڤاری گزنگی نووسەرانی کەرکووك، نووسەری کوردستان، کەلتوور،نووسەری کورد، گوڵانی عەرەبی، ئاڵای ئازادی تا ژمارە ٢٢٢، گۆڤاری نەوشەفەق.

* جگە لە ناوی خۆی، بە تایبەتی لە گۆڤاری گزنگی نووسەرانی کەرکووك،نووسەری کوردستان، کەلتوور، رۆژنامەی ئاڵای ئازادی تا ژ: ٢٢٢ بەناوی گۆڤەند، زنار، سیپان، پاکزاد، محەمەدی حاجی، سیروان عەلی، دیدار هەمەوەندی، هێژا، ح. ع ،هامون زێباری، با زەوان عەبدولکەریم بەرهەمی بڵاو کردووەتەوە.

* جگە لە پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی قوتابیانی کوردستان ئیدی ئەندامی هیچ حیزب و رێکخراوێکی سیاسی نەبووە، لە ساڵی ١٩٧٤ – ١٩٧٥دا پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلوول بووە، لە هەشتاکاندا بۆ ماوەی نۆ ساڵ، بێ وابەستەگی حیزبی پێشمەرگە بووە و وەکو بەشدارییەکی مەیدانی و ویژدانی لە خەباتی رەوای نەتەوەی کوردا شانازی پێوە دەکات و منەت بەسەر کەسدا ناکات، چونکە باوەڕی وایە کە رۆڵەی میللەتی مەزڵوم مەحکومە بە پێشمەرگایەتی.

- لە هەشتاکانەوە تا ئێستا راستەوخۆ سەرپەرشتی و سەرۆکایەتی لقی کەرکووکی یەکێتیی نووسەرانی کوردی کردووە.
- زۆر بەرهەم و کتێبی چاپ و بڵاو کردووەتەوە، لێ زۆربەی هەرە زۆریان، بە تایبەتی ئەوانەی لە چیادا چاپ بوون بە نوسخەی هێندە کەم بڵاوبوونەتەوە،لە نرخی نەبوو دان و هەر ئەوەندەیە کە لە فەوتان رزگار بوون. هەندێك لە وانە:

١- تیڕۆژ، کۆ چیرۆك، چاپی یەکەم ١٩٧٩
٢- کۆچی سوور، رۆمان، چاپی یەکەم،١٩٨٨،چاپی سێیەم ٢٠٠٧
٣- بەیداخ، چیرۆك، چاپی یەکەم ١٩٨٨

٤- داوەتی کۆچەرییان، کۆ چیرۆك ،چاپی دووەم ٢٠٠٥

٥- لە خۆ بێگانە بوون، کۆمەڵە چیرۆك،چاپی یەکەم (١٩٩٩) دەزگای گوڵان

٦- کوچ سرخ، کۆ چیرۆك، بە فارسی، وەرگێڕان چاپی یەکەم ١٩٨٧ شاخ

٧- نینا، رۆمان، سابت رەحمان، چاپی یەکەم،شاخ،١٩٨٥ چاپی سێیەم ٢٠٠٥

٨- نامۆ، رۆمان، ئەلبیر کامۆ، چاپی یەکەم، شاخ١٩٨٧چاپی چوارەم ٢٠٠٩ وەشانخانەی سایە،سلێمانی

٩- رێبەر، رۆمان، مەهدی حسین، چاپی یەکەم (شاخ) ١٩٨٣، چاپی دووەم، ٢٠٠٧

١٠-شکست، رۆمان، ئەلکساندەر فەدایەف، چاپی شاخ (راە کارگر)، چاپی دووەم، ٢٠٠٩ خانەی وەرگێڕان.

١١- هاوماڵەکان، رۆمان، ئەحمەد مەحمود، چاپی دووەم ٢٠٠٠ دەزگای گوڵان

١٢ – بێناسنامەکان، رۆمان، عەزیز نەسین، چاپی سێیەم ٢٠٠٦

١٣- قوربانی، رۆمان، هیرب میدۆ، چاپی یەکەم ٢٠٠٤ دەزگای شەفەق

١٤- دوورە وڵات، رۆمان ع. ڤاسموف، چاپی یەکەم٢٠٠٠ دەزگای گوڵان

١٥- ئازادی یا مەرگ، رۆمان، کازانتزاکیس، چاپی یەکەم ٢٠٠٣ کتێبخانەی سۆران، چاپی دووەم: ٢٠٠٨

١٦- چیرۆکەکانی سەمەدی بیهرەنگی، چاپی دووەم، ٢٠٠٤ کتێبخانەی سۆران هەولێر

١٧- ئامانجی ئەدەبیات. م. گۆرکی، چاپی شاخ ١٩٨٥

١٨- ئەو رۆژەی کە ونبووم (کۆمەڵە چیرۆکی بیانی) چاپی یەکەم،٢٠٠٦

١٩- جێ پێ (کۆمەڵە چیرۆکی فارسی) چاپی یەکەم ٢٠٠٦،نووسەرانی کەرکوك

٢٠- زندە خەون، کۆمەڵە چیرۆك، چیخۆف،چ١،دەزگای موکریانی

٢١- چیرۆکستان ،کۆمەڵێك دەقورەخنەی جیهانی چ١ ،٢٠٠٥،نووسەرانی کەرکوك

٢٢-دیدارو دەق و رەخنە،چ٢٠٠٥،١

٢٣-دیداری چیرۆکڤانی، چ٢٠٠٥،١

٢٤-ئەو بەرخەی کە بوو بە گورگ ،چ٢٠٠٨،١نووسەرانی کەرکوك

٢٥- میوان، چیرۆك،ئەلبێر کامۆ

٢٦- مەسەلەی کورد لە عێراقدا،عەزیز شەریف،چاپی دووەم ٢٠٠٥

٢٧- مێژووی رەگ و رەچەڵەکی کورد، ئیحسان نوری پاشا،چ١٩٩٨١،١
٢٨- کورد گەلی لە خشتەبراوی غەدر لێکراو، د. کوینتەر دیشنەر، چاپی سێیەم ٢٠٠٤
٢٩- لە مەهابادی خوێناوییەوە بۆ کەنارێن ئاراس، نەجەف قولی پسییان، چاپی یەکەم ٢٠٠٦
٣٠- کورد لە سەدەی نۆزدەوبیستەمدا،کریس کۆچرا،چاپی چوارەم ٢٠٠٧
٣١ –کورد لە ئینسکلۆپیدیای ئیسلامدا،چاپی یەکەم ١٩٩٨
٣٢- چینی کۆن، چ١(   )دەزگای موکریانی

٣٣- دلێریی خۆراگرتن، ئەشرەفی دەهقانی
٣٤- خەباتی چەکداری هەم تاکتیکە هەم ستراتیژ، مەسعودی ئەحمەد زادە

٣٥- ڤنسنت ڤان گوگ، شانۆنامە، باول ئایز لەر
٣٦- بە دوعا شاعیرەکان، شانۆنامە، جەلیل قەیسی (گزنگ ژ:١٢)
٣٧- جولەکەکەی ماڵتا، شانۆنامە،کریستۆفەر مالرۆ.
٣٨- دادپەروەران، شانۆنامە، ئەلبیر کامۆ
٣٩- بەد حاڵی بوون، شانۆنامە، ئەلبیر کامۆ.
٤٠- چاو بە چاو، شانۆنامە، گەوهەر مراد (غوڵام حسەینی ساعیدی)
٤١- ریچاردی سێیەم، شانۆنامە، شەکسپیر.چاپی یەکەم ٢٠٠٩، بڵاوەخانەی سایە، سلێمانی
٤٢- گەمەی پاشا و وەزیر، شانۆنامە، عەبدوڵڵائەلبوسێری..

٤٣- منداڵە دارینە، چیرۆکی درێژ بۆ منداڵان.
٤٤- فاشیزم چییە؟ کۆمەڵە چیرۆك بۆ منداڵان، یەلماز گونای
٤٥- شوانە بچکۆلەکە، چیرۆکێکی درێژی چینی یە بۆ منداڵان
٤٦- زارۆکستان (چوار شانۆنامە بۆ مناڵان)
٤٧- چەند چیرۆکێك لە ئەفسانەی یونانی کۆنەوە (٢٣ئەفسانە)

٤٨- لە گەنجینەی حیکایەتی تورکمانییەوە. (ئەفسانەی ئەسپی ئاشق)چاپی یەکەم٢٠٠٨
٤٩- ئەفسانەێن گریکی و رۆمانی، چاپی یەکەم (٢٠٠٤) کتێبخانەی سۆران، هەولێر
٥٠- ئیلیادە، هۆمیرۆس، چ١،دەزگای سەردەم ٢٠٠٩

٥١- گۆڤەنـد و زنـار (فەرهـەنگی فارسـی - کـوردی) حەمـە کـەریم عـارف، چ١(٢٠٠٦-٢٠٠٨)دەزگای موکریانی
٥٢-چۆنیەتی فێربوونی زمانی فارسی، چ١، ٢٠٠١

٥٣- چرنیشفسکی، فەیلەسوف و زانای گەورەی میللەتی روس
٥٤- چایکۆ فسکی، ژیان و بەرهەمی.
٥٥- ئیدگار ئالین پۆ، ژیان و بەرهەمی.
٥٦- جاك لەندەن، ژیان و بەرهەمی
٥٧- گوگول، نووسەری ریالیست
٥٨- یەڵماز گونای، ژیان و بەرهەمی
٥٩- سادقی هیدایەت، ژیان و بەرهەمی
٦٠- خافروغ لە شیعر دەدوێ، ژیان و بەرهەمی

٦١- راگەیانـدن لـە پـەراوێزی دەسـەڵاتدا (بـە شـەریکی) چاپی یەکـەم (٢٠٠١) دەزگای گوڵان
٦٢-راگەیاندن لە نێوان حەقیقەت بێژی و عەوام خەڵەتێنی دا، حەمە کەریم عارف،چ(١)،٢٠٠٥

٦٣- مێـژووی ئـەدەبیاتی جیهـان (لـە کۆنـەوە تـا سـەدەکانی نـاڤین).چاپی یەکەم٢٠٠٨
٦٤- مێژووی ئەدەبیاتی جیهان (لە سەردەمی رینیسانسەوە تا ئێستا).چاپی یەکەم٢٠٠٨
٦٥- مێـژووی ئـەدەبیاتی جیهـان (ئـەدەبیاتی ئینگلیـزی زمـان- ئـەمریکاو ئینگلیستان لە سەرەتاوە تا ئێستا).چاپی یەکەم٢٠٠٨
٦٦- ریـالیزم‌ودژە ریـالیزم لـە ئەدەبیاتدا،سیروس پرهـام،چ٢٠٠٤،١،دەزگـای سپیرێز
٦٧- قوتابخانــە ئەدەبییــەکان،رەزا ســەید حســەینی، چ٢٠٠٦،١دەزگــای موکریانی
٦٨- مێژووی ئەدەبیاتی روسی، سەعیدی نەفیسی
٦٩- لێکدانەوەیەك لەمەڕ نامۆ ، لویس ریی ،چ٢، ٢٠٠٦
٧٠- هونەروژیانی کۆمەڵایەتی، بلیخانۆف، چ١(٢٠٠٥)دەزگای موکریانی
٧١- گوزارشتی مۆسیقا،د. فواد زکریا، چ١،یانەی قەڵەم ٢٠٠٦
٧٢- رێبازە هونەرییەکانی جیهان
٧٣- پێکهاتەی بەدەنی و چارەنووسی ئافرەت،(چ١) ٢٠٠٦

٧٤- دەربارەی شیعروشاعیری، حەمە کەریم عارف، چ٢٠٠٧،١

٧٥- دەربارەی رۆمان و چیرۆك، حەمەکەریم عارف،چ١، ٢٠٠٨

٧٦- مەرگی نووسەرو چەند باسێکی دیکەی ئەدبی-رۆشنبیری،حەمەکەریم عارف،چ١، ٢٠٠٥نووسەرانی کەرکوك

٧٧- ناودارانی ئەدەب، حەمە کەریم عارف، (چ١) دەزگای موکریانی،٢٠٠٩

٧٨- پەیڤستانی من، حەمە کەریم عارف،چاپی یەکەم()

٧٩- پەڵکە رەنگینە، حەمە کەریم عارف،چ١، ٢٠٠٤

٨٠- خیانەتی حەڵاڵ، حەمە کەریم عارف

٨١-بووکی هەزار زاوا، کۆچیرۆك، بزورگی عەلەوی

٨٢-ئەبوزەر، د.عەلی شەریعەتی

* لە راپەڕینەوە تا نەوو چالاکانە بەشداری بزاڤی ئەدەبی و رۆشنبیریی کوردی دەکات وبەرهەمی هەمە جۆر (نووسین و ئامادە کردن و وەرگێڕان) بڵاودەکاتەوە..

* ئەو بەرهەمانە و زۆری دیکەی ئامادەن بۆ چاپ و چاپکردنەوە و هەر کەس و گروپ و لایەن و دەزگایەك تەماحی بڵاو کردنەوەی هەبن، دەبێ پرس بە نووسەر بکات...